# ئایندەناسی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
وەرزانە دەریدەکات

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات. ژمارە (٢٠) ساڵی پێنجەم، نیسانی ٢٠٢٤




# چین
## لە هەرێمی کوردستان و عێراق

- چین بۆت دەگەڕێت، گەر لە چینیش نەبیت!
- هێزی نەرمی چین لە عێراق و هەرێمی کوردستان
- عێراق لە ستراتیژیی ئاسایشی وزەی چیندا
- عێراق لـە ڕێگا ئاوریشمییەکـەی چیندا
- پەیوەندییەکانی چین و هەرێمی کوردستان و کاریگەریی لە سەر دۆزی کورد

# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

ژمارە (٢٠) ساڵی پێنجەم، نیسانی ٢٠٢٤

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: د. هەردی مەهدی میکە

بەڕێوەبەری نووسین: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر



بۆردی ڕاوێژ

د. یوسف گۆران

د. ئومێد رفیق فتاح

د. عابد خالد رسول



هەڵەگر: باخان ئەحمەد

نەخشەساز: ڕەوشت محەمەد



شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G, شووقەی 4

Address: Iraq, Kurdistan, Slemani

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. وەرزی جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەترێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەترێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەند پسپۆڕێتی (Multidisciplinary) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئاماریی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.

# پێڕستی ناوەڕۆك


**سەروتار**

چین بۆت دەگەڕێت، گەر لە چینیش نەبیت! ● د. هەردی مەهدی میكە ........ ٤

**توێژینەوەی ناوخۆیی**

عێراق لە ستراتیژیی ئاسایشی وزەی چیندا ● د. سەروەر محەمەد عەبدوڵا ........ ٩

عێراق لە ڕێگا ئاوریشمییەكەی چیندا ● د. هۆشمەن عەتا مەحموود ........ ٢٨

پەیوەندییەكانی چین و هەرێمی كوردستان؛ ئێستا و ئاییندە ● د. دانا عەلی ساڵح - د. باخان ئاكۆ نەجمەدین ٤٨

هێزی نەرمی چین لە عێراق و هەرێمی كوردستان ● ئەیوب ظاهر تۆفیق ........ ٥٩

پەیوەندییەكانی چین و هەرێمی كوردستان و كاریگەریی لە سەر دۆزی كورد ● د. ڕێبوار ڕەئووف ساڵح ........ ٩٢

**توێژینەوەی وەرگێڕاو**

ئەزموونی چین لە سیستمی نێودەوڵەتیی سەدەی بیستویەكدا ● و: ئامادەكردن: پەرۆش محەمەد ........ ١١٣

هەڵسەنگاندنی نەرمەهێزی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی ● و: ئەرخەوان سەیفور ئەسكەندەر ........ ١٢٥

ئاڵنگارییە ئابوورییەكانی چین لە عێراق ● وەرگێڕان و ئامادەكردن: ژیلوان لەتیف یارئەحمەد ........ ١٥٢

**ڕاپۆرت**

ئەزموونی چین؛ هەستانەوە ڕیفۆرم و مۆدێرنیزەكردن ئامادەكردن: ● فەرید دڵشاد محەمەد ........ ١٦٥

**كتێبی ئایندەیی**

مەتەڵی چین ● ئامادەكردن: ئایندەناسی ........ ١٨٠

**فەرهەنگی ئایندناسی**

هاوسەنگیی هێز ● ئامادەكردن :د. عابد خالد ........ ١٨٥

سەروتار



د. هەردی مەهدی میکە

# چین بۆت دەگەڕێت، گەر لە چینیش نەبیت!

نیوسەدەیەک دەبێت کۆماری چینی میللی بەدوای بەرژەوەندییە جیاوازەکانی خۆیدا بە چڕی بە دەوری گۆی زەویدا دەخولێتەوە، گەر لەوسەری دنیاش بێت هەر بۆی دەبزوێت، بەڵام جاران ئێمە بووین دەمانوت بەدوای زانستدا دەڕۆین گەر لە چینیش بێت، هەنووکە ئێمە وەستاو و ئەوان بزۆک!

«چین - صین - چاینا» وەک نیشانەی دوورترین پنتی دنیا لە زەینی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وێنا دەکرا، تەنانەت لە ئەدەبیاتی ئیسلامییشدا (وەک فەرموودەیەک بۆ هاندانی موسوڵمانان بۆ بە دنیادا گەڕان) هاتووە «بەدووی زانستدا وەگەڕێ، گەر لە ‹چین›یش بێت»، هەر چەند ئەم «فەرموودە»یە لای بنکۆڵکاران و زانایانی بواری ساغکردنەوەی فەرموودە لە پۆلێنی فەرموودە زۆر لاوازەکان دانراوە و زیاتر وەک «قەولێک» پێی ڕازین، بەڵام لە زەینی مرۆڤانی ئەم ڕۆژهەڵاتە موسوڵماننشینەدا کاریگەریی خۆی جێ هێشت، ئیدی جێی گرتووە و گێڕانەوە و دیسکۆرسی جۆراوجۆری لە سەر بنیاد نراوە. موسوڵمانانێکی زۆر هاتوچۆی چینیان کرد و لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا لەوەش تێپەڕی کرد و پەیوەندیی دیبلۆماسی

و ئاڵوگۆڕی لێ کەوتەوە و بگرە باشترین بەرهەمی پەرەپێدانی زانست، یانی کاغەزیان لەوێوە هاوردە کرد. موسوڵمانان لە پاش گرتنی سەمەرقەند، لەوێوە هێنایانە بەغدا و کارگەی کاغەزسازییان دروست کرد و ئیتر سەردەمی نووسین لە سەر قوڕ و بەرد و پێست ئاوا بوو. ئەو شۆڕشە زانستییەیان لە دنیای زانست و شارستانیەتدا بونیاد نا کە تا هەنووکەش موسوڵمانەکان ئەو ئەزموونەیان بۆ دووبارە نەکراوەتەوە و هەر خەونە و پێوەی دەبینن. ئیتر با لە باسی ڕێگای ئاوریشمی حەڤدە سەدەیی و بەشداری لە بازرگانیی جیهانی کۆن و نوێدا نەکەین کە لە چینەوە دەستی پێ دەکرد.

ئێستا تۆ بگەڕێیت یا نەگەڕێت، بتەوێت یان نەتەوێت؛ ئەو (چین) بەدواتدا دەگەڕێت، گەرچی لە دوورترین شوێنی دنیاشدا بیت. بۆیە گرنگە ترازوو و میزانی خۆت لە ئەقڵی سیاسیدا وەگەڕ بخەیت و لە هەل و مەترسی بکۆڵیتەوە و بەو ئاڕاستەیەدا بیبەی کە وەک چۆن لە چینەوە بەرەکەتی کاغەز هاتە ئێرە، هەنووکەش لەو سەرمایە و داهێنان و تەکنۆلۆژیا سنووربڕانەی چین؛ مرۆڤەکانی ئەمبەریش لێی سوودمەند ببن و لە ترۆقییەکانی دۆش دانەمێنیت.

چین لە پەیوەندییەکانی دەرەوەیدا لە سەر سێ کۆڵەکە سیاسەتە گشتییەکانی ئاڕاستە دەکات: ئایدۆلۆژیای دەوڵەتەکەی، سیاسەتە کولتوورییەکەی و وەشاندنی بە دنیادا، بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی و ئاڵوگۆڕە سوودگۆڕێکانی. ئەوەی یەکەم کاری سیاسەتداڕێژەرانی مەملەکەتە و لە چوارچێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییە ئاڵۆزەکاندا دەبێت مامەڵەی لەتەکدا بکرێت، هەر چی دووەمیشە دەبێت لەم جیهانە فرەشوناسەدا جۆرێک سیاسەتی کولتووری دابڕێژرێتەوە کە تا دواپنتی جووڵە و چالاکیی جۆراوجۆری خۆت ئاگات لە لەدەستدانی شوناسی خۆت بێت و هەژموونی ئەوانی دیکەت بەسەردا نەسەپێت و شوناسەکەی ئەویش هەم بناسیت و هەم بە هەلێکی ژیاری سەیر بکرێت (زانست، تەکنۆلۆژیا)، بە تایبەت بۆ نەتەوەیەکی وەک کورد کە ئەوەی هێشتوویەتیەوە لەم دەوروبەرە دڕەقەدا؛ شوناسە کولتوورییەکەی بووە بەر لە چەکوچۆڵ و توندەهێزەکەی.

بۆیە ئەوەی جێی وردبوونەوەیە لە پەیوەندیی چینییەکاندا لەگەڵ مەدا (هەرێم و عێراق) و چۆنێتیی بنیادنانی مامەڵە لەگەڵیدا و بە تایبەت کاتێک گۆڕدراوی چینی بۆ سیاسەت و پەیوەندییەکانی ئەم نێوچەیە زیاد بکرێت، ئەم خاڵانەیە:

١.	ئاستی عێراقی و کوردستانی: ڕاگرتنی باڵانس و ئەو هاوکێشە لەرزۆکانەی کە عێراقی پاش ٢٠٠٣ی پێ ڕاگیراوە (نێودەوڵەتی: ئەمەریکا، ڕووسیا و وڵاتانی ئەورووپی)، (هەرێمایەتی: تورکیا، ئێران و کەنداو)، چونکە دۆمینەی سیاسەت لە عێراق و هەرێمدا بە زیاد و کەمکردنی هەر گۆڕاوێک، دوور نییە تا ئەوسەر هاڕە بکات و سەری ساحێبی بخوات.

٢.	ئاستی هەرێمایەتی: بۆ عێراق و هەرێم چین دەکرێت هەلێکی لەبار بێت: یەکەم، بۆ دەرچوون لە هەژموونی دراوسێکان کە لە جوگرافیا و سیاسەتدا؛ عێراق و هەرێمیان لە بازاڕ و سنوور و سیاسەتدا کۆت کردووە. گەر گۆڕاوی چین بێتە کایەکەوە، دەکرێت ڕادەیەک لە هەژموونی ئەوان بێنێتە خوار و بواری یاری بداتە سیاسەتکارانی عێراق و هەرێم. هەم چین بەو پێیەی لەگەڵ هەرسێ لایەنی دراوسێی عێراق ( تورکیا و ئێران و کەنداو) پەیوەندیی باشی هەیە، وەک نێوانگرێک و ئەهلی مامەڵە زەمینەیەکی هاوبەش بۆ یارییەکی براوە-براوەی کوردستان و عێراق لەگەڵ دراوسێکانیدا بسازێنێت.

٣.	ئاستی نێودەوڵەتی: ئەمەیان ئیتر ڕێگا سەخت و دژوارەکەیە، چونکە خواروخێچە و لە سەر حسێبی ئەمەریکا و ئەورووپا و ڕووسیا ئاسان نییە بوار بە واڵایی بدرێتە چین لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، بەڵام نەکردەنییش نییە، بە تایبەت کاتێک ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە چین سەرەڕای پەیوەندییەکانی و پەلکێشانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین و نێوچەکە، بەڵام هێشتا ئەولەویەتی بۆ مامەڵەی ئاشتەواییە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەورووپادا، وەک ئەوەی لە ساڵانی نەوەدەکاندا لە سەر پرسی عێراقی هاوپەیمانی چین، پەکین لەگەڵ واشنتندا تێکی نەدا، چونکە هێشتا سەرەڕای ناکۆکیی ئایدۆلۆژی و دبلۆماسیی چین و ئەمەریکا، بەڵام تاهەنووکەش بەرژەوەندیی چین لە ئەمەریکا زۆرترە و پڕدەستکەوتترە لە چین و وڵاتانی کەنداو و ئێران و تورکیا.

کە وا بێت دەکرێت لەم چوارچێوەیەدا وەک هێزی نوێ بۆ دەرچوون لە هەندێ بنبەست و ئیملای سیاسیی ئەوانی دی، بەم ڕێگە تەنگەبەرەی کە بە کورتی ئاماژەی پێ درا، پەیوەندیی دبلۆماسی لە سەر کۆڵەکەی سێیەم کە بەرژەوەندیی هاوبەشی چینییەکانە؛ پەرە پێ بدرێت و وەبەر بهێنرێتەوە.

دۆسیێ ژمارە



# چین لە هەرێمی کوردستان و عێراق

توێژینەوەی ناوخۆیی

# ئایندەناسی

# عێراق لە ستراتیژیی ئاسایشی وزەی چیندا



**د. سەروەر محەمەد عەبدوڵا**

پسپۆڕی زانستە ڕامیارییەکان

**بەرایی**

ئەم توێژینەوەیە پێناسەی ئاسایشی وزەی کردووە کە بریتییە لە دڵنیایی دابینکردنی وزەی گونجاو و متمانەپێکراو بە نرخێکی گونجاو بە شێوەیەک کە بەها و ئامانجە سەرەکییە نیشتمانییەکان ناخەنە مەترسییەوە. خودی ئەم تێگەیشتنە بۆ دۆخی چین گونجاوە، چونکە ئاماژەدانە بە دابینکردن و دەستڕاگەیشتنی بێ بەربەست و بێ پچڕان بە سەرچاوەکانی وزە و پشتنەبەستن بە تەنها یەک سەرچاوە یان ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافیی سنووردار بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان لە وزە. بە پێی شیکاریی ئەم توێژینەوەیە، عێراق ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە ستراتیژیەتی ئاسایشی وزەی چیندا هەر چەندە چین لە ساڵانی ڕابردوودا توانیویەتی ئاسایشی وزەی خۆی هەمەچەشن بکات، واتە زیاتر لە ١١ سەرچاوەوە نەوت هاوردە دەکات. ئەگەر کێشەیەک لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دروست ببێت، ئەوە چین دەتوانێت لە ناوچەیەکی تر پڕی بکاتەوە. بەڵام لە ئێستادا بژاردەکانی چین کەمتر بوونەتەوە، ڕەنگە بۆ چین ئاسان نەبێت ئەو بڕە وزەی لە عێراقەوە دەستی دەکەوێت؛ بتوانێت بە ئاسانی لە وڵاتانی ترەوە دەستی بکەوێت. لە بەرامبەردا پێشبینی دەکرێت خواستی

چین بۆ کڕینی نەوت بە تێکڕای ساڵانە بە ڕێژەی ١,٢ گەشە بکات تاوەکوو ساڵی ٢٠٣٥. بە هەمان شێوە عێراق پێویستی بە کڕیاری بەردەوام هەیە، چونکە نەوت وەک تاکە سەرچاوەی هەناردەکردنی عێراقە و گەشەی ئابووریی عێراق بەندە بە هەناردەکردنی نەوتەوە، چونکە چین بە نزیکەی نیوەی نەوتی عێراق دەکڕێت. دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین لە ئێستادا چین و عێراق وابەستەی یەکترن. پێشبینی دەکرێت ئەو وزەیەی لە عێراقەوە بەدەست دێت و گونجاوە بۆ چین لە ئێستادا، ڕەنگە تا ماوەیەکی درێژ چین نەتوانێت لە هیچ یەکێک لە وڵاتانی تری ناوچەکە بەدەستی بخات. بەڵام سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی لە ستراتیژیەتی وزەی چیندا لە ئێستا و داهاتوودا، ڕەنگە هەرێم بۆ ئاسایشی وزەی چین ئەو گرنگییەی نەبێت. چین لە ڕوانگەیەکی ترەوە سەیری هەرێم دەکات بۆ وەبەرهێنان لە سێکتەرەکانی تردا. لەم سۆنگەیەوە، پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: ئایا عێراق چ ڕۆڵێکی دەبێت لە دابینکردنی ئاسایشی وزەی چیندا؟

## پێشەکی

ئاسایشی وزە وەک کێشەیەکی سیاسی لە سەرەتای سەدەی بیستدا سەری هەڵدا و پەیوەندییەکی ڕاستەخۆی هەبوو بە دابینکردنی وزەی پێویست بۆ سوپا لە کاتی جەنگدا. پێش جەنگی جیهانیی یەکەم، بۆ یەکەمین جار زاراوەی ئاسایشی وزە لە لایەن سەرۆک وەزیرانی بەریتانیاوە وینستۆن چرچڵەوە بەکار هات کە بڕوای وا بوو «دڵنیابوون لە دابینکردنی نەوت تەنها و تەنها لە هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانیەوەیە[1]»، بەڵام لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لە بواری ئاسایشی وزەدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٠. دواتر لە ساڵانی (١٩٧٠)وە، دوای بایکۆتی وڵاتانی عەرەبی دەوڵەمەند بە سەرچاوەکانی وزە، زاراوەی ئاسایشی وزە بە شێوەیەکی بەرفراوان کەوتە پلانی ستراتیژی و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان بە تایبەت وڵاتانی هاوردەکار. بەڵام جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان توێژینەوەکانی ئاسایشی وزەی هاوچەرخ و کلاسیکدا هەیە. لە ساڵانی (٧٠-٨٠)کانی سەدەی ڕابردوودا ئاسایشی وزە بە واتای جێگیربوونی هەرزانیی نرخی نەوت هاتووە لە ژێر هەڕەشەی گەمارۆ و یاریکردن بە نرخی نەوت لە لایەن هەناردەکارانەوە. دوای کۆتایی جەنگ و ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی وڵاتانی خاوەن وزە و وڵاتانی خۆرئاوا، ئاسایشی وزە کەوتەوە دۆخی ئاسایی و توێژەران زیاتر خۆیان لەو بابەتە نەدەدا. بەڵام گرنگیی

ئاسایشــی وزە دیسـانەوە دەرکەوتـەوە بـە تایبـەت دوای ٢٠٠٠، بـە هـۆی زۆریـی خواسـت لـە سـەر وزە لـە لایـەن وڵاتانـی تازەگەشەسـەندووی ئاسـیاییەوە وەک کۆریـای باشـوور و چیـن و ژاپـۆن و تایـوان و مالیزیـا و سـەنگاپوورە و تایلەنـد.

خـودی زاراوەکـە بـە شـێوەیەکی بـاو جێگیـر کـرا کـە ئەویـش ئامـاژەدان بـوو بـە دابینکـردن و دەستڕاگەیشـتنی بـێ بەربەسـت و بـێ پچـڕان بـە سـەرچاوەکانی وزە و پشتنەبەسـتن بـە تەنهـا یـەک سـەرچاوە یـان ناوچەیەکـی دیاریکـراوی جوگرافیـی سـنووردار بـۆ پڕکردنـەوەی پێداویسـتییەکان لـە وزە. دەرکەوتنـی ئـەم زاراوەیـە لـە کۆمەڵێـك ڕاپـۆرت و کۆنفرانـس و ڕێکخـراوە نێودوڵەتییەکانـدا بـاس کـرا. دواتـر زاراوەی ئاسایشـی وزە بـە هێمنـی خـۆی خسـتە فەرهەنگـی وزە و توێژینـەوەی ئەکادیمـی لـە بـواری ئاسایشـی وزەدا، بـەڵام لـە ئەدەبیاتـی بـواری وزەدا زیاتـر فۆکـەس خراوەتـە سـەر دابینکردنـی سـەرچاوەکانی وزە بـۆ وڵاتانـی هـاوردەکار. بۆیـە دەبینیـن لـەم سـاڵانەی دواییـدا چەمکـی ئاسایشـی وزە سـەرنجی زۆرێـک لـە ناوەنـدە ئەکادیمـی و دروسـتکەرانی بڕیـارە سیاسـی و تەنانـەت کۆمپانیـا و ناوەنـدە بازرگانییەکانیشـی بـەلای خۆیـدا ڕاکێشـا. ژمـارەی توێژینـەوەکان ڕۆژبـەڕۆژ لـە بـواری ئاسایشـی وزەدا لـە گەشـەدایە. ئـەوەی تێبینـی دەکرێـت، زۆرێـک لـە توێژینـەوەکان زیاتـر بـاس لـە ئاسایشـی وزەی وڵاتانـی هاوردەکـەر دەکـەن و زیاتـر جەخـت لـە سـەر بەردەسـتبوونی وزەی پێویسـت بـە نرخێکـی گونجـاو و جۆراوجۆرکردنـی سـەرچاوەکانی وزە و هاوردەکردنـی وزە لـە زیاتـر لـە وڵاتێکـەوە و گرنگیـدان بـە بەرهەمهێنانـی وزەی نوێبـووەوە و کەمکردنـەوەی مەترسـییەکانی پیسـبوونی ژینگـە دەکەنـەوە. سـەرەڕای ئـەوەی توێژینـەوە لـە بـواری ئاسایشـی وزەی چینـدا گرنگییەکـی زۆری پـێ دراوە، بـەڵام تـا ئێسـتا توێژینـەوە لـە بـواری ئـەوەدا نەکـراوە کـە عێـراق چ ڕۆڵێـکی هەیـە لـە دابینکـردنی ئاسـایشی وزەی چینـدا، بـۆ هەڵسـەنگاندنی ئاسایشـی وزەی چیـن و ڕۆڵـی عێـراق وەک ناوچەیەکـی دەوڵەمەنـد بـە سـەرچاوەکانی نـەوت و غـاز لـە پڕکردنـەوەی بەشـێک لـە خواسـتی چیـن، بـە بەکارهێنانـی ئەدەبیاتـی بڵاوکـراوە لـەم بـوارەدا و ئەنجامدانـی چاوپێکەتـن لەگـەڵ کەسـانی شـارەزا، هەروەهـا بەکارهێنانـی بەڵگەنامـە و سیاسـەتی وزەی عێـراق و چیـن. ئـەم توێژینەوەیـە ئامانجیەتـی شـیکاری چەمـک و ڕەهەندەکانـی ئاسایشـی وزەی چیـن بـکات و پرسـیاری ئـەوە بـکات کـە: ئایـا عێـراق چ ڕۆڵێـکی دەبێـت لـە دابینکـردنی ئاسـایشی وزەی چینـدا؟ سـەرەتا بـە تێگەیشـتن لـە چەمـکی ئاسـایشی وزە دەسـت پـێ دەکەیـن.

## چەمکی ئاسایشی وزە

یەکێک لە دیارترین توێژینەوەکانی بواری ئاسایشی وزە، بریتییە لە توێژینەوەکەی ویلریچ لە ساڵی ١٩٧٦دا سەبارەت بە پرس و بژاردە نێودەوڵەتییەکانی وزە، کە تێیدا نووسەر شیکارێکی وردی کەرتی وزە دەکات و کاریگەری و لێکەوتەکانی لە سەر ئابووریی نیشتمانی و ئابووریی جیهانی و هەروەها لێکەوتە ژینگەییەکانی لە سەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی دەستنیشان دەکات. ویلریچ لە توێژینەوەکەیدا دەڵێت ئاسایشی وزە مانایەکی جیاوازی هەیە لە وڵاتێکی دەوڵەمەند و بەرهەمهێن لەگەڵ وڵاتێکی هاوردەکار. بۆ وڵاتێکی بەرهەمهێن، گەرەنتیکردنی کڕیار و هێشتنەوەی خواست و پاراستنی نرخی وزە بە جێگیری لە بازاڕدا مەبەستی سەرەکییە کە پێی دەڵێن پاراستنی «ئاسایشی خواست لە سەر وزە»، بەڵام بۆ وڵاتێکی هاوردەکار، گەرەنتیی دابینکردنی وزەی پێویست بەبێ پچڕان لە کۆمەڵێک سەرچاوەی جیاواز و بە نرخێکی گونجاو[2]. بۆ نموونە؛ بۆ وڵاتێکی وەک سعودیە ئاسایشی بازاڕ و کریاڕ مەبەستە، بەڵام بۆ وڵاتێکی وەک چین، گەرەنتیی هاتنی وزەی پێویست بێت بەبێ پچڕان و پاراستنی هێشتنەوەی نرخی وزە بە گونجاوی و گەیشتنی وزەی پێویست بە سەلامەتی بۆ چین.

هەوڵێکی دیکە بۆ تێگەیشتن لە چەمک و مانای ئاسایشی وزە، بریتییە لە لێکۆڵینەوەی چێرپ و جۆیل لە ساڵی ٢٠١٤، کە ئەوان سەرنجیان لە سەر ئاسایشی وزە وەک خۆیەتی بە جەختکردنەوە لەوەی کە کاتێک باس لە ئاسایشی وزە دەکەین پێویستە بپرسین: «ئاسایشی وزە لە چی بپارێزین؟» بۆیە لەم ڕوانگەیەوە وەسفی ئاسایشی وزە دەکەن بە شێوەیەکی فراوانتر و بڕوایان وایە ئاسایشی وزە بریتییە لە «کەمکردنەوەی مەترسییەکان لە سەر سیستمی وزە»[3]. بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە مانای مەترسییەکان چین، ڕەنگە مەترسییەکان سروشتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی... هتد بن. ئەم پێناسەیە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە چەمک و مانای ئاسایشی وزە بە شێوەیەکی گشتگیر، بەڵام هێشتا «ئەبستراکت»٥. بۆیە لە ڕوانگەی ئەم تێگەیشتنەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئاسایشی وزە چەمکێکی ناڕوونە.

بۆ زیاتر وردەکاری لە توێژینەوەکەدا، بڕوامان وایە چەمکی ئاسایشی وزە جیاوازە، نەوەک تەنها لە تەواوی بابەتە ئەکادیمییەکاندا، بەڵکوو لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت بە پێی ئەوەی ئایا وڵاتەکە هاوردەکەری وزەیە یان هەناردەکەری وزەیە. مانای فراوانتری وزە تا ڕادەیەکی زۆر بە هۆی ئەو ڕێوشوێنانەیە کە بۆ

پاراستن یان بەدەستهێنانی ئاسایشی وزەیە. لێرەدا دیدگا جیاوازەکانی ئاسایشی وزە شیکار دەکەین، بۆ ئەوەی لەوە بگەین چۆن ئەکتەرە جیاوازەکانی نیشتمانی و نێودەوڵەتی لە چەمکی ئاسایشی وزە تێدەگەن.

بۆ وڵاتێک کە هاوردەکاری وزە بێت زیاتر لە هەناردەکردن، ئاسایشی وزە پێش هەموو شتێک بریتییە لە دڵنیابوون لە هاوردەکردنی بێ پچڕانی وزە بۆ کەرتەکانی کارەبا، گواستنە و گەرمکردنەوە و پیشەسازی کە کاریگەریی لە سەر ژیانی ڕۆژانە هەیە. مەیسۆن و ویلرچ بڕوایان وایە کە ئاسایشی وزە لە ڕوانگەی وڵاتانی هاوردەکارەوە بریتییە لە دڵنیایی لە دابینکردنی وزەی پێویست بۆ پاراستنی ئابووریی نیشتمانی لە ئاستێکی ئاساییدا. بەم شێوەیە وڵاتانی هاوردەکار زیاتر خۆیان پەیوەست کردووە بە سیاسەتی دڵنیابوون لە دابینکردنی وزەی پێویست و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی هاوردەکردنی وزە و پەرەپێدانی سەرچاوەی ئەلتەرناتیڤ وەک وزەی نوێبووەوە و داهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کەمتر پشت بە هێنانی وزەی دەرەکی ببەستن[٤]. بۆیە دەبینین ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە و ٣١ وڵات ئەندامە تێیدا، بە شێوەیەکی بەرفراوان لە هاوردەکارانی سەرەکیی وزە پێک هاتوون، ئاسایشی وزە پێناسە دەکەن کە بریتییە لە «بەردەستبوونی بێ پچڕانی سەرچاوەی وزە بە نرخێکی گونجاو»[٥].

هەروەها وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپاش کە ناوچەیەکی سەرەکیی هاوردەکاری وزەیە، ستراتیژیەتی وزەی یەکێتیی ئەورووپا باس لە هەردوو ئاسایشی وزەی کورتخایەن و درێژخایەن دەکات. ڕێوشوێنە کورتخایەنەکان زیاتر جەخت لە سەر خۆڕاگری بەرامبەر بە پچڕانی دابینکردنی وزە دەکەنەوە، بەڵام ڕێوشوێنە درێژخایەنەکان زیاتر پەیوەستن بە کەمکردنەوەی وابەستەبوون و پشتبەستن بە سەرچاوەی دەرەکیی وزە، واتە هەمەچەشنکردنی وزە و گرنگیدان بە وزەی جێگرەوە وەک پەرەپێدانی وزەی نوێبووەوە[٦]. وڵاتێکی پیشەسازیی خاوەن پێگەیەکی ئابووریی بەهێزی وەک ژاپۆن و چین بە تەواوی وابەستەی هاوردەکردنی وزەن. کەواتە ئاسایشی وزە لە ڕوانگەی ئەم دوو وڵاتەوە بریتییە لە ئاسایشی دابینکردن و گەیشتنی وزە لە جیهانەوە بۆ وڵاتەکانیان بەبێ پچڕان. بەڵام با بە وردی بزانین چەمکی ئاسایشی وزە بە پێی تایبەتمەندیی چین چییە؟

### چەمکی ئاسایشی وزە بە پێی تایبەتمەندیی چین

زۆرێک لە سەرکردە باڵاکانی چین ئەو دۆخە نالەبارەیان لەبیرە کە لە ساڵانی (١٩٥٠)کاندا ڕووی دا و بووە هۆی کەمبوونەوەی بڕی وزەی پێویست لە ناوخۆی چیندا. دوای ماوەیەکی کەم لە دامەزراندنی کۆریای باکوور، چین خرایە ململانێوە. لیژنەی هەماهەنگی بۆ کۆنترۆڵکردنی فرەلایەن کە لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە دامەزرا،کۆماری گەلی چینی خستە ژێر گەماۆری نەوتەوە. چین لەو کاتەدا تەنها بڕی ١٢,٠ ملیۆن تۆن نەوتی لە ناوخۆدا بەرهەم دەهێنا. لەو کاتەدا چین ناچار بوو پشت بە سۆڤیەت و وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات ببەستێت بۆ هاوردەکردنی وزەی پێویست. بەڵام دوای دابەشبوونی ئایدۆلۆژیی چین و سۆڤیەت لە سەر تیۆری مارکسیزم، چین لە هاوردەکردنی نەوتی سۆڤیەتیش بێبەش کرا و بە تەنها مایەوە[٧]. پچڕانی لەناکاوی نەوت کە بە ماددەیەکی ستراتیژ سەیر دەکرا، بۆ چین کارەساتبار بوو کە بووە هۆی پەککەستنی ڕاهێنانە سەربازییەکان، هاتوچۆ و گواستنەوە و هەندێک لە پیشەسازییە گرنگەکان.

بەڵام لە سایەی دۆزینەوەی نەوت لە کێڵگەی داکینگ، چین توانیی بڕێک لە پێداویستییەکانی خۆی پڕ بکاتەوە کە بۆ ماوەیەکی درێژ چین پشتی بە خۆی بەست. ئەمە زۆری نەخایاند، بە هۆی پێشکەوتنی بەردەوامی چین و زۆریی خواست لە سەر نەوت. لە ساڵی ١٩٩٣دا چین دەستی کرد بە هاوردەکردنی نەوت. لە ئەنجامی کرانەوە و ڕیفۆرم و پێشکەوتنە بەرچاوەکەی چین لە گەشەی ئابووریدا، لە ساڵی ٢٠٠٠دا خواستی چین لە سەر هێنانی نەوت سێ هێندە زیادی کرد. دواتر لە چین یەکەم توێژینەوەی ئەکادیمی لە بارەی ئاسایشی وزەوە لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٠دا بڵاو بوویەوە. هەروەها لە نێوان ساڵانی (٢٠٠١-٢٠٠٥)دا نزیکەی ١١٥٠ توێژینەوە لە بواری ئاسایشی وزەی چین و لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠١٠) بە نزیکەی ١٤٣٥ توێژینەوەی ئەکادیمی لە بواری ئاسایشی وزەدا بڵاو بوویەوە.

لە هەمووی گرنگتر، سەرکردەکانی چین نەوت بە بنەمای ئاسایشی وزەی چین هەژمار دەکەن. لە ڕاستیدا وەک لە سەرەوە ڕوونمان کردەوە، چەمکی ئاسایشی وزە؛ چەمکێکی ڕوون نییە تەنانەت بۆ چینیش تا ڕادەیەک ئەمە ڕاستە و ئەدەبیاتی ئەم بوارە نەیتوانیوە بە ڕوونی پێناسەیەکی گشتگیر بخاتە ڕوو. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەم بگەڕێمەوە بۆ ئەو پێناسەی کە لە لایەن یارگنەوە لە ساڵی ١٩٨٨دا

پێشـکەش کـراوە و دەڵێـت: «ئاسـایشی وزە بریتییـە لـە دڵنیایـی دابینکـردنی وزەی گونجـاو و متمانەپێکـراو بـە نرخێـکی گونجـاو بـە شـێوەیەک کـە بەهـا و ئامانجـە سـەرەکییە نیشـتمانییەکان ناخەنـە مەترسـییەوە«[٨]. ئـەم پێناسـەیە بـە ڕوونی بـاس لـە ئاسـایشی وزەی وڵاتـانی هـاوردەکار دەکات و بەدڵنیاییـەوە بـۆ دۆخـی چیـن گونجـاوە. بـەشی یەکەمـی چەمکەکـە بریتییـە لـە «دڵنیایـی دابینکـردنی وزەی گونجـاو» بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەوەی هیـچ جێگرەوەیـەک بـۆ نـەوت نییـە بـۆ گەشـەپێدانی ئابـووری و دابینکـردنی گازۆیـل و بەنزیـن و سـووتەمەنیی فڕۆکـە. کەواتـە نـەوت گرنگییـەکی بنەڕەتییـە بـۆ جووڵـەی ئابووریـی چیـن. بـەم شـێوەیە دەبینیـن بـۆ پاراسـتنی گەشـەی ئابـووری، پێویستە چیـن دڵنیا بێـت لـە دابینکـردنی بـڕی وزەی پێویسـت، واتـە گرتنەبـەری ڕێوشـوێنی گونجـاو بـۆ دابینکـردنی بـڕی نـەوتی پێویسـت بـۆ گەشـەی ئابووریـی وڵات، چونکـە ئامانجـی سـەرەکیی پـارتی کۆمەنیسـتی چیـن بریتییـە لـە بەرەوپێشـبردنی چیـن لـە بـواری ئابووریـدا، لـە هەمـان کاتـدا بـڕوای وایـە گەشـەی ئابـووری دەبێتـە هـۆی سـەقامگیریی سـیاسی و کۆمەڵایەتیـی چیـن. حیـزبی فەرمانـڕەوا بـۆ پاراسـتنی شـەرعیەتی سـیاسی پێویسـتی بـە ئابوورییـەکی گەشەسـەندوو هەیـە کـە لـە ئاسـت خواسـت و داواکاریـی هاوڵاتییانـدا بێـت، هەروەهـا ببێتـە هـۆی پاراسـتنی یەکپارچەیـی چیـن و پاراسـتنی پێگەکـەی وەک یەکێـک لـە زلهێـزەکانی جیهـان. وەک بریسـلین بـڕوای وایـە ئـەو گرێبەسـتە کۆمەڵایەتییـە نەنـووسراوەی هەیـە لـە نێـوان خەڵـک و پـارتی کۆمەنیسـتی چیـن، بریتییـە لـەوەی خەڵـک کێبڕکـێ لەگـەڵ پـارتی دەسـەڵاتداردا نـاکات بـۆ ئاڵوگـۆڕی دەسـەڵاتی سـیاسی، لـە بەرامبـەردا حیـزب هەمـوو کارێـک دەکات بـۆ بەرەوپێشـبردنی ئابـووری و پارێزگاریکـردن لـە خۆشـگوزەرانیی ئابووریـی خەڵـک[٩].

بـەڵام بـەشی دووەمـی چەمکەکـە بریتییـە لـە «نرخـی گونجـاو» کـە کەمـتر بووەتـە جێـی بایەخـی چیـن، لـە بـەر ئـەوەی بەدیهێنـانی نرخـی گونجـاو خـۆی ئامانجێـکی زەحمەتـە. بۆیـە یەکێـک لـە توێـژەرە دیـارەکانی ئـەم بـوارە بـڕوای وایـە پێویسـتە ئامانجـی «نرخـی گونجـاو» بگۆڕێـت بـە «سـەقامگیریی نرخـی نـەوت»[١٠]. چیـن بـڕوای وایـە تاکـە ڕێگـە بـۆ کەمکردنـەوەی هەڵبەزودابـەز لـە نرخـی نەوتـدا، بریتییـە لـە هەماهەنگیـی نێـوان وڵاتـانی هـاوردەکار و هەنـاردەکار بـۆ ئـەوەی لـە یـەک کاتـدا ئاسـایشی هـەردوو لا پارێـزراو بێـت. بـەڵام ئـەو هۆکارانـە چیـن کـە بوونـە هـۆی خواسـتی زۆرتـری چیـن لـە سـەر نـەوت؟

## بزوێنەرەکانی پشت زیادبوونی خواستی چین لە سەر نەوت

توێژینـەوەکان کەمـن لـە سـەر ئـەوەی چیـن چـۆن نـەوت بـەکار دەهێنێت، هەندێـک لە چاودێـرانی ئـەم بـوارە بۆیـان ڕوون نییـە کاتێـک بـاسی زۆریـی گەشـەی خواسـتی چیـن دەکـەن لـە بەکارهێنـانی نەوتـدا. هەندێـک لـە توێـژەران بڕاوایـان وایـە گەشـەکردنی خێـرای کـەرتی پیشەسـازیی چیـن بـە گەورەتریـن بزوێنـەری زۆری خواسـتی چیـن دادەنرێـت لـە سـەر نـەوت بـە شـێوەیەک کـە لـە ئێسـتادا گەشـەکردنی ئـەم کەرتـە گەیشـتووەتە ئاسـتێکی زۆر بـاڵا کـە چیـن بـە «کارگـەی جیهـان» نـاسراوە[11]. بـەڵام لـە ڕاسـتیدا بزوێنـەری سـەرەکیی گەشـەی زۆری خواسـتی چیـن لـە سـەر نـەوت بریتییـە لـە کـەرتی گواسـتنەوە نـەوەک کـەرتی پیشەسـازی. لـە ئێسـتادا کـەرتی گواسـتنەوە بـە نزیککراوەیـی ڕێـژەی ٩٢٪ی کـۆی داواکاریـی بەکارهێنـانی وزەی داگیـر کـردووە. ئەمـەش لـە بـەر گەشـەکردنی خێـرا  لـە کـەرتی گواسـتنەوەی ڕێگاوبـان و شـەمەندەنەفەر و گواسـتنەوەی ئاسـمانی چیـن. بـە پێـی ڕاپـۆرتی دامـەزراوەی هاوسـەنگیی بەکارهێنـانی وزە، چیـن لـە کـەرتی گواستنەوەدا لـە سـاڵی ٢٠٠٨دا ١٤٨,٨٥ ملیـۆن تـۆن وزەی بـەکار بـردووە لـە کاتێـکدا بەکارهێنـانی وزە لـە کـەرتی پیشەسـازیدا ٥٠,٤ ملیـۆن تـۆن بـووە. ئـەم ڕێژیـە بـەرز بووەتـەوە بـۆ ١٨٠ ملیـۆن تـۆن لـە سـاڵی ٢٠١٥دا، دواتـر زیاتـر بـەرەو بەرزبوونـەوە ڕۆیشـتووە بـە ڕێـژەی ٦,٧٤٪ی زیادبوونـی سـاڵانە[12]. بـە کـورتی: ئێسـتا کـەرتی گواسـتنەوە گەورەتریـن بەکارهێنـەری نەوتـە لـە چیـن. بـە پێـی نوێتریـن ڕاپـۆرتی دامـەزراوەی هاوسـەنگیی بەکارهێنـانی وزە، لـە ئێسـتادا چیـن ڕۆژانـە پێویسـتی بـە ١١ ملیـۆن بەرمیـل نـەوت هەیـە، ئایـا ڕێگـەی هێنـانی ئـەم بـڕە زۆرە لەکوێوەیـە؟

بـۆ پڕکردنـەوەی پێداویسـتییەکانی خـۆی لـە نـەوت، چیـن سـێ بۆریـی گواسـتنەوەی بنیـات نـاوە لەگـەڵ سـێ وڵاتی دەوڵەمەنـد بـە نـەوت، لەوانـە: هێڵـی بۆریـی کازاخسـتان-چیـن بـە درێژیـی (٣٠٠٠کـم) کـە لـە سـاڵی ١٩٩٧دا بـە ڕەزامەندیـی هـەردوو لا بنیـات نـراوە و لـە سـاڵی (٢٠٠٦)ەوە کار دەکات. ئـەم بۆرییـە لـە توانایدایـە سـاڵانە ٥٠ ملیـۆن تـۆن نـەوت بگوازێتـەوە بـۆ چیـن. هـەر چەنـدە بۆرییەکـە پێویسـتی بـە سـیانەی زۆرە و لـە توانایـدا نییـە ئـەو بـڕە بگوازێتـەوە لـە ئێسـتادا، بـەڵام ئەگـەر بێتـوو سـاڵانە ٥٠ ملیـۆن تـۆن بگوازێتـەوە بـۆ چیـن، ئـەوە تەنهـا بـڕی ١٣-١٢٪ی پێداویسـتییەکانی چیـن پـڕ دەکاتـەوە. جگـە لـەم هێڵـە، چیـن و ڕووسـیا دوای گفتوگۆیـەکی درێـژ، لـە سـاڵی (١٩٩٤)ەوە بڕیاریـان دا بـە دروسـتکردنی هێڵـی بۆریـی گواسـتنەوەی چین-ڕووسـیا کـە

لـە سـكۆڤۆردینۆوە دەسـت پـێ دەكات و تـا پارێـزگای داكینـگ لـە چیـن. ئـەم بۆرییـە لـە سـاڵی ٢٠١٠دا تـەواو بـووە، توانـای سـاڵانەی گواسـتنەوەی تەنهـا ١٥ ملیـۆن تۆنـە و لـە باشـترین حاڵەتـدا توانـای گواسـتنەوەی دەگاتـە ٣٠ ملیـۆن تـۆن لـە سـاڵێكدا، كـە ئەمـەش تەنهـا ٣-٤٪ی خواسـتی ناوخـۆی چیـن پـڕ دەكاتـەوە. سـێیەمیان بۆریـی نـەوت و گازی میانمار-چینـە، لـە مارسـی ٢٠٠٩دا لـە نێـوان چیـن و حكومـەتی سـەربازیی ئـەو وڵاتـەدا ئیمـزا كـراوە، كـە بۆرییەكـە لـە میانمـارەوە درێـژ دەبێتـەوە بـۆ نزیكتریـن شـاری چیـن لـە سـنووری میانمـار (كیمویـن). تێچـووی بۆرییەكـە بـڕی ١,٢ ملیـار دۆلار بـووە، كـە نزیكـەی (٢٠٠٠كـم) دەكات، ئـەم هێڵـە هـاوكار بـوو لـە كەمكردنـەوەی پشتبەسـتنی چیـن بـە هێنـانی نـەوت لـە دوورگـەی مـالاگاوە و زیاتـر گەرەتنیكـردنی ئاسـایشی وزەی وڵات[١٣]. كۆتـا بـۆری بـۆ هێنـانی نـەوت بریتییـە لـە هێڵـی گواسـتنەوەی پاكسـتان-چین، كـە لـە كەراچییـەوە بـەرەو بەنـدەری گـوادار لـە پاكسـتان دەسـت پـێ دەكات، دواتـر بـەرەو پارێـزگای شـینجیان لـە چیـن. پڕۆژەكـە ١٠ ملیـار دۆلاری تێدەچێـت و دەتوانێـت ڕۆژانـە نزیكـەی یـەك ملیـۆن بەرمیـل نـەوت لـە كەنـداوی فارسـەوە بگوازێتـەوە بـۆ چیـن[١٤]، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی زیاتـر هەمەچەشـنكردن و خێراكـردنی هاوردەكـردنی نـەوت بـۆ چیـن، بـە لـە بەرچاوگرتنـی نزیكیـی بەنـدەری گـوادار لـە كەنـداوی فـارس. پێشـبینی دەكرێـت بـە بنیاتنـانی ئـەم بۆرییـە، مـەودای گواسـتنەوە و گەیانـدنی نـەوت بـۆ پەكیـن بـە شـێوەیەكی بەرچـاو كـورت ببێتـەوە، لـە ئەنجامـدا ئاسـایشی وزەی چیـن بەهێزتـر بـكات. بـەڵام بنیاتنـانی ئـەم هێڵـە تـا ئێسـتا لـە ژێـر لێكۆڵینەوەدایـە و وەك هێڵـەكانی تـر لـەكاردا نییـە.

ڕەنگـە بنیاتنـانی ئـەم تـۆڕە لـە ڕاكێشـانی بۆریـی گواسـتنەوەی نـەوت بـۆ چیـن لـە كۆمەڵێـك وڵاتی دەوڵەمەنـد بـە سـەرچاوەی سروشـتی، بووبێتـە هـۆی هەمەچەشـنكردن و بەشـداریكردن لـە زیاتـر بەهێزكـردنی ئاسـایشی وزەی چیـن و دروسـتكردنی ڕێـڕەوی نـوێ. بـەڵام ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە دەبینیـن لـە كاتێكـدا ڕەنگـە بۆرییـە نەوتییـەكانی كازاخسـتان-چین و بـە ڕێڕەوێـكی سـەلامەت و جێگیـر دابنرێـت لـە پڕكردنـەوەی بەشـێك لـە خواسـتی چینـدا، بـەڵام بۆریـی نـەوتی میانمار-چیـن مەترسـیی لـە سـەرە بـە هـۆی ناجێگیریـی بارودۆخـی سیاسی لـە میانمـار. بنیاتنـانی بۆریـی پاكسـتان-چیـن دیسـانەوە جێگـەی مەترسـییە، بـە هـۆی ئـەوەی زۆرێـك لـە گرووپـە تیرۆریسـتییەكان چالاكییەكانیـان لـە نـاو پاكسـتان یـان لـە دەوروبـەری پاكسـتان ئەنجـام دەدەن. بۆریـی

گواستنەوەی ڕووسیا-چین، چەند جارێک بە هۆی کێشەی سیاسییەوە گواستنەوەی نەوت وەستێنراوە، بگرە ئێستا ڕووسیاش بەدوای هەمەچەشنکردنی کڕیارەکانیدا دەگەڕێت و نایەوێت چین بە تەنها تاکە کڕیاری نەوتی ڕووسیا بێت.

ئەم شیکارەی سەرەوە پێمان دەڵێت هەر چەندە ئاسایشی وزەی چین هەمەچەشن کراوە، بەڵام هاتنی نەوت لەم کەناڵانەوە زۆر زۆر کەمترە لە ئاست خواستە زۆرەکەی چین بە وزە. ئەو مەترسییە سیاسییانەش کە لە سەر بۆریی میانمار-چین و پاکستان-چین هەن، پێمان دەڵێن کە چین ناتوانێت دەستبەرداری هێنانی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت لە ڕێگەی دەریاوە. هەروەها زۆرێک لە توێژەران و کاربەدەستانی چین پێیان وایە ڕێگەی دەریا بۆ ئاسایشی وزەی چین زۆر گرنگترە لە ڕێگەی بۆری، بەڵام پاراستنی ئەم ڕێگەیەش دیسان تێچووی بۆ چین زیاترە، چونکە لە ئێستادا ئاسایشی ڕێگەی دەریایی ڕووبەڕووی کێشەی زۆر بووەتەوە. ئێستا کاتی ئەوەیە بزانین عێراق چ پێگەیەکی لە ستراتیژیەتی ئاسایشی وزەی چیندا هەیە.

**گرنگیی عێراق لە ستراتیژیەتی ئاسایشی وزەی چیندا**

ئەگەر بێت و سەیری وێنە گەورەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، دەبینین لە داهاتوودا دەرفەتی کەمتر هەیە بۆ کۆمپانیا چینییەکان بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی وزەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم مەترسییەش بە ئاشکرا لە لایەن چینەوە هەستی پێ دەکرێت. بۆ نموونە: سعودیە و کوێت ڕەنگە خۆیان دەستبەرداری قۆرخکاریی «کۆمپانیا نیشتمانییەکان»ی خۆیان نەبن لە داهاتوودا، مافی دۆزینەوە و وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتییەکانی قەتەردا بۆ ٢٠ ساڵی تر درێژ کراوەتەوە بۆ ئەو کۆمپانیایانەی لەوێ کار دەکەن. ڕەنگە چین لە ئێستادا چاوی بڕیبێتە کێڵگە نوێیەکانی ئەبوزەبی کە لە ساڵی ٢٠١٨دا بە ڕووی کۆمپانیا جیهانییەکاندا کرانەوە، بەڵام کەمی و سنووردارییەی یەدەگی نەوت لە ئیمارات ڕەنگە نەتوانێت خواستی زۆری وزەی چین پڕ بکاتەوە. ئەگەر قسە لە سەر ئێران بکەین، کە پەیوەندییەکی مێژوویی لەگەڵ چیندا هەیە، بۆ ئەوەی چین بتوانێت بڕێک لە پێویستیی وزەی خۆی لە ڕێگەی وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتی ئێران پڕ بکاتەوە، بەڵام بە هۆی سزا نێودەوڵەتییەکانەوە ئێران تا ڕادەیەکی زۆر کەنارگیر بووە و لە ئێستادا دەرفەت نییە

بۆ کۆمپانیا چینییەکان وەبەرهێنان لە کەرتی وزەی ئێراندا بکەن. کۆی ئەم شیکارەی سەرەوە پێمان دەڵێت عێراق جیاوازە لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕەنگە لە ئێستادا عێراق بتوانێت دەرفەتێکی گرنگ بێت بۆ پڕکردنەوەی بڕێکی دیاریکراوی خواستی چین لە سەر نەوت، بە بەراورد بە وڵاتانی تری ناوچەکە. پێشبینی دەکرێت ئەوە وزەیەی لە عێراقەوە بەدەست دێت و گونجاوە بۆ چین لە ئێستادا، ڕەنگە تا ماوەیەکی درێژ چین نەتوانێت لە هیچ یەکێک لە وڵاتانی تری ناوچەکە بەدەستی بخات.

ئەگەر سەیرێکی پەیوەندییەکانی چین و عێراق بکەین لە بواری وزەدا، چین لە ساڵی ١٩٩٦دا بووەتە کڕیاری نەوتی عێراق لە بڕیاری (٩٨٦)ی تایبەت بە نەوت بەرامبەر خۆراک[١٥]. کاتێک عێراق لە ژێر گەمارۆی نێودەوڵەتیدا بوو، دەیتوانی بڕێک لە نەوتی خۆی بفرۆشێت و بە پارەکەی خۆراک و دەرمان بۆ دانیشتووانی عێراق دابین بکات لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

دوای ئەوەی چین وەک یەکێک لە گەورەترین کڕیارانی نەوتی جیهان دەرکەوت، بە دیاریکراوی لە دوای ساڵی ٢٠١٦، چین بە نزیکەی ٤٦٪ بەرەوژووری نەوتی خۆی لە وڵاتانی عەرەبییەوە هاوردە دەکرد. بە پێی دەیتاکان، ١١٪ ئەم ڕێژەیە لە عێراقەوە هاوردە دەکرد. کەواتە لە ڕوانگەی ئاسایشی وزەی چینەوە؛ عێراق گرنگە، چونکە بڕێکی دیاریکراو لە پێداویستیی نەوتی خۆی لە عێراقەوە هاوردە دەکات[١٦]. پێگەی چین لە دوای (٢٠١١)ەوە وەک کڕیارێکی بەهێزی نەوتی عێراق دەرکەوت بە هۆی کەمبوونەوەی کۆی قەبارەی هاوردەکردنی نەوت لە لایەن ئەمەریکاوە، وڵاتانی ئەورووپاش ناتوانن جێگرەوەیەکی بەهێز بن بۆ کڕینی نەوتی عێراق. لە بەرامبەردا پێشبینی دەکرێت خواستی چین بۆ کڕینی نەوت بە تێکڕای ساڵانە بە ڕێژەی ١,٢ گەشە بکات تاوەکوو ساڵی ٢٠٣٥. بە هەمان شێوە عێراق پێویستی بە کڕیاری بەردەوام هەیە، چونکە نەوت وەک تاکە سەرچاوەی هەناردەکردنی عێراقە و گەشەی ئابووریی عێراق بەندە بە هەناردەکردنی نەوتەوە. کەواتە چین و عێراق وابەستەی یەکترن.

ئەگەر سەیری زمانی ژمارەکانیش بکەین، ئەم ڕاستییە بە ئاشکرا تێبینی دەکرێت. بۆ نموونە: چین لە ساڵی ٢٠٢٢دا نزیکەی ٥٥,٤٩ ملیۆن تۆن نەوتی خاوی لە عێراقەوە هاوردە کردووە، نەوتی عێراق بە ڕێژەی ٤٧,٤٩٪ بۆ چین هەناردە

کـراوە، عێـراق بـە تەنهـا لـە چیـن بـڕی ٣٩,٠٤ ملیـاری دۆلار داهـاتی فرۆشـتنی نـەوتی دەسـت کەوتـووە. دەبینیـن چیـن کڕیارێـکی سـەرەکیی نـەوتی عێـراق بـووە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە عێـراق پێگەیـەکی گرنگـی هەیـە لـە سـتراتیژیەتی ئاسـایشی وزەی چینـدا. بـە پێـی دەیتـاکانی چیـن، عێـراق بـە سـێیەم گەورەدابینکـەری نـەوتی چیـن هەژمـار دەکرێـت لـە دوای سـعودیە و ڕووسـیا.

سـەبارەت بـە بـوونی کۆمپانیـاکانی چیـن لـە کێڵگـە نەوتییـەکانی عێـراق، لـە ئێسـتادا کۆمپانیـای سـینۆپیکی چینـی پشـکی لـە چـوار کێڵگـەی نـەوتی عێراقـدا هەیـە، لەوانـە: ئەحـداب، حلفایـا، رومێـلا و وێسـت قورنـەی ١، کـە ئـەم کێڵگانـە نزیکـەی ٢٤ ملیـار بەرمیـل یەدەگـی نەوتیـان هەیـە. لـە بەرامبـەردا بەشـێک لـە کۆمپانیـا ڕۆژئاواییـەکان لـە عێـراق کشـاونەتەوە، لەوانـە کۆمپانیـای ئیکسـۆن مۆبێـل کـە ٢٢,٧٪ی پشـکەکانی لـە وێسـت قورنـە ١ گواسـتەوە بـۆ کۆمپانیـای نـەوتی بەسـڕە و کۆمپانیـای پیترۆچاینا وەک ئۆپەرەیتـەری کێڵگەکـە[١٧]. لـەم بارەیـەوە یەکێـک لـە چاودێـران لـە چاوپێکەوتنێکـدا بـۆ ئـەم توێژینەوەیـە وتی: کۆمپانیـا چینییـەکان ئامانجیـان گەرەنتیـی ئاسـایشی وزەی چینـە، بـەڵام کۆمپانیـا ڕۆژئاواییـەکان زیاتـر مەبەسـتیان قازانجـە. هەروەهـا گرێبەسـتەکانی عێـراق زیاتـر گرێبەسـتی خزمەتگوزاریـن، لـە کاتی کێبەرکێـدا هـەر کۆمپانیایـەک ئارەزومەندانـە بـە هەرزانـتر خزمەتگـوزاری پێشـکەش بـکات، گرێبەسـتەکە دەدرێـت بـەو کۆمپانیایـە. بۆیـە لێـرەدا چانـسی کۆمپانیـا چینییـەکان زیاتـر دەبێـت[١٨].

هەندێـک هـۆکاری تریـش بـوونی کۆمپاینـا چینییـەکان بـە باشـتر دەزانـن لـە ڕۆژئاواییـەکان، بـە پێـی وتـەی کەسـێکی شـارەزای ئـەم بـوارە کـە دەڵێـت: لـە ئێسـتادا گرووپـە شیعییەکان چیـن بـە باشـتر دەزانـن لـە ئەمەریـکا، چونکـە چیـن کێشـە بـۆ ئێـران دروسـت نـاکات و دەسـتەبژێری سیاسـیی عێراقیـش پەیوەندیـی توندوتۆڵیـان لەگـەڵ ئێرانـدا هەیـە، بۆیـە کۆمپانیـا چینییەکانیـان بـەلاوە پەسـەندترە. هەروەهـا کۆمپانیـا چینییـەکان وەک سیاسـەتی وڵاتی چیـن دەسـتوەردان لـە کاروبـاری سـیاسی و ئابووریـی ناوخـۆی هیـچ وڵاتێکـدا ناکـەن. لـە ئێسـتادا عێـراق بـە چەندیـن گرفتـی بنەڕەتیـی ئیـداری و دەزگاییـەوە دەناڵێنێـت، بۆیـە ئـەم خاڵـەش هـاوکارە بـۆ پەسـەندێتیی کۆمپانیـا چینییـەکان تاوەکـوو ئەمەریکییـەکان[١٩].

## هەرێمی کوردستان

حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە سـاڵی ٢٠٠٧دا یاسـای ژمـارە ٢٢ی نـەوت و گازی دەرکـرد کـە یاسـاکە دەسـەڵاتی داوە بـە هەرێمـی کوردسـتان دەسـتکراوە بێـت بـە ڕووی کۆمپانیـا جیهانییەکانـدا بـۆ وەبەرهێنـان لـە بـواری نـەوت و گازدا. لـە ئێسـتادا لـە هەرێمـی کوردسـتان پتر لـە ٤٠ کۆمپانیـای وزە کار لـە گـەڕان و دەرهێنانـی نەوتـدا دەکـەن کـە زیاتـر لـە ٣٠ وڵاتـەوە هاتـوون. لەگـەڵ ٤٥ ملیـار بەرمیـل نەوتـی خەمڵێـنراو لـە نەوتـی یـەدەگ لـە هەرێمـدا، هەرێـم ئامادەیـە ببێتـە یاریکەرێکـی بنچینەیـی نێودەوڵەتـی لـە بـازاڕی وزەدا[٢٠]. لەگـەڵ بەردەوامیـی هەڵمەتەکانـی گـەڕان، هەرێـم بـە بەردەوامـی بەرەوپێشـچوونی بەخۆیـەوە دیـوە، بـۆ نموونـە لـە ٢٠١١دا تەنهـا ڕۆژانـە هـەزار بەرمیـل بەرهـەم هاتـووە، بـەڵام تـا پێـش بڕیـاری دادگای پاریـس سـەبارەت بـە وەسـتانی نـاردنی نـەوتی هەرێـم، بـە تێکـڕا هەرێـم ڕۆژانـە زیاتـر لـە (٤٢٠-٤٣٠) هـەزار بەرمیـلی نـەوتی هەنـاردە دەکـرد. جگـە لـە بوونـی یەدەگـی سـەلمێنراوی نـەوت، لـە هەرێـم گازی سروشـتیی سـەلمێنراو بـە زیاتـر لـە ٢٠٠ ترلیـۆن مەتـر سـێجا مەزەنـدە دەکرێـت. لـە ئێسـتادا ئـەو گازەی بەرهـەم دەهێنرێـت، تەنهـا بەشـی پێداویسـتیی ناوخـۆ دەکات. هـەر کاتێـک پێویسـتییە ناوخۆییەکانـی وەک کارەبـا و پیشەسـازی هاتنـە دی، ئـەوا ئـەوەی دەمێنێتـەوە دەتوانرێـت هەنـاردەی دەرەوە بکرێـت. لـە ئێسـتادا چەندیـن کێڵگـەی گاز لـە پەرەپێدانـدان، تۆڕێکـی ناوخۆیـی گاز لـە دروسـتکردندایە، هەندێـک لـە وێسـتگەکانی بەرهەمهێنانـی کارەبـای نیشـتمانی لـە گازۆیلـەوە گـۆڕاون بـۆ گاز.

بـەڵام پشتڕاسـتکردنەوەی ئـەم زانیارییانـە نیشـانەی پرسـیاریان لـە سـەرە، چونکـە ئـەم زانیارییانـەی سـەرەوە لـە لایـەن سـەنتەرێکی بێلایەنـی توێژینـەوەی جیهانییـەوە پشتڕاسـت نەکراونەتـەوە. بـۆ نموونـە؛ بوونـی ٤٥ ملیـار یەدەگـی نـەوت تەنهـا یەکلایەنـە بـاس کـراوە و ناوچـە جێناکۆکەکانیـشی گرتووەتـەوە. بـەڵام لـەم دواییـەدا دوو دامـەزراوەی جیهانیـی وەک ئیـدارەی زانیـاری و وزەی ئەمەریـکا و ریسـتاد ئینێرجیـی نەرویجـی لـە دوو ڕاپۆرتـی جیـادا ڕایانگەیانـدووە بـڕی یەدەگـی نەوتـی هەرێمـی کوردسـتان نزیکـەی سـێ ملیـار و ٧٠٠ ملیـۆن بەرمیلـە. ئـەم زانیارییانـە لـە کۆمەڵێـک سـەرچاوەی تـرەوە ئاماژەیـان پـێ دراوە[٢١]. لـە ئێسـتادا هەرێمـی کوردسـتان خاوەنـی ٨ کێڵگـەی سـامانی سروشـتییە کـە بەسـەر ٥٧ بلۆکـدا دابـەش

بوون، ٤٠ بلۆکیان لە ناوەوەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانن، بەڵام ١٧ بلۆکیان کەوتوونەتە ناوچە جێناکۆکەکان. لەم ڕێژەیە ٤٨ بلۆکیان نەوتین کە تەنها ٩ بلۆکیان گەیشتوونەتە قۆناغی بەرهەمهێنان. بلۆکە گازییەکانیش ژمارەیان ١٠ کێڵگەی گازییە، بەڵام تەنها کێڵگەی کۆرمۆر لە قۆناغی بەرهەمهێناندایە[٢٢]. کێشەیەکی تر بریتییە لە کێشەی یاسایی لەگەڵ بەغداد کە تا ئێستا یاسای نەوت و گاز لە بەغدا پەسەند نەکراوە و لەم دواییانەدا دادگای فیدراڵی بڕیاری دا کە هەموو گرێبەستەکانی نەوت و گازی هەرێم نادەستوورین و یاسای نەوت و گازی هەرێمی هەڵوەشاندەوە[٢٣].

سەبارەت بە بنیاتنان و بەهێزکردنی ژێرخانی وزە، هەرێم تەنها لە ڕێگەی یەک بۆریی گواستنەوەی کوردستان-جیهانەوە نەوت دەنێرێتە دەرەوە. دەبینن هەرێمی کوردستان محکومە بە هەڵکەوتەی جوگرافیاکەی، بۆ نموونە لەگەڵ عێراق؛ هەرێم ناکۆکییەکی قووڵی هەیە لە مەسەلەی نەوت و گازدا، چونکە ئێستا عێراق لە دادگای نێودەوڵەتی سکاڵای لە سەر هەرێم هەیە، لە ناوخۆشدا لە دادگای فیدراڵی بڕیاری داوە کە کۆی پرۆسەی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت نادەستوورییە. لە (٢٠١١)ەوە سووریا نائارامە و شەڕی تێدایە، لەم ساتەدا هەرێم بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت بیر لە ڕێگەی سووریا بکاتەوە بۆ ناردنی نەوت. میلیشیاکانی سەر بە ئێران چەندین جار هێرشی ناڕاستەوخۆیان کردووەتە سەر کێڵگە گازییەکانی هەرێم و لە ئێستادا ئێران پێی خۆش نییە تەنانەت کە عێراق وڵاتێکی دراوسێیە؛ ببێتە بەرهەمهێنی گاز. کەواتە بە لای ئێرانەوە قبووڵکراو نییە هەرێمی کوردستان ببێتە بەرهەمهێن و هەناردەکەری گاز.

ئەم هەڵکەوتە جیۆپۆلەتیکییە تەنها تورکیای لە باکوورەوە وەک تاکە بژاردەیەک هێشتووەتەوە بۆ ناردنی نەوتی هەرێم کە هەرێم و تورکیای کردووە بە هاوبەشێکی ئاڵۆز[٢٤]. لە لایەکی ترەوە ساڵی ٢٠١٤ عێراق لە دادگای نێوبژیوانیکردن لە ژووری بازرگانی لە پاریس، سکاڵای یاسایی لە سەر تورکیا تۆمار کردووە کە کرۆکی سکاڵاکە بریتییە لە تۆمەتبارکردنی حکومەتی تورکیا کە بەبێ ڕەزامەندیی حکومەتی عێراق ڕێگەی بە هەرێم داوە لە ڕێگەی تورکیاوە نەوت هەناردە بکات. لە ئێستادا ئە م دۆسێیە بۆ لایەنی عێراق یەکلا بووەتەوە. بە پێی بڕیارەکەی دادگا، حکومەتی

عێـراق لـە ڕێگـەی کۆمپانیـای بەبازاڕکردنـی نـەوت (سـۆمۆ) تاکـە لایـەنی بەرپرسـیارە لـە بەڕێوەبردنـی کارەکانـی هەناردەکردنـی نـەوت لـە ڕێگـەی بەنـدەری جەیهانـی تورکیـاوە[25]. لـە دۆخێکـی لـەم جۆرەشـدا، ئەگـەر تورکیـا و هەرێـم ئـەو بڕیـارە پشـتگوێ بخـەن، ئەوکات بـە یاسـایی فرۆشـتنی نەوتـی هەرێمـی کوردسـتان دەبێتـە نەوتێکـی قاچـاخ و لـە ئەنجامـدا ناتوانرێـت وەک پێویسـت بفرۆشرێـت.

سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـەی سـەرەوە، نەبوونـی دیـدگای هاوبەشـی حیزبـە سیاسـییەکانی دەسـەڵات، ناکۆکییەکانـی نێـوان یەکێتـی و پارتـی لـە سـەر پرسـی وزە؛ بزوێنـەری زۆرێـک لـە گرفتەکانـن. ئێسـتا لـە هەرێمـدا «دوولەتکـردنی جوگرافیـای هەرێـم و دووبـارە یەکگرتنەوەیەکـی لـەرزۆک لـە سـایەی جۆرێـک لـە دووئیدارەیـی شـاراوەدا»[26]بە تەواوەتـی قـووڵ بووەتـەوە و وزەش بووەتـە چەقـی ململانێکانـی هـەردوو پـارت، کـە بڕوایـان وایـە هـەر لایـەک دەسـت بەسـەر کەرتـی وزەدا بگرێـت؛ ڕاسـتەوخۆ ئابووریـی هەرێـم کۆنـترۆڵ دەکات. ئـەو پارتـەی هێـزی ئابـووری کۆنـترۆڵ بـکات، دەسـەڵاتی سیاسـییش کۆنـترۆڵ دەکات. ئەمـەش بـە تایبـەت لای یەکێتیـی نیشـتمانی مەترسـیی دروسـت کـردووە، وەک بڕوایـان وایـە بـە هـۆی کۆنترۆڵکردنـی نەوتـەوە پارتـی پێگـەی خـۆی بەهێـز کـردووە. لـە ڕابـردوودا ڕەنگـە یەکێتـی وانەیـەک فێـر بووبێـت کـە نایانەوێـت کەرتـی گاز بـە دەردی کەرتـی نـەوت بـڕوات، کـە زۆربـەی کێڵگـە و یەدەگـی گاز کەوتووەتـە ئـەو ناوچـە جوگرافییـەی کـە بـە زۆنـی سـەوز نـاسراوە و یەکێتـی تێیـدا باڵادەسـتە. دابەشـبوونێکی لـەم شـێوەیە، دەرخـەری ئـەو ڕاسـتییەیە کـە سـێکتەری وزە لـە چواچێوەیەکـی نیشـتمانی و سیاسـەتی حکومیـی بێلایەنـدا بەڕێـوە ناچێـت، بەڵکـوو ڕۆڵـی حیـزب و نەبوونـی دیـگای هاوبـەش بـە فاکتەرێکـی نێگەتیـڤ دادەنرێـت.

لـە ڕابـردوودا کۆمەڵێـک کۆمپانیـا کـە لـە هەرێـم کاریـان دەکـرد، لـە لایـەن وەزارەتـی نـەوتی عێراقـەوە خرانـە لیسـتی ڕەشـەوە و ئـەو ئیمتیازەیـان لـێ سـەنرایەوە کـە ناتوانـن لـە بەغـدا وەبەرهێنـان بکـەن. زۆرێـک لـە کۆمپانیـا گـەورەکانی بـواری وزە نایانەوێـت ئـەو ڕیسـکە بکـەن، چونکـە لـە دوای بڕیـاری دادگای پاریـس، ئەگـەر لـە هەرێمیـش نـەوت بدۆزرێتـەوە و بەرهـەم بهێنرێـت؛ ئـەوە فرۆشـتنی لـە دەسـەڵاتی عێراقدایـە. خاڵێکـی تـر کـە جێگـەی ترسـە لـە لایـەن کۆمپانیاکانـەوە، نەبـوونی یاسـای نـەوت و گازە لـە سـەر ئاسـتی عێـراق بـۆ ڕێکخسـتن و ڕوونکردنـەوەی دەسـەڵاتی

عێراق و هەرێمەکان لە بواری نەوت و گازدا. هەرێم خۆی یاسای نەوت و گازی دەرکردووە بە ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧، لە سەر ئەم بنەمایە کۆمپانیا بیانییەکان وەبەرهێنانیان لە کوردستان دەست پێ کرد، بەڵام دیسانەوە دادگای فیدراڵی ئەم یاسایەی هەڵوەشاندەوە، سەرەڕای کێشە نێوخۆییەکانی هەرێم کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا کە بوونەتە هۆی دروستکردنی نیشانەی پرسیاری زیاتر لە سەر وەبەرهێنان لە کەرتی وزەی هەرێمدا.

بۆیە دەتوانین بەو بەرەنجامە بگەین کە لە ئێستادا هەرێم گرنگییەکی ئەوتۆی نییە بۆ ئاسایشی وزەی چین. یەکێک لە شرۆڤەکاران پێی وایە پێشتریش نەوتی کوردستان بە کۆمپانیا ئەوروپییەکان فرۆشراوە، چین ڕۆڵی زۆر سنووردارە لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمدا، تەنها یەک کۆمپانیای لە کێڵگەی تەقتەق کار دەکات[٢٧]. بەڵام پێدەچێت چین لە ڕوانگەیەکی ترەوە سەیری هەرێم بکات، هەرێم لە بوارەکانی تردا بۆ چین گرنگە، وەک پەیوەندیکردن و بوونی کۆمپانیایەکی زەبەلاحی وەک هواوی لە دابینکردنی زۆرێک لە خزمەتگوزارییەکانی ئاسیاسێڵ لە سلێمانی و کۆرەک لە هەولێر و لە هەندێک سێکتەری وەک بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ... هتد.

## دەرئەنجام

بگەڕێینەوە بۆ پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە: ئایا عێراق چ ڕۆڵێکی هەیە لە دابینکردنی ئاسایشی وزەی چیندا؟ بە پێی شیکاری سەرەوە، بۆمان ڕوون بووەوە کە عێراق ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە ستراتیژیەتی ئاسایشی وزەی چیندا، بەڵام لەبیرمان بێت کە ڕۆڵەکەی میحوەری نییە. لە ئێستادا چین لە یەک کاتدا نەوت لە ١١ وڵاتەوە هاوردە دەکات، وەک: ڕووسیا، سعودیە، ئەنگۆلا ، عێراق، عەمان، بەڕازیل، کوێت، فەنزوێلا... هتد. چین توانیویەتی ستراتیژی خۆی هەمەچەشن بکات، واتە ئەگەر کێشەی لە لایەکەوە بۆ دروست ببێت؛ دەتوانێت لە لایەکی ترەوە قەرەبووی بکاتەوە. بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەش بزانین لە ئێستادا بە هۆی ئەو کێشانەی لە هێڵەکانی بۆریی گواستنەوەدا هەیە: بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و بارودۆخی جەنگی ئۆکرانیا و بەرزبوونەوەی خواستی وڵاتانی ئەورووپا لە سەر وزە،

دەستڕانەگەیشتن بە وزەی ئێران؛ دەبینین بژاردەکانی چین کەمتر بوونەتەوە. لە ئێستادا ڕەنگە بۆ چین ئاسان نەبێت ئەو بڕە وزەی لە عێراقەوە دەستی دەکەوێت؛ بتوانێت بە ئاسانی لە وڵاتانی ترەوە دەستی بکەوێت. سەرەڕای ئەمەش خواستی چین لە سەر وزە لە هەڵکشاندایە، لە بەر ئەوە ساڵانە پێویستی بە وزەی زیاتر هەیە، عێراقیش پێویستی بە کڕیار هەیە، چونکە چین بە نزیکەیی نیوەی نەوتی عێراق دەکڕێت. دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین لە ئێستادا چین و عێراق وابەستەی یەکترن. پێشبینی دەکرێت ئەو وزەیەی لە عێراقەوە بەدەست دێت و گونجاوە بۆ چین لە ئێستادا، ڕەنگە تا ماوەیەکی درێژ چین نەتوانێت لە هیچ یەکێک لە وڵاتانی تری ناوچەکە بەدەستی بخات. بەڵام سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی لە ستراتیژیەتی وزەی چیندا لە ئێستا و داهاتوودا، ڕەنگە هەرێم بۆ ئاسایشی وزەی چین ئەو گرنگییەی نەبێت. چین لە ڕوانگەیەکی ترەوە سەیری هەرێم دەکات بۆ وەبەرهێنان لە سێکتەرەکانی تردا، هەرێم لە بوارەکانی تردا بۆ چین گرنگە، وەک پەیوەندیکردن و بوونی کۆمپانیایەکی زەبەلاحی وەک هواوی لە دابینکردنی زۆرێک لە خزمەتگوزارییەکانی بواری پەیوەندیکردن.

## سەرچاوەکان

1 Kvern, Michael, Patricia Fitzpatrick, and LeeAnn Fishback. "Empowering Churchill." Arctic 75, no. 2 (2022): 149-160.

2 Willrich, M., 1976. International energy issues and options. Annual Review of Energy, 1(1), pp.743-772.

3 Cherp, A. and Jewell, J., 2014. The concept of energy security: Beyond the four As. Energy policy, 75, pp.415-421.

4 Willrich, M., 1976. International energy issues and options. Annual Review of Energy, 1(1), pp.743-772.

5 Energy security Reliable, affordable access to all fuels and energy sources Available at: https://www.iea.org/topics/energy-security [accessed at: February, 2024].

6 Biesenbender, Sophie. "The EU's energy policy agenda: Directions and developments." Energy policy making in the EU: Building the agenda (2015): 21-40.

7 Wu, Kang. "China s energy security: Oil and gas." Energy Policy 73 (2014): 4-11.

8 Yergin, Daniel. "Energy Security in the 1990s." Foreign Aff. 67 (1988): 110.

9 Breslin, Shaun. "Power and production: Rethinking China's global economic role." Review of International Studies 31 (2005): 735-753.

10 Leung, Guy CK. "China's energy security: perception and reality." Energy Policy 39, no. 3 (2011): 1330-1337.

11 https://www.investopedia.com/articles/investing/102214/why-china-worlds-factory.asp

12 For more detail see: Wang, Hailin, Xi Yang, and Xunmin Ou. "A study on future energy consumption and carbon emissions of China's transportation sector." Low carbon economy 5, no. 4 (2014): 133-138.

13 For more detail see: https://www.bakerinstitute.org/open-source-mapping-chinas-energy-infrastructure [accessed 30 march 2024], and Leung, Guy CK. "China's energy security: perception and reality." Energy Policy 39, no. 3 (2011): 1330-1337.

14 https://www.lowyinstitute.org/the-interpreter/china-s-pipeline-dream-pakistan [accessed at: 2March 2024].

15 Independent Inquiry Committee into the United Nations Oil-for-Food Programme, Paul A. Volcker, Richard Goldstone, and Mark Pieth. Manipulation of the Oil-for-Food Programme by the Iraqi Regime. Independent Inquiry Committee into the United Nations Oil-for Food Programme, 2005.

16 For more detail see: https://www.spglobal.com/commodityinsights/en/market-insights/latest-news/oil/021524-iraq-looks-to-chinese-investors-to-meet-ambitious-output-growth [accessed at: 22 Feb 2024].

17.https://shafaq.com/en/Economy/Iraq-heads-to-China-to-boost-its-oil-production [accessed at: 22 Feb 2024].

١٨ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شارەزا (نەیویست ناوی ئاشکرا ببێت) لە بواری کاروباری چین، ١٥/ ٣/٢٠٢٤.

١٩ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شارەزا لە بواری کاروباری چین، ١٥/ ٣/٢٠٢٤.

٢٠ بۆ نووسینی ئەم تەوەرەیە، نووسەر زیاتر سوودی لە ماڵپەری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بینیوە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

https://gov.krd/mnr [accessed at:20 March 2024]

٢١ بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر ئەم دەیتایانە، بڕوانە:

Iraq at a crossroads: Kurdish energy competition with Iran availableat: https://www.gisreportsonline.com/r/kurdish-energy-competition-iran/[accessed at: 25 March 2023]

https://www.eia.gov/international/content/analysis/countries_long/Iraq/

Total recoverable oil worldwide is now 9% lower than last year, threatening global energy: available at: securityhttps://www.rystadenergy.com/news/total-recoverable-oil-worldwide-is-now-9-lower-than-last-year-threatening-global[accessed at:20 March 2023]

Overview & Reserves available at: https://www.danagas.com/operations/kri/#overview [accessed at:20 March 2023].

Sardar Aziz, Iraqi Kurdistan Gas Resources: The Icarus Adventure available at: https://epc.ae/en/details/featured/iraqi-kurdistan-gas-resources-the-icarus-adventure#:~:text=According%20to%20the%20KRG%20Natural,of%20the%20world's%20total%20reserves. [accesst at: 4 February 2023]

٢٢ بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر ئەم بابەتە، بڕوانە سایتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان:

[https://gov.krd/mnr/ [accesst at: 15 February 2024

٢٣ بڕیاری دادگای فیدراڵیی عێراق لە سەر سکاڵای ژمارە ٢٠١٩/١١٠ لە ٢٠٢٢/٢/١٥، لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی، ژمارە ٤٦٦٨، لە ٢٨ی شوباتی ٢٠٢٢، لەم ماڵپەڕە بەردەستە: https://www.moj.gov.iq/upload/pdf/4668.pdf[accessed 26 March 2023

24 Paasche, Till F., and Howri Mansurbeg. "Kurdistan Regional Government–Turkish energy relations: a complex partnership." Eurasian Geography and Economics 55, no. 2 (2014): 111-132. Also, Mills, Robin. "Under the mountains–Kurdish oil and regional politics." (2016)

25 Iraq wins case against KRG's independent oil exports; available at: https://www.rudaw.net/english/middleeast/iraq/25032023 [accessed at:1 April 2024]

٢٦ د. یوسف گۆران، د. ئومێد ڕەفیق فەتاح، د.عابد خالد ڕەسووڵ، د.هەردی مەهدی میکە:
ئاڵنگارییەکانی بەردەم قەوارەی هەرێمی کوردستان، ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٧)، ئابی ٢٠٢٠.

٢٧ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شارەزا لە بواری کاروباری چین، ١٥/ ٣/٢٠٢٤.

# عێراق لە ڕێگە ئاوریشمییەکەی چیندا



**د. هۆشمەن عەتا مەحموود**

پسپۆڕی مێژووی هاوچەرخ

**بەرایی**

ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵێکـە بـۆ تێگەیشـتن لـە سروشـتی پەیوەندییەکانـی عێـراق و چیـن لـە دوای ڕاگەیاندنـی پـڕۆژەی پشـتێن و ڕێـگا لـە لایـەن سـەرۆکی چیـن «شـی جـی پیـن» لـە سـاڵی ٢٠١٣. پڕۆژەکـە زیاتـر لـە دەرەوەی چیـن بـە پـڕۆژەی ڕێـگای ئاوریشـمی نـوێ نـاسراوە، پـاش زیاتـر لـە دەیەیـەک لـە جیهانـدا دەنگدانـەوەی گـەورەی دروسـت کـردووە بـە هـۆی گرنگیـی جیۆئابـووری و سـتراتیژییەوە، لـە ئێسـتادا نزیکـەی ١٥٠ وڵات و زیاتـر لـە ١٠ ڕێکخـراوی کاریگـەری نێودەوڵەتـی تێیـدا ئەندامـن. بـە هـۆی دەوڵەمەنـدی بـە سـەرچاوەکانی وزە و گرنگیـی جیۆپۆلەتیکیـی کـە ڕۆژهـەڵات بـە ڕۆژئـاواوە دەبەستێتەوە، ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە تایبـەت کەنـداو پێگەیەکـی سـتراتیژیی لـەو پـڕۆژە هەیـە. لـەو نێوەشـدا عێـراق یەکێکـە لـە گرنگتریـن ئـەو وڵاتانـەی کـە هـەردوو تایبەتمەندییەکـەی لـە یـەک کاتدا تێدایە. عێراقییـەکان هـەر لـە سـەرەتاوە خواسـتی خۆیـان نیشـاندا بـۆ پەیوەسـتبوون بـەم پـڕۆژەوە، بـەڵام لێرەدا ئاسـتەنگێکی گـەورە هەبـوو، ئەویـش ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریکایـە. سـەرباری ئـەوەی کـە ئەمەریـکا و چیـن لـە ئاسـتە جیهانییەکـەدا لـە کێبڕکێـی ئابـووری و سیاسییشـدان، بـەڵام عێـراق بـۆ ئەمەریـکا گرنگیـی لەڕادەبـەدەری هەیـە کـە ئامـادە نیـە پـاش ئـەو هەمـوو هـەوڵ و تێچوونـەی کـە لـە عێراقـدا لـە پـاش ٢٠٠٣ کردوویەتـی؛ بـە ئاسـانی بـۆ چینییەکانـی بەجـێ بهێڵێـت، هـەر چەنـدە ناشـتوانێت بـەر بـە فراوانبوونـی هەژموونـی ئابووریـی چیـن لـە عێـراق بگرێـت. عێـراق و چیـن کـە پەیوەندیـی ئابـووری و بازرگانیـی بەهێزیـان هەیـە، پەرەسـەندنەکان

بەرەو ئەوە دەڕۆن کە عێراق ببێتە بەشێك لە پڕۆژەی ستراتیژیی چینیی ناسراو بە پشتێن و ڕێگا یان ڕێگای نوێی ئاوریشمی، ئەویش بە دروستکردنی بەندەری گەوری فاو و گرێدانی بە تۆڕێکی گواستنەوەی ڕێگاوبان و هێڵی شەمەندەفەر کە ناسراوە بە ڕێگای گەشەپێدان. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەو دەرفەت و ئاستەنگ و ئاڵنگارییانەی کە لە بەردەم عێراقدایە لە پەیوەستبوون بە پڕۆژەکە. توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە دواجار عێراق سوودمەند دەبێت لە ڕووی ئابوورییەوە لە پڕۆژەکە، بەڵام گرفتی لە لای دیکەوە بۆ دروست دەکات.

### قۆناغەکانی پەیوەستبوونی عێراق بە پڕۆژەکەوە

هەر چەندە عێراق بە هۆی کێشە ناوخۆیی و ناسەقامگیریی گشتییەوە دەناڵێنێت، بەڵام چین بە گرنگی دەزانێت بۆ پڕۆژەکەی. لە کۆتایی ٢٠١٧دا عێراق پلەی پێنجەمی هەبوو لە یەدەگی نەوتی خاو لەسەر ئاستی جیهان.[١] عێراق دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتە لە ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک). هەر چەندە لە پاش کۆتاییهاتنی جەنگ دژی داعش و کۆتایی پەتای کۆرۆنا و پێکهێنانی حکومەتی نوێ بە سەرۆکایەتیی محەمەد شیاع سوودانی، بارودۆخی سیاسیی عێراق تا ڕادەیەک سەقامگیرترە، بەڵام بە پلەی جیاواز گێژاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کە بە هۆی شەڕی ناوخۆ و دەستوەردانی هێزە دەرەکییەکانەوە دروست دەبێت؛ عێراق هێشتا لە تەنگژەدایە. عێراق کار بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابوورییەکەی دەکات، ئەمەش دەرفەتی بازرگانیی گەورە دەڕەخسێنێت. ئامادەیی چین نوێ نییە لە پەرەپێدانی سەرچاوە نەوتییەکان لە عێراق و بەدوای زیادکردنی هەل و دەرفەتدایە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەی هەمەلایەن لە پڕۆژەی پشتێن و ڕێگا لە جیهاندا هەیە. چین لە ساڵی ٢٠١٣دا دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگای دەستپێکرد بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ باقیی جیهان و بڕە پارەیەکی بەرچاو بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی لە دەیان وڵاتی جیهان خەرج دەکات. بەڵام هەندێک لە ڕەخنەگران دەڵێن ئەو پارەیەی کە پەکین پێشکەشی دەکات؛ زۆر جار نالەبار و تەمومژاوییە و بەشێک لە وڵاتانی هەژارتر (بە تایبەت لە ئەفەریقا) بە قەرز و وابەستەی چین دەمێنێتەوە. بەڵام لە عێراق دۆخەکە جیاوازە و چین وەک هاوبەشێکی ستراتیژیی گرنگ دەبینرێت[٢].

سەرەتای پەیوەندییەکانی عێراق و چین لە ١٩٥٨ەوە دەست پێ دەکات، بە درێژایی ئەو قۆناغە عێراق کڕیارێکی سەرەکیی چەکی چین بووە، بە تایبەت لە دەیەی هەشتا لە کاتی لە جەنگ لەگەڵ ئێران. هەر چەندە چین دژی داگیرکاریی کوێت بوو لە لایەن

عێراقـەوە، بـەڵام نەچـووە نـاو ئـەو هاوپەیمانییـەوە کـە هێزیـان لـە دژی عێـراق بـەکار هێنـا، ئـەوەش دواتـر کاریگەریـی هەبـوو لـە سـەر پەیوەندیـی بەتینـی عێـراق و چیـن لـە مـاوەی گەمـارۆی ئابـووری لـە دەیـەی نـەوەد. هـەر لـەو مـاوەدا چیـن پشـتگیریی بەرنامـەی نـەوت بەرانبـەر خۆراکـی کـرد، چەندیـن گرێبەسـتی نەوتـی لەگـەڵ ڕژێمـی سـەددام حسـین واژۆ کـرد بـۆ بەرهەمهێنانـی نـەوت. سـەرەڕای دژایەتیکردنـی لەشکرکێشـی و داگیرکردنـی عێـراق لـە لایـەن ئەمەریـکاوە، چیـن بووەتـە یەکێـک لـە گەورەتریـن بـراوەی گرێبەسـتە نەوتییـەکان لـە عێـراق. لـە ٢٠٠٨دا کۆمپانیـای نیشـتمانیی نەوتـی چیـن ڕێککەوتنێکـی گـەورەی بەرهەمهێنانـی لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق واژۆ کـرد. لـە ٢٠١٣دا چیـن نزیکـەی نیـوەی بەرهەمـی نەوتـی عێراقـی دەکـڕی. لـە ٢٠١٥دا عێـراق بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی ڕێکخـراوی دەوڵەتـی ئیسـلامیی نـاسراو بـە داعـش، تەکنەلۆژیـای فڕۆکـەی بێفڕۆکەوانـی چەکداریـی لـە چینـەوە هـاوردە کـرد[٣].

وەبەرهێنانـی کۆمپانیـا چینییـەکان لـە کەرتـی نەوتـی عێراقـدا دەگەڕێتـەوە بۆ سـاڵی ١٩٩٧ کاتێـک کۆمپانیـای نەوتـی چینـی گرێبەسـتی کێڵگـەی نەوتـی حەلفایـەی پـێ درا، بـەڵام بە هۆی گەمارۆکانـەوە نەتوانـرا ئـەو گرێبەسـتە سـەر بگرێـت. پـاش گۆڕینـی ڕژێمـی سیاسـیی عێـراق لـە ٢٠٠٣دا، ئەگەرچـی هەتـا چەنـد سـاڵێک چینییـەکان بێبـەش بـوون لـە هاتنـەژوورەوە بـۆ بـازاڕی عێـراق، بـەڵام پـاش سـاڵی ٢٠٠٨ و لێخۆشـبوونی (٨٠٪)ی قەرزەکانـی عێـراق، پێگـەی ئـەو وڵاتـە لـە عێـراق بەهێزتـر بـوو. بـە دیاریکـراوی پـاش کشـانەوەی سـوپای ئەمەریـکا لـە ٢٠١١دا، چینییـەکان بـە چـڕی هاتنـە نـاوەوە بـۆ عێـراق، بـە هەرێمـی کوردستانیشـەوە[٤].

سـەرەڕای فراوانبوونـی پەیوەندییـەکان، بـەڵام تـا ڕادەیەکـی زۆر لـە سـەر بنەمـای نـەوت و گـازی عێـراق دەمێننـەوە. لـە ئەیلوولـی ٢٠١٤، چیـن و عێـراق بەیاننامەیەکـی هاوبەشـیان بـڵاو کـردەوە و پەیوەندیـی نێوانیـان بـە هاوبەشـی سـتراتیژی ناسـاند. «شـی جـی پینـگ»؛ سـەرۆکی چیـن، ستایشـی پەرەپێدانـی پەیوەندییەکانـی چیـن و عێراقـی کـرد و ڕایگەیانـد هاوبەشـی سـتراتیژی نـوێ «بناغەیەکـی تۆکمـە» بـۆ پێشـکەوتنی داهاتـوو لـە پەیوەندییەکـەدا دابیـن دەکات. «شـی» هەروەهـا بەڵێنـی هاوکاریـی چینـی دا لـە «پرۆژەکانـی وزە، کارەبـا، پەیوەندییـەکان و ژێرخـان»ی عێراقـی کـە پەیوەندییـان بـە دەستپێشـخەریی پشـتێن و ڕێگاوبانـی چینـەوە هەیـە[٥].

هـەر چەنـدە بـە هـۆی شـەڕی داعشـەوە عێـراق ڕاسـتەوخۆ نەیتوانـی پـاش کشـانەوەی سـوپای ئەمەریـکا بچێتـە نێـو کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی، بـەڵام سـەبارەت بـە چیـن دۆخەکـە کەمێـک جیاوازتـر بـوو، ئەویـش کاتێـک حەیـدەر عەبادیـی سـەرۆکوەزیرانی عێـراق لـە ٢٠١٥دا سـەردانی چینـی کـرد. سـەردانەکە بایەخـی گرنگـی هەیـە لـە مێـژووی پەیوەندییـە

دووقۆڵییەکانی هەردوو لادا، بە جۆرێک کە پەیوەندییەکانیان لە پەیوەندییەکی ئاساییەوە گۆڕی بۆ ستراتیژی و چەندین ڕێککەوتنامە و یاداشتی لێکتێگەیشتن واژۆ کران، لە سەرووی هەموویانەوە بڕیاری بەشداریکردنی عێراق بۆ پڕۆژەی ڕێگا و پشتێن ئەنجام درا[٦].

بە هۆی گرفتە ناوخۆییەکانەوە، عێراق نەیتوانی سوود لەو هاوبەشییە ستراتیژییە وەربگرێت کە لە ٢٠١٥دا لەگەڵ چین پێی گەیشتبوو. هەتا دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق و دەستبەکاربوونی عادل عەبدولمەهدی وەک سەرۆکوەزیران لە ٢٠١٨. لەم قۆناغەدا پەیوەندییەکانی هەردوو لا پێیان نایە قۆناغێکی نوێ، ئەویش دوای سەردانە مێژووییەکەی بۆ چین لە ئەیلوولی ٢٠١٩ کە واژۆکردنی گرێبەستی فرۆشتنی ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بە چین لە لایەن عێراقەوە و لە بەرانبەردا چین دەبوو چەندین پڕۆژەی سەرخان وەک: قوتابخانە، نەخۆشخانە، پرد و ڕێگاوبان لە عێراق جێبەجێ بکات[٧]. بەڵام پاش ئەم سەردانە، عێراق نەیتوانی پرسەکە بەرێتە پێشەوە، یەکەم: بە هۆی سەرهەڵدانەکانی خۆپیشاندانەکان لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩، دووەم: بە هۆی سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆناوە. لە سەردەمی پەتای کۆرۆنادا، بۆ یەکەم جار پڕۆژەکانی پشتێن و ڕێگا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی کێشە بوون، بەڵام بە زوویی چارەسەر کران. چین ژمارەیەکی بەرچاو لە پڕۆژەی ژێرخانی و ئابووریی لە وڵاتە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ژێر یاسای پشتێن و ڕێگادا تەواو کرد یان دەستی پێ کرد[٨].

دواتر پاش دەستلەکارکێشانەوەی عەبدولمەهدی، حکومەتی نوێ بە سەرۆکایەتیی مستەفا کازمی دەستبەکار بوو، ئەویش کەمتر مەیلی بە ئاڕاستەی پتەکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ چین هەبوو. لە ئێستادا پاش هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٢ و دەستبەکاربوونی محەمەد شیاع سوودانی، پەیوەندییەکان لە بەهێزترین قۆناغدان، ئەویش دوای بەرزبوونەوەی ئاستی هەناردەی نەوتی عێراق بۆ نزیکەی نیوەی بۆ چین و هاتنەناوەوەی کۆمپانیا چینییەکان بۆ وەبەرهێنان لە عێراقدا لە کەرتی نانەوتیدا.

وزە وەک بەردی بناغەی پەیوەندییەکانی چین عێراق دەمێنێتەوە، چونکە هاوردەکردنی نەوتی چین لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا بەرز بووەتەوە. لە ٢٠٠٦دا چین تەنها یەک ملیۆن تۆن نەوتی لە عێراقەوە هاوردە کردووە، لە بەرامبەردا تەنها لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٥دا چین ٣،٤ ملیۆن تۆن نەوتی ڕۆژانەی لە عێراق وەرگرتووە، ئەمەش وای کردووە دوای سعودیە، ببێتە دووەم گەورەترین دابینکەری نەوتی خاو بۆ چین. لەو کاتەدا چین و عێراق یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان لە سەر نەوت و گاز واژۆ کرد، کە تێیدا چوونە ناو «هاوبەشییەکی ستراتیژیی درێژخایەن و گشتگیر بۆ هاوکاریی وزە».

هەردوو وڵات بەڵێنیان دا هاوکارییە بەرچاوەکانیان لە بواری وزەدا فراوانتر بکەن، لەگەڵ وەبەرهێنانی زیاتر بۆ پەرەپێدانی بازرگانیی نەوت و توێژینەوە و پەرەپێدانی کێڵگە نەوتی و گازییەکان، هەروەها ئەمبارکردن و گواستنەوەی سەرچاوەکانی وزە[٩].

پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ عێراق لە ٢٠٢١دا چووە قۆناغێکی نوێوە، کاتێک وەزیرانی دەرەوەی چین و ئێران ڕێککەوتنێکی هاریکاریی ٢٥ ساڵەیان لە تاران واژۆ کرد. بە پێی ئەم ڕێککەوتنە، پەکین بەڵێنی دا ٤٠٠ ملیار دۆلار لە ئابووریی ئێران وەبەرهێنان بکات لە بەرامبەردا ئێران نەوت بە نرخێکی داشکاو لە بازاڕی جیهانی دابین بکات بۆ چین. لەو کاتەدا گفتوگۆیەکی فراوان سەبارەت بەم ڕێککەوتنە و کاریگەرییەکانی لە سەر ئاسایشی جیهانی و ئابووری هەبوو، بەڵام لە کۆتایی ٢٠٢١دا دەرکەوت کە دراوسێی ڕۆژئاوای ئێران، عێراق، دەتوانێت ببێتە یاریزانێکی سەرەکیی ڕاستەقینە لە ستراتیژی پشتێن و ڕێگای چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست[١٠].

بە پێی ڕاپۆرتێکی سەنتەرێکی توێژینەوە لە زانکۆی فودانی چین، عێراق ئامانجی سەرەکیی دەستپێشخەریی ژێرخانی پشتێن و ڕێگای چین بووە لە ٢٠٢١، کە بڕی ١٠,٥ ملیار دۆلاری وەک بودجە بۆ پڕۆژە جیاوازەکان وەرگرتووە. عێراق بووە سێیەم گەورەترین هاوبەشی وزەی چین لە دوای ڕووسیا و پاکستان. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، وەبەرهێنانی چینی لە وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ٢٠٢١دا بە گشتی نزیکەی ٣٦٠٪ زیادی کردووە، هاوکات بەشداریکردن لە بواری بیناسازیدا بە بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٠ بە ڕێژەی ١١٦٪ زیادی کردووە. عێراق سێیەم گەورەترین هاوبەشی وزە بووە لە پڕۆژەی پشتێن و ڕێگا لە ساڵی (٢٠١٣)ەوە، دوای پاکستان و ڕووسیا. چین و عێراق پێکەوە کار دەکەن بۆ دروستکردنی وێستگەی کارەبای ئەلخەیرات بە بڕی پێنج ملیار دۆلار لە پارێزگای کەربەلا و کۆمپانیای سینۆپێکی چینییش گرێبەستێکی بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی گازی مەنسووریە لە پارێزگای دیالە لە ڕۆژئاوای خانەقین کە ناوچەیەکی کێشە لەسەرە لە نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا، بەدەست هێناوە. هەروەها هەردوو وڵات لە بواری فڕۆکەخانە و وزەی خۆر و پڕۆژەکانی تریش هاوکارن[١١].

لە سەر ئاستی جەماوەریی و هێزی نەرمی چین بەردەوام لە برەودایە، بۆ ئەوەش هۆکار زۆرن، بەشێکی بە هۆی پرسە سیاسییەکانەوەیە، چونکە پێکهاتەی شیعە کە بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات لە عێراقدا؛ دۆستایەتی و پەیوەندیی هەمەلایەنەی لەگەڵ ئێران هەیە، ئێرانیش هەمیشە چین و ڕووسیای وەك دوو زلهێزی جیهانیی بەدیلی ئەمەریکا و ڕۆژئاوای ئەورووپا داناوە. ئەم هۆکارە کاریگەریی گەورەی هەیە لە زەمینەسازی بۆ

پەرەسەندنی ئامادەیی چین لە عێراق لە بواری جیاوازدا. لە ئێستادا پشتگیریکردنی چین و داخوازی بۆ پەیوەستبوونی عێراق بە پڕۆژەی پشتێن و ڕێگای چینی نزیکە ببێتە داخوازییەکی جەماوەری لە باشووری عێراق. چەندین چالاکوان و ڕووناکبیر ڕۆژانە لە ڕێگەی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیالمیدیاوە هانی خەڵک دەدەن و بەرچاوڕوونی بە خەڵک دەدەن دەربارەی گرنگیی پڕۆژە چینییەکان لە عێراق و بە تایبەت بەندەری فاو و ڕێگەی گەشەپێدان. لەوانە مامۆستایەکی زانکۆ بە ناوی «کەریم بەدر» کە کاریگەریی بەرچاوی لە ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی لەو بوارەدا هەیە.

پەرەسەندنی چین تەنانەت چووەتە بواری دروستکردنی دامەزراوە و ڕێکخراوەوە، لەوانە «کۆمەڵەی دۆستایەتیی عێراق و چین». ڕێکخراوەکە لە سایتی فەرمیی خۆیدا بەم شێوەیە گوزارشت دەکات: «کۆمەڵەکە لە ٢٠١٨/٨/٨ لە بەغدا دامەزراوە، کار دەکات بۆ پەرەپێدانی هاوکاری و لێکتێگەیشتنی کولتووری و کۆمەڵایەتیی نێوان هەردوو گەلی عێراق و چین، ئاڵوگۆڕی سەردان و دەستکەوتە کولتوورییە جۆراوجۆرەکان، وەك سازدانی موحازەرات و سیمینار و شاندکردن. ئامانجەکانی کۆمەڵەکە ئاشناکردنی گەلی چینە بە واقیعی پرسە نیشتمانییەکانی عێراق. پیشاندانی ژیان و خزمەتی چینی بۆ هەموو هاوڵاتییان بەبێ جیاوازی[١٢].» هەروەها دەربارەی ئامانجەکانی هاتووە کە بریتییە لە پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستایەتیی عێراق و چین، ناساندنی هاوڵاتییانی هەردوو وڵات بە شێوەیەکی گونجاو و بابەتیانە بۆ پرس و ڕووداوەکانی لایەنی بەرامبەر لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا، بۆ پێشخستن و قووڵکردنەوەی پەیوەندییەکان لە بواری ڕۆشنبیری و توێژینەوە و زانستدا، هەروەها بۆ فراوانکردن و پتەوکردنی پەیوەندییە ئابووری و کولتوورییە هاوبەشەکان و لە سەرووی هەمووشیانەوە پڕۆژەکانی هاوکاریی نێوان هەردوو وڵات. هەروەها گرنگیدان بە کۆمەڵگەی عێراقی و بازرگانانی نیشتەجێی چین و بە پێچەوانەوە و ئاسانکاری بۆ کاری کۆمپانیا چینییەکان کە لە عێراق کار دەکەن[١٣].

### بەندەری گەورەی فاو

عێراق پێنج بەندەری بازرگانیی هەیە، هەموویان دەکەونە پارێزگای بەسرە کە بریتین لە: ئوم قەسری سەروو، ئوم قەسری خواروو، خور ئەلزوبەیر، ئەبو فلوس، و ئەلمەقال. بەڵام توانای هەموویان لە بواری بازرگانیدا سنووردارن، هەر بۆیە لە عێراقی نوێی پاش ساڵی ٢٠٠٣دا ئامانجی بونیادنانی بەندەرێکی گەورەی بازرگانی لە ناوچەی فاو هاتە ئاراوە. دیارترین تایبەتمەندیی بەندەری فاو شوێنە ستراتیژیەکەیەتی، چونکە ڕاستەوخۆ لە سەر ئاوەکانی کەنداو هەڵکەوتووە، بە پێچەوانەی بەندەرەکانی دیکە کە لە تەنیشت

کەناڵـە ئاوییەکانــەوە هەڵکەوتــوون. لـەو کاتــەوەی بــەردی بناغــەی پڕۆســەی فراوانکــردن و پەرەپێدانـی بەنـدەری گـەورەی فـاو دانـراوە لـە ٢٠١٠، ئـەو ئامانجـە وەک خەونێکـی گـەورەی عێراقـی ماوەتـەوە کـە تـا ئێسـتا گەرەنتیـی بەدیهێنانـی لـە لایـەن پێنـج وەزیـری وەزارەتـی گواسـتنەوە لـە پێنـج کابینـەی حکومەتـدا بـەدی نەهاتـووە[١٤] (بڕوانـە نەخشـەی ژمـارە ١).

دیزاینـی پڕۆژەکـە لـە لایـەن کۆمپانیایەکـی ڕاوێژکاریـی ئیتاڵییـەوە پـەرەی پـێ دراوە، بـە جۆرێـک کـە زۆرتریـن توانـای بەندەرەکـە وەرگرتنـی ٩٩ ملیـۆن تـەن کاڵا و شـتومەکە لـە ساڵێکدا، هەروەهـا پڕۆژەکـە وەک شـارێی پیشەسـازی وایـە کـە پێـک هاتـووە لـە دەیان شـوێنی نیشـتەجێبوون و حەوشـە و کـۆگای عەمبارکـردن، دامەزراندنـی پاڵاوگەیـەک بـۆ بەرهەمهێنـان و پاڵاوتنـی نـەوت، کارگەیەکـی پترۆکیمیایـی، فڕۆکەخانـەی بارهەڵگـری ئاسـمانی (کارگـۆ). کۆمپانیایەکـی یۆنانـی شەپۆلشـکێنی ڕۆژهەڵاتـی تـەواو کـردووە، کۆمپانیایەکـی کۆرییـش نزیکـە شەپۆلشـکێنی ڕۆژئـاوا تـەواو بـکات[١٥].

پـڕۆژەی بەنـدەری گـەورەی فـاو بـە دەیەمیـن گەورەتریـن بەنـدەری جیهـان دادەنرێـت. بەندەرەکـە لـە سـەر ڕووبەرێـک دروسـت دەکرێـت کـە درێژییەکـەی ٦٧٠٠ مەتـر و پانییەکـەی ٢١٩٠ مەتـر دەبێـت، هەروەهـا شـوێنی هەڵگرتنـی کۆنتێنـەرەکان ٣٩ هـەزار مەتـر چوارگۆشـە دەبێـت. لـە ڕێگـەی ئـەم پـڕۆژەوە، عێـراق چـاوی لەوەیـە ببێتـە بەشـێکی گرنـگ لـە پـڕۆژەی ڕێـگای نوێـی ئاوریشـمیی چیـن، بـەو پێیـەی گرنگتریـن ڕێگـەی ئایندەیـە بـۆ بازرگانیـی جیهانـی. بـە بـڕوای کاربەدەسـتانی عێـراق، ئەمـە بەبـێ تەواوکردنـی بەنـدەری گـەورەی فـاو و بەسـتنەوەی بـە هێڵێکـی شـەمەندەفەر و ڕێگایەکـی نـوێ (هـای وەی) کـە درێـژ دەبێتـەوە بـۆ سـنووری تورکیـا؛ نایەتـە دی. ئـەوە جگـە لـەوەی کـە بەندەرەکـە لـە گەشـەپێدانی ئابووریـی عێراقـدا گرنگییەکـی زۆری دەبێـت، پێشـبینی دەکرێـت لانـی کـەم ٧٠ هـەزار هەلـی کار دابیـن بـکات، پێگـەی شـاری بەسـڕە وەک پایتەختـی ئابووریـی عێـراق زیـاد بـکات. بـە لەبەرچاوگرتنـی گرنگیـی سـتراتیژیی بەندەرەکـە، بـەو پێیـەی عێـراق دەکاتـە دەروازەیـەک بـۆ بازرگانیـی نێودەوڵەتـی، لـە بـەر ئـەم هـۆکارەش وڵاتانـی ناوچەکـە پێشـوازیی لـێ ناکـەن، بـە تایبەتـی کوێـت هـەوڵ دەدات هێڵـی شـەمەندەفەر لەگـەڵ عێراقـدا دروسـت بـکات بـۆ ئـەوەی بەنـدەری «موبـارەک ئەلکەبیـر» کـە لـە دوورگـەی بوبیـان دروسـت دەکرێـت، ببێتـە بەدیلێکـی گرنـگ بـۆ بەنـدەری گـەورەی فـاو[١٦]. عامـر عەبدولجەبـار؛ وەزیـری گواسـتنەوە و گەیانـدن، دوای دانانـی بـەردی بناغـە ڕایگەیانـد: «پڕۆژکـە ڕووبـەڕووی ڕەخنـەی زۆر بووەتـەوە و ئیمتیازێکـی زۆرمـان پێشـکەش کـرا بـۆ ئـەوەی دەسـتبەرداری بیـن لـە بەرامبـەر پەرەپێدانـی بەنـدەری ئـوم قـەسر، بـەڵام ئەوەمـان ڕەت کـردەوە[١٧].»




**نەخشەی ژمارە (١): بەندەری فاوی گەورە**

## ڕێگەی گەشەپێدان

لە مانگی ئایاری ٢٠٢٣، عێراق پرۆژەیەکی دیکەی ئاشکرا کرد کە بەندەری گەورەی فاو لە کەنداوەوە بە تورکیاوە لە ڕێگەی تۆڕێکی شەمەندەفەر و ڕێگاوبانەوە دەبەستێتەوە، پرۆژەکەشی ناو نا ڕێگەی گەشەپێدان (طريق التنمية). ڕێگای گەشەپێدان بە تێچووی ١٧ ملیار دۆلار، وەک پردی پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان ئاسیا و ئەورووپا دەبینرێت. ئەو پرۆژەیە تەوەری سەرەکیی گفتوگۆی کۆنفرانسێک بوو لە بەغدا، کە لە لایەن محەمەد شیاع سوودانی سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕێک خرابوو و وەزیرانی گواستنەوە و بەرپرسانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو، ئێران، تورکیا، سووریا و ئوردن ئامادەبیوون. ڕێگای گەشەپێدان ئامانجی گۆڕینی ژێرخانی گواستنەوەیە لە عێراق، دوای ئەوەی چەندین دەیە لە جەنگ و ململانێ تۆڕەکانی ڕێگاوبان و شەمەندەفەر لە دۆخێکی خراپدا ماونەتەوە، ئەمەش نەک تەنها کاریگەریی لە سەر گواستنەوەی مرۆیی هەبووە، بەڵکوو تێچووی بازرگانیی زیاد کردووە و ڕێگریی لە جووڵەی نێودەوڵەتی و ناوچەیی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان

کـردووە. بـە گوێـرەی ئامارەکانـی حکومەتـی عێـراق، پڕۆژەکـە لـە ٢٠٢٤دا بـە فەرمـی دەسـت پـێ دەکات و بـە سـێ قۆنـاغ تـا سـاڵی ٢٠٥٠ تـەواو دەبێـت. ئامانجـی حکومـەت ئەوەیـە لـە مـاوەی چـوار سـاڵی یەکەمـدا بتوانێـت سـاڵانە ٢٢ ملیـۆن تـۆن بـار لـە ڕێگـەی شـەمەندەفەرەوە بگوازێتـەوە[18]. پێشـبینی دەکرێـت ئـەم پڕۆژەیـە وڵاتەکە بکاتـە ناوەندێکی ترانزێـت بـە کورتکردنـەوەی مـاوەی گەشـتەکانی نێـوان ئاسـیا و ئەورووپـا لـە هەوڵێکـدا بـۆ ڕکابەریکـردن لەگـەڵ کەناڵـی سوێسـی میـسری[19] (بڕوانـە نەخشـەی ژمـارە ٢).

پلانەکـە بریتییـە لـە «دروسـتکردنی ١٥ وێسـتگەی شـەمەندەفەر بـۆ کەلوپـەل و سەرنشـینەکان بـە درێژایـی هێڵەکـە، کـە درێژییەکـەی ١١٧٤ کیلۆمەتـر دەبێـت و بـە ١٢ پارێـزگای عێراقـدا تێدەپەڕێـت». لەگـەڵ ئەوەشـدا باڵوێـزی چیـن لـە عێـراق؛ «کـوی وی»، لـە مانگـی حوزەیرانـی سـاڵی ڕابـردوودا ڕایگەیاندبـوو کـە پـڕۆژەی سـتراتیژیی ڕێـگای گەشـەپێدانی عێـراق «دەستخۆشـییە» بـۆ دەستپێشـخەریی پشـتێن و ڕێـگای چینـی. هـەر چەنـدە ئەمـە تـا ڕادەیـەک دەربڕینێکـی گشـتییە، بـەڵام ئامـاژەی ئـەوەی تێدایـە کـە دیـدگای ڕاسـتەقینەی چیـن بـۆ پڕۆژەکـە ئەوەیـە کـە لـە ڕوانگـەی چینـەوە جێبەجێکردنـی ئـەو پـڕۆژە لـە ئێسـتادا ئاسـان نیـە، بەواتایەکـی دیکـە دەرخـەری ئەوەیـە کـە چینییـەکان گەشـبین نیـن بـە تواناکانیـی عێـراق لـە داهاتـوودا بـۆ ئـەوەی بەسـەرکەوتوویی پڕۆژەکـە جێبەجـێ بـکات[20].

ئـەم تـۆڕە پێگـەی جیۆپۆلەتیکیـی عێـراق وەک ڕێڕەوێکـی بازرگانـی زیـاد دەکات و داهاتـی دارایـی دابیـن دەکات، ئەمـەش پشتبەسـتنی دەوڵـەت بـە نـەوت کـەم دەکاتـەوە و بەشـدار دەبێـت لـە هەمەچەشـنکردنی ئابووریـی عێراقیـدا، بـەڵام پڕۆژەکـە ڕووبـەڕووی ئاسـتەنگ بووەتـەوە، لەوانـە: ئاڵنگاریـی دارایـی و جێبەجێکـردن، گەندەڵیـی بەربـڵاو، ئاسـایش و ناسـەقامگیری، دژایەتیـی وڵاتانـی دراوسـێ. جگـە لـەوەش، پرسـیاری گـەورەی لـە ناوخـۆدا وروژانـدووە کـە چاودێـران و چالاکوانـان پرسـیاریان کـردووە کـە: ئایـا ڕێـگای گەشـەپێدان پەیوەسـتە بـە خواسـتەکانی پەکینـەوە، یـان جیایـە و لـە چوارچێـوەی پـڕۆژەی پشـتێن و ڕێـگادا نییـە[21]؟

«وەرچەرخـان بـەرەو چیـن» بووەتـە بەشـێک لـە قسەوباسـە سیاسـییەکانی هەندێـک لـە کوتلـە سیاسـییەکانی عێـراق، بـە تایبەتـی ئەوانـەی لـە ئێرانـەوە نزیکـن کـە ئەمەیـان وەک ئامرازێـک بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی هەژموونـی ئەمەریکـی خسـتووەتە ڕوو. بیرۆکـەی بەسـتنەوەی عێـراق بـە دەستپێشـخەریی پشـتێن و ڕێـگا و هەروەهـا کردنـی بـە ڕێڕەوێکـی

بازرگانیی سەرەتایی بۆ چین؛ لە نێو هەندێک لە چالاکوانان و بازرگاناندا بووەتە جێی بایەخ، تا ئەو ڕادەیەی کە نزیکبوونەوەی عێراق لە چین وەک چارەسەرێکی ئەفسووناوی بۆ ژێرخانی داتەپیوی عێراق دەبینن. ئەم فشارە هەندێک ئەنجامی لێ کەوتەوە کاتێک حکومەتی کازمی لەگەڵ گرێبەستکردن لەگەڵ کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان بوو بۆ پرۆژە گەورەکانی وزە، وەک گرێبەستی ٢٧ ملیار دۆلاری کە لەگەڵ کۆمپانیای «تۆتال ئینێرجی» واژۆ کرا بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز لە باشووری عێراق.

بە بڕوای «حارس حەسەن» توێژەر لە ناوەندی کارینگی ئەمەریکی، بە کردەوە عێراق پێگەیەکی سەرەکی لە پرۆژەی چین لە ناوچەکەدا داگیر ناکات. ڕێگای وشکانی کە بە شێوەیەکی بەرفراوان پێشنیار کراوە لە لایەن پەکینەوە، بە ئاسیای ناوەڕاست و تورکیادا تێدەپەڕێت نەک بە عێراقدا. هەر بۆیە حکومەتی عێراق بەندەری فاوی وەک پرۆژەیەکی تەواوکەر وێنا کردووە، کە ڕێڕەوێکی دەریایی نوێی دابین دەکات کە دەتوانێت خزمەت بە چین و زلهێزە ئابوورییە تازەپێگەیشتووەکانی ئاسیاش بکات. بەڵام تەنانەت لێرەشدا عێراق ڕووبەڕووی ڕکابەریی توندی وڵاتانی دراوسێ دەبێتەوە، هەندێکیان زیاتر لە بازرگانیی نێودەوڵەتی و بەڕێوەبردنی بەندەر و کەشتیوانیدا پێشکەوتوترن، وەک ئیمارات و هەندێکیان توانای تێکدانی پلانەکانی عێراقیان هەیە بۆ جێبەجێکردنی ڕێگای گەشەپێدان، وەک تورکیا، ئێران و کوێت[٢٢].


عێراق بۆ جێبەجێکردنی ڕێگای گەشەپێدان وابەستەی تورکیایە، پێدەچێت حکومەتی تورکیاش بەپەرۆش بێت، چونکە وەک تەواوکەری ئامانجەکانی دەبینێت کە تورکیا بکاتە ئەڵقەیەکی جیۆئیکۆنۆمی هەتاوەکوو ئاسیا و ئەورووپا و ئەفریقا بەیەکەوە ببەستێتەوە. ئەنقەرە کار دەکات بۆ ئەوەی ببێتە ڕێڕەوی سەرەکیی نێوان چین و ئەورووپا لە ڕێگەی ئاسیای ناوەڕاستەوە. هەروەها هەوڵ دەدات بەردەوام بێت لە پرۆژەیەکی ڕێگاوبان کە لە دەریای قەزوینەوە دەست پێ دەکات لە ڕێگەی ئازەربایجانەوە بۆ گەیشتن بە خاکی تورکیا لە ڕێگەی ئەوەی پێی دەوترێت ڕێڕەوی زەنگەزور لە ئەرمینیا. ئامانجەکانی زیادکردنی بازرگانییە لەگەڵ ئاسیای ناوەڕاست، قەوقاز و ڕووسیا و بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی دەوڵەتە هاوزمانە تورکییەکان. بۆیە تورکیا ڕێگای گەشەپێدان بە دەرفەتێک دەزانێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانی لەگەڵ ناوچەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پشتیوانیی تورکیا بۆ ڕێگای گەشەپێدان کە بۆ پرۆژەکە زۆر گرنگە، مەرجدارە بە توانای ئەنقەرە بۆ سوودوەرگرتن لێی.




**نەخشەی ژمارە (٢) : ڕێگەی گەشەپێدان**

### ڕەخنەکان لە پڕۆژەی گەشەپێدان

بانگەشـەکانی حکومەتـی سـوودانی بـۆ پڕۆژەکـە لـە ناوخـۆ و دەرەوە، ناڕەزایەتـی یـان ڕەخنـەی لـێ کەوتووەتـەوە. هەندێـک لـە شـارەزایان پرسـیاریان لـە کردەیـی بوونـی ڕێـگای گەشـەپێدان و ئەگـەری کەمکردنـەوەی تێچـووی گواسـتنەوەی نێودەوڵەتـی کـردووە، بـە لەبەرچاوگرتنـی دۆخـی پشـێویی ئەمنیـی عێـراق کە پارەی بیمـەی زۆر بەسـەر کۆمپانیاکاندا دەسـەپێنێت. بـە پێـی ڕەخنەگرانـی پڕۆژەکـە، ڕێـگای گەشـەپێدان پێویسـتی بـە چەندیـن پلانـی پێشـوەختە هەبـوو بـە قۆنـاغ. پێشـمەرجێکی گرنـگ پێویسـتی هەڵسـەنگاندنی بـازاڕە جیهانییـەکان و دیاریکردنـی ئـەو کڕیارانـە بـوو کـە ڕەنگـە ڕێگای گەشـەپێدان بـەکار بهێنن، بـڕی ئـەو کاڵایانـە کـە دەگوازرێنـەوە و قەبـارەی ئـەو کۆمپانیایانە کـە بـەکاری دەهێنن. ئەو گریمانەیـەی کـە چیـن و وڵاتانـی بازرگانیـی گـەورەی دیکـە بازرگانییەکانیـان لـەو ڕێگـەوە ئەنجـام دەدەن، پێدەچێـت زیاتـر لـە سـەر بنەمـای بیرکردنـەوەی ئایدیاڵیـەوە بێـت نـەک داتـای ڕاسـتەقینە. سـەرەڕای ئـەوەش، گواسـتنەوەی دەریایـی لـە نێـوان ئاسـیا و ئەورووپا لـە گواسـتنەوەی وشـکانی هەرزانـترە، لـە کاتێکدا ئـەوەی کـە ڕێـگای گەشـەپێدان سـەرەتا پێویسـتی بـە گواسـتنەوەی دەریایـی هەیـە، دواتـر گواسـتنەوەی وشـکانی، خەرجیـی زیـادە بەسـەر کۆمپانیاکانـی گواسـتنەوەدا دەسـەپێنێت (بڕوانـە نەخشـەی ژمـارە ٣).




**نەخشەی ژمارە (٣): ڕێڕەوە ئابوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

### هەڵوێستی ئەمەریکا

هەر لە بەر ئەم هۆکارەیە کە تورکیا لە ئەیلوولی ٢٠٢٣دا نارەزایەتیی دەربڕی بەرامبەر بەو دەستپێشخەرییە کە لە لایەن ئەمەریکاوە بۆ دامەزراندنی ڕێڕەوی ئابووریی هیندستان-ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-ئەورووپا، کە هەوڵ دەدات پەیوەندی و یەکگرتنی ئابووری لە نێوان ئاسیا و کەنداوی عەرەبی و ئەورووپا زیاد بکات. واشنتن دوو پاڵنەری هەبوو بۆ پشتگیریکردنی ئەو پلانە، یەکەمیان بۆ بەرپەرچدانەوەی دەستپێشخەریی پشتێن و ڕێگای چینی بوو، دووەمیان بەرزکردنەوەی بەیەکداچوونی ئیسرائیل بوو لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سایەی ئەو ڕێککەوتنانەی ئاساییکردنەوە کە لە نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبیدا هاتبوونە ئارا. لە بەرامبەردا تورکیا ئەو پلانەی وەک هەوڵێک بۆ دەرکردن و پەراوێزخستنی دەبینی، چونکە خاڵی کۆتایی ڕێڕەوەکە لە ئاسیا بەندەری حەیفای ئیسرائیلە نەک تورکیا، ئەمەش وای کرد حکومەتی تورکیا پشتیوانیی خۆی بۆ ڕێگای گەشەپێدان وەک بژاردەیەکی بەدیل دووپات بکاتەوە.

### هەڵوێستی ئێران

بە پێچەوانەی تورکیا، ئێران پشتگیری لە ڕێگای گەشەپێدان ناکات، چونکە پرۆژەی عێراق کێبڕکێ لەگەڵ ڕێڕەوەکانی دیکە دەکات کە بە خاکی ئێراندا تێدەپەڕن. ئەم ڕێگایە دەتوانێت وەک بەدیلێک بێت بۆ ڕێڕەوێکی دیکەی پلانبۆدارێژراو کە تورکیا و ئیمارات لە

ڕێگەی ئێرانەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لە هەمان کاتدا ئێران ڕێککەوتنێکی هاوکاریی ستراتیژیی لەگەڵ چیندا کردووە، هەوڵ دەدات بەندەرەکانی بکاتە شوێنی سەرەکی بۆ بازرگانیی چین و ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەیەکەوە دەبەستێتەوە. حکومەتی ئێران لە دەروازەی کەنداودا، بەندەرەکانی وەک چابەهار، بەندەر عەباس و بەندەر ئیمام خومەینی پەرەپێدەدات.

خواستەکانی ئێران بە تەواوی عێراق بێبەش ناکەن، بەڵام ڕۆڵێکی پەراوێزی بەو وڵاتە دەدەن. هەر لە بەر ئەم هۆکارە تاران فشارێکی توندی خستووەتە سەر عێراق بۆ جێبەجێکردنی هێڵی شەمەندەفەری نێوان شەلەمچە لە پارێزگای خوزستانی ئێران و پارێزگای بەسرە لە باشووری عێراق[٢٣]. ڕەنگە بەهیوای کەمکردنەوەی دژایەتیی ئێران بۆ ڕێگای گەشەپێدان، عێراقیش چووبێتە ژێر باری ئەم داوایە. ئەوەش لە ناوخۆدا ڕەخنەی زۆری لێ گیرا کە پەیوەندیی شەمەندەفەریی نێوان بەسرە و شەلەمچە پاڵپشتیی بەندەرەکانی ئێران دەکات و دەرچەیەکی وشکانییان بۆ دابین دەکات کە ئێران دەکاتە خاڵی سەرەکیی پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ ئاسیا. تەنانەت هەندێک ئەو پەیوەندییە وەک دانپێدانانێکی پێشوەختە بە شکستی بەندەری فاو دەبینن، چونکە بەندەرەی فاو لە ئامانجی سەرەکیی جیۆستراتیژیی خۆی بێبەش دەکات. لە بەرانبەردا حکومەتی عێراق ڕایگەیاندووە ئامانجی هێڵە شەمەندەفەرییەکە تەنها بۆ خزمەتکردنی گەشتیار و سەردانیکەرە ئایینییەکانە و بۆ بازرگانی بەکار ناهێنرێت، بە پێچەوانەوە لێدوانە فەرمییەکانی ئێران ئەو پەیوەندییەی وەک ئامرازێک بۆ فراوانکردنی بازرگانیی نێوان ئێران و عێراق و وەک بەشێک لە ڕێڕەوی بەستنەوەی کەنداوی فارس بە دەریای ناوەڕاستەوە لە ڕێگەی عێراق و سووریاوە نیشان داوە[٢٤].

شەڕی غەززە، کردەوەکانی ئێران و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی بۆ هەڕەشەی ڕاگرتنی ئازادیی کەشتیوانی لە کەنداو و دەریای سووردا زیاد کرد. ئێران لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٤دا دەستی بەسەر تانکەرێکدا گرت کە نەوتی خاوی عێراقی بەرەو تورکیا بەڕێ کردبوو، پێدەچێت وەک تۆڵەسەندنەوەیەک بێت لە دەستبەسەرداگرتنی ساڵی ڕابردووی ئەمەریکا لە هەمان کەشتی و ئەو نەوتە ئێرانییەی کە هەڵیگرتبوو. لەوەش گرنگتر، گرژییەکان لە دەریای سوور لە ئەنجامی هێرشەکانی حوسییەکانەوە بۆ سەر کەشتییە بازرگانییەکان، کۆمپانیاکانی کەشتیوانی و گواستنەوەی ناچار کرد بیر لە ڕێگا نوێیەکان بکەنەوە[٢٥].

### هەرێمی کوردستان و ڕێگەی گەشەپێدان

سنوورەکانی باکووری عێراق بەردەوام شوێنی ململانێ بوون. لە دەیەی ڕابردوودا کاتێک داعش کۆنترۆڵی پارێزگای نەینەوای کرد، باکووری وڵاتەکە بە زنجیرەیەک جەنگ لە نێوان ئەو هێزە و هێزە عێراقی و کوردییەکاندا تێپەڕی. پاش کۆتایی داعش، شەڕی نوێ لە نێوان سوپای تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) هاتە ئاراوە، بە تایبەتی لە ناوچەی شەنگال و دەوروبەری موسڵ. تورکیا بە بەردەوامی ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ هەرێم بۆردوومان دەکات و چەندین بنکە و بارەگای سەربازی و هەوڵگری داناوە، لە کاتێکدا پەکەکە و گرووپە میلیشیاکانی عێراق ناوبەناو هەوڵیان داوە دژەهێرش بۆ ڕاگرتنی پێشڕەوییەکانی سوپای تورکیا ئەنجام بدەن. دەکرێت قۆناغی نوێی جووڵەی ئابووری ئەم جۆرە ململانێیانە کەم بکاتەوە و پاڵ بە هەردوو وڵاتەوە بنێت لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکان ڕێبازێکی جیاواز لەبەرچاو بگرن. ئەمە دەبێتە نموونەیەک لەوەی کە چۆن دەتوانرێت ناوچە سنوورییە پڕ تەنگژەکان بۆ گەشەپێدان بگۆڕدرێن[٢٦].

یەکێکی دیکە لە لەمپەرەکانی پڕۆژەکە لە باکوور؛ ناڕەزایی و نیگەرانییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەرامبەر بە پڕۆژەکە، چونکە بەپێی ئەو دیزاین و نەخشەیەی بۆ پڕۆژەکە کراوە، هەرێمی کوردستان کە دەسەڵاتی بەسەر تەواوی سنووری هاوبەشی تورکیا و عێراقدا هەیە، بەدەر کراوە و لە ڕێگەی پارێزگاری نەینەواوە و لە سەر سنووری سووریا-عێراق بە هێڵێک ڕێگەکە گەیەنراوە بە تورکیا بەبێ ئەوەی بە پارێزگای دهۆکدا تێپەڕێت. حکومەتی هەرێم پێیوایە کە ڕێگریکردن لە لە پلانەکە پاڵنەری سیاسی و ئابووریی هەیە و ئامانجی لاوازکردنی هەرێمی کوردستانە. سەرۆکوەزیرانی هەرێم؛ مەسروور بارزانی، بەڵێنی داوە کە حکومەتەکەی ڕێگە نادات ئەمە ڕوو بدات[٢٧]. لایەنە کوردییەکان دەتوانن مەترسیی ئاسایشی بۆ سەر پڕۆژەکە دروست بکەن، یان تەنانەت ڕێگری لە بونیادنانی لە ناوچەکانی نزیک حکومەتی هەرێم بکەن، بەمەش ڕێگای گەشەپێدان تووشی گرفت دەبێتەوە. هاوکات پەکەکە کە بوونی بەهێزی هەیە لە ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا و ئەودیوی سنوورەکانی عێراق لە دیوی سووریا و لە ململانێیەکی درێژخایەندایە لەگەڵ حکومەتی تورکیا، ڕەنگە ڕێگری لە کارەکانی بونیادنانی بکات یان تەنانەت هەڕەشە لە گواستنەوە ڕێگای گەشەپێدانیش بکات[٢٨].

بە بڕوای سەردار عەزیز، پڕۆژە ژێرخانییەکان لە هەر وڵاتێکدا هەمیشە ڕەهەندێکی سیاسییان هەیە، بە تایبەت کاتێک باس لە پڕۆژەی سەرتاسەریی دەکرێت، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەوڵەتی عێراق لە ژێر ترسی دابەشبووندا حوکمڕانی دەکات، دەرکردنی حکومەتی هەرێم لە ڕێگای گەشەپێدان هەنگاوێکی مەترسیدارە. کورد ئەو پڕۆژەیە وەک بەشێک لە ستراتیژێکی گەشەنەکردن و پەراوێزخستن و وەدەرنانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەبینن، کە دەبێتە هۆی دابەشبوونی ناوخۆیی زیاتر لەناو هێزە سیاسیەکان. وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێم جەختی لەوە کردووەتەوە «بەبێ کوردستان هیچ ڕێگایەک بۆ گەشەکردن لە عێراق جێبەجێ نابێت»[٢٩].

بەڵام هۆکارگەلێک هەن کە ڕەنگە گرنگیی تورکیا بۆ ڕێگای گەشەپێدان کەم بکەنەوە و ئەوەش تەنها پەیوەندییان بەو ئاستەنگانەوە نییە کە ڕەنگە عێراق ڕووبەڕووی ببێتەوە لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکەدا. چەندین دۆسیەی هەڵواسراو لە نێوان دوو وڵاتدا هەن، دیارترینیان سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە باکووری عێراق دژی پەکەکە، ڕاگرتنی گواستنەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی تورکیاوە لە لایەن عێراقەوە، پرسی ئاو و گلدانەوەی ئاوی ڕووبارەکانی دیجلە و فوڕات لە تورکیا. ڕێگەی گەشەپێدان ڕەنگە هاندەرێک بێت بۆ هاوکاریی هەردوو وڵات، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە ئەم پرسە هەڵواسراوانە تەنیا بۆشایی بێمتمانەیی قووڵتر بکەنەوە و هاوکارییەکان لە ڕێڕەو لا بدەن[٣٠].

باڵوێزی چین لە عێراق؛ «کوی وی»، ڕایگەیاند حکومەتی چین بەنیازە کۆنفڕانسێک لە سەر پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدانی عێراق ساز بکات. وتەکانی «وی» لە میانەی دیداری لەگەڵ ڕەزاق سەعداوی وەزیری گواستنەوەی عێراق لە بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لە سەر هاوکارییەکانی نێوان عێراق و چین بوو. ئەلسەعداوی لە بەیاننامەیەکدا وتی: ئێمە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە چاوەڕێی بەهێزکردنی هاوبەشیمان لەگەڵ چین دەکەین. ئاماژەی بەوەش کردووە: « ڕێز لە پێشکەوتنە زانستی و تەکنیکییەکانی پەکین دەگرین و دەمانەوێت لە شارەزایی چینییەکان لە کۆمەڵێک بواردا کە پەیوەندییان بە گواستنەوەوە هەیە؛ سود وەرگرین.» باڵوێزی چین ئاشکرای کرد کە حکومەتەکەی بەشداری لە پڕۆژەکەدا دەکات دوای پشکنینی وردەکارییە گشتگیرەکانی پڕۆژەکە و هەڵسەنگاندنی توانای ئابوورییەکانی پڕۆژەکە. «وی» باسی

لەوە کرد کە پەکین خوازیاری بەشداربوونە لە پڕۆژەکەدا بەم شێوەیە، باڵوێزخانەکە پێشتر ڕاوێژکاری ئابووریی خۆی ناردووە بۆ کۆمپانیای گشتی بۆ هێڵی ئاسنی عێراقی بۆ ئەوەی زانیاریی زیاتر لە سەر تایبەتمەندییەکانی پڕۆژەکە بزانێت. باڵوێزی چین لە عێراق ئاشکرای کرد کە لیژنەی گەشەپێدان و چاکسازیی نیشتمانیی چین بە فەرمی دەسەڵاتی پێدراوە پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوەی عێراق بکات سەبارەت بەو پڕۆژەیە. «وی» ڕوونی کردەوە کە بەشداریکردنی پەکین لە ڕێگای گەشەپێدانەوە ڕەنگدانەوەی ئەرێنیی دەبێت لە سەر لایەنی عێراقیی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی چین دەیەوێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق کاریگەرتر بێت. زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی و ناوچەیی و ئەورووپیی ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ وەبەرهێنان و بەشداریکردن لە پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان لە عێراق[٣١].

لە شوباتی ٢٠٢٤دا وەزیرانی گواستنەوەی عێراق و تورکیا کۆ بوونەوە. لەوێدا جەخت لە سەر ئەو پێشکەوتنە بەرچاوانە کرایەوە کە لە هەردوو قۆناغی هێڵی ئاسنین و ڕێگاوبانی پڕۆژەکەدا بەدەست هاتوون و باس لە گرنگییەکەی کراوە بۆ هەردوو وڵاتی تورکیا و عێراق. وەزیری تورکیا ئوراڵئۆغڵو ڕایگەیاند کە لە چەند مانگی داهاتوودا لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ پێشهاتەکان دەکەن سەبارەت بە پارەدارکردن و تەندەرکردنی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان. وەزیری عێراق باسی لە وردەکارییەکانی پێشکەوتنەکانی پڕۆژەکە کردووە کە سێ پێکهاتەی سەرەکیی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدانی خستە ڕوو کە بریتین لە هێڵی ئاسن، ڕێگای خێرا و بەندەری گەورەی فاو. ناوبراو ڕایگەیاند کە ڕێککەوتن لە سەر پرسەکانی دەستبەسەرداگرتنی زەوی بە درێژایی ڕێگاکە کراوە، هەردوو وەزیر ڕێک کەوتن لە سەر کردنەوەی ئۆفیس لە وڵاتی بەرامبەر بە تایبەتی بۆ هەماهەنگیی کارکردن لە سەر پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان[٣٢].

بە بڕوای توێژەر «بەڕاء سابری» لە پەیمانگای واشنتن، دەبێت بەرپرسانی عێراق بزانن کە وڵاتەکە توانای ئەنجامدان و تەواوکردنی پڕۆژەیەکی وەها فراوانی نییە کە تێچووی ڕاگەیەنراوی دەگاتە ١٧ ملیار دۆلار. ژێرخانی عێراق لە دارماندایە، خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان لاوازن و دۆخی ئەمنی بە لاوازی دەمێنێتەوە. جگە لەوەش، ئابووریی عێراق هێشتا ئابوورییەکی کرێخۆرە و ناجێگیرە و پەیوەستە بە نرخی نەوتەوە، ئەمەش دۆخێکی ئابووریی ناپایەدارە بۆ وڵاتێک کە بەهیوای وەبەرهێنانە لە

پڕۆژەی کارە گەورەکاندا. هەروەها ئامازەکانی دابەزینی بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر بە دۆلار و دابەزینی گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی لێ دەکەوێتەوە. هەروەها هەرێمی کوردستان بەگومانە لە ڕێڕەوی پڕۆژەکان و بەبێ ئەویش ئەستەمە پڕۆژەکە جێبەجێ بێت[٣٣]، چونکە بەلای هەرێمەوە ئەمە هەوڵێکی بەئەنقەستە بۆ سنووردارکردنی ڕۆڵی ئابووریی هەرێم. بە تایبەت دەبێتە هۆی لەدەستدانی سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بۆ هەرێم کە ئەویش گومرگ و ڕسوماتی خاڵی سنووریی ئیبراهیم خەلیلە وەک تاکە دەروازەی فەرمی کە عێراق لەگەڵ تورکیا هەیەتی و لە سەرەتای دروستبوونی حکومەتی هەرێمەوە یەکێک بووە لە سەرچاوەکانی داهاتی هەرێمەکە.

**سیناریۆ ئایندەییەکان**

١. لەشکرکێشیی زیاتری تورکیا بۆ سەر سنووری پارێزگای دهۆک و ڕۆژئاوای موسڵ، لە پێناو دوورخستنەوەی پێگەکانی گەریلای پارتی کرێکاران تاوەکوو گرەنتیی ئاسایشی پڕۆژەکە بکات لە داهاتوودا.

٢. بە هۆی ئەوەی حکومەتی عێراق نیازی نییە هەرێم ببێتە بەشێکی گرنگ لە پڕۆژەکە و دەیەوێت کەمترین بەرکەوتنی لەگەڵ خاکی هەرێم هەبێت، ئەوەش ببێتە دۆسیەیەکی دیکەی ململانێ لە نێوان هەولێر و بەغداد.

٣. ئێران و کوێت زۆر خۆشحاڵ نین بە پڕۆژەکە، ئەمەریکا و ئیسرائیل پلانی بەدیلیان هەیە تاوەکوو پڕۆژەیەکی دی لە هیندستانەوە بۆ عەرەبستان و تا دەگاتە ئیسرائیل دروست بکەن، هەموو ئەو وڵاتە دژبەرانە کاریگەرییان دەبێت لە سەرنەگرتنی پڕۆژەکە.

٤. لە ناوخۆدا عێراق توانای تەرخانکردنی دارایی پێویستی نییە چ بۆ تەواوکردنی بەندەری گەورەی فاو، چ بۆ ڕێگای گەشەپێدان، هەروەها لە ڕووی کارگێڕییەوە ئەستەمە بتوانێت پڕۆژەیەکی وا بەڕێوە بات، بۆیە قەرزی بیانی و کەرتی تایبەت دوو بەدیلن وەک چارەسەر لە ئایندەدا دێنە پێشەوە.

٥. هێزە شیعییەکان نایانەوێت لە ئێستا ئەو پڕۆژە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە ئاستی جەماوەریی سوودانی زیاد دەکات، بە تایبەتیش کە نزیک دەبینەوە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ساڵی داهاتوودا.

## دەرئەنجام

پەیوەندییـە دووقۆڵییەکانـی عێـراق و چیـن بـەردەوام لـە گەشـەکردنی بەرچـاودان، لـەو نێوەندەشـدا وزە تـەوەری سـەرەکیی پێکگەشـتنی هـەردوو لایـە. پەیوەندییـەکان لـە پـاش ڕاگەیاندنـی پـڕۆژەی پشـتێن و ڕێـگا بایەخـی زیاتـر بـووە، ئەویـش بـە هـۆی پێگـەی جیۆپۆلەتیکی و جیۆسـتراتیژیی عێراقـەوە کـە دەتوانرێـت وەک پردێکـی پەیوەنـدی بـۆ گرێدانی کەنـداو بـە تورکیـا و ئەورووپـاوە ببینرێت. لـەو نێوەندەشـدا عێـراق خواسـتی زۆری هەیـە بـۆ پەرەپێـدان و هەمەچەشـنکردنی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ چیـن، بـەڵام لێکەوتەکانـی جەنگـی دەیـان سـاڵە سـەرخان و ژێرخانـی وڵاتەکـەی بـە لاوازی هێشـتووەتەوە، هـەر بۆیـە وڵاتەکـە خوازیـارە ببێتـە بەشـێکی گرنـگ لـە پـڕۆژەی ڕێـگای ئاوریشـمیی نوێـی چینـی و تاوەکـوو ئابوورییەکـەی هەمەچەشـن بـکات و بەشـدار بێـت لـە تـۆڕی بازرگانیـی نێودەوڵەتیـی جیهانـی. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش لـە ٢٠١٠ەوە دەسـتی کـردووە بـە بونیادنانـی بەنـدەری گەورەی فـاو و لە مایسـی ٢٠٢٣دا پـڕۆژەی ڕێگـەی گەشـەپێدانی ڕاگەیانـد کـە بەندەرەکە بـە تۆڕێکـی ڕێگاوبان و هێڵـی شـەمەندەفەر بـە تورکیـاوە دەبەسـتێتەوە، ئـەو پلانـەش دەسـتکەوتی گرنگـی ئابـووری و بازرگانـی پێشکەشـی عێـراق دەکات. بـەڵام چەندیـن ئاڵـنگاری هـەن کـە ئەنجامدانـی پڕۆژەکـە ئەسـتەم دەکـەن، لەوانـە: گەندەڵـیی ئابـووری و کارگێـڕی، تێچـووی ئابـووری، ناسـەقامگیریی ئاسایشـی، نیگەرانییەکانـی دەوڵەتانـی دراوسـێ لـە پڕۆژەکـە، دژایەتیـی ئەمەریـکا و ناڕوونیـی هەڵوێسـت و پێگـەی هەرێمـی کوردسـتان، ئـەوەش وا دەکات کـە پڕۆژەکـە بـە کۆمەڵێـک قەیرانـی قووڵـەوە دەسـت پـێ بـکات کـە لەوانەیـە ئەنجامدانـی بـەو دۆخـەی ئێسـتاوە ئـەو ئامانجـە نەپێکێـت کـە بـۆی دانـراوە یـان لەوانەیـە نەتوانرێـت تـەواو بکرێـت.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1 Tudor, T. & Dutra, C. (2021). The Routledge Handbook of Waste, Resources and the Circular Economy. Routledge. New York.

2 Meszár Tárik, The Growing Cooperation Between Iraq and China, in a book "the Eurasia series, Regional Integration in Eurasia, EURASIA CENTER JOHN VON NEUMANN UNIVERSITY Budapest, November 2022, P. 90.

3 Meszár Tárik, The Growing Cooperation Between Iraq and China, in a book "the Eurasia series, Regional Integration in Eurasia, EURASIA CENTER JOHN VON NEUMANN UNIVERSITY Budapest, November 2022, P. 93-94.

٤ بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی گەشەکردنی پەیوەندییەکانی چین لەو قۆناغەدا، بڕوانە: د. هیوا عەزیز سەعید، هۆشمەند عەتا مەحموود، گەشەکردنی هەژموون و کاریگەریی چین لە سایەی باڵادەستیی ئەمەریکادا، مجلة جامعە تنمیة البشریة، المجلد ٩، العدد ٤، (٢٠٢٣).

5 Meszár Tárik, The Growing Cooperation Between Iraq and China, in a book "the Eurasia series, Regional Integration in Eurasia, EURASIA CENTER JOHN VON NEUMANN UNIVERSITY Budapest, November 2022, P. 94.

٦ د. باهر مردان مضخور: العلاقات العراقية - الصينية في مرحلة ما بعد اقامة الشراكة الاستراتيجية ٢٠١٥ نحو انشاء آلية للحوار الاستراتجي العراقي-الصيني، مقال بحثي منشور في صحيفة الصباح البغدادية بمناسبة ذكرى مرور ستين عاما على إقامة العلاقات الدبلوماسية بين الصين والعراق. ٢٠١٩/٨/٢٥، (٦٣) العلاقات العراقية- الصينية .. نحو انشاء الية حوار استراتيجي | Dr . Baher Mrdan - Academia.edu

٧ بڕوانە: هۆشمەند عەتا، فاکتەری کوردی لە پەیوەندییەکانی عێراق-چیندا، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە (٦)ی ئازاری ٢٠٢١.

8 Anchi Hoh, Covid and China's BRI in Iraq and Syria. Middle East Policy. Retrieved from: Covid and China's BRI in Iraq and Syria - Hoh - 2021 - Middle East Policy - Wiley Online Library

9 Shannon Tiezzi, China and Iraq Announce Strategic Partnership, December 23, 2015, The Diplomat. Retrieved from: China and Iraq Announce Strategic Partnership – The Diplomat

10 KSENIA SVETLOVA, How Iraq Became the Top Link in Beijing's Belt and Road Strategy. 02/06/2022, The Medialine. Retrieved from: How Iraq Became the Top Link in Beijing's Belt and Road Strategy - The Media Line

11 Meszár Tárik, Op. Cit. P. 98

١٢ جمعية الصداقة العراقية الصينية، لە سەر ئەم لینکە بەردەستە: https://www.iqch.org/site/index#news

١٣ المصدر نفسه.

١٤ ماجد البريكان، ميناء الفاو الكبير... هذه هي التحديات التي يواجهها هذا المشروع الذي يربط الشرق بالغرب، الثلاثاء ٢٦ فبراير ٢٠١٩،

١٥ المصدر نفسه.

١٦ المصدر نفسه.

١٧ FRANCE ٢٤: شركات إيطالية تشرع في بناء عاشر أكبر ميناء في العالم بمدينة الفاو، نشرت في: ٢٠١٠/٠٤/٠٦ - ٠٦:٣١،

18 SARDAR AZIZ, Iraq's Development Road: No Place for Kurdistan? Carnegie Endowment for International Peace, August 08, 2023, https://carnegieendowment.org/sada/90345

19 Amr Salem, Chinese government to hold conference on Iraq's Development Road project, January 18, 2024, retrived from: https://www.iraqinews.com/iraq/chinese-government-to-hold-conference-on-the-development-road/

20 Baraa Sabri, Iraqi Officials Eye a Path for Chinese-Iraqi Development, Sep 28, 2023, washington institute for near east policy, retrieved from: Iraqi Officials Eye a Path for Chinese-Iraqi Development | The Washington Institute

21 Harith Hasan, Iraq's Development Road: Geopolitics, Rentierism, and Border Connectivity, Malcolm H. Kerr, Carnegie middle east center, MARCH 11, 2024

22 Harith Hasan,

٢٣ حمزة مصطفى، السوداني وضع حجر الأساس للربط السككي مع إيران بغداد تصر على نقل المسافرين فقط... وطهران تريد ضم البضائع، الشرق الاوسط، نُشر: ١٤:١٣-٢ سبتمبر ٢٠٢٣م،

24 Harith Hasan, Op. Cit.

25 Ibid.

26 Ibid.

27 "Masrour Barzani to the Turkish Delegation: The Development Road Must be Implemented with the Kurdistan Region's Approval" [in Arabic], Al-Masalah, August 24, 2023, https://almasalah.com/archives/64078.

28 Harith Hasan, Op. Cit.

29 Saradr Azeez, Op. Cit.

30 Maha El Dahan and Ahmed Rasheed, "Explainer: What Is Stopping the Iraq-Turkey Oil Pipeline Restarting?," Reuters, October 9, 2023, https://www.reuters.com/business/energy/what-is-stopping-iraq-turkey-oil-pipeline-restarting-2023-10-09.

31 Amr Salem, Chinese government to hold conference on Iraq's Development Road project, January 18, 2024, retrived from: https://www.iraqinews.com/iraq/chinese-government-to-hold-conference-on-the-development-road/

32 Iraq-Business News, retived from: https://www.iraq-businessnews.com/2024/02/05/turkiye-iraq-to-open-new-offices-for-development-road-project/

33 Baraa Sabri, Op. Cit.

# پەیوەندییەکانی چین و هەرێمی کوردستان؛ ئێستا و ئایندە




د. دانا عەلی ساڵح / پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

د. باخان ئاکۆ نەجمەدین / پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان


**بەرایی**

هەرێمی کوردستان بە یەکێک لە دیارترین بکەرە نادەوڵەتییەکانی جیهان ئەمڕۆ هەژمار دەکرێت. بە گۆڕینی ڕژێمی سیاسی لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و پەسەندکردنی دوایین دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥، هەرێمەکە وەک یەکەیەکی فیدراڵی بە فەرمی ناسێنرا کە سەرەتایەکی باش بوو بۆ گەشەکردنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، لە نێویشیاندا وڵاتی چین. ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق؛ کردنەوەی دەروازەیەکی باش بوو بۆ سەرەتای پەیوەندیی ڕاستەقینەی نێوان چین و هەرێمی کوردستان. پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو لایەنە بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاوی نا، کاتێک چین، بە تایبەتی کۆمپانیا نەوتییەکانی، وەک ناوچەیەکی ستراتیژی و خەڵاتێکی مەزن لە هەرێمی کوردستانیان ڕوانی، بۆ دەستەبەرکردنی خواستە ئایندەییەکانیان لە بواری وزە و نەوت، بە تایبەتتر لە پاش ڕاگەیاندنی پڕۆژەی دەستپێشخەریی پشتێن و ڕێگا (Belt and Road Initiative-BRI) لە لایەن حکومەتی چینەوە لە ساڵی ٢٠١٣دا. جگە لەمە، چین بە پەرۆشەوە هەنگاوی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە دیلۆماسییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا

نـا، بـە تایبـەت پـاش کردنـەوەی کونسـوڵخانەی گشـتی لـە هەولێـر لـە سـاڵی ٢٠١٤دا. لێـرە بـەدواوە، پەیوەندییەکانـی چیـن و هەرێمـی کوردسـتان بـە جۆرێـک فـراوان بـوو کـە جگـە لـە پەیوەندیـی ئابـووری و بازرگانـی، لـە سـەرجەم بوارەکانـی دیکـەی وەک کولتـووری، زانسـتی و فەرهەنگـی... هتـد؛ گەشـەی کـرد. ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵێکـە بـۆ تیشکخستنەسـەر پەیوەندیـی دوولایەنـەی چیـن و هەرێمـی کوردسـتان لـە لایـەک و خسـتنەڕووی سـیناریۆ ئایندەییەکانـی ئـەم پەیوەندییـە لـە لایەکـی دیکـە.

**باسی یەکەم: هەرێمی کوردستان و چین: بەرژەوەندییە ئاڵوگۆڕکراوەکان**

هـەر چەنـدە چیـن و هەرێمـی کوردسـتان دوو ئەکتـەری ناهاوتـا و نایەکسـانن لـە سـەرجەم بوارەکانـی ئابـووری، سیاسـی، سـەربازی، بازرگانـی و... هتـد، بـەڵام ئـەوەی ئـەو دوو لایەنـەی پێکـەوە کـۆ کردووەتـەوە بریتییـە لـە بوونـی بەرژەوەندیـی هاوبەشـی دوولایەنـە، کـە لـە بەشـەکانی داهاتـوودا بـە وردی شرۆڤـەی بابەتەکـە دەکەیـن.

**تەوەری یەکەم: چین و هەرێمی کوردستان: پێگە و بایەخی نێودەوڵەتی**

چیـن جگـە لـە فراوانیـی ڕووبەرەکـەی کـە گەورەتریـن وڵاتـی جیهانـە و مەزنـدە دەکرێـت بـە (٩.٥٩٦.٩٦٠کـم٢) کـە ڕووبەرەکـەی هێنـدەی ڕووبـەری ئەمەریـکا و ئەورووپایـە کـە ئەمـەش هـۆکارە کـە ببێتـە خـاوەن پێگەیەکـی جیۆپۆلەتیکـی گرنـگ و بەبایـەخ، لـە هەمـان کاتـدا چیـن زۆرتریـن دانیشـتووانی جیهـان پێـک دەهێنێـت کـە پشتبەسـت بـە ئامـاری (٢٠٠٥)، ژمارەی دانیشـتووانەکەی دەگاتـە (١.٣٠٦.٣١٣.٨١٢) کـەس. لـە ڕووی گەشـەی ئابـووری و بازرگانییـەوە چیـن پێـش هەموو دەوڵەتانـی جیهان کەوتـووە، کـە زیاتـر لـە (٤٠٠٠٠٠) کۆمپانیـا لـە (١٧٠) دەوڵەتـی جیـاوازی جیهانـەوە لـە چیـن سـەرمایەگوزاری دەکـەن[١]. داهاتـی گەشـەی بەرهەمـی ناوخۆیـی چیـن لـە ٢٠٢١دا بـە (١٧.٧) ترلیـۆن دۆلار مەزنـدە کـرا[٢]. هەروەهـا چیـن لـە سـاڵی ٢٠٢٣دا گەورەتریـن هەنـاردەکاری ئۆتۆمبێـل بـووە لـە جیهانـدا، کـە نزیکـەی (٤.٩١) ملیـۆن ئۆتۆمبێلـی هەنـاردە کـردووە. لـە هەمـان سـاڵدا، وەبەرهێنانـی لـە بـواری پیشەسـازیی تەکنەلۆژیـا بـە بەهـای (٥٤.٤٥) ملیـار دۆلار زیـادی کـردووە لـە نێـوان کانوونـی دووەم تاکـوو تشرینـی دووەم، کـە (٣٧.٢٪)ی کـۆی گشـتیی وەبەرهێنانـی ڕاسـتەوخۆی بیانیـی چیـن پێـک دەهێنێـت لـەو ماوەیـەدا[٣].

لـە ڕووی سـەربازییەوە، چیـن خەرجییـە سـەربازییەکانی لـە (٥٠) ملیـار دۆلارەوە

بـۆ (٢٧٠) مليـار دۆلار زيـاد كـردووه لـه نێـوان سـاڵانی ٢٠٠١ بـۆ ٢٠٢١. پەیمانـگای نێودەوڵەتیـی سـتۆكهۆڵم بـۆ لێكۆڵینـەوەی ئاشـتی (SIPRI)، لـە ڕاپۆرتێكـدا ئامـاژە بـەوە دەكات كـە لـە سـاڵی ٢٠٢١ بـۆ یەكـەم جـار خەرجییـە سـەربازییەكانی جیهـان گەیشـتووەتە نزیكـەی (٢.١) ترلیـۆن دۆلار. ڕاپۆرتەكـە بـاس لـەوە دەكات كـە سـێ دەوڵەتـی ئاسـیایی (چیـن، هیندسـتان، ڕووسـیا) لـە پێشـەنگی ئـەو دەوڵەتانـەن كـە زۆرتریـن خەرجیـی سـەربازییان هەبـووە، كـە (٥٢٪)ی هەمـوو خەرجییەكانیـش لـە لایـەن چیـن و ئەمەریـكاوە بـووە[٤].

بـەدەر لەمانـەش، چیـن یەكێكـە لـە پێنـج دەوڵەتـە هەمیشـەییەكەی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی ڕێكخـراوی نەتـەوە یەكگرتـووەكان كـە مافـی بەكارهێنانـی ڤیتـۆی هەیـە، هەروەهـا یەكێكـە لـە نـۆ هێـزە ئەتۆمییەكـەی جیهـان.

شـارەزایان و توێـژەران هـاوڕا نیـن لە ئاسـت بۆچـوون و پێشـبینییەكانیان دەربـارەی ڕۆڵ و پێگـەی چیـن لـە سیسـتمی نێودەوڵەتیـدا و كاردانـەوەی بـۆ پێگـە و نفـووزی ئەمەریـكا لـە جیهانـدا. یەكێـك لـە دیارتریـن ئـەو توێژەرانـەی بـە بایەخـەوە دەڕوانێتـە ئـەم بابەتـە؛ «ڕۆبـەرت پەیـپ» (Robert Pape)ە، بـاوەڕی وایـە كـە پـاش كۆتاییهاتنـی جەنگـی سـارد، دەوڵەتـە زلهێـزەكان بـە تایبـەت چیـن، لـە هەوڵدایـە كـە پارسـەنگی هێـزی ئەمەریـكا بـكات لـە سیسـتمی نێودەوڵەتیـدا، بـەڵام ئـەو پارسـەنگی هێـزەی كـە چیـن پەیـڕەوی دەكات بریتییـە لـە پارسـەنگی نـەرم (Soft balancing)، جیـاواز لـەو پارسـەنگی هێـزە ڕەقـەی (Hard balancing) كـە یەكێتیـی سـۆڤیەت لـە مـاوەی جەنگـی سـارددا پراكتیـزەی دەكـرد. بـە واتـای ئـەوەی چیـن پەنـا بـۆ بەكارهێنانـی ئامـرازی ناسـەربازی دەبـات وەك بنیاتنانـی پەیوەندیـی دوولایەنـە، گەشـەپێدانی پەیوەندییـە دیپلۆماسـی و ئابوورییـەكان، بەشـداریكردن لـە دامـەزراوە و ڕێكخـراوە نێودەوڵەتییـەكان[٥].

لـە لایەكـی دیكـەوە پسـپۆڕی ئەمەریكیـی بـواری زانسـتە ڕامیارییـەكان «سـامویڵ هانتگـتن» (Samuel Huntington)، ئامـاژە بـەوە دەكات كـە سیسـتمی نوێـی جیهانـی ناكرێـت بـە سیسـتمی تاكجەمسـەری هەژمـار بكرێـت، بەڵكـوو شـێوازێكی جیـاوازی بەرجەسـتە كـردووە كـە بـە «سیسـتمی تاكفرەیـی» (Uni-multi system) ناوزەنـدی دەكات[٦]. مەبەسـت ئەوەیـە ئەمەریكا هێنـدە بەهێـز نییـە كـە تەنها ڕابەرایەتیی سیسـتمی جیهانـی بـكات، لـە هەمـان كاتیشـدا دەوڵەتانـی زلهێـزی نوێـش، وەك چیـن و ڕووسـیا، هێنـدە بەهێـز نیـن كـە سیسـتمێكی فرەجەمسـەری بەرجەسـتە بكـەن.

سەبارەت بە تیۆری ڕیالیزمی نوێ، وەک تیۆرێکی باڵای بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لایەنگرانی ئەم تیۆرە بە هەردوو ڕەوتی هێرشبەر و بەرگریکارەوە، کۆکن دەربارەی گەشەی بێوچانی چین و فراوانبوونی نفووزی لە جیهاندا، بە تایبەت لە لایەنی ئابوورییەوە. لەم بارەیەوە «ستیڤن واڵت» (Stephen Walt) پێشبینی دەکات تا ساڵی ٢٠٢٥؛ چین لە ڕووی ئابوورییەوە پێش ئەمەریکا بکەوێت و دەبێتە کاریگەرترین ئەکتەری سیستمی نێودەوڵەتی(٧). لە لایەکی دیکەوە لایەنگرانی ئەم دوو ڕەوتە ناکۆکن دەربارەی ئەو مەترسییانەی کە گەشە و هەڵکشانی نفووز و هێزی چین دروستی دەکات لە سیستمی نێودەوڵەتی بە گشتی و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بە تایبەتی. لەم ڕوانگەیەوە، تیۆرداڕێژەری ڕیالزمی هێرشبەرانە «جۆن میرشایمر» (John Mearsheimer) جەخت دەکاتەوە لەوەی کە فراوانبوونی هێز و دەسەڵاتی چین دەبێتە هۆی خولقاندنی گۆڕانکاری لە پەیکەری سیستمی نێودەوڵەتی. لە بەرمەبنای ئەم بۆچوونانەدا، جۆن میرشایمر سیناریۆیەکی ڕەشبینانەی بۆ ئایندەی جیهان بە گشتی و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە تایبەتی هەیە(٨). پشتبەست بەو گریمانەیەی کە لە ئایندەدا چین باڵادەستی و هێزی لە بواری ئابووریدا دەخاتە خزمەت فراوانکردن و بەهێزکردنی لایەنی سەربازی و بەمەش ئەگەرەکانی دروستبوونی پێکدادانی سەربازیی لەگەڵ ئەمەریکادا زیاد دەکات(٩).

هەموو ئەم بۆچوون و گریمانانە ئاماژەن بۆ بەهێزبوونی چین وەک ئەکتەرێکی نوێی جیهان و گەواهیدەری بۆچوونەکانی «هینری کیسنجەر» (Henry Kissinger)ن، بەوەی سەدەی نۆزدە سەدەی ئەوروپایی بووە، سەدەی بیست سەدەی ئەمەریکایی بووە، سەدەی بیست و یەک سەدەی ئاسیایی دەبێت(١٠).

لە لایەن خۆشیانەوە بەرپرسانی چین جەخت لە هەڵکشانی ڕۆڵ و پێگەی وڵاتەکەیان دەکەنەوە و هەوڵیان بۆ بنیاتنانی سیستمێکی فرەجەمسەری ناشارنەوە. لە نوێترین لێدوانیدا، وەزیری دەرەوەی چین لە سمپۆزیۆمێکدا کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤دا ئەنجام درا، سەبارەت بە ڕەوشی نێودەوڵەتی و پەیوەندییەکانی دەرەوەی چین لە ساڵی ٢٠٢٣دا، ئاماژەی بەوە دا کە چین هەوڵ و بانگەشە بۆ بنیاتنانی جیهانێکی فرەجەمسەر دەکات و فرەلایەنیی ڕاستەقینە پراکتیزە دەکات. دووپاتی کردەوە کە چین دادپەروەری دەپارێزێت و دیموکراسیەت لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتان بەرەوپێش دەبات، لەگەڵ ڕەچاوکردنی یەکسانی لە نێوان دەوڵەتاندا(١١).

لــە بەرانبــەردا، هەرێمــی کوردســتان دوای ڕاپەڕینــی بەهــاری ١٩٩١ کــە جــۆرە دەسـەڵاتێکی خۆبەخـۆی دیفاکتـۆی بەدەسـت هێنـا و دواتریـش لـە پرۆسـەی ڕووخاندنـی ڕژێمـی بەعسـدا هـاوکاری وڵاتـە یەکگرتـووەکان و هاوپەیمانـان بـوو و توانیـی بەشـدارێکی کارای بنیاتنانـەوەی عێراقـی نـوێ بێـت، ئەمـە وێـڕای ئـەوەی کـە وەک هەرێمێکـی فیـدراڵ لـە دەسـتووری عێراقیـی سـاڵی ٢٠٠٥دا بـە هەمـوو دامەزراوەکانیـەوە دانـی پێـدا نـرا، ئەمــە وای کــرد وەک ئەکتەرێکــی نادەوڵەتیــی کارا ڕۆڵ و پێگــەی بەرەوپێــش بچێــت و لــە ئاســتی ناوچەکــە و جیهانــدا بدرەوشــێتەوە، هــەر لــە ڕووی پێگــەی لــە عێــراق و هــەر لــە ڕووی کاریگەریــی لــە ناوچەکــە و پەیوەندییــە دەرەکییەکانیشــی کــە لــە ڕووی سیاســییەوە لــە پارادیپلۆماسییشــەوە بــەرەو پرۆتۆدیپلۆماســی پەڕیبــووەوە و هاوبەشــە ئابوورییەکانشــیی لــە هەڵکشــاندا بــوون.

ئەمــە وێــڕای ڕۆڵــی کارای هێــزی پێشــمەرگە لــە ڕووبەڕووبوونــەوەی مەترســیی داعــش لــە ناوچەکــە.

هەمــوو ئەمانــە پێــمان دەڵێــن کــە هەرێمــی کوردســتان لــە دوای ســاڵی (٢٠٠٣) ەوە پــتر بــووە جێــی بایەخــی وڵاتانــی ناوچەکــە و زلهێزەکانــی جیهانیــش، هــەر چەنــدە ســەرنج و ڕەخنــەی زۆر لــە ســەر شــێوازی حوکمڕانــی و ئازادییــەکان و گەشەســەندنی سیاسـی و ئابـووری لـە هەرێـم، لـە سـەر ئاسـتی ناوخۆیـی و نێودەوڵەتـی، بـە فەرمـی و نافەرمییــەوە هەیــە، دەبینیــن بــە هــۆی هەســتیاریی پێگەکــەی و وزەی زۆر کرانــەوەی بــە ڕووی جیهانــدا، پــتر بــووە جێــی بایەخــی زلهێــزەکان و لــە نێویشــیاندا وڵاتــی چیــن.

بــەو پێیەشــی چیــن زلهێزێکــی هەڵکشــاوە، هەڵکشــانێکی خێــرا لــە ڕووی ئابــووری و نــەرم لــە ڕووی ســتراتیژی و کولتــووری و ڕکابــەری زلهێــزە گەورەکانــی جیهانــە لــە ڕووی ســەربازی و ئاسایشــەوە، بــۆ ئەمــەش هەمــوو هەوڵێکــی لــە ناوچــە هەســتیار و جیۆسـتراتیژییەکانی جیهانـدا دەخاتـە گـەڕ، لـە نێویشـیاندا هەرێمـی کوردسـتان، بـەڵام چــۆن و تــا چ ئاســتێک؟

## تەوەری دووەم: گرنگیی دوولایەنەی چین و هەرێمی کوردستان بۆ یەکتر

هەر چەندە بە بەراورد بە ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپا و ڕووسیا، چین ئەکتەرێکی نوێیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆکاری پێگە جیۆستیراتیژییەکەی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگی و بایەخێکی تایبەتی دیپلۆماسیەتی چینە بە تایبەت لە سەدەی بیست و یەکدا، پاش ئەوەی سەرۆکی چین لە کۆتایی ٢٠١٣دا پرۆژەی پشتگیریی پشتێن و ڕێگەی ڕاگەیاند. گرنگیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە ئاسیا و ئەورووپا و ئەفەریقا پێکەوە دەبەستێتەوە[١٢].

ڕوانگەی چین بۆ پێگەی جیۆئابووریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ تێڕوانینێکی پڕ بایەخە، لەم پێناوەشدا چین پەیڕەوی ستراتیژیەت و پلانی فرەچەشنەیی دەکات بۆ دەستڕاگەیشتنی بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دیارترین نموونە، چین کار دەکات کە پرۆژە دوورمەوداکەی دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگا فراوانتر بکات بۆ ڕێڕەوێکی پترۆڵ و بازرگانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. عێراق ڕۆڵێکی گرنگ لەم پرۆژەیەدا دەبینێت، بە تایبەت لە بواری وزە و نەوتدا، بە تایبەت کاتێک عێراق دەوڵەتێکی دەوڵەمەندی سەرچاوەکانی وزەیە. بۆ نموونە؛ عێراق لە ساڵی ٢٠٢١دا پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە بۆ وەبەرهێنانی چین لە دەستپێشخەریی پرۆژەی پشتێنە و ڕێگە، زیاتر لە (١٠.٥) ملیار دۆلاری بۆ پرۆژەکانی وزە و ژێرخانی دابین کرد[١٣].

سیاسەتی چین لە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە سیاسەتەکانی لە عێراق و ئەویش بەشێکە لە سیاسەتە گشتییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا[١٤]. کەواتە هەر چەندە هەرێمی کوردستان هەڵکەوتەیەکی جوگرافیی گرنگی هەیە، بەڵام بۆ چین گرنگیی هەرێمی کوردستان پەیوەستە بە گرنگیی جیۆپۆلەتیکی دەوڵەتی عێراقەوە[١٥]. بەو پێیەی عێراق بەشێکە لە پرۆژەی ڕێگەی ئاوریشمی نوێ، بەڵام هەمەچەشنکردنی هاوبەشەکان یەکێکە لە ستراتیژییەکانی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەم هاوکێشەیەشدا ناکرێت پێگەی هەرێمی کوردستان وەلا بنرێت. لە چاوپێکەوتنێکیدا کونسوڵی گشتیی چین ئاماژەی بەوە دا کە «هەرێمی کوردستان بەشێک بووە لە ڕێگای ئاوریشمی بازرگانیی مێژوویی»، لە ئێستاشدا عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەشێکن لە «دەستپێشخەریی یەک پشتێن و یەک ڕێگا» کە ناسراوە بە «ڕێگای ئاوریشمی نوێ»[١٦].

لە ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە ڕێگەی ئاوریشم، لە ڕێکەوتی ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، باڵوێزی عێراق لە چین؛ شۆڕش خالید، جەختی لەوە کردەوە ئەمساڵ پێشبینی دەکرێت ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان چین و عێراق بگاتە نزیکەی (٥٠) ملیار دۆلار. بە گوتەی ناوبراو، لە داهاتوودا ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان چین و عێراق بەرەو هەڵکشان دەڕوات، «بە تایبەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کە کۆمەڵێک کۆمپانیای چینیی باشی لێیە»[١٧]. لە بەرانبەردا، چینیش گرنگی و بایەخێکی زۆری بۆ هەرێمی کوردستان هەیە و یەکەم کەسیش کە پەیی بەو گرنگییە بردووە و بایەخی پێ داوە، لە سەردەمی ئۆپۆزسیۆنبوون و لە سەردەمی بوونیشی لە لوتکەی دەسەڵاتدا لە عێراق، مام جەلال بووە.

لە ڕاستیدا چین دەروازەیەکی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و کولتووریی گەورە و فراوان و پڕبایەخە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو وڵاتە، هەر چەندە لە ڕووی سیاسییەوە پشتیوانیی سەربەخۆیی و جوداخوازی ناکات، لێ لە ڕووی بازرگانی و ئابووری و زانستی و کولتوورییەوە بایەخی تایبەتی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە، ئەمەش لە باسی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

## باسی دووەم: پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ئێستای نێوان چین و هەرێمی کوردستان

لە سەردەمی ئێستادا پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان شادەماری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێک دەهێنن، لەم پێناوەشدا دەوڵەتان هاوتەریب لەگەڵ گرنگیدانیان بە لایەنی سیاسی و ئاسایش و سەربازی، بە بایەخەوە دەڕواننە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان. ئەم باسە تەرخان کراوە بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستای پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی چین و هەرێمی کوردستان، لە هەمان کاتدا تیشک خستنەسەر پایەکانی بەهێزکردنی ئەم پەیوەندییە دیپلۆماسییانە؛ بەشێکی سەرەکیی دیکەی باسەکەیە.

### تەوەری یەکەم: دۆخی ئێستای پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان

پاش بە فەرمی ناساندنی هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ، دەرفەتێکی ناوازە بوو بۆ ئەم هەرێمە کە پەیوەندییە دەرەکی و دیپلۆماسییەکانی بە شێوەیەکی یاسایی و دەستووری گەشە پێ بدات. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان،

دەستووری نوێی عێراق ڕەواییەکی دەستووری بە حکومەتی هەرێم دەدات بۆ پراکتیزەکردنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی، هەرێمیش بە مافی یاسایی و دەستووریی خۆی دەزانێت بۆ ئەنجامدانی پەیوەندییەکانی دەرەوە. بۆ نموونە؛ لە بڕگەی چوارەمی مادەی (١٢١)ی دەستوور؛ بوارەکانی کولتووری، کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان وەک بەشێک لە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان لە ئاستی دەرەکی ئاماژەی پێ کراوە[١٨].

هەر چەندە هەرێمی کوردستان کاری لە سەر جێبەجێکردنی ئەم بڕگە دەستوورییە نەکرد، ئەو هەنگاوی گەورەتر لەوەی نا و وەکوو نیمچەدەوڵەتێک مامەڵەی کرد. بۆیە هەر دوابەدوای پەسەندکردنی دەستووری نوێی عێراق، حکومەتی هەرێم چەند یاسایەکی دەرکرد و چەند دامەزراوەیەکی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەوەی حکومەتی هەرێم دامەزراند. کابینەی پێنجەم بە پێی فەرمانی جێبەجێکاری ژمارە (١٤٣)ی حکومەتی هەرێم، لە ئەیلوولی ٢٠٠٦دا سەردەمێکی نوێی لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی دەست پێ کرد بە دامەزراندنی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، کە دامەزراوەیەکی فەرمی و دانەبڕاوە لە حکومەتی هەرێم و لە ئاست و پلەی وەزارەتدایە. ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم فەرمانگەیە بریتین لە پێشخستن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتییانی کوردستان و ناوچەکە لە دەرەوەی وڵات و هاندانی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی[١٩].

هاوتەریب لەگەڵ دامەزراندنی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لە هەمان ساڵدا بە مەبەستی هەماهەنگیکردنی چالاکییە دەرەکییەکان، فەرمانگەی پرۆتۆکۆلی حکومەتی هەرێم پێک هێنرا بۆ هەماهەنگیی کاری پرۆتۆکۆل و ئەتەکێتی سەردانی شاندە بیانییەکان و مەراسیمی کۆبوونەوە و کۆنفرانسە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان لە ناوچەکە و جیهان[٢٠].

کردنەوەی کونسوڵخانەی گشتیی چین لە هەولێر لە ٣٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤، بە هەنگاوێکی پڕ بایەخی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی هەردوو لایەن هەژمار دەکرێت. هەر چەندە بڕیار بوو چین لە ٢٠١٢دا کونسوڵخانە لە هەولێر بکاتەوە، بەڵام بوونی کۆمەڵێک کێشەی لۆجستی؛ پڕۆسەکەی بۆ ساڵی ٢٠١٤ دوا خست[٢١]. لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کونسوڵی گشتیی چین، سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە کردنەوەی کونسوڵخانەی چین لە هەولێر دەستپێکی پەیوەندییە کولتووری و ئابووری و سیاسییەکانیان دەبێت

لەگەڵ دەوڵەتی ناوبراو[٢٢]. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە، کردنەوەی کونسوڵخانەی چین لە هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا بوو کە گرووپی تیرۆرستیی دەوڵەتی ئیسلامیی ناسراو بە «داعش»؛ هێرشی چڕی بۆ ناوچەکە دەست پێ کردبوو، لە کاتێکدا زۆرێک لە وڵاتان نوێنەرە دیپلۆماسییەکانیان لە هەرێم کشاندنەوە، لە کاتێکدا چین بە کردنەوەی کونسوڵخانە لەو دۆخەدا هەوڵی دا پەیامی «هاوڕێی تەنگانە» بگەیەنێتە هەرێمی کوردستان[٢٣]، ئەمەش پەیامێکی گرنگە کە چین هەوڵ دەدات بەم ڕێگایە پێگەی خۆی وەکوو کێبڕکێکارێکی ئەمەریکا لە ناوچەکە بەهێز بکات، لە کاتێکدا ئەمەریکا ئەکتەرێکی باڵادەستە لە ناوچەکە لە لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و ئاسایشەوە[٢٤].

تەنانەت بەر لە کردنەوەی کونسوڵخانەی چین لە هەولێر، باڵوێزی چین لە بغداد، لە چوار بۆنەی جیاواز لە ساڵاکانی (٢٠٠٥، ٢٠١٢، ٢٠١٣، ٢٠١٤)، سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کردووە و جەختی لە بەهێزکردنی پەیوەندی دوو لایەنە کردۆتەوە. لە بەرامبەردا، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵیداوە لە ڕێگەی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لە چین جۆرێک لە سەربەخۆیی بەرامبەر بە بغداد بەدەست بهێنێت و جۆرێک لە پشتیوانی سیاسی بۆ قەوارەی هەرێم دەستەبەر بکات[٢٥].

یەکێکی دیکە لە هەنگاوە پڕ بایەخەکان بۆ هەرێمی کوردستان و واڵاکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمی و جیهانی، بریتییە لە سەردانی شاندە بیانییەکان بۆ هەرێم لە سەر ئاستە جیاوازەکانی وەک سەرۆکی دەوڵەت، وەزیری دەرەوە، نێردراوە دیپلۆماسییەکان... هتد. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی چین و هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا، تاکوو ئێستا پەیوەندییەکان تا ڕادەیەک سنووردارە. بۆ نموونە: لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠١٧)، لە کۆی (٥٦٧) سەردان لە لایەن شاندی وڵاتانی بیانی کە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە و لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پێشوازییان لێ کراوە، بەڵام هیچ سەردانێک لەم ماوەیەدا لە لایەن چینەوە بۆ هەرێم ئەنجام نەدراوە. لە هەمان ماوەدا، (٢٧٥) سەردان لە لایەن باڵوێزی (٣٩) دەوڵەت و یەکێتی ئەورووپاوە بۆ هەرێم ئەنجام دراوە، باڵوێزی چین تەنها (٣) سەردانی ئەنجام داوە. بە هەمان شێوە، سەبارەت بەو سەردانانەی کە لە لایەن باڵوێزی وڵاتانی جیهانەوە بۆ هەرێمی

کوردستان ئەنجام دراوە لە ساڵانی (٢٠١٢-٢٠١٨) کە لە لایەن لێپرسراوی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە پێشوازییان لێ کراوە، لە کۆی (٢٠٤) سەردان، چین تەنها (٤) سەردانی ئەنجام داوە[٢٦].

سەبارەت بە سەردانی شاندە دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە، ئەوەی بەدەردەکەوێت سەردانێکی سنووردار بۆ وڵاتی چین ئەنجام دراوە بە بەراورد بە وڵاتەکانی دیکەی جیهان. بۆ نموونە؛ لە ساڵی ٢٠١٤، لە کۆی (١٣) سەردان هیچ سەردانێک بۆ چین ئەنجام نەدراوە. لە ٢٠١٥، لە کۆی (٣٠) سەردان هیچ سەردانێک بۆ چین نەبووە. لە ٢٠١٦، لە کۆی (١٣) سەردان تەنها یەک لەو سەردانانە بۆ چین ئەنجام دراوە بە سەرۆکایەتیی فەلاح مستەفا و شاندی یاوەری لە ڕێکەوتی ٢٤ی ئازاری ٢٠١٦، بە مەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی جەنگی دژ بە داعش و چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان و جگە لە جەختکردنەوە لە پتەوکردنی پەیوەندیی دوو لایەنە. سەبارەت بە ساڵی ٢٠١٧، لە کۆی (١٤) سەردان؛ هیچ سەردانێک بۆ چین ئەنجام نەدراوە[٢٧].

لەگەڵ سنوورداریی ژمارەی سەردانەکان و شاندە دیپلۆماسییەکان لە نێوان چین و هەرێمی کوردستان، بەڵام ڕێڕەوی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لە نێوان هەردوو لا لە گەشەی بەردەوامدایە. لە نوێترین هەوڵدا، لە دیدارێکیدا لیۆ جیۆن؛ کونسوڵی نوێی کۆماری چینی میللی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، جگە لە تاوتوێکردنی پەیوەندیی چین و هەرێمی کوردستان و جەختکردنەوە لە خواستی دوولایەنە لە پێناو فراوانکردن و برەودان بە پەیوەندییە هاوبەشەکان، کونسوڵی گشتی ئاماژەی بە پلانی داهاتووی وڵاتەکەی کرد بۆ کردنەوەی بەشی خزمەتگوزاریی ڤیزا[٢٨]، کە ئامانج لێی ئاسانکاریی هاتوچۆی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستانە بۆ وڵاتی چین. لە ڕێکەوتی ٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤، ئەم سەنتەرە بە شێوازێکی فەرمی دەستبەکار بووە[٢٩].

ئەوەی تاکوو هەنووکە جێگەی پرسیارە، بۆچی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتیی نییە لە چین؟ هەر چەندە شارەزایان وەڵامی جیاواز و تەنانەت دژبەیەکیان هەیە بۆ ئەم پرسە. لەم بارەیەوە د. محەمەد سابیر؛ باڵوێزی پێشووی عێراق لە چین، لە چاوپێکەوتنێکدا باس لەوە دەکات کە «چین جیاواز لە هەموو دەوڵەتانی جیهان؛ نوێنەرایەتیی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە وڵاتەکەیدا پەسەند ناکات، ئەمەش پەیوەستە

بـە خـودی سیاسـەتی دەوڵەتەکـەوە، واتـە نـەک تەنهـا هەرێمـی کوردسـتان، بگـرە هیـچ پارتێکـی سیاسـی یاخـود هەرێمێکـی دیکـەی جیهـان نوێنەرایەتییـان نییـە لـە چیـن»[٣٠]، واتـە چیـن هەمـوو جـۆرە پەیوەندییەکـی دیپلۆماسـیی لەگـەڵ ئەکتـەرە نادەوڵەتـی و قـەوارە نیمچەحکومییەکانـدا ڕەت دەکاتـەوە.

لـە لایـەن خۆیـەوە، فـەلاح مسـتەفا؛ ڕاوێـژکاری سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان، ئاماژەی بـەوە دا کـە هەرێمـی کوردسـتان لـە پلانیدایە ژمارەی نێردراوە دیپلۆماسـییەکانی لـە وڵاتانـی جیهـان زیـاد بـکات، لـە نێویشـیدا لـە ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیا. هـۆکاری نەکردنـەوەی نوێنەرایەتیـی لـە چیـن بـۆ ئـەوە گەڕانـدەوە کە پاش شـەڕی داعـش و بڕینی بەشـەبودجەی هەرێمـی کوردسـتان لـە لایـەن حکومەتـی ناوەنـدەوە و دابەزینـی نرخـی نـەوت و بوونـی ژمارەیەکـی زۆر ئـاوارە لـە هەرێـم، ئاسـتەنگ بـوون بـۆ پێشکەشـنەکردنی داواکاری بـۆ کردنـەوەی نوێنەرایەتـی لـە چیـن. بـە هەمـان شـێوە، کونسـوڵی گشـتیی پێشـووی چیـن لـە هەولێـر (نـی روچـی Ni Ruchi)، جەختـی کـردەوە هـۆکاری نەبوونـی نوێنەرایەتیـی هەرێـم لـە پەکیـن پەیوەسـتە بـە پێشکەشـنەکردنی داوای فەرمـی لـە لایـەن حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە بـۆ ئـەم مەبەسـتە[٣١].

هەندێـک لـە شـارەزایانی بـواری پەیوەندییەکانـی چیـن و هەرێمـی کوردسـتان جەخـت لـەوە دەکەنـەوە کـە چیـن زیاتـر لـەوەی گرنگـی بـدات بـە پەیوەندیـی نێـوان حکومەتـی هەرێـم و وڵاتەکـەی، گرنگـی دەدات بـە پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ پارتـە سیاسـییەکانی کوردسـتان. پەکیـن دەیەوێت پەیوەندییەکانی لەگـەڵ کادیری پارتـە سیاسییە دیارەکانـی وەکـوو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان پتـەو بـکات[٣٢].

هـەر چەنـدە کردنـەوەی نوێنەرایەتیـی هەرێمـی کوردسـتان لـە چیـن چـاوەڕوان ناکرێت هەنگاوێکـی ئاسـایی و ئاسـان بێـت، بـەڵام ئـەوەی جێگـەی گومـان نییـە؛ کردنـەوەی ئـەم نوێنەرایەتییـە سـوودێکی زۆر بـە پەیوەندییەکانـی هـەردوو لا لـە بـوارە جیـاوازەکان دەگەیەنێـت.

## تەوەری دووەم: پایەکانی بەهێزکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان

سـەرجەم پەیوەندییـە دیپلۆماسـییەکان لـە نێـوان دەوڵەتانـی خـاوەن سـەروەری بێـت یـان ئەکتـەرە نادەوڵەتییـەکان، گەشـە و پتەوکردنـی پەیوەسـتە بـە کۆمەڵێـک پایـەی دیاریکـراوەوە. ئـەم بابەتـە جێگـەی بایەخـی ئـەم تەوەرەیـەی توێژینەوەکەیـە.

### یەکەم: پایەی ئابووری و بازرگانی

چەقـی پەیوەندییـە دیپلۆماسـییەکانی چیـن و هەرێمـی کوردسـتان بـواری بازرگانییـە، بـە تایبـەت بازرگانـی لـە کەرتـی وزە. ئاسایشـی وزە بەشـێکی دانەبڕاوە لـە دیپلۆماسـیەتی چیـن بەرامبـەر بـە جیهـان بـە گشـتی و بەرامبـەر بـە عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان بـە تایبەتـتر. ڕاگـوزەری مێـژووی چیـن لەگـەڵ وزە و نەوتـدا مێژوویەکـی جیـاواز و تایبەتـە. لـە پـاش شۆڕشـی چینـی، یەکێتیـی سـۆڤیەت سـەرچاوەی یەکەمـی دەسـتەبەرکاری پێداویسـتییەکانی وزەی چیـن بـوو. پاشـان پەیوەندییەکانـی ئـەم دوو دەوڵەتـە بـەرەو لاوازی هەنـگاوی نـا، تـا کار گەیشـتە ئاسـتی بەریەککەوتـن لـە ساڵی ١٩٦٩دا کـە ئەمەش هـۆکاری سـەرەکیی کۆتاییهاتنـی پەیوەندیـی نێـوان ئـەم دوو دەوڵەتـە بـوو لـە بـواری وزەدا. لـە کۆتایـی هەشـتاکاندا چینییـەکان گەیشـتنە ئـەو ڕاسـتییەی کـە دەسـتەبەرکردنی ئاسایشـی وزە دەخوازێـت لـە دەرەوەی سـنووری وڵاتەکەیـان دەسـتەبەری سـەرچاوەی وزە و نـەوت بکـەن. سـەبارەت بـە پەیوەندییەکانـی چیـن و عێـراق لـە بـواری نەوتـدا، دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵانی سـەرەتای نـەوەدەکان، ئەمـەش بـە هـۆکاری ئـەوەی چیـن هەمیشـە دژی سـزا و ئابڵووقـە ئابوورییەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و ڕۆژئـاوا بـوو دژ بـە عێـراق، ئەمـەش هۆکارێـک بـوو کـە جۆرێـک لـە پەسـەندکردن لـە لایـەن ڕژێمـی پیشـووی عێـراق بەرامبـەر بـە چیـن هەبێـت. پـاش پەسـەندکردنی بڕیـاری نـەوت بەرامبەر بـە خۆراک لـە سـاڵی ١٩٩٦ ، دەرفەتێکـی زێڕینـی بـۆ چیـن ڕەخسـاند بـۆ بەشـداریکردنی لـە کەرتـی نەوتـی عێـراق. هـەردوو دەوڵـەت لـە سـاڵی ١٩٩٧ گەیشـتنە لێکتێگەیشـتنێکی هاوبـەش کـە ڕێگـە بـە چیـن بدرێـت لـە کێڵگـەی نەوتـی ئەحـدەب وەبەرهێنـان بـکات، بـەڵام بـە هـۆکاری ناسـەقامگیریی دۆخـی سیاسـی و ئەمنـی لـە عێـراق[٣٣]. پـاش گۆڕینـی ڕژێمـی سیاسـی لـە عێـراق، دووبـارە چیـن بـە کارایـەوە بەشـداریی کـرد لـە کەرتـی نەوتـدا، لـەم چوارچێوەیەشـدا ناکرێـت پێگـەی هەرێمـی کوردسـتان نادیـدە بگیرێـت.

چیـن دووەم گەورەتریـن بەکاربـەری نەوتـە لـە جیهانـدا و ڕۆژانـە (١١.١) ملیـۆن

بەرمیل بەکار دەبات[٣٤]. لەم سۆنگەیەوە، گرنگیی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ چین پەیوەستە بە زۆریی ڕێژەی یەدەگی نەوت و گازی سروشتی. دەزگای زانیاریی وزەی ئەمەریکا یەدەگی نەوتی عێراق بە (١١٢) ملیار بەرمیل دەخەمڵێنن، کە بە پلەی دووەم دێت لە سەر ئاستی جیهان دوای دەوڵەتی سعودیە[٣٥]. لە هەمان کاتدا پشتبەست بە زانیارییەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نەوتی یەدەگی هەرێم دەگاتە (٤٥) ملیار بەرمیل[٣٦]، شەشەم گەورەترین خاوەنی یەدەگی نەوتە لە جیهاندا[٣٧]. یەدەگی غازی سەلمێنراوی هەرێمی کوردستان بە زیاتر لە (٢٥) ترلیۆن پێ سێجا مەزندە دەکرێت، ئەمەش هاوتایە بە (٢٠٪)ی کۆی یەدەگی سەلمێنراوی غاز لە سەرتاسەری عێراق[٣٨].

کۆمپانیا چینییەکان لە پێشەنگی ئەو کۆمپانیا بیانییانەن کە لە هەرێمی کوردستان لە کەرتی وزە وەبەرهێنان دەکەن. لە ئابی ٢٠٠٨دا، کۆمپانیای دەوڵەتیی نەوتی کیمیایی چین (سینۆپیک) کە دووەم گەورەترین کۆمپانیای نەوتە لە چین و گەورەترین پاڵاوگەیە لە ئاسیا، پشکەکانی کۆمپانیای ئەداکسی سویسریی بە بڕی (٧.٢٤) ملیار دۆلار کڕییەوە[٣٩]. بەم شێوەیەش سینۆپێک توانیی دوو کێڵگە نەوتیی لە هەرێم دەست بکەوێت، بە هۆکاری ئەوەی ئەداکس (٣٠٪)ی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنان لە کێڵگەی تەقتەق و (٢٦.٦٧٪)ی سوودی کارکردنی لە کێڵگەی نەوتی سەنگاو هەبوو[٤٠]. لە پاش ساڵی ٢٠٠٩، ئامادەیی کۆمپانیا چینییەکان لە هەرێمی کوردستان گەیشتە لوتکە، بە جۆرێک لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٤)؛ ژمارەی بیرەنەوتە وەبەرهێنەکان لە هەرێمی کوردستان گەیشتە ١٦ بیرەنەوت[٤١].

پاش کشانەوەی هێزی ئەمەریکا لە عێراق لە کانوونی دووەمی ٢٠١١دا، دەرفەتێکی گرنگی بۆ چین ڕەخساند کە پەرە بە پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی بدات لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە کەرتی وزە و نەوتدا. چین لە ساتی پرۆسەی ئازادیی عێراقدا پلەی شەشەمی سەر ئاستی جیهان بوو لە لایەنی ئابوورییەوە، لە ساتی کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لە عێراق پلەکەی هەڵکشا بۆ پلەی دووەمی سەر ئاستی جیهان[٤٢]. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیا چینییەکانی بواری نەوت لە عێراق براوەی زۆربەی گرێبەستە نەوتییەکانە بە بەراورد بە کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی کە کۆمپانیا چینییەکان کۆمپانیای حکومین و بەدوای قازانجدا ناگەڕێن بە پێچەوانەی کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان[٤٣].

هاوشـان لەگـەڵ کردنـەوەی کونسـوڵخانەی چیـن لـە هەولێـر، ویسـتێکی زۆر هەبـوو لـە لایـەن چینـەوە بـۆ زیادکردنـی ڕێـژەی هەناردەکردنـی نـەوت لـەو کێڵگانـەی لـە ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتاندا بـوون، کـە زیاتـر لـە دوو ملیـۆن بەرمیـل نـەوت مانگانـە هەنـاردەی چیـن دەکـرا لـە ڕێگـەی بەنـدەری جەیهانـەوە. لـە بەرامبـەردا خواسـتی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ هەناردەکردنـی نەوتـی خـاو بـۆ چیـن زیـادی کـرد، پـاش ئـەوەی کێشـە لـە نێـوان حکومەتـی هەرێـم و حکومەتـی ناوەنـد دروسـت بـوو لـە ئەنجامـی پابەندنەبوونـی حکومەتـی هەرێـم بـە ناردنـی نـەوت لـە ڕێگـەی بەغـدادەوە، لـە بەرامبـەردا حکومەتـی ناوەنـد بەشـەبودجەی هەرێمـی بـڕی لـە بودجـەی گشـتیی سـاڵانە، ئەمـەش هۆکارێکـی سـەرەکی بـوو کـە خواسـتی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ ناردنـی نەوتـی خـاو بـۆ چیـن زیـاد بـکات، بـە تایبـەت کـە نـەوت تاکـە سـەرچاوەی داهاتـی هەرێمـی کوردسـتانە(٤٤).

پەیوەندییـە بازرگانییەکانـی چیـن و هەرێمـی کوردسـتان بـەردەوام لـە هەڵکشـاندایە، بـە جۆرێـک لـە ئێسـتادا چیـن پلـەی سـێیەمین هاوبەشـی بازرگانیـی هەرێمـی کوردسـتان پێـک دەهێنێـت پـاش تورکیـا و ئێـران. کونسـوڵی گشـتیی چیـن ئامـاژەی بـەوە دا کـە سـاڵانە بـە بـڕی (٢.٥) ملیـار دۆلار شـمەک و کاڵا لـە چینـەوە هـاوردەی هەرێمـی کوردسـتان دەکرێـت، هەروەهـا جەختـی کـردەوە کـە «هەرێمـی کوردسـتان کانێکـی زێـڕە بـۆ وەبەرهێنانـی بیانـی»(٤٥). بـۆ نموونـە؛ گرووپـی کۆمپانیـای «ئەلسـەرد» (Al-Sard) کە بنکەکـەی لە هەرێمی کوردسـتانە، نزیکـەی (٣٠٪)ی کاڵاکانـی لـە کوردسـتان دەفرۆشـێت، تەنانـەت پێـش ڕووخاندنـی ڕژێمـی پێشـووی عێـراق، چیـن لـە ڕێگـەی ئێرانـەوە کاڵاکانـی هـاوردەی کوردسـتان دەکـرد(٤٦). زیاتـر لەمـەش، کۆمپانیـا چینییەکانـی بـواری پەیوەندیکـردن وەک هـواوی (Huawei) و زی تـی ئـی (ZTE) زیاتـر لـە (٨٠٪)ی پەیوەندییەکانـی کوردسـتان و عێـراق دابیـن دەکـەن، لـە ڕێگـەی سێ کۆمپانیـای گـەورەی عێراقییـەوە؛ ئاسیا سـێڵ و زەیـن و کـۆڕەک(٤٧).

لـە نوێتریـن چاوپێکەوتنـی نێـوان کونسـوڵی گشـتیی چیـن و وەزیـری بازرگانـی و پیشەسـازیی هەرێمـی کوردسـتان لـە ڕێکەوتـی ٨ی کانوونـی دووەمـی ٢٠٢٤، کونسـوڵی گشـتی جەختـی کـردەوە لـەوەی کـە لـە ئێسـتادا نزیکـەی (٦٠) کۆمپانیـای چینـی لـە هەرێمـی کوردسـتان کار دەکـەن و هـەوڵ بـۆ زیادکردنـی ئـەم ژمارەیـەش دەدەن(٤٨). بـۆ نموونـە؛ کۆمپانیاکانـی وەک (CMEC ،Sinoma-Suzhou ،Huawei) وەبەرهێنانـی فـراوان لـە هەرێمـدا دەکـەن. کۆمپانیـای (Sinoma-Suzhou) بـە تەنهـا بـڕی (١٣.٤) ملیـۆن دۆلاری لـە هەرێمـی کوردسـتان وەبـەر هێنـاوە(٤٩).

جگـە لـە بـواری بازرگانـی و نـەوت، چیـن ڕۆڵێکـی سـەرەکی و کاریگـەر لـە پـڕۆژە وەبەرهێنانەکانی هەرێمی کوردستان دەبینێت. بۆ نموونە؛ چین بە بڕی ٥ ملیار دۆلار وەبەرهێنانـی کـردووە لـە هەرێـم بـە دروسـتکردنی یەکەیەکـی نیشـتەجێبوون بـە نـاوی «Happy City»کە پێشبینی دەکرێت زیاتر لە (٨٠٠٠) هەلی کاری نوێ بڕەخسێنێت[٥٠]. لە هەنگاوێکی هاوشێوەدا، کۆمپانیایەکی چینی لە مانگی ئەیلوولی ٢٠٢٠دا داواکاریی پێشـکەش کـرد بـۆ دروسـتکردنی پڕۆژەیـەک بـە نـاوی «Touristic City» بـە بـڕی (٥) بلیـۆن دۆلار. لـەم بارەیـەوە بەڕێوەبـەری وەبەرهێنـان لـە هەولێـر ئامـاژەی بـەوە دا ئـەم پڕۆژەیـە زیاتـر لـە (٨٠٠٠) هەلـی کار دەڕەخسێنێت. زیاتـر لـەوەش، لـە مانگـی کانوونـی دووەمی ٢٠٢١دا کۆمپانیایەکی چینی بەردی بناغەی گەورەترین سەنتەری بازاڕکردنی دامەزرانـد. کونسـوڵی گشـتیی چیـن لـە هەولێـر کـە ئامـادە بـوو لـە ڕێوڕەسـمی کردنـەوەی پڕۆژەکـە، جەختـی لـەوە کـردەوە کـە پڕۆژەکـە هەنگاوێکـی بـاش دەبێـت بـۆ بەهێزکردنـی پەیوەندییەکانـی هـەردوو لا لـە بوارەکانـی ئابـووری و بازرگانـی[٥١].

هـەر چەنـدە دەیتایەکـی ورد و دروست بەردەست نییە، بـەڵام بـە هـۆکاری زیادبوونـی ڕێـژەی وەبەرهێنـان لـە لایـەن کۆمپانیـا چینییەکانـەوە؛ ژمارەیەکـی زۆر لـە هاوڵاتییانـی چیـن لـە کوردسـتان کار دەکـەن، بـۆ نموونـە: لـە سـاڵی ٢٠١٦دا نزیکـەی (٨٠٠) کرێـکار و خاوەنـکاری چینـی لـە کوردسـتان کاریـان کـردووە[٥٢].

لـە پڕۆژەیەکـی دیکـەی هاوبەشـدا، وەزارەتـی کشـتوکاڵی هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ گرووپـی نێودەوڵەتیـی کۆمپانیـای «پـاوەر چاینا»ی چینیـدا ڕێککەوتننامەی لێکتێگەیشـتینان واژۆ کـرد بـە مەبەسـتی دروسـتکردنی چـوار بەنـداو لـە هەرێـم. لـەم بارەیـەوە وەزیـری کشـتوکاڵی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان ڕایگەیانـد کە کۆمپانیـا چینییەکە گرێبەسـتێکی باشـی پێشـکەش بـە هەرێـم کـردووە بـە مەبەسـتی بنیاتنانـی بەنـداوەکان بـە تێچوویەکـی کەمتر بە بـەراورد بە کۆمپانیـا بیانییەکانـی دیکـە[٥٣].

دەتوانرێـت بوترێـت گەشـەی ئابـووری ئـەو بـوارە سـتراتیژییە باڵایـەی چینـە کـە تـا ئێسـتا سـەرکەوتووترین دەوڵـەت بـووە لـە بـوارەدا، بـە جۆرێـک چیـن هەمـوو هـەوڵ و پەیوەندییـە دیپلۆماسـییەکانی خسـتووەتە خزمەت گەشـەی ئابـووری و بازرگانـی. هەرێمی کوردسـتانیش بـەدەر نییـە لـەم هاوکێشـە و سـتراتیژییە باڵایـەی چیـن، بـە جۆرێـک بەرهەمـەکان و کاڵاکانـی وڵاتـی چیـن زۆرێـک لـە بازاڕەکانـی هەرێمـی کوردستانیان پـاوان کـردووە.

### دووەم: پایەی کولتووری و ڕۆشنبیری

چین هەوڵی داوە لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی هێزی نەرم و وەک بەشێک لە چالاکییە دیپلۆماسییەکانی لە هەرێمی کوردستان؛ پەیوەندییە زانستی و ڕۆشنبیرییەکانی لەگەڵ ئەم هەرێمە گەشە پێ بدات، ئەویش بە ڕەخساندنی هەلی خوێندن لە چین و ئاشنابوون بە زمان و کولتووری ئەو وڵاتە.

کولتوور و زمان هەمیشە بەشێکی سەرەکی و پڕبایەخی سیاسەتی نەرمەهێزی چین بووە بەرامبەر جیهان، لەم بارەیەوە سەدان دامەزراوەی کۆنفۆشیۆسی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ ناساندنی کولتوور و زمانەکەی دامەزراندووە[٥٤].

بە مەبەستی پەرەپێدانی پەیوەندییە زانستییە دوولایەنەکان، لە ساڵی ٢٠١٩ بەشی خوێندنی زمانی چینی لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر کرایەوە. لە بەرامبەردا، پلان دانراوە بۆ کردنەوەی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی بەیجینگ[٥٥]. لە بواری زانستییشدا، چین ساڵانە هەلی خوێندن و سکۆلەرشیپ پێشکەش بە خوێندکارانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات.

زمان بەشێکی دانەبڕاوە لە دیپلۆماسیەت و هێزی نەرمی چین بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، لەم بوارەدا کونسوڵخانەی چین لە ئێستادا چالاکییەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو لە فراوانبووندایە و ڕۆژانە هەواڵ و چالاکییەکان بە زمانی کوردی لە پەڕە فەرمییەکانیان لە سۆشیالمیدیا بڵاو دەکاتەوە، هەروەها خول و ڕاهێنان پێشکەش بە گەنجانی کورد دەکات بە مەبەستی ناساندنی کولتوور و زمانی چینی[٥٦].

لە نوێترین چالاکیدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی چین لە ١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ لە زانکۆی سلێمانی دامەزرا، کە ئامانجی گەشەپێدانی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی هاوبەشە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و چین لە ڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوە و چالاکیی زانستی و بەهێزکردنی پەیوەندییە کولتوورییەکان و ئەکادیمییەکان.

### سێیەم: پایەی سیاسی و ئاسایشی

پەیوەندییەکانی چین و هەرێمی کوردستان لە لایەنی سیاسیدا سنووردارە بە بەراورد بە لایەنەکانی وەک ئابووری و بازرگانی، ئەمەش بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە خودی سیاسەتی دەرەوەی چین کە پشتگیریی بزووتنە ڕزگاریخوازەکانی جیهان ناکات[٥٧]. هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری گەلی چین لە ساڵی (١٩٤٩)

ەوە، پەکین بە توندی دژی سەرجەم بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهان بووە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتیوانی بۆ دژایەتیکردنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی ناوخۆی وڵاتەکەی. چین پرۆسەی جوداخوازی (Separatism) بە یەکێک لە «سێ هێزە شەڕەنگێزەکە» ناوزەند دەکات، کە هاوتایە لەگەڵ تیرۆر و توندڕەوی. ئامانجی سەرەکیی چین بریتییە لە پاراستی یەکپارچەیی خاکەکەی لە بەرامبەر هەموو ئەو هەوڵانەی دەدرێت بۆ سەربەخۆیی، وەک: کێشەی دوورگەی تایوان و تیبت و ئیگۆرییەکان. چین هەمیشە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو نەتەوە و گەلانەی بێ دەوڵەتن، مەرج نییە دەوڵەتی سەربەخۆ پێک بهێنن[٥٨]. لە هەمان کاتدا، چین باوەڕی وایە کە جوداخوازی بە مانای بەرپابوونی جەنگ و سەرهەڵدانی ناسەقامگیری دێت لە جیهاندا[٥٩].

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی چین پشتگیری لە مافە ڕەواکانی کورد دەکات چ لە سەر ئاستی دەوڵەتی فیدراڵ یاخود بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەی تێیدایە، بەڵام پشتگیریی دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ناکات[٦٠]. دروستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکرێت لە چەند لایەنێکەوە زیان بە بەرژەوەندی و ئاسایشی نیشتمانیی چین بگەیەنێت، یەکەم: دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ئەگەری هەیە کە سەقامگیریی ناوچەکە بە گشتی بخاتە مەترسییەوە کە ئەمەش زیان بە بەرژەوەندییە ئابووری و ستراتیژییەکانی چین لە ناوچەکەدا دەگەیەنێت. لە هەمان کاتدا، سەربەخۆیی کوردستان دەکرێت پاڵنەرێک بێت بۆ بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی دیکە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی. دووەم: دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان؛ ئێران و سووریا و تورکیا و عێراق دژی سەربەخۆیی کوردستانن، لە ئەگەری پشتیوانیکردنی چین لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بەرژەوەندی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا زیانی بەر دەکەوێت. سێیەم: دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەوڵەتێک دەبێت کە هاوپەیمانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا دەبێت، ئەمەش بە مانای کەمکردنەوەی ڕۆڵی چینە لە ناوچەکەدا و تا ڕادەیەکی زۆر بەرژەوەندییە ئابووری و ستراتیژییەکانی چین لە ناوچەکە بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز دەکات[٦١].

لە بەر ڕۆشنایی ئەم هۆکارانەدا، پشتگیرینەکردنی چین بۆ ڕێفراندۆمی هەرێمی کوردستان جێگەی سەرسوڕمان نەبوو. لە کاتێکدا سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان

بانگەشـەی ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمیـان کـرد لـە ١٥ی ئەیلوولـی ٢٠١٧دا، وەزیـری دەرەوەی چیـن نیگەرانییەکانـی دەوڵەتەکـەی بەرامبـەر بـە هەرێمی کوردسـتان بـۆ بوون بـە دەوڵەتێکی سـەربەخۆ نەشـاردەوە، بـە ئاشـکرا ڕایگەیانـد کـە چیـن پشـتگیریی پرسـی ڕیفرانـدۆم ناکات، لـە بەرامبـەردا خواسـتیان بوونـی عێراقێکـی یەکگرتـوو و یـەک پارچەیـە[٦٢].

سـەبارەت بـە بـواری ئاسایشــی سـەربازی، تـا ڕادەیەکـی زۆر پەیوەندییەکانـی ئـەم دوو لایەنـە سـنووردارە، هـەر چەنـدە لـە مـاوەی سـەرهەڵدانی داعـش لـە ناوچەکـە و چڕکردنـەوەی هێرشـەکانی بـۆ هەرێمـی کوردسـتان، چیـن پشـتیوانیی خـۆی بـۆ کـورد لـە شـەڕی دژ بـە داعـش دەربـڕی. لـە هەمـان کاتـدا، چیـن بـە شـێوەیەکی نافەرمـی کوردانـی باشـوور و ڕۆژئـاوای بـە چەکـی چینـی پڕچـەک کـرد[٦٣]. جگـە لەمـەش، لـە مـاوەی هێرشـەکانی داعـش بۆ هەرێمـی کوردسـتان، بـەردەوام چیـن هاوکاریـی مرۆیـی پێشـکەش بـە کوردسـتان کـردووە[٦٤].

هـاوکاری و پەیوەندییـە ئاسایشـییەکانی چیـن بەرامبـەر بـە هەرێمـی کوردسـتان، زیاتـر لـە بـواری ئاسایشـی تەندروسـتیدا بەرجەسـتە بـووە. بـۆ نموونـە؛ هـاوکات لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی پەتـای کۆرۆنـا (COVID-١٩)، دەرفەتـی ڕەخسـاند بـۆ چیـن بـە مەبەسـتی بەهێزکردنـی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، بـە شـێوەیەکی بەرچـاو دەسـتەبەرکاری ئاسایشـی تەندروسـتیی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و لـە نێویشـیدا هەرێمـی کوردسـتان بـوو کـە بـە دیپلۆماسـیەتی دەمامـک (Mask Diplomacy) ناوزەنـد کـرا.

هـەر لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی پەتـای کۆرۆنـا، چیـن هاوکارییەکانـی بـەردەوام بـوو بـۆ دەوڵەتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کـە بـە ڕزگارکـەری ناوچەکـە ناسـێنرا. لـە هەمـان کاتـدا، چیـن پێداویسـتی و کەلوپەلـی تەندروسـتیی پێشـکەش بـە هەرێمـی کوردسـتان کـرد. لـەم بارەیـەوە وەزیـری تەندروسـتیی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان ڕایگەیانـد کـە «چیـن هاوڕێـی تەنگانـەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانە»[٦٥].

بـە تێڕوانیـن لـە پایەکانـی بەهێزکردنـی پەیوەندییـە دیپلۆماسییەکانی چیـن و هەرێمـی کوردسـتان، دەردەکەوێـت کـە پایـەی ئابـووری و بازرگانـی لـە ئاسـتی بـاڵای گرنگیپێدانـی چیـن دێـت بەرامبـەر بـە هەرێـم. هـەر چـی پایـەی کولتـووری و ڕۆشـنبیری و سیاسـی و ئاسایشـە، ڕیزبەندیـی دووەم و سـێیەمیان لـە دیپلۆماسـیەتی چیـن بەرامبـەر هەرێـم گرتـووە.

## باسی سێیەم: سیناریۆکانی ئایندەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان و چین

لەم باسەدا، لە ڕێی یەکێک لە تەکنیکە باوەکانی ئەنجامدانی توێژینەوە ئایندەییەکانەوە کە بریتییە لە سیناریۆ (Scenario)، هەوڵی خوێندنەوەی ئایندەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان و چین دەدەین.

### یەکەم: سیناریۆی بەردەوامی

ئەم سیناریۆیە لە سەر ئەم گریمانەیە وەستاوە: «ئەگەر چین و هەرێمی کوردستان لە ئاستی ئێستای گرنگیدانیان بە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان لە ڕووی پایەی ئابووری و کولتوری و زانستی و سیاسی و ئاسایشییەوە بەردەوام بن و بەغدا گرفتی یاسایی و سیاسیی بۆ ئەو پەیوەندییانە دروست نەکات، ئەوا پەیوەندییەکانیان لە قووڵبوونەوە و فراوانبوون بەو ڕەوتەی کە ئێستا هەیەتی؛ بەردەوام دەبێت«.

بە چەند خاڵێک ئەم سیناریۆیە زیاتر ڕوون دەکەینەوە:

١. چین و هەرێمی کوردستان ئەگەر لە ڕەوتی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانیان لە ڕووی ئابووری و بازرگانییەوە وەک ئەوەی کە تا ئێستا هەیە؛ بەردەوام بێت، ئەوا قەبارەی بازرگانیی نێوانیان زیاتر دەبێت و بەرژەوەندیی گەورە لە نێوان هەردوو لادا زیاتر دەبێت و چین هەرێمی کوردستان دەکاتە هەرێمێکی گرنگ بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانی لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاری و ڕێگاوبان و ئامرازەکانی گواستنەوە و بواری تەندروستی. هەرێمی کوردستانیش بە نرخێکی کێبڕکێکار و تا ڕادەیەک هەرزانتر لە وڵاتانی دی، دەستی بە کاڵا و شمەک و خزمەتگوزاریی چینیدا ڕادەگات، بەمەش لە فشاری وڵاتانی دی ڕزگاری دەبێت.

٢. جگە لەمە، چین ژمارەی فێرخوازانی کورد لە زانکۆکانی خۆی و ناوەندەکانی توێژینەوەی وڵاتەکەی لە زانکۆکانی هەرێم زیاتر دەکات و هەوڵی بڵاوکردنەوەی کولتوور و بەهای چینی و زمانەکەی بەهێزتر دەکات، بەمانەش زیاتر لە ناوەندی جەماوەری و بڕیاربەدەستان و گەنجانی بڕیاربەدەستی ئایندەی هەرێم نزیکتر دەبێتەوە و بۆ قووڵکردنەوەی پەیوەندییەکان لێی بەهرەمەند دەبێت.

٣. هەروەها چین لە بواری سیاسی و ئاسایشیدا هەوڵی برەودانی زیاتر بە

پتەوکردنـی پەیوەنـدی و هەماهەنگیـی زیاتـر دەدات و بایەخـی زیاتـر بـە ئاسایشـی خۆراک و تەندروستی لەگـەڵ هەرێم دەدات، لـە ئاینـدەی پڕ لـە مەترسیی بڵاوبوونەوەی هاوشـێوەکانی کۆڤیـد نـۆزدەدا چیـن پێگـەی خـۆی زیاتـر لەگـەڵ هەرێـم پتەوتـر دەکات.

٤. هـەر چەنـدە چیـن مامەڵـەی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ هەرێـم نـاکات، بـەڵام زیاتـر بوونـی پەیوەندییـە ئابـووری و بازرگانـی و زانسـتی و فەرهەنگییـەکان وا دەکـەن کـە چیـن لـە سـلێمانییش کونسـوڵخانەی خـۆی بکاتـەوە، بـە تایبـەت کـە چیـن هاوپەیمانـی وڵاتـی ئێرانـە و سـلێمانییش لـەو وڵاتـەوە لـە ڕووی سیاسـی و جوگرافییـەوە هاوسـنوور و نزیکـە.

٥. بـە پێـی ئـەم سـیناریۆیە، بەغـداد بـە هـۆی پشـتیوانیی وڵاتانـی زلهێـزەوە ناتوانێـت هەرێمـی کوردسـتان تـەواو سـنووردار بـکات و هەرێـم مامەڵەکانـی لـە ڕێـی باڵوێزخانـەی چینـەوە لـە بەغـداد پـەرە بـە پەیوەندییەکانـی خـۆی لەگـەڵ چیـن دەدات.

## دووەم، سیناریۆی پاشەکشە و داڕمان

ئـەم سـیناریۆیە لـە سـەر ئـەم گریمانەیـە وەسـتاوە: «ئەگـەر هەرێمـی کوردسـتان لـە ڕووی پەیوەندییـە دەرەکییەکانیـەوە لـە لایـەن بەغـداوە سـنووردار بکرێـت و حکومەتـی چیـن لـە ڕێگـەی بەغـداوە هەمـوو چالاکییـە دیپلۆماسـی و کونسـوڵییەکانی بەڕێـوە ببـات و کونسـوڵخانەی خـۆی لـە هەولێـر دابخـات و ناکۆکییـە ناوخۆییەکانـی هەرێـم پـەرە بسـێنن و گرفتەکانـی حوکمڕانـی فـراوان بـبن، ئـەوا پەیوەندییـە دیپلۆماسـییەکانیان پاشەکشـە دەکات و پایەکانـی پەیوەندییەکانیـان لاواز دەبـن».

بـە پێـی ئـەم سـیناریۆیە، کەموکـووڕی و دژیەکـی و گرفتەکانـی ئـەو پەیوەندییـە وردەوردە دەردەکـەون و کێشـە بـۆ ئـەو پەیوەندییانـە سـەر هەڵـدەدەن، سـەرئەنجام پەیوەندییـەکان لـە ئاسـتی ئێسـتایاندا نامێننـەوە و بـەرەودواوە هەنـگاو دەنێـن و لاواز دەبـن، یاخـود تێـک دەچـن.

ئـەم سیناریۆیە کاتێـک ڕوو دەدات کـە لە سـەر چەنـد ئاسـتێکی جیـاواز ڕووداوەکان بە ئاڕاسـتەی پاشەکشـێدا بچـن. بـە چەنـد خاڵێـک دەتوانیـن زیاتـر ڕەهەنـدە جیاوازەکانـی ئـەم سـیناریۆ مەترسـیدارە ڕوون بکەینـەوە:

١. گـۆڕاوی سـەرەکی و مەترسـیداری ئـەم سـیناریۆیە پەیوەسـتە بـە مامەڵـەی داهاتـووی بەغـدا لەگـەڵ پرسـی پەیوەندییەکانـی دەرەوەی هەرێـم، کـە بـە پێـی ئاماژەکانـی حوکمـی دادگای بـاڵای فیدراڵیـی ژمـارە (٢٢٤)ی (٢٠٢٤/٢/٢١)[٦٦] سـەبارەت

بـە مووچـەی مووچەخۆرانـی هەرێـم، کـە تێیـدا جەخـت لـەو مـادە دەسـتوورییانە دەکاتـەوە کـە پەیوەندییـە دەرەکییەکانیـان تەنهـا بـە تایبەتمەندیی فیدراڵـی دانـاوە، کـە ڕەنگـە لـە داهاتـوودا، لـە ئەگـەری پێشکەشـکردنی هـەر داوایـەک لـە دژی فەرمانگـەی پەیوەندییەکانـی دەرەوەی هەرێـم و هـەر چـوارده نوێنەرایەتییەکـەی هەرێـم لـە دەرەوە، بـە بڕیارێکـی ئـەو دادگایـە هەموویـان دابخرێـن، ئەمـەش کاریگەریـی نەرێنیـی لـە سـەر کـۆی جووڵـە دیپلۆماسـییەکانی هەرێـم دەبێـت و پەیوەندیـی چیـن و هەرێمیـش لێـی بێبـەش نابێـت.

٢. شانبەشـانی ئـەو پێشـهاتە، چیـن ڕەنگـە ئاسـتی کونسـوڵخانەی خـۆی لـە هەرێـم نـزم بکاتـەوە بـۆ پلـەی کونسـوڵخانە، یـان بریـکاری کونسـوڵی، یاخـود کونسـوڵی فەخـری و زۆربـەی کاروبـارەکان بباتـەوە بەغـدا.

٣. لـە ئەگـەری بەردەوامبوونـی پارتەکانـی دەسـەڵات لـە ناکۆکـی و ململانـێ، لـەو دۆخـە ئاشـتییە فشـەڵەی کـە هەرێمـی پێـدا تێدەپەڕێـت، ئەگـەری دووبـارە دەسـتپێکردنەوەی جەنگـی ناوخـۆ و دابەشـبوونی هەرێـم بـۆ دوو ئیـدارە، گۆڕاوێکـی تـری مەترسـیداری ئـەم سـیناریۆیەن.

٤. دوابـەدوای ئـەم دوو گـۆڕاوە، ئەگـەری لاوازبوونـی پەیوەندیـی دیپلۆماسـی و پاشەکشـەی چیـن لـە ناوچەیەکـی لاواز لـە ڕووی سیاسـییەوە و نائـارام لـە ڕووی ئاسایشـەوە ئەگەرێکـی زۆر بەهێـز دەبێـت و ڕەنگـە پەیوەندییـەکان بباتـەوە چوارچێـوەی یەکـەم.

٥. بەمـەش هەمـوو پایـە کولتـووری و زانسـتی و ئابـووری و بازرگانییەکانـی تریـش پاشەکشـە دەکـەن.

### سێیەم: سیناریۆی چاکسازی و بەرەوپێشچوون

سـیناریۆی سـێیەم پشـت بـە گریمانەیـەک دەبەسـتێت کـە ناوەرۆکەکـەی بریتییـە لـەوەی کـە: «ئەگـەر گـۆڕان لـە ڕژێمـی سیاسـیی چینـی و دۆخـی سیاسـی و کیانـی هەرێمی کوردسـتاندا ڕوو بـدات، بـە وەرگرتنـی سـەربەخۆیی، یاخـود بـوون بـە هەرێمێکـی کۆنفیدراڵـی لـە عێراقـدا و لـە هەمـان کاتـدا بڕیاربەدەسـتانی چیـن و هەرێمـی کوردسـتان گرنگیـی زیاتـر بـە قووڵکردنـەوەی پەیوەندییـە دیپلۆماسـییەکانیان بـدەن و لـە ڕووی ئاسـۆیی و سـتوونییەوە بەرەوپێشـەوەی ببـەن، ئـەوا هەرێمـی کوردسـتان نوێنەرایەتیـی دیپلۆماسـیی لەگـەڵ چیـن ئاڵوگـۆڕ دەکات و پەیوەندییەکانیـان بەرەوپێشـچوونی تـەواو

بەخۆیانــەوە دەبینــن«.

ئەم سیناریۆیە لە سەر چەند گۆڕاوێک وەستاوە:

١. لــە ســەر ئاســتی چیــن: ئەگــەر گۆڕانــکاری لــە ڕژێمــی فەرمانڕەواییــدا ڕوو بــدات و کرانــەوەی زیاتــر بــە ڕووی چاکســازی و چارەســەری کێشــەی تایــوان و دانپێداناتــی هەبێــت، لــە بەرانبــەردا چیــن لــە ڕووی ئابــووری و پێگــەی سیاسییشــەوە لــە ســەر ئاســتی جیهانــی زیاتــر بچێتــە پێشــەوە، ئــەوا زیاتــر پــڕۆژە ســتراتیژییە جیهانییــە سیاســی و ئابوورییەکانــی چــالاک دەکات، بــە تایبــەت لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و عێــراق و هەرێمــی کوردســتانیش. بۆیــە هەوڵــی ئــەوە دەدات کــە بەرژەوەندییەکانــی لــە جیهانــدا جــێ بکاتــەوە، لــە ڕەهەنــدە و بــوارە جیاوازەکانیــەوە.

٢. لــە ســەر ئاســتی هەرێمــی کوردســتان: ئەگــەر هەرێــم بــە لەبەرچاوگرتنــی خەباتــی گەلەکــەی و پاڵپشــتیی نێودەوڵەتیــی بەهێــز بــۆ ئەزموونەکــەی لــە ناوچەکــەدا ســەربەخۆیی وەرگــرت، یاخــود لانــی کــەم بــوو بــە هەرێمێکــی کۆنفیدراڵــی لــە عێراقــدا و بــوو بــە خاوەنــی دەســتووری خــۆی لــە ســەر ئاســتی ناوخــۆ و جۆرێــک لــە شــەرعیەتی نێودەوڵەتــی، ئیــدی بــە وەرگرتنــی ئەندامێتــی بێــت لــە نەتــەوە یەکگرتــووەکان، یاخــود بــە بەهێزبوونــی پێگەکــەی بێــت لــە نــاو عێراقــدا، ئــەوا یەکێــک لــە بــژاردە ســەرەکی و بەهێزەکانــی بڕیاربەدەســتانی؛ پتەوکردنــی پەیوەندیــی سیاســی و دیپلۆماســی و ئابــووری و زانســتی و فەرهەنگــی دەبێــت لەگــەڵ چیــن.

هــەر چەنــدە ڕەنگــە هاتنەدیــی ئــەم ســیناریۆیە بــۆ خوێنــەر لــە ئێســتادا ئەگەرێکــی لاواز بێــت، بــەڵام لێــرەدا، بــۆ داڕشــتنی ئــەم جــۆرە ســیناریۆیە، پشــت بــە بیرۆکــە، یــان تیــۆری «قــوو یــان ســوانی ڕەش» (البجعــة الســوداء - Blacksuan)(٦٧)ی «نەســیم نیکــۆلا تالیــب» (Nassim Nicholas Taleb) بەســتراوە، کــە پێــی وایــە ئەگــەری هەندێــک پێشــهات لاواز دەردەکەوێــت، بــەڵام کاتێــک ڕوو دەدەن، کاریگەرییــان زۆر بەهێــز دەبێــت. بــۆ نموونــە جەنگــە جیهانییــەکان، ڕووخانــی یەکێتیــی ســۆڤیەت و ڕووداوەکانــی ١١ی ســێپتەمبەر و قەیرانــی ئابووریــی جیهانــی، کــە وەکــوو قــوو یــان ســوانی ڕەش، کــە دەگمەنــن، وا دەزانرێــت نابینرێــن، بــەڵام کــە دەرکەوتــن؛ کاریگەریــی گــەورە دروســت دەکــەن.

بــەو پێیــەی ئەســتەمە بتوانینلــە پرســی ئایندەناســیدا گرفتــی نادڵنیایــی (اللایقیــن)

تێبپەڕێنین، لە بەر ئەوەی هۆکار و سەرچاوەی نادڵنیایی زۆرن، ئەوا باشترین مامەڵە لەگەڵ نادڵنیاییدا لە لایەن بڕیاربەدەستانەوە بریتییە لە گۆڕینی نادڵنیاییەکان لە مەترسیی ڕاستەقینەوە بۆ نادڵنیایی بێترس و ئارام (آمن)، یان بۆ دەرفەت، لە پێناو خۆبەهێزکردن و پەرەدان بە دامەزراوە و هەنگاونان بە متمانەوە بەرەو ئاییندە[٦٨].

## دەرەنجام

دیاردەی بەجیهانیبوون و گەشەسەندنی هۆکارەکانی گواستنەوە و پەیوەندیکردن ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ لەپێشینەدانانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لە سیستمی نێودەوڵەتیدا. هەر چەندە هەر ئەکتەرێکی نێودەوڵەتی هێندەی قەبارە و هێزی خۆی پشکی لەم پەیوەندییانەدا بەر دەکەوێت، بەڵام ئەوەی نکۆڵیی لێ ناکرێت چ دەوڵەتی خاوەن سەروەری چ کیان و هەرێمە نادەوڵەتییەکان؛ بەشێکی دانەبڕاون لە تۆڕی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان.

لەم چوارچێوە و فۆڕمەشدا هەر چەندە هاوکێشەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی چین و هەرێمی کوردستان ناپارسەنگە، کە دوو ئەکتەری جیاواز لە هێز و پێگە و کاریگەرین، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە بەئەنجامگەیاندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان کارێکی ئەستەم و مەحاڵ بێت، بەڵکوو بەرژەوەندیی هاوبەش کۆکەرەوەی هەردوو ئەکتەرەکەیە.

هەرێمی کوردستان پاشخانێکی مێژوویی پتەوی نییە لە چالاکی و پەیوەندییە دەرەکییەکانی، بە فەرمی ناساندنی پەیوەندییەکانی ئەم هەرێمە لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدایە، بەڵام جیۆپۆلەتیک و بەردەستبوونی سەرچاوەکانی وزە خوڵقێنەر و پاڵنەری گەشەسەندنی پەیوەندییە دەرەکییەکانیەتی. لە بەرامبەردا، چین وەک زلهێزێکی نوێی جیهان و کاریگەر لە هاوکێشەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لە سەرتاسەری جیهان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەت، لە پێشینەی ستراتیژییە نزیکمەودا و دوورمەوداکانی داناوە، لەم نێوەندەشدا هەرێمی کوردستان پەراوێز نەخراوە.

## ڕاسپاردەکان

لەسـەر بنەمـای خوێندنـەوە و شرۆڤەکردنـی سـەرچاوە زانسـتییەکان، توێژینەوەکـە گەیشـتووەتە کۆمەڵێـک دەرئەنجـام، لـە گرنگترینیـان:

١. هـەر چەنـدە پەیوەندییـە فەرمییـە دیپلۆماسـییەکانی چیـن و هەرێمـی کوردسـتان پاشـخانێکی مێژوویـی قووڵـی نییـە، چیـن لـە ئێسـتادا هەرێمـی پەراوێـز نەخسـتووە، بـە تایبـەت لـە دوای ڕووخاندنـی ڕژێمـی پێشـووی عێـراق و نووسـینەوەی دەسـتووری نـوێ، دەرفەتـی گەشەسـەندنی پەیوەندییـە فەرمییـە دوولایەنـەکان ڕەخسـا.

٢. لاسـەنگییەکی بەرچـاو لـە پەیوەندییـە سیاسـی و دیپلۆماسـییەکانی نێـوان چیـن و هەرێمـی کوردسـتان لـە لایـەک و پەیوەندییـە ئابـووری و بازرگانییـەکان لـە لایەکـی دیکـە بـەدی دەکرێـت، دەیتـا و زانیارییە بەردەسـتەکان دەرخـەری ئـەو ڕاسـتییەن کـە تـا هەنووکـە پەیوەندییـە سیاسـی و دیپلۆماسـییەکانی نێـوان چیـن و هەرێمی کوردسـتان وەک پێویسـت نیـن و لـە ئاسـتی چاوەڕوانییەکانـدا نییـە. بـە بـەراورد بـە پەیوەندییـە سیاسـی و دیپلۆماسـییەکان، پەیوەندییـە ئابـووری و بازرگانییەکانـی چیـن و هەرێمـی کوردسـتان لـە قۆناغێکـی گەشەسـەندوودایە.

٣. بـە پشتبەسـتن بـە ڕەگـەزی نادڵنیایـی لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان لـە لایـەک و ناجێگیریـی دۆخـی سیاسـی و ئابـووری و دەسـتووریی هەرێـم کوردسـتان لـە لایەکـی تـر و ناسـەقامگیریی پەیوەندییەکانـی نێـوان بەغـدا و هەولێـر لـە لایەکـی تـرەوە، پێشـبینیکردنی ئاینـدەی پەیوەندییـە دیپلۆماسـییەکانی هەرێـم کارێکـی سـانا نییـە و چەندیـن مـەرج و بـارودۆخ و گـۆڕاوی نێوخۆیـی هەرێـم و عیـراق و چیـن و ناوچەکـە و جیهانیـش کاریگەرییـان لـە سـەر ئاراسـتەکانی سـیناریۆ ئایندەییـەکان دەبێـت.

٤. ئـەم توێژینەوەیـە پشـتی بـە ڕێسـای «ئەگـەر - ئـەوا» بەسـتووە بـۆ داڕشـتنی گریمانـەی سـیناریۆکان، کـە تێیـدا ئەگـەری ڕوودانـی هـەر سـیناریۆیەک وابەسـتەی ڕوودانـی چەنـد ئەگەرێکـە بەیەکـەوە، لێرەشـەوە هەمـوو سـیناریۆکان بـە ڕووی ئاینـدەدا کـراوەن، بـە بەردەوامـی بێـت بـە دۆخـی ئێسـتا، یـان داڕمانـی پەیوەندییـە دیپلۆماسـییەکان، یاخـود گۆڕانـکاری و چاکسـازی، مەبەسـتی سـەرەکییش لێـرەدا دۆزینـەوەی ئایندەکانـی

ئـەو پەیوەندییانەیـە و بەرچاوڕوونکردنـی بەرپرسـانە بـۆ هەنگاونـان بـەرەو ئاینـدەی خـوازراوی خۆیـان و قۆسـتنەوەی دەرفەتـەکان و خۆپاراسـتن لـە سـیناریۆی مەترسـیدار و هەڕەشـەکانی، ئەمـەش دنیابینیـی نـوێ و کاری جددیـی پێویسـتە.

لێـرەوە، لـە پێنـاو هەنگاونـان بـۆ برەودانـی زیاتـری پەیوەندییـە دیپلۆماسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتان و چیـن، کۆمەڵێـک پێشـنیاز دەخەینـە ڕوو:

١. دروسـتکردنی زیاتـری بەرژەوەندیـی ئابـووری و بازرگانـی لـە بـوارە جیاجیاکانـدا بـۆ چیـن لـە هەرێمـی کوردسـتان و هەوڵـدان بـۆ بەشـداریکردنی کارا لـە پـڕۆژەی «ڕێـگای ئاوریشـمی نـوێ».

٢. هەوڵدان بۆ کاراکردنی بڕگـەی (٤) لـە مـادەی (١٢١)ی دەستووری عێراق بـۆ هەرێم، کـە ڕێگـە دەدات حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان نووسـینگەی لـە کونسـوڵخانەکانی عێراق لـە دەوڵەتـە بیانییـەکان هەبێت. بـە کاراکردنـی ئـەم مـادە دەسـتوورییە، هەرێـم دەتوانێت نووسـینگەی تایبـەت بـە خـۆی لـە چیـن دابمەزرێنێـت، بەمـەش پەیوەندییـەکان لـە ڕووی گەشـەپێدان و کولتـووری و زانسـتییەوە زیاتـر بەرەوپێـش دەچێـت، ڕایەڵەکانـی پەیوەندیـی باشـتر دەبـن.

٣. بەهێزکردنـی پەیوەندییـە ڕۆشـنبیری و زانسـتییەکان لەگـەڵ وڵاتـی چیـن، لـە ڕێگـەی پێدانـی دەرفەتـی زیاتـر بـە فێرخـوازان و توێژەرانـی کوردسـتان بـۆ تەواوکردنـی خوێنـدن و ئەنجامدانـی توێژینەوەکانیـان لـەم وڵاتـە، کـە ئەمـەش بناغەی ئاڵوگـۆڕی زمـان و کولتـوورە و سـەرچاوەی سـەرەکیی نەرمەهێـزە و پایـەی بەهێزبوونـی پەیوەندییـە دیپلۆماسـییەکانە.

٤. هەوڵـدان بـۆ کردنـەوەی کونسـوڵخانەی چیـن لـە شـاری سـلێمانی کـە هانـدەری چالاککردنـی پەیوەندییـە دیپلۆماسـییە دووقۆڵییـەکان دەبێـت و پەیوەندییـەکان دەباتـە قۆناغێکـی باڵاتـرەوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. ئەردەڵان عەبدوڵا (٢٠١٠)، چین زلهێزی نوێی جیهان، هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس، ل١٨، ١٥٤، ١٦٣، ١٦٤.
٢. زریان ڕۆژهەڵاتی (٧-١٢-٢٠٢٢)، «کوردستان و ململانێ گەورەکەی جیهان»، بەردەستە لە: کوردستان و ململانێ گەورەکەی جیهان | ڕووداو.نێت (rudaw.net) مێژووی سەردان: (٢٠٢٤/٢/١٢).
٣. مديرية الدراسات الإستراتيجية (كانون الثاني ٢٠٢٤)، «المواكبة الشهرية لشؤون الصين»، المركز الإستشاري للدراسات والتوثيق، ص١١، ١٢.
٤. زریان ڕۆژهەڵاتی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.
5. Robert A. Pape (2005) “Soft Balancing against the United States”, International Security, Vol. 30, No. 1., p.17.
6. Samuel P. Huntington (1999) “The Lonely Superpower”, Foreign Affairs, Vol. 78, No. 2, p.36-37.
7. Stephen M. Walt (2011) “The End of the American Era”, The National Interest, No. 116, p.9.
8. John J. Mearsheimer (2001) “The Tragedy of Great Power Politics”. New York: W. W. Norton & Company, Inc., p.400-401.
9. John Mearsheimer (17 September 2004) “Why China’s Rise Will Not Be Peaceful”. Available at: http://mearsheimer.uchicago.edu/pdfs/A0034b.pdf (Accessed: 20/2/2024)
١٠. د. سەردار عەزیز (٢٠٢١/٦/٣)، «ئێران و چین؛ دەوڵەتی شارستانی». Rudaw Research Center. بەردەستە لە: ئێران و چین؛ دەوڵەتی شارستانی (rudawrc.net)مێژووی سەردان: (٢٠٢٤/٢/١٣)، ل٣.
١١. مديرية الدراسات الإستراتيجية، مصدر السابق، ص٧.
١٢. Sun Degang (2019), “China’s Whole-of-Region Diplomacy in the Middle East”, China Quarterly of International Strategic Studies, Vol. 5, No. 1, p.51, 56.
١٣. دیبیکا ساراسواس (تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢)، «فاکتەری ئابووری و جیۆپۆلەتیکی لە پەیوەندییەکانی نێوان چین و ئێران»، وەرگێڕان و ئامادەکردنی: تەحسین وسوو عەبدوڵا. وەرزنامەی ئێراناسی، ژمارە (٥)، ساڵی دووەم، ل٦٨.
14. Mohammed Shareef, Ibid, p.71.
١٥. چاوپێکەوتنی باخان ئاکۆ نەجمەدین لەگەڵ د. محەمەد سابیر (٢٠٢٤/٢/٢٠)، سلێمانی.
١٦. ڕووداو دیجیتاڵ (٢٠٢١/٩/١)، «القنصل التجاري الصيني: إقليم كوردستان بمثابة منجم ذهب للمستثمرين الأجانب». متاح على الرابط الآتي: القنصل التجاري الصيني: إقليم كوردستان بمثابة منجم...| ڕووداو.نیت (rudawarabia.net) تاريخ الزيارة: (٢٠٢٤/١٥/٢)
١٧. پەیمان محەمەد (٢٠٢٣/١٠/١٩)، «باڵوێزی عێراق لە چین: ئاڵوگۆڕی بازرگانیمان لەگەڵ چین دەگاتە ٥٠ ملیار دۆلار»، ڕووداو دیجیتاڵ. بەردەستە لە: باڵیۆزی عێراق لە چین: ئاڵوگۆڕی بازرگانیمان لەگەڵ... | ڕووداو.نێت (rudaw.net) مێژووی سەردانکردن:) ٢٠٢٤/٢/٩)

١٨. دەستووری کۆماری عێراق، ٢٠٠٥.
١٩. ماڵپـەڕی فەرمیـی فەرمانگـەی پەیوەندییەکانـی دەرەوەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان. بەردەسـتە لـە: حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان | فەرمانگـەی پەیوەندییەکانـی دەرەوە (gov.krd) مێژووی سـەردانکردن: (٢٠٢٤/٢/١٩)
٢٠. د. دانـا عەلـی سـاڵح بەرزنجـی (٢٠٢٠)، پەیوەندییـە دیپلۆماسـی و کونسـوڵییەکان، سـلێمانی، چاپخانـەی پاشـا، ل(٣٣٠-٣٣١).
21. Mohammed Shareef, Ibid, p. 87.
22. Sercan Çalı�kan (9/2/2021), "Growing Chinese Influence in the Kurdistan Regional Government in Iraq", Center for Middle Eastern Studies. Available at: ORSAM-Center for Middle Eastern Studies (Accessed: 13/2/2024)
٢٣. Ibid.
٢٤. صحيفـة الاسـتقلال (٢٠٢٢/٦/٦)، «تطـورات سريعـة.. هكـذا توسـع الصـين نفوذها في إقليم كردسـتان العـراق». متـاح عـلى الرابـط الآتي: تطـورات سريعـة.. هكـذا توسـع الصـين نفوذهـا في إقليـم كردسـتان العـراق | صحيفـة الاسـتقلال (alestiklal.net)تاريـخ الزيـارة: ( ٢٠٢٤/٢/١٨)
25. Mohammed Shareef, Ibid, p. 85.
٢٦. الدكتـور ياسـين محمـود چۆمانـی (٢٠٢٢)، الدبلوماسـية الموازيـة بـين النظريـة والتطبيـق دراسـة حالـة إقليـم كوردسـتان، أربيـل: مكتـب التفسـير للطبـع والـشر، ص٣٩٧، ٣٩٨، ٣٩٩، ٤٠٦
٢٧. محمـد اسـماعيل جليـل (٢٠٢٣)، کاریگەریـی جەنگـی داعـش لـە سـەر پەیوەندییەکانـی دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان - عێـراق لـە ساڵانی (٢٠١٤-٢٠٢٢)، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی زانسـتە سیاسـییەکان، زانکـۆی سـەڵاحەدین، هەولێـر، هەرێمـی کوردسـتان - عێـراق، لA ١٦٥ - A١٦٩.
٢٨. ڕووداو دیجیتـاڵ (٢٠٢٣/١٠/٢٤)، «سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان و کونسـوڵی نوێـی چیـن لـە هەولێـر کـۆ بوونـەوە». بەردەسـتە لـە: سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان و کۆنسـوڵی نوێـی چیـن لـە... | ڕووداو.نێـت (rudaw.net) مێـژووی سـەردانکردن: (٢٠٢٤/٢/١٠)
٢٩. شـفق نيـوز (٢٠٢٤/١/٢٤)، «الصـين تفتتـح مركـزاً لإصـدار تأشـيرات الدخـول في إقليـم كرسـتان». متـاح عـلى الرابـط الآتي: الصـين تفتتـح مركـزاً لإصـدار تأشـيرات الدخـول في إقليـم كوردسـتان - شـفق نيـوز (shafaq.com) تاريـخ الزيـارة: (٢٠٢٤/٢/١٢)
٣٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ د. محەمەد سابیر، هەمان سەرچاوەی پێشوو.
31. Sardar Aziz and Mohammed Shareef, Ibid, p.209.
٣٢. Ibid.
٣٣. سـەردار عەزیـز (٢٠٢٣/١١/٢٦)، «چیـن و نەوتـی عێـراق». بەردەسـتە لـە: چیـن و نەوتـی عێـراق | Zed Pressمێژووی سـەردانکردن: (٢٠٢٤/٢/١١)
٣٤. Mohammed Shareef, Ibid, p.٧١.
٣٥. هیـوا عەزیـز سـەعید و هۆشـمەن عەتـا مەحمـوود (٢٠٢٣)، «گەشـەکردنی هەژموونی چیـن لـە عێـراق لـە سـایەی باڵادەسـتیی ئەمەریـکادا (٢٠٠٣-٢٠١٣)، مجلـة جامعـة التنميـة البشريـة، المجلـد ٩، العـدد ٤، ل٥٧.
٣٦. ماڵپـەڕی فەرمیـی وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکانی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان. بەردەسـتە لـە: حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان | وەزارەتـی سـامانە سروشـتیەکان (gov.krd) مێـژووی سـەردانکردن:

(٢٠٢٤/٢/٢٢)
37. Mohammed Shareef, Ibid, p. 78.
٣٨. یاسین تەها (٢٠٢٣/٤/٧)، «هەرێمی کوردستان لە دەروازەی ‹ئۆڤاکۆی› دا»، دامەزراوەی میدیایی درەو. بەردەستە لە: Draw Media مێژووی سەردانیکردن: (٢٠٢٤/٢/١٦)
39. Haider Hamood Radhi Al-SHAFIY (2015), "CNPC, CNOOC and SINOPEC in Iraq: Successful Start and Ambitious Cooperation Plan", Journal of Middle Eastern and Islamic Studies (in Asia), vol. 9, No. 1, p.93.
٤٠. هیوا عەزیز سەعید و هۆشمەن عەتا مەحموود، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.
41. Samuel Ramani (2017), "China in the Middle East: The Iraqi Kurdish Question". Available at: China in the Middle East: The Iraqi Kurdish Question – The Diplomat (Accessed: 1/2/2024)
٤٢. هیوا عەزیز سەعید و هۆشمەن عەتا مەحوود، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

٤٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ د. سەردار عەزیز، هەمان سەرچاوەی پێشوو.
44. Sercan Çalıškan, Ibid.
٤٥. ڕووداو دیجیتال، القنصل التجاري الصيني: إقليم كوردستان بمثابة منجم ذهب للمستثمرين الأجانب، مصدر السابق.
46. Mohammed Shareef, Ibid, p.85.
47. Ibid, p.86.
٤٨. Kurdistan٢٤ (٢٠٢٤/١/٨)، «قنصل الصين: نرغب برفع مستوى العلاقات التجارية مع كوردستان». متاح على الرابط الآتي: قنصل الصين: نرغب برفع مستوى العلاقات التجارية مع كوردستان (net.kurdistan٢٤) تاريخ الزيارة: (٢٠٢٤/٢/١٥)
49. Nurettin Akçay, Ibid.
50. Sardar Aziz and Mohammed Shareef, Ibid, p.211.
51. Sercan Çalıškan, Ibid.
52. Mohammed Shareef, Ibid, p.87.
53. Sardar Aziz and Mohammed Shareef (31/5/2022), "Kurdistan in China: Are the Iraqi Kurds Interested in a Relationship?". Available at: Kurdistan in China: Are the Iraqi Kurds Interested in a Relationship? | The Washington Institute (Accessed: 26/2/2024)
٥٤. هیوا عەزیز سەعید و هۆشمەن عەتا مەحموود، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.
55. Sercan Çalıškan, Ibid.
٥٦. هۆشمەن عەتا (ئازاری ٢٠٢١)، «فاکتەری کوردی لە پەیوەندییەکانی عێراق-چیندا»، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە ٦، ل٥٥.
57. Sercan Çalıškan, Ibid.
58. Mordechai Chaziza (2017), "China and the Independent Kurdish State", Beign-Sadat Center for Strategic Studies. Available at: China and the Independent Kurdish State (jstor.org) (Accessed: 17/2/2024)

59. Nurettin Akçay, Ibid.

٦٠. باڵوێز د. محەمەد سابیر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٨.

61. Mordechai Chaziza, Ibid.

62. Sercan Çalışkan, Ibid.

٦٣. د. مۆردیچای چازیزەی (کانوونی دووەمی ٢٠١٨)، «پرسی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا»، وەرگێڕانی: هاوڕێ حەسەن حەمە، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ل٧.

64. Mohammed Shareef, Ibid, p.88.

65. Sercan Çalışkan, Ibid.

٦٦. بۆ بینینی دەقی بڕیارەکە، بڕوانە لینکی بڕیارەکە لە پێگەی فەرمیی دادگاکە: https://www.iraqfsc.iq/krarid/٢٢٤_fed_٢٠٢٣.pdf مێژووی سەردان: (٢٠٢٤/٣/٥)

٦٧. بڕوانە: نسيم طالب، البجعة السوداء: تداعيات الأحداث غير المتوقعة (٢٠٠٩)، ت: م. حليم نسيب نصر، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت-لبنان. متاح على الرابط الآتي: https:///٢u.pw/IGwnHBW تأريخ الزيارة: (٢٠٢٤/٣/٥)

٦٨. د. محمد خميس، معضلة اللايقين وموجهة النزعة السببية في مقاربة الدراسات الاستشرافية، (٢٠٢٢)، المجلة الدولية للبحوث القانونية والسياسية، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، الجزائر، المجلد ٠٦، العدد٠١، (٣٤٩-٣٧٩)، (ص٣٧٥). متاح على الرابط الآتي: https://www.asjp.cerist.dz/en/article/١٨٩٨٧١ تأريخ الزيارة: (٢٠٢٤/٣/٤)

# هێزی نەرمی چین لە عێراق و هەرێمی کوردستان



ئەیوب ظاهر تۆفیق/ ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ

**بەرایی**

هێـزی نـەرم (نەرمەهێـز) چەمکێکـی نوێـی بـواری پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـە، لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکاوە سـەری هەڵـداوە. ئـەو جـۆرە لـە هێـزە کـە بەبێ بەکارهێنانی هێزی سـەربازی و خۆسـەپێنی، دەوڵەتـان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و فراوانکردنـی هەژموونیـان لـە سـەر ئاستی نێودەوڵەتـی پەنـای بـۆ دەبـەن. لـە سـەر ئاستی نێودەوڵەتـی؛ چیـن یەکێکـە لـەو دەوڵەتانـەی سـوودێکی زۆری لـەم چەمکـە وەرگرتـووە، بـە تایبـەت ئـەوەی پەیوەندیـی بـە خزمەتکردنـی سیاسـەتی دەرەکـی و بـواری ئابـووری و کولتوورییـەوە هەیـە و چیـن بەرژەوەندیـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا هەیـە وەک هێزێکـی ئابـووری بـەدوای دەستخسـتنی وزە و بـازاڕی فراوانـدا دەگەڕێـت بـۆ فرۆشـتنی بەرهەمـە زۆرەکانـی، لـەم پێنـاوەدا هێـزی نەرمـی خسـتووەتە خزمـەت بەدیهێنانـی ئامانجـە ئابـووری و سیاسـەییەکانی، بۆیـە لـە هەوڵێکـی بەردەوامدایـە تـا زۆرتریـن وزەی «نـەوت»ی دەسـت بکەوێـت و بتوانێـت بگاتـە ئـەو بازاڕانـە و ڕکابـەری لەگـەڵ زلهێـزە ئابوورییەکانـی تـر بـکات، لـە بـەر ئـەوەی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان کـە دەوڵەمـەندن بـە نـەوت و بازاڕێکـی لەبار و گونجاویـان هەیـە، جێگـەی سـەرنجی چینـن و کاریگەریـی دەسـەڵاتی هێـزی نەرمـی چین لە عێراقـدا بـە بەردەوامـی لـە گەشـەکردندایە کـە بـە ڕێبازێکـی فرەڕەهەنـدی نیشـان دەدرێـت کـە ڕەهەنـدی دیپلۆماسـی و ئابـووری و کولتـووری دەگرێتـەوە. لـە ڕووی دیپلۆماسـییەوە، چیـن لـە ڕێگـەی هاوبەشـییە سـتراتیژییەکانەوە پەیوەندیـی لەگـەڵ عێراقـدا کـردووە، هەروەهـا بەهێزکردنـی دیالـۆگ و هەماهەنگـی لـە سـەر کێشـە هەرێمـی و جیهانییـەکان. لـە ڕووی ئابوورییـەوە وەبەرهێنـان و پڕۆژەکانـی ژێرخانـی چیـن لـە عێـراق ڕۆڵێکـی سـەرەکییان گێـڕاوە لـە باشـترکردنی پەیوەندییـە دووقۆڵییـەکان.

## یەکەم: چەمکی هێزی نەرم

سەبارەت بە هێزی نەرم، «جۆزێف نای» یەکەم جار وەک چەمک بەکاری هێنا، ڕەگەزەکانی ئەو دەستەواژەیەی بە ڕوونی لە کتێبی «بازدان بەرەو سەرکردایەتیکردن (bound to lead) باس کردووە، کە لە ساڵی ١٩٩٠دا بڵاوی کردووەتەوە، پاشان لە کتێبی «پارادۆکسی هێزی ئەمەریکی (power the paradox of American) لە ساڵی ٢٠٠٢دا دووبارەی کردەوە[١]. نای لە کتێبی «هێزی نەرم ئامرازی سەرکەوتنە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا» (SOFT POWER The Means to Success in World Poli-tics) لە ساڵی ٢٠٠٤دا، زیاتر لە مانا و چەمکی هێزی نەرم قووڵ بووەوە، بە ڕوونی بەدوای شێواز و هۆکارگەلێکی یارمەتیدەر بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان دەگەڕا، تاوەکوو ئەو بارە ناهەموارەی ئەمەریکای تێ کەوتووە و بووەتە هۆی ناشرینکردنی لە مەیدانی نێودەوڵەتیدا؛ چارەسەر بکات[٢].

ئەو دوو فۆرمی لە هێز جیا کردەوە: هێزی زبر و هێزی نەرم، زۆرەملێکردن و قایلکردن سەرچاوەی سەرەکیی هێزی زبرن، لە کاتێکدا هێزی نەرم توانای کێشمەندی و سەرنجڕاکێشانە نەک زۆرکردن و پارەپێدان[٣].

هێزی نەرم توانستی بەدەستهێنانی خواستراوەکانە لە ڕێگەی سەرنجڕاکێشان، نەک زۆرلێکردن یاخود پارەپێدان، واتە لە بریی ناچارکردنیان بە هێزی سەربازی یاخود سزای ئابووری، میکانیزمە کولتووری و سیاسییەکان بەکار دەبرێن[٤].

«نای» ستراکچەری هێزی زبر و نەرم ڕوون دەکاتەوە و پێی وایە: هێزی نەرم ئەوەیە کە دەوڵەتی «A» بتوانێت سەرچاوە هەستپێنەکراوەکانی بۆ سەرنجڕاکێشانی دەوڵەتی «B» بەبێ هەڕەشەکردن و زۆرلێکردن بەکار بهێنێت، بەڵام هێزی زبر ئەوەیە دەوڵەتی «A» لە ڕێگەی هەڕەشەکردن و زۆرلێکردن لە دەوڵەتی «B»؛ ملکەچ بە خواستەکانی خۆی بکات، سەرچاوەکانی هێزی زبر مەرج نییە هەموو کات هێزی سەربازی بن، بەڵکوو هەندێک جار «ئابووری و فشاری سیاسی»یش دەگرێتەوە[٥]. بە مانایەکی سادەتر: «هێزی نەرم» توانای بەدەستهێنانی ویستراوەکانە لە ڕێگەی هاوسۆزییەوە[٦]، دەتوانین هێزی نەرم لە توانای گرتنەخۆی شاراوە و ڕاکێشانێکی نەرم کورت بکەینەوە، بە جۆرێک ئەوانی تر خۆیان ئارەزوومەندانە ئەو کارە بکەن کە هێزە دەسەڵاتدارەکە دەیەوێت[٧]. «جوزیف نای» پێی وایە هێز «توانستی دروستکردنی

کاریگەرییە لە سەر ڕەفتاری کەسانی تر بۆ بەدەستهێنانی چەند دەرەنجامێکی دیاریکراو»[٨]، کە بە زۆرلێکردن و هەڕەشەکردن، یان سەرنجڕاکێشان لە ڕێگەی قەرزپێدان یان هاریکاریکردنی ئەوانی تر بەرجەستە دەبێت[٩]، واتە توانای زاڵبوون بەسەر ڕەفتاری بەرانبەر بە جۆرێک لەگەڵ ئامانجی کەسەکەدا بگونجێت، کە بە هاندان بۆ ئەنجامدان یاخود ڕێگریکردن یاخود بەردەوامبوون لە سەر ئەنجامدانی کارێک دەبێت. خاوەن هێز بە کرێ یان بەکارهێنانی تەکنیک و هەوڵی ڕازیکردن و هاندان، تاکوو دەگاتە هەڕەشە و بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە بەرانبەر، لە هەوڵی جێبەجێکردنی مەرامەکانیدایە[١٠].

هێزی نەرم پشت بە سێ سەرچاوەی سەرەکی؛ کولتوور (بە تایبەتی زمان و هونەر)، بەها سیاسییەکان (دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و هەڵبژاردن)، سیاسەتی دەرەکی (مەشروعیەت و ڕەوایەتی و دەسەڵاتێکی ئەخلاقی) دەبەستێت[١١]. نای پێی وایە فەرهەنگ و بەها سیاسییەکان تاکە سەرچاوەی دروستکردنی هێزی نەرم نین، بەڵکوو سەرچاوە ئابوورییەکانیش دەتوانن هێزی زبر و هێزی نەرمیش دروست بکەن. لە بەر ئەوە لە پەیوەندییە ئابوورییەکاندا، جیاکردنەوەی هێزی زبر و نەرم کارێکی دژوارە[١٢].

**سەبارەت بە ڕەگوڕیشەی هێزی نەرم لە چیندا،** وەک میکانیزم و ناوەڕۆک لە چیندا بۆ زیاتر لە دوو هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، کە لە ڕێی بیروباوەڕی کۆنفۆشیۆسی یاخود بیروباوەڕی فەیلەسووف و بیرمەندە کۆنەکانی چینەوە بەکار براوە، بۆ نموونە؛ کۆنفۆشیۆس ئامۆژگاریی فەرمانڕەوا دەکات کە عەقڵ و دڵ و هەستەکانی هاونیشتیمانییان بە چاکە و خۆشەویستی بەدەست بهێنێت نەک بە هێز[١٣]. فەلسەفەی کۆنفۆشیۆسی یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی فیکر و ستراتیژی چینی پێک دەهێنێت، لە دیدی کۆنفۆشیوسییەوە سروشتی جیهان پەیوەندیی مرۆڤانەیە لە سیستمێکی قووچەکی و پلەبەندیدا، لە سەر ئەم بنەمایانە و وەکوو ڕێزێک لە سیستمی سروشتی، پێویستە دەسەڵات لە ناوخۆدا حکوم بکات، لە دەرەوەش بە جۆرێک ڕەفتار بکات کە بەربەری و هاوشێوەکانیان ملکەچی چین بن. بنەماکانی «سن تزوو» کە وتوویەتی: «باشترین ئامانج دابنرێت بۆ هەر جەنگێک، تاوەکوو سەرکەوتن بەبێ جەنگ و بەکارهێنانی هێزی ماددی بەدەست بێت»، یاخود ڕۆڵی سەرکردە لە فەرمانڕەوایەتیدا بەدیهێنانی هاوسەنگی و تەبایی ناوخۆی شانشین و جیهانە، تەواوی

ئـەو بونیـاد و چەمکانـەی لەخـۆ گرتـووە کـە لـە چێـوەی هێـزی نەرمـدا کـۆ دەبنـەوە[١٤].

ئـەوان ڕەتـی دەکەنـەوە بەهـای دەوڵەتێـک یاخـود نەتەوەیـەک بەسـەر دەوڵەتێـک یاخـود نەتەوەیەکـی تـردا بسـەپێنرێت، تەنانـەت لـە سـەدەی چوارەمـی پێـش زایینـی بیریـاری چینـی «سـن تـزوو» و لـە یەکێـک لـە بەشـی کتێبـە بەناوبانگەکـەی بـە نـاوی «هونـەری جەنـگ» (Art of War) لە باسـی چۆنێتیـی زاڵبـوون بەسـەر دوژمنـدا، ئامـاژەی بـۆ پێکهێنەرەکانـی هێـزی نـەرم کـردووە. بـۆ ڕێگرتـن لـە بەکارهێنانـی هێـزی کلاسـیکی و زبـر، بیـر و هـزری بەرانبـەر بـەرەو بەکارهێنانـی هێـزی نـەرم بـە ئامانـج بگرێـت[١٥].

هێـزی نـەرم لـە نێـوان دوو بیروبـاوەڕی کۆنـدا بـۆ بابەتێکی گرنگ لـە تاوتوێکردنـی ناوخۆی چیـن گـۆڕا، بـە تایبەتـی دوای «مـاو تسـی تۆنـگ» و سـەرکردایەتیی پارتـی کۆمۆنیسـت چاکسـازییان لـە سیاسـەتی دەرەوەی چینـدا کـرد، زیاتـر ڕێـگای بونیاتنانـی چینیـان گرتـە بـەر و کەمـتر ڕێـگای ڕووبەڕووبونەوەیـان لـە هەڵسـوکەوتکردن لەگـەڵ کاروبـارە ناوچەیـی و جیهانییـەکان هەڵبـژاردووە. لـە سـەرەتای هەشـتاکاندا چیـن باشـکردنی پەیوەندییـە دەرەکییەکانـی لـە پێنـاو بەدەسـتهێنانی ژینگەیەکـی ئاشـتیی نێودەوڵەتـی پەیـڕەو کـرد. بـە کورتـی: پارتـی کۆمۆنیسـت وەک پێویسـتییەکی چاکسـازیی ناوخۆیـی، سیاسـەتی دەرەکیـی لـە سـەر چەنـد پرەنسـیپێکی ئاشـتی و گەشـەپێدان کـە سیسـتمی جیهانـی دەیخواسـت؛ داڕشـتەوە[١٦]. چیـن کرایـەوە بـە ڕووی وڵاتانـی جیهانـدا و وازی لـە ناردنـی بیرۆکـەی شۆڕشـگێڕانە هێنـا و گرنگیـی بـە گەشـەپێدان و پەرەپێدانـی ئابـووری دەدا، لـەم پێنـاوەدا سیاسـەتی دەرەکیـی لـە سـەر بنەمـای ئاشـتی و گەشـەپێدانی ئابـووری بنیـات نـا و هێـزی نەرمـی وەک ئامرازێـک بـۆ پێشخسـتنی چیـن لـە سـەرجەم بوارەکانـدا خسـتە گـەڕ.

قەبـارەی ناردنـەدەرەوەی عێـراق بـۆ چیـن سـاڵی ٢٠٢٠ گەیشـتە ١٧ ملیـار دۆلار، بـەڵام قەبـارەی ناردنـەدەرەوەی چیـن بـۆ عێـراق ١٠،٩ ملیـار دۆلار بـوو، قەبـارەی بازرگانیـی دوولایەنـەی چیـن لەگـەڵ عێـراق لـە شـەش مانگـی یەکەمـی سـاڵی ٢٠٢١دا گەیشـتە ١٦ ملیـار دۆلار[١٧].

ڕاپۆرتێکـی سـەنتەری گەشـەپێدانی ئابـووری لـە زانکـۆی فـودان لـە شـەنگەهای، لـە چوارچێـوەی پـڕۆژەی دەستپێشـخەریی پشـتێن و ڕێـگا (Belt and Road Initiative)ی چیـن، عێـراق وەک ئامانجـی سـەرەکی لـە ناوچەکە لـە سـاڵی ٢٠٢١دا ١٠,٥ ملیار دۆلاری وەک بودجـە بـۆ پـڕۆژە جیـاوازەکان وەرگـرت. هەروەهـا ڕاپۆرتەکـە ئامـاژە بـەوە دەدات کـە

عێراق بووە سێیەم گەورەترین هاوبەشی وزەی چین لە دوای ڕووسیا و پاکستان[١٨].

چین و عێراق پێکەوە کار دەکەن بۆ دروستکردنی وێستگەی کارەبای نەوتی قورسی ئەلخەیرات بە بڕی پێنج ملیار دۆلار لە پارێزگای کەربەلا و کۆمپانیای سینۆپێکی چینییش گرێبەستێکی بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی غازی مەنسووریە لە نزیک سنووری عێراق بەدەست هێناوە. هەروەها هەردوو وڵات کار لە سەر کردنەوی چەند پرۆژەیەکی گرنگ لە بواری فڕۆکەخانە و وزەی خۆر و... هتد؛ دەکەنەوە[١٩].

دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٣دا شی جینپینگ سەرۆکی چین دەستپێشخەریی «پشتێنە و ڕێگا»ی ڕاگەیاند، کە بە ڕێگای ئاوریشمی نوێی ئەم سەردەمە ناسراوە و ئاماژەیە بۆ تۆڕی ڕێگا ئاڵۆزەکان کە چینییەکان لە ڕابردوودا بۆ فرۆشتن و ئاڵوگۆڕی کاڵاکانیان لە چینەوە بۆ ئاسیا و ئەورووپا پشتیان پێ بەستبوو، لەم نێوەندەدا عێراق دەکەوێتە نێو ئەم پرۆژەیەوە، هەر بۆیە پەکین حەزی لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانە لەگەڵ بەغدا، بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێکی بازرگانییەکانی لە نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو وڵاتانەی کە دەکەونە چوارچێوەی دەستپێشخەریی چینییەوە کە ئەو ڕێگایە ١٢٥ وڵات دەگرێتەوە. عێراق کە پێنجەم گەورەترین یەدەگی نەوتی هەیە لە جیهاندا و پێگەی جوگرافیی ستراتیژی لە دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، لە لایەن چینەوە بە ناوەندێکی سەرەکی بۆ کۆنترۆڵکردنی بازرگانی لە سەرانسەری ئەورووپا و ئاسیادا دادەنێت[٢٠]. لە چوارچێوەی هێزی نەرمدا، چین گرنگییەکی زۆری بە کایەی ئاڵوگۆڕی کولتووری لەگەڵ عێراق داوە: ئاسانکاریکردن لە بواری بەخشینی ڤیزە بە هاوڵاتییانی عێراق و کردنەوەی سەنتەری زمانی ماندارین (زمانی فەرمیی چینی) لە بەغداد، هەروەها دروستکردنی «کۆمەڵەی دۆستایەتیی عێراق و چینی» کە ئەم کۆمەڵەیە ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە ڕێکخستن و گەشەپێدانی پەیوەندییە کولتوورییەکانی هەردوو وڵات[٢١].

### چوارەم: کاریگەریی هێزی نەرمی چین لە هەرێمی کوردستاندا

مێژووی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و چین بۆ سێ قۆناغ دەگەڕێتەوە: قۆناغی یەکەم قۆناغی فەنتازیایە، لەم قۆناغەدا کورد زانیاریی ڕاستەوخۆی لە سەر چین نییە، بەڵکوو لە ڕێگەی ئەوانی ترەوە چین دەناسێت، ئەمە بە ڕوونی لە شیعرەکانی نالیدا دەرکەوتووە کاتێک بە شێوەیەکی ئەفسووناوی باسی چین و

ماچینی کردووە. قۆناغی دووەم پەیوەندیی ئایدۆلۆژییە کاتێک ماویزم لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا تێکەڵ بە بزووتنەوەی کوردی بوو، کە دواتر لە ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا بەرجەستە بوو. قۆناغی سێیەم ئابووری و بازرگانییە، کە تاکی کورد ڕاستەوخۆ لە ڕێگای کاڵاکانەوە بە چینییەکان ئاشنا بوو. قۆناغی چوارەم سیاسییە، کە لە سەرەتادا ئاڵۆزە، چونکە چین لە ڕووی سیاسییەوە لە سەر ئاستی عێراق و ململانێی زلهێزەکان مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات[٢٢]. لە ڕاستیدا پەیوەندییە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانی نێوان چین و کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمڕانیی ماوتیستۆنگ، ماویزم وەک ئایدۆلۆژیایەک گەیشتە ناوچەکە و وەک بەشێک لە بزووتنەوەی جیهانیی ماویزم. بەڵام ماویزمی کوردی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەست بوو بە بزووتنەوەی ماویی جیهانییەوە. پێش ئەوەی چین ببێتە هێزێکی گەورەی ئابووریی جیهانی، چالاکانە هەوڵی دەدا لە ڕێی ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕییەوە کاریگەری لە سەر سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتانی دیکە دروست بکات بە هەناردەکردنی بیرۆکەی ماویزم بە تایبەتی بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم و ئەورووپای ڕۆژئاوا. لە ڕاستیدا ماویزم لە ڕێگەی سازمانی شۆڕشگێڕیی حزبی تودە کە نوێنەرایەتیی لقی ماویزم لە ئێران دەکات، کاریگەریی لە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی باشوور دانا. مام جەلال کاریگەر بووە بە فکری ماویزم و ماویی وەک ئایدیالیستێکی سیاسی داناوە، بە تایبەتی دوای سەردانێکی بۆ چین لە ساڵی ١٩٥٥دا سەرۆکایەتیی شاندێکی خوێندکاری سۆسیالیستی عێراقی کرد و چاوی بە ژۆو ئێنلای سەرۆکوەزیرانی چینی ئەو سەردەمە کەوت. لە سەردانەکەیدا لە ناو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا باسی لە کورد و کوردستان و مێژووی خەباتی نەتەوەی کوردی کردووە، ئەم دیدارە بە یەکەم دیداری سیاسیی نێوان هەردوو لا دادەنرێت[٢٣].

بەڵام لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە هۆی هاتنە سەر حوکمی سەرکردەیەکی کاریزمای چین (دینگ شیاو پینگ (١٩٠٤-١٩٩٧)) کە سیاسەتی چاکسازی و کرانەوەی چینی پەیڕەو کرد، بە پێی ئەم سیاسەتە چین گرنگیی بە ئاشتی و گەشەپێدانی ئابووری دا و ناردنی بیرۆکەی شۆڕشگێرانەی وەلا نا. چین بە ڕووی وڵاتانی جیهاندا کرایەوە و هێزی نەرم لە سیاسەتی دەرەوەی چیندا کاری لە سەر کرا.

بەراورد بە پەیوەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، پەیوەندیی نێوان هەرێم و چین پەیوەندییەکی نوێیە و دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی

یەکەمی ئەم سەدەیە، زیاتر پەیوەندیی بازرگانی و دیبلۆماسییە. لەم دواییانەشدا و لە جەنگی دژی داعشدا چین چەکی ناردووە بۆ پێشمەرگە. سەرەڕای هەبوونی پەیوەندییە بازرگانی و دیپلۆماسییەکان، بەڵام هەڵوێستی چین لە بەرامبەر پرسی کورد هەڵوێستێکی ئاڵۆزە. لە لایەکەوە چین پەیوەندیی بازرگانی و دیپلۆماسیی هەیە لەگەڵ کورددا و لە لایەکی دیکەشەوە وەک هەموو دەوڵەتانی دیکەی جیهان کورد نەیتوانیوە پشتیوانیی چینییەکان بەدەست بێنێت لە بابەتی تایبەت بە داخوازییە ڕەواکانی، بە تایبەتی لەوەی پەیوەندیی بە سەربەخۆییەوە هەیە، چونکە بەبێ بوونی ڕەزامەندی و کۆدەنگیی دەوڵەتانی ناوچەکە، هەرگیز چین پاڵپشتیی پرسێکی لەو جۆرە ناکات، ئەوەش پەیوەندیی هەیە بە سیاسەتی دەرەوەی چین کە دەست وەرنادات لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتان. هەروەها سیاسەتی پەکین بەرامبەر پرسی کورد بەشێکە لە سیاسەتی چین لە عێراقدا، کە ئەویش بەشێکە لە سیاسەتی بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست[٢٤]. پەکین پشتگیریی گرووپە جوداخوازەکانی جیهان نەکردووە، بەڵکوو هەندێک جاریش دژایەتیی کردوون، بۆ ئەوەی ڕێگە لە هەر هێزێک بگرێت کە پشتگیریی گرووپە جوداخوازەکانی ناوخۆی چین بکات. چین وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەڕەگەزە، لە بەر ئەوە زۆر بە گرنگییەوە کار لە سەر بنەمای یەکێتیی خاک و دەستوەرنەدان دەکاتەوە. هەمیشە پرسی تایوان، تبت، شنجیانگ و مەنگۆلیای ناوەوە وەک مۆتەکەیەک لە سیاسەتی دەرەکیدا ئامادەیی هەیە کە لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە دژی چین دەجووڵێنرێت. چین پێی وایە مافی چارەی خۆنووسین نابێت لە سەر حسابی سەربەخۆیی وڵاتان بێت، مەرج نییە هەموو نەتەوە بێدەوڵەتەکان پێویستیان بە دەوڵەتی سەربەخۆ بێت، لە بەر ئەوە چین هەمیشە جوداخوازی، توندڕەوی و تیرۆریزم وەک سێ هێزە شەڕخوازەکە دەبینێت[٢٥].

کوردستان لە ڕووی ئابووری و جیۆسیاسییەوە بۆ چین گرنگە، چونکە دەکەوێتە سنووری جوگرافیای عێراقەوە و عێراقیش بە ڕێگەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ گواستنەوەی شمەک و کاڵا چینییەکان بۆ ژمارەیەک لە دەوڵەتانی ئاسیا و ئەفەریقا و ئەورووپا، ئەوەش دەکەوێتە چوارچێوەی پرۆژە مەزنەکەی چین (پشتێنەی نوێی ئابووری). سەرەڕای ئەوەی چین و حکومەتی عێراقی ڕێککەوتنێکیان (ڕێگەی ئاوریشمی) واژۆ کردووە کە پشتی بەستووە بە نەوت لە بەرامبەر ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان و گەشەکردن و لیژنەیەکی هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات ١٠٠ پرۆژەیان

هەڵبـژاردووە کـە چیـن جێبەجێیـان بـکات. «لی جیـان» باڵوێـزی ئـەو کاتـەی چیـن لـە عێـراق، پێگـەی گرنگـی پـڕۆژەی هەڵبـژاردووە کـە چیـن جێبەجێـی دەکات. کوردسـتانیان لـە نەخشـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا نەشـاردووەتەوە و بـە ئاشـکرا ئاماژەیان بـەوە کردووە کـە کوردسـتان جێگـەی بایەخـی چینـە و هەوڵـی بونیادنـانی پەیوەندییەکـی بەتیـن دەدەن لەگـەڵ هەرێمـدا لـە هەمـوو بوارەکانـدا و هـانی کۆمپانیـا چینییـەکان دەدەن بـۆ ئـەوەی وەبەرهێنـان لـە کوردسـتاندا بکـەن، تەنانـەت کونسـوڵخانەش لـە هەرێـم دەکەنـەوە بـۆ ئـەوەی پەیوەندییـەکان زیاتـر بـەرەو پێشـەوە بچـن[٢٦].

دواجـار لـە سـاڵی ٢٠١٤دا پەیوەندییـەکانی نێـوان چیـن و حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان هەنگاوێکـی بـاش ڕۆیشـتە پێشـەوە. لـە کانـوونی یەکەمـی ٢٠١٤دا چیـن باڵوێزخانـەی خـۆی لـە هەولێـر کـردەوە بـە ئامادەبـوونی جێگـری وەزیـری دەرەوە، «جانـگ مینـگ» باڵوێـزی چیـن لە بەغـداد و کۆمەڵێک لـە دیپلۆمـات و ڕاوێژکارەکانی ئـەو دەوڵەتە، وەک هەنگاوێـک بـۆ فراوانکـردن و بەرەوپێشـبردنی پەیوەندییـە بـازرگانی و ئابوورییـەکانی وەک چـۆن جێگـری وەزیـری دەرەوە لـە مەراسـیمی کردنـەوەی باڵوێزخانەکـەدا ئامـاژەی بۆ کـرد. کردنـەوەی ئـەم باڵوێزخانەیـە دەبێتـە هـۆی زیادبـوونی ژمـارەی کۆمپانیا چینییـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتاندا، دەروازەیەکـە بـە ڕووی کۆمپانیـا و سـەرمایەدارەکانی ئـەو دەوڵەتـە بـۆ ئـەوەی وەبەرهێنـان لـە هەرێمـی کوردسـتاندا بکـەن[٢٧]. دوابـەدوای کردنـەوەی کونسـوڵخانەکە، چیـن گۆڕانکاریـی لـە پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتاندا کـرد و چیـتر وەک ئـەوەی ئەکتەرێکـی لاوەکـی بێـت سـەیری هەرێمەکـەی نەدەکـرد، بەڵکـوو هەوڵـی دا هاوبەشـییەکی هەمەلایەنـەی دووقۆڵـی لـە سـەر بنەمـای بەرژەوەندیـی جیـاواز دابمەزرێنێـت. پەکیـن هەوڵـی دا پەیوەندییەکـی فرەلایەنـە لەگـەڵ ناوچەکـەدا دروسـت بـکات بـە دامەزراندنـی کونسـوڵخانەکە بـۆ بەسـتنەوەی ناوچەکـە بـە چیـن و بـە پێچەوانەشـەوە. چیـن حـەزی لـە پەیوەندیکردنـە لەگـەڵ نوخبـە جۆراوجۆرەکانـی هەرێمی کوردسـتان لـە ڕێگـەی کادیـری حزبـی، بـازرگان، ئەکادیمـی، خوێنـدکار، ڕۆشـنبیر و کەسـانی دیکـە. ئـەم قۆناغانـە لـە پەیوەندیـی نێـوان چیـن و کـورددا بـە هاوئاهەنگـی تایبەتمەنـدن، سـەرەڕای ئـەوەی چینـی ئەمـڕۆ وەک چینـی دوێنـێ نییـە.

لـە دوای کردنـەوەی کونسـوڵخانەی چیـن لـە هەولێـر، ئاڵوگـۆڕە کولتـووری و ئابوورییەکانـی هـەردوو لا برەویـان پـێ درا. هێـزی نەرمـی چیـن لـە پێنـاو گەشـەپێدانی ئابـووری و کولتـووری هاوبـەش، پـەرەی بـە پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ حکومەتـی هەرێمـی

کوردستان دا. لەم پێناوەدا کونسوڵخانەی چین سەنتەری فێربوونی زمانی چینیی لە شاری هەولێر کردەوە و لە بەرنامەشیدایە لە سەرجەم زانکۆکانی کوردستان و بە تایبەتی زانکۆی سلێمانی و ڕاپەڕین ئەو سەنتەرە بکاتەوە. جگە لەوەش، ئاسانکاری و پێدانی سکۆلەرشیپ بۆ خوێندکارانی هەرێمی کوردستان کە لە زانکۆکانی چین بخوێنن لە گەشە و زۆربووندایە. ئەم کارانەی وەک هێزێکی نەرم بەکاریان دێنێت، بە تایبەتی لە ناو نەوەی خوێندەوار و ئەکادیمییەکاندا، بۆ ئەوەیە کە وێنەیەکی ئەرێنی لە ناو نەوەی خوێندەواردا پیشان بدات و بنکەیەکی جەماوەری بۆ خۆی بسازێنێ[٢٨].

لە تشرینی دووەمی ٢٠١٧دا باڵوێزی گشتیی چین لە هەولێر (تان بانکلین) سەردانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کردەوە و پەیامی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی گەیاندە سەرۆکوەزیران و جەختی کردەوە لە سەر بەرەوپێشبردنی پەیوەندیی دوولایەنەی نێوان هەردوو لا. باڵوێزی نوێی چین لە ١١ی نیسانی ٢٠١٧ (نی روتشی)دا سەردانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کرد و جەختی لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی هەردوو لا کردەوە، بە جۆرێک لە بەرژەوەندیی هەردوو لایان بێت[٢٩].

هەروەها لە ساڵی ٢٠١٩دا فاکەڵتیی زمانەکان لە زانکۆی سەڵاحەدین لە سەر داوا و پاڵپشتیی کونسوڵخانەی چین بەشێکی بۆ فێرکردنی زمانی چینی کردەوە. کە کونسوڵخانەی چین پارەی دروستکردنی هۆڵەکانی خوێندن و ئامرازی پەروەردەیی گونجاو و مووچەی مامۆستایان گرتە ئەستۆی خۆیی.

هەر چەندە چین چالاکانە هەوڵی فراوانکردنی بوونی خۆی لە ناوچەی کوردستانی عێراق دەدات، بەڵام ڕێگە نادات هەرێم هەمان کار لە چین بکات. چین هەر چەندە کونسوڵخانەی لە هەولێر کردەوە، بەڵام ڕێگەی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەدا کونسوڵخانە لە پەکین دابمەزرێنێت، تەنها پێشنیاری کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانگەیەکی بازرگانی بکاتەوە کە بە ناوی کۆمپانیایەکەوە تۆمار کراوە، بۆ ئەوەی وەک نوێنەری سیاسیی حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٩دا خزمەت بکات[30]. وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا کە چین وڵاتێکی فرەڕەگەز و فرەنەتەوەیە، هەمیشە لەگەڵ یەک پارچەیی خاک و سەروەریی وڵاتاندایە و هاوکاریی گرووپە جوداخوازەکان ناکات.

چین چەندین بەرژەوەندیی هەیە، وای لێ دەکات بەرامبەر بە کورد سیاسەتێکی گۆڕاوی هەبێت: یەکەم، ڕۆڵی سەرەکیی چین لە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیی

سەربەخۆ و ئاشتیخوازانە دەكرێت دۆستێكی نوێ بێت . دووەم، سەرەڕای هەڵوێستی فەرمیی چین بۆ پشتگیرینەكردنی بزووتنەوە جوداخوازەكان، بەڵام كۆمپانیا چینییەكان بەرژەوەندیی وزە و ئابووریی بەهێزیان هەیە لە كوردستان و ئەمەش وا دەكات كوردستان جیاواز بێت لە گرووپە جوداخوازەكانی دیكە. دوای ئەوەی بە پێی خەمڵاندنی حكومەتی هەرێمی كوردستان، هەرێم خاوەنی نزیكەی ٤٥ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگ بێت كە شەشەم گەورەترین یەدەگی نەوتە لە جیهاندا، ئەمە بۆ چین وا دەكات بەرژەوەندییەكی باڵای هەبێت لە هەرێمدا[٣١].

چین زیاتر لە جاران ئامادەیی و هێزی نەرمی خۆی لە هەرێمی كوردستان فراوانتر دەكات، بە بەستنەوەی زانكۆ و قوتابخانەكانی ناوچەكە، بە دابینكردنی بودجە بۆ ڕێكخراوە ناحكومییە ناوخۆییەكان و وەبەرهێنان لە كەرتەكانی وزە و ژێرخان و بازرگانی. هەر چەندە بوونی چینی لە عێراق بە شێوەیەكی نەریتی لە بەشی باشووری وڵاتدا چڕ بووەوە و بە تایبەتییش لە كەرتی نەوت و گازدا، بەڵام لەم دواییانەدا وەبەرهێنانە چینییەكان دەستیان كردووە بە ڕێگەی خۆیان بۆ كەرتی بیناسازی و ژێرخانی ئابووری[٣٢].

گرنگیدان بە پارتە سیاسییەكان هەر وەك یەكێك لە تایبەتمەندییە دیاریكەرەكانی پەیوەندیی نێوان چین و كوردەكانی عێراق دەمێنێتەوە. چین زیاتر بانگهێشتنامە بۆ ئەندامان و كادیرانی پارتە سیاسییە كوردییەكان دەنێرێت نەك بۆ بەرپرسانی حكومەت. ئەوەی لە ئێستادا ئابووری وەك بزوێنەری سەرەكیی ئەم پەیوەندییە دەمێنێتەوە، بەو مانایە نییە كە پەیوەندیی چین و كورد بە بناغە حكومی و ئایدۆلۆژییەكان بەڕێوە نەچێت. مۆدێلی گەشەپێدانی چین پەیوەندییەكی نزیك بە نیگەرانییە سیاسی و جیۆپۆلەتیكییەكانەوە هەیە، جا چ لە ناوخۆی چین بێت یان لە دەرەوەی چین. هەر چەندە دەوڵەتی عێراق ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە پەیوەندییەكەدا بە گشتی، بەڵام دەكرێت لێكۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان چین و هەرێمی كوردستان بە دابڕان لە پەیوەندیی چین لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بكرێت[٣٣].

بە تێڕوانین لە بەرژەوەندییەكانی چین و ئامانجەكانی و ئامرازی بەدەستهێنانی ئامانجەكانی، دەتوانین خوێندنەوە بكەین بۆ بەرژەوەندییەكانی چین لە ناوچەكەدا كە كوردستانیش بەشێكی دانەبڕاوی ناوچەكەیە و ڕووداوەكانیشی كاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە لە سەر هەرێمەكە. وەك ئاماژەی پێ درا، بەرژەوەندییەكانی چین

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بریتییە لە دابینکردنی ئاسایشی وزە، خواستی جیۆستراتیژی، هەبوونی پەیوەندیی دەرەکی بە مەبەستی دەستەبەرکردنی سەقامیگریی ناوخۆیی، ئامانجیشی گەیشتنە بە وزە و سەرچاوەکانی، سەرەڕای ساغکردنەوەی کاڵاکانی. پەکین بەردەوام بە شێوەیەکی چالاکانە بەدوای هەلی وەبەرهێناندا دەگەڕێت و هەوڵ دەدات بۆ بەدەستهێنانی گرێبەستی پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری و گەیشتن بە بازاڕە نوێیەکان بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانی. پێویستە کورد پەیوەندییەکانی ڕێک بخاتەوە و بەدامەزراوەیی بکات لە ئاستی باڵادا -لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە پەیوەندی و هاتوچۆی تاکەکەسی بازرگانەکان دەرچێت،لە ئاستی باڵادا پەیوەندیی لەگەڵ چیندا گرێ بدا، دەستەبەری یاسایی و ئاسایش بداتە حکومەت و کۆمپانیا چینییەکان و دەرگا واڵا بکرێت بۆیان هەتاوەکوو لە پرۆژەکانی بونیادنانی ژێرخانی ئابووری ڕۆڵیان هەبێت و بتوانن وەبەرهێنان بکەن. هەروەها بە هۆی پێگەی جوگرافیی کوردستانەوە، کورد دەتوانێت سەرنجی چینییەکان ڕابکێشێت بۆ ئەوەی ڕێگەکانی پشتێنەی ئابووری بە خاکی کوردستاندا تێبپەڕێت و بپەڕێتەوە ئەورووپا، ئەوەش لە ڕێگەی پێداچوونەوە و هەموارکردنەوەی سیاسەتە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت.

## دەرئەنجام

١) چین بە شێوەیەکی بەرچاو بوونی ئابووریی خۆی لە عێراق و هەرێمی کوردستان زیاد کردووە لە ڕێگەی وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابووری، کەرتی وزە، ڕێککەوتنە بازرگانییەکان. ئەم هاریکارییە ئابوورییە لە ڕێگەی هێزی نەرمی چینەوە بەردەوام لە گەشەسەندندایە و لە ڕێگای پرۆژەی دەستپێشخەریی پشتێن و ڕێگا (BRI) لە هەوڵی سەرخستن و هێنانەناوەوەی عێراقە بۆ ناو پرۆژەکە.

٢) زۆر جار هێزی نەرم دیپلۆماسیی کولتووری لەخۆ دەگرێت و چین چالاکانە پەرەی بە کولتوور و زمانی خۆی لە ناوچەکەدا داوە. دەستپێشخەرییەکانی وەک بەرنامەی زمان، بۆنە کولتوورییەکان و ئاڵوگۆڕی پەروەردەیی بەشدارن لە بنیاتنانی کاریگەری و پەیوەندیی ئەرێنی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان.

٣) لە ڕووی پەیوەندیی دیپلۆماسییەوە؛ پەیوەندیی چین لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت لە ناوچەکەدا. چین لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە دەتوانێت کاریگەریی لە سەر کاروباری ناوچەکە هەبێت و

خـۆی وەک یاریزانێکـی سـەرەکی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا جێگیـر بـکات و ڕەنگـە چیـن بەشـداری لـە هەوڵەکانـی دیپلۆماسـیی گشـتیدا بـکات بـۆ ئەوەی ڕای گشـتی بە شـێوەیەکی ئەرێنـی دابڕێژێـت. ئەمـەش دەتوانێـت هەڵمەتـی میدیایـی و بۆنـە ڕۆشـنبیرییەکان و دەستپێشـخەرییەکانی دیکـە بگرێتـەوە، بـە ئامانجـی دروسـتکردنی وێنەیەکـی لەبـار لـە چیـن لـە نێـو خەڵکـی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتاندا.

٤) لـە ڕووی هاریکاریـی وزەوە، بەشـداریکردنی چیـن لـە کەرتـی وزەی عێـراق بـە تایبەتـی لـە بـواری نـەوت و گازدا؛ پەیوەندییـە سـتراتیژییەکانی بەهێزتـر دەکات. پرۆژەکانـی وزەی هاوبـەش بەشـدارن لـە سـوودی یەکـتر و دەتوانـن هۆکارێکـی بەرچـاو بـن لـە داڕشـتنی تێڕوانینـە ئەرێنییـەکان بەرامبـەر بـە یەکـتری.

٥) پەیوەندییەکانـی چیـن و هەرێمـی کوردسـتان تەنهـا لـە بـواری ئابـووری و بازرگانـی و کولتووریـدان نـەک سیاسـی، چونکـە چیـن بـە هـۆی دۆخـی ناوخـۆی خۆیـەوە کـە فرەڕەگـەز و فرەنەتەوەیـە، لەگـەڵ یەکپارچەیـی خاکـی وڵاتاندایـە و یارمەتیـی گرووپـە جوداخـوازەکان نـادات.

## پێشنیار و ڕاسپاردە

١- عێـراق دەتوانێـت لـە داهاتـوودا سـوودێکی بەرچـاو لـە دەستپێشـخەرییە فراوانەکانـی هێـزی نەرمـی چینـی وەربگرێـت. چیـن کـە دووەم گەورەزلهێـزی ئابووریـی جیهانـە، بـە هـۆی گەشەسـەندن و لێهاتوویـی ئابـووری و دیپلۆماسـیی کولتـووری و پێشـکەوتنی تەکنەلۆژییـەوە بەدەسـتی هێنـاوە، دەرفەتـی زۆر بـۆ عێـراق لـە چەندیـن کەرتـی جۆراوجـۆردا دەڕەخسـێنێت. یەکێـک لـەو بوارانـە هاریکاریـی ئابوورییـە، چونکـە چیـن بەردەوامـە لـە گەشـەپێدانی وەبەرهێنانـی پرۆژەکانـی ژێرخانـی لـە سەرانسـەری جیهانـدا. لـە ڕێگـەی دەستپێشـخەرییەکانی وەک دەستپێشـخەریی پشـتێن و ڕێگاوبـان (BRI)، عێـراق دەتوانێـت سـوود لـە پەرەپێدانـی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ چیـن ببینێـت، هەروەهـا سـوود لـە باشـترکردنی تۆڕەکانـی گواسـتنەوە و زیادکردنـی دەرفەتـی بازرگانـی، پەرەپێـدان و گەشەسـەندنی ئابـووری وەربگرێـت. عێـراق پێویسـتە گەرەنتیـی یاسـایی و ئاسـایش لـە پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ چیـن دەسـتەبەر بـکات.

٢- جگـە لـەوەش، کاریگەریـی کولتـووری چیـن کـە بـە دەستپێشـخەرییەکانی وەک پەیمانگاکانـی کۆنفۆشـیۆس و بەرنامەکانـی ئاڵوگـۆڕی کولتـووری کـە لـە بەشـێکی جیهانـدا چیـن کاری لـە سـەر دەکات، عێـراق دەتوانێـت ئاسـانکاری لـە ئاڵوگـۆڕە کولتوورییەکانـدا بـکات و بەرەوپێشـەوەیان بەرێـت. ئـەم بەشـدارییە کولتوورییـە ڕەنگـە پەیوەندییەکانـی تریـش بەهێزتـر بـکات، هـاوکار بـن بـۆ گەشـەپێدان و بـرەودان بـە پەیوەندییـە دیپلۆماسـییەکانیان ئاسـان بـکات. دواجـار عێـراق دەتونێت زیاتـر سـوود لـە پێشـکەوتنەکانی چیـن وەربگرێـت.

٣- لـە بـەر ئـەوە توێژینـەوە و دەرخسـتنی کاریگەرییەکانـی نەرمەهێـزی چیـن وەک میکانیزمێـک لـە سیاسـەتی دەرەکیـی چیـن و ڕۆڵـی لـە سـەر بەجیهانیکردنـی چیـن وەک هێزێکـی ئابـووری و سیاسـی؛ بایەخێکـی زۆری هەیـە، هـاوکات دەکرێـت لـە میانەیـدا سـوودێکی زۆری هەبێـت بـۆ عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان، یاخـود ئەوانـەی بـەدوای میتۆدێکـی سـەرکەوتوودا دەگەڕێـن لـە کایـەی نیودەوڵەتیـدا، تـا بتوانـن بـوار و مـەودای جووڵـە و چالاکییەکانیـان فـراوان بکـەن.

٤- دەستپێشـخەرییەکانی هێـزی نەرمـی چیـن دەتوانێـت بەشـدار بێـت لـە هەوڵەکانـی عێـراق لـە بنیاتنانـی وڵاتـدا. لـە ئێسـتادا عێـراق پێویسـتە هاوسـەنگی لـە پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ ئەمەریـکا و چینـدا تـا ئـەو کاتـەی ئەمەریکا بـە یەکجـاری لـە عێـراق دەکشـێتەوە؛ ڕابگرێـت. عێـراق دەتوانێت چیـن وەک ئەلتەرناتێڤێک و هاوبەشـێکی سـتراتیژی هەڵبژێرێت و سـوود لـە نەرمەهێـزی چیـن ببینێت. لـە هەمـوو حاڵەتەکاندا، پێویسـتە عێراق مەبەسـتی ڕاسـتەقینەی خـۆی بسـەلمێنێت کـە هاوبەشـێکی ڕاسـتەقینەی دەستپێشـخەری چینـی بێـت و هاوبەشـێکی متمانەپێکـراو بێـت لـە بازرگانـی و وەبەرهێنـان لەگـەڵ چینـدا.

٥- چینییـەکان خواسـتی پەرەپێـدان و وەبەرهێنانـی ئابووریـی گەورەیـان لـە هەرێـم هەبـووە، بـەڵام لـە لایـەن کاربەدەسـتانی هەرێمـەوە بەدەمەوەچوونـی پێویسـت نەبـووە، بەشـێکی لەوانەیـە لـە بـەر نیگەرانیـی دۆسـتە ئەمەریکییـەکان بێـت، بەشێکیشـی لەوانەیـە لـە بـەر لاوازیـی دیپلۆماسـیی حکومەتـی هەرێـم بێـت، پێویسـتە هەرێـم هاوسـەنگی لـە پەیوەندییەکانـی ئەمەریـکا و چیـن ڕابگرێـت و لایەنـی دیپلۆماسـیی پراتیگمایانـە بەهێـز بـکات.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1 NYE, JOSEPH S, (2002), The Paradox of American Power: Why the World's Only Super Power Can't Go It Alone, New York: Public Affair, P.8-12.

2 NYE, JOSEPH S(2004), Soft Power: The Means to Success in World Politics, New York:PUBLICAFF AIRS, p.3.

3 Beston Husen Arif (March 1 2017), The Role of Soft Power in China's Foreign Policy in the 21st Century, International Journal of Social Sciences & Educational Studies, University of Sulaimani, p.96.

4 Nye, Joseph S) 2011, The Future of Power, New York: Public Affairs, P.x.

5 Beston Husen Arif, Op.Cit, p.96-97.

6 Kerry Dumbaugh )July 2008), China's Foreign Policy: what does it mean for US Global Interests?, Congressional Research Service (CRS) code; RL34588. p.5.

٧ رفيق عبدالسلام، 2015))، الولايات المتحدة الامريكية بين القوة الصلبة و القوة الناعمة، ط٤، بيروت: مركز صناعة الفكر للدراسات والابحاث، ص١٠.

8 NYE، JOSEPH S(2004), Soft Power: The Means to .........., P. 5.

9 NYE, JOSEPH S, (2002), The Paradox of ......., p. 2;. Nye Jr,Joseph S) 2004 (The Benefits of Soft Power, (Boston, MA: Harvard Business School, p.1.

10 مارتن غريفيش، تيري أوكلاهان (2008)، المفاهيم الاساسية في العلاقات الدولية، الامارات: مركز الخليج للابحاث، ط1، ص256.

11 NYE, JOSEPH S(2004), Soft Power: The Means to ............, P.11

12 Nye, Joseph S)2011(, The Future of Power ..., p.85.

13 كريم أبو حالوة و نورا عمي (2018)، القوة الناعمة الصينية في عصر المعرفة )الموارد والتحديات(، مجلة جامعة تشرين للبحوث والدراسات العلمية، سلسلة العلوم االقتصادية والقانونية ج40، ع5، ص158.

14 عماد منصور، )2016(، السياسة الخارجية الصينية من منظار «الثقافة الاستراتيجية»، مجلة سياسات عربية، ع21، ص31.

15 باكير، علي حسين محمود (2016)، مستقبل الصين فى نظام العالمي (دراسة في الصعود السلمي و القوة الناعمة)، مقدمة كجزء من متطلبات نيل درجة الدكتوراه في العلوم السياسة، قسم العلوم السياسة، جامعة بيروت، ص104.

16 Kong, Lingmin )Sep 2019 (, Exploring China's Soft Power: Manifestations of the Chinese Dream in Contemporary Practices of Cultural Diplomacy, Submitted in partial fulfillment of the requirements for the degree of doctor of politics, University of York Politics, P.44.

17 Tárik, Meszár) November 2022(, Op.cit, p 95

18 Reuters (2022. February 2), Iraq was top target of China's Belt & Road in 2021-

study. Reuters. Retrieved from https://www.reuters.com/world/china/iraqwas-top-target-chinas-belt-road-2021-study-2022-02-02/

19 Tárik, Meszár) November 2022(, Op.cit, p98.

20 https://www.alhurra.com/iraq/2022/09/01

21 https://www.alhurra.com/iraq/2022/09/01

22 هۆشمەند عەتا مەحموود (٢٠٢٣)، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٩١-١٩٢).

23 سەلاح ڕەشید (٢٠١٩)، «مام جەلال، دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری»، بەشی یەکەم،چ٤، سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، ل١٠٣.

24 بیلال ئیسماعیل حەمە (2018)، «هەژموونی ئابووریی چین و کاریگەریی بەسەر گۆڕانکارییە جیهانی و هەرێمایەتییەکانەوە»، پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی (MIRS Mediterranean Institute for Regional Studies)، پەیپەری ژمارە ٤-٨، ل٤٠.

25 هۆشمەند عەتا مەحموود (٢٠٢٣)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩١.

26 بیلال ئیسماعیل حەمە (2018)، سەرچاوەی پێشووو، ل٤٠.

27 زيباري، عبد الحميد، «الصين تفتتح قنصلية عامة في اقليم كردستان»، اذاعة العراق الحر: https://www.iraqhurr.org/a/٢٦٧٧٠٠٠٢.html

٢٨ عزيز، سردار (26-12-2022)، «الصين وإقليم كردستان العراق: علاقة المثقلة با التعقيدات»، https://epc.ae/ar/details/featured/alsiyn-wa-iqlim-kurdistan-aleiraq-alaqat-muthqla-bialtaaqidat (بەردەستە، ٢٠٢٤/٢/١٠)

29 بیلال ئیسماعیل حەمە (2018)، سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٠-٤٢).

30 https://www.alhurra.com/iraq/2022/09/01

31 بیلال ئیسماعیل حەمە (2018)، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

32 سردار عزيز، مصدر السابق.

33 سردار عزيز، مصدر السابق.

# پەیوەندییەکانی چین و هەرێمی کوردستان و کاریگەریی لە سەر دۆزی کورد



د. ڕێبوار ڕەئووف سالَح / پسپۆڕی زانستی سیاسی و حکومڕانی

**بەرایی**

بۆچوونێک هەیە کە پێی وایە ئامادەیی دیاری چین، چ لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و چ لە سەر ئاستی ناوچەیی، ڕۆڵێکی بنیاتنەری هەبووە لە پاراستنی ئاشتی و پێشخستنی گەشەسەندن و پاراستن و باشترکردنی ڕێکخستنی و سیستمی نێودەوڵەتی. چین گەورەترین بەرهەمهێنەر و هەناردەکاری کاڵایە، بۆیە هەندێک جار بە کارگەی جیهان ناو دەبرێت. وەک یەکێک لە گەورەترین ئابوورییەکانی جیهان ڕیزبەند کراوە، هەر چەند لە ئێستادا قسە لە سەر کێشە دەکرێت لە ئابووریی چیندا، بەڵام لە هەمان کاتدا ئابوورییەکیشە کە بە شێوەیەکی خێرا و بەرچاو گەشەی کردووە، بۆیە چین لە ڕیزی وڵاتە گەشەسەندووەکاندایە. ئەم ئامادەییە بیوێنەیەی چین لە جیهاندا کاریگەریی زۆری دروست کردووە لە سەر یار و نەیارانی، بە هەرێمی کوردستانیشەوە. بۆیە ئەم نووسینە هەوڵ دەدات کاریگەریی چین ڕوون بکاتەوە لە سەر هەرێمی کوردستان.

نووسینەکە سەرەتا بە ڕوونکردنەوەی ئەو بەرژەوەندی و بنەمایانە دەست پێ دەکات کە چین تیشکیان دەخاتە سەر و پەیوەندییەکانی دەرەوەی لە سەر بنیاد دەنێت، لەوانە: بەرژەوەندیی ئابووری، بەرژەوەندیی ستراتیژی، بەرژەوەندیی سیاسی، ئاڵوگۆڕی کولتووری، هاوکاریی ئاسایشی و بەرگری. دوابەدوای ئەوەش، لە ڕووی تیۆرییەوە شیکاری بۆ هەوڵی فراوانخوازیی چین دەکات، ئەویش بە تیشک خستنەسەر تیۆرەکانی ڕیالیزم و لیبراڵیزم و بونیادگەرایی و مارکسیزم و تیۆری جیۆپۆلەتیک، وە دواتر شیکارییەک بۆ پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و چین دەکات. لە ڕێگەی ئەم شیکار و ڕوونکردنەوانەشەوە بابەتەکە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئایا دەبێت هەرێمی کوردستان هیوا لە سەر ئەوە هەڵبچنێت کە پەیوەندییەکەی لەگەڵ چین سەر بکێشێت بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسی؟ وە بۆچی چین بە دوودڵییەوە پەیوەندی لەگەڵ هەرێم و کەماتییەتییەکانی ناو دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری دەبەستێت؟ لە ئەنجامی وەڵامی ئەم پرسیارانەدا، ئەم بابەتە هەوڵ دەدات کە سیناریۆی هاتنی چین بۆ ناوچەکە و هەرێمی کوردستان ڕوون بکاتەوە و پێشنیاری چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئامادەیی چین بکات لە لایەن هەرێمەوە. وە ئایا دەکرێت پێشنیار بۆ هەرێمی کوردستان بکرێت کە لە ڕووی سیاسییەوە پشت بە چین ببەستێت بەرامبەر بە بەغداد؟

### ١. بنەماکانی بنیادنەری پەیوەندییە دەرەکییەکانی چین

بە هۆکاری جۆراوجۆر چین هەمیشە وڵاتێکی گرنگ بووە، چونکە خاکێکی گەورە و فراوانی هەیە و لە مێژیشە پڕدانیشتووترین نەتەوەی جیهان بووە، هەر بۆیەگەورەیی خاک و دانیشتووانەکەی بەردەوام بووەتە جێگەی گرنگیپێدان لە لایەن دەوڵەتانی دیکەوە. هەروەها چین توانایەکی ئابووریی فراوانی هەیە کە ئێستا بە دووەم بەهێزترین ئابووریی جیهان دادەنرێت لە دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، وە لە گەشەیەکی بەردەوامیشدایە، بۆیە پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا ببێت بە بەهێزترین ئابووریی جیهان. خاڵێکی دیکە دەربارەی چین ئەوەیە کە یەکێکە لە شارستانیەتە کۆن و کاریگەرەکانی جیهان، شارستانیەتێکە کە چەندین سەدە بێگانەی سەرسام کردووە. لە قۆناغی سەرەتای شەڕی سارددا، کۆماری چین بە ئایدۆلۆژیای شەڕانگێز و شۆڕشگێڕانەی خۆی هەڕەشەی ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە و جیهانی دەکرد. بەڵام لەم سەردەمەدا بە هۆی گەشەسەندنی خێرای ئابووریی وڵاتەکەیانەوە، سەرکردایەتیی

کۆماری چین بیر لەوە دەکەنەوە کە وڵاتەکایان ببنە ئاستێک کە لەم سەرەتای سەدەی بیست و یەکەدا ببێتە گەورەترین ئابووریی جیهان. لەگەڵ ئەمەشدا کاریگەریی سیاسەتی نێودەوڵەتیی چینیش بە شێوەیەکی بەردەوام لە زیادبووندایە. بەڵام پێویستە ئەوە بزانرێت کە داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوەی چین هاوشێوەی داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بیر ناکەنەوە بەوەی ببن بە پۆلیسی جیهان و دەستتێوەردان بکەن لە کاروباری ناوخۆی وڵاتاندا بە ناوی پاراستنی مافی مرۆڤ و گۆڕینی ئەو ڕژێمانەی کە لەگەڵ بەهاکانی ڕۆژئاوادا یەک ناگرنەوە، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە دیموکراسی نین و مافی کەمایەتییەکان تیایاندا پارێزراو نییە. بۆ چین دەستوەردان لە سەروەریی وڵاتان وەکوو هێڵی سوور دەبینرێت، ئەمەش لە بەر ئەوەی چین خۆیشی کێشەی ئەوەی هەیە کە حوکمڕانییەکەی دیموکراسی نییە و هاوشێوەی هەندێک وڵات خۆیشی کێشەی کەمایەتییەکانی هەیە. لەم ڕوانگەیەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هیچ ئاسۆیەک نییە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هەرێمی کوردستان بتوانێت وەکوو پاڵپشتییەک بۆ خۆی سەیری چین بکات لە ئەگەری ئاڵۆزی یان ڕووبەڕووبوونەوەی هەرێم لەگەڵ بەغداد.

چین لە ئێستاوە هێندە بەرچاو لە هەردوو ئابووریی جیهان و دیمەنی ستراتیژیی جیهانیدا دەردەکەوێت کە تا ڕادەیەک پێشینەی نەبووە، ئەمەش وای کردووە لەو وڵاتە کە هەر گێژاوێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان حوکمڕانی ڕوو دەدات، کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لە سەرانسەری جیهاندا. بۆیە لە ڕاستیدا چارەنووسی کۆماری چین هەر چییەک بێت، بە ناچاری هەموومان هەست بە کاریگەریی ئاڕاستە و ڕەفتاری دەرەکی دەکەین لە هەر شوێنێک بژیین[1].

«دێنی ڕۆی» لە کتێبی «پەیوەندییەکانی دەرەوەی چین»دا دەڵێت: «ئەگەر لە سەردەمی جەنگی سارددا چین گەیشتبێتە ڕزگاری و چەسپاندنی سەربەخۆیی خۆی، ئێستا هەوڵ دەدات توانا سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی کە لە زلهێزەکانی دیکە جیای دەکاتەوە، بۆ ئەو ئاستە بەرز بکاتەوە کە بە شایستە و ئاستی خۆی دەزانێت وەک دەوڵەتی پێشەنگ لە ئاسیا. جەختکردنەوەی چین لە سەر گەشەپێدانی ئابووری، دوو ستراتیژی گەورەی هەیە: یەکەمیان، بەشداریی چالاکانە بکەن لە ئابووریی جیهانیدا، بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین دەستڕاگەیشتنیان هەبێت بە سامان و زانیاری و دامەزراوە کاریگەرەکانی جیهان. دووەمیان: نزیکبوونەوەی هەموو ئاڕاستەکانە، بە مەبەستی دروستکردنی کەشێکی سیاسیی لەبار بۆ بازرگانیی دەرەکی و وەبەرهێنان و بڵاوکردنەوەی

تەکنەلۆژیـای پێشـکەوتوو و شـارەزایی و کەمکردنـەوەی گرژییـە سـەربازییەکان[٢].»

گـەر بمانەوێـت ئـەم بۆچوونـەی ڕۆی ڕونـتر بکەینـەوە، ئـەوا دەبێـت بڵێیـن کـە چیـن پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ وڵاتانـی دیکـە لـە سـەر بنەمـای تێکەڵەیـەک لـە ڕەچاوکردنـی سـتراتیژی، ئابـووری، سیاسـی و کولتـووری بنیـات دەنێـت. وە زۆربـەی پەیوەندییەکانـی چیـن لەگـەڵ وڵاتانـدا لـە سـەر بنەمـای هێـزی نـەرم بنیـاد نـراون. هێـزی نـەرم چەمکێکـە لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان کـە لـە لایـەن زانـای سیاسـی «جۆزێـف نـای»ەوە داڕێـژراوە و ئاماژەیـە بـۆ توانـای وڵاتێـک بـۆ کاریگـەری دروسـتکردن لـە سـەر لایەنێـک یـان وڵاتێکـی دیکـە بـە ڕێگەیـەک کـە پشـت بـە زۆرداری و شـەڕانگێزی نابەسـتێت کـە خـۆی لـە بەکارهێنانـی هێـزی سـەربازی دەبینێتـەوە یـان تەنانـەت تـا ڕادەیـەک ئابوورییـش. وە ئـەو ڕێگانـەی کـە دەکرێـت لـە چوارچێـوەی هێـزی نەرمـدا بـەکار بهێنرێـن، بریتیـن لـە ڕێـگای کولتـووری و دیپلۆماسـی و بەهـا و سیاسـەت[٣]. لێـرەدا چەنـد هۆکارێکـی سـەرەکی دەخەینـە ڕوو کـە کاریگەرییـان لـە سـەر ئـەو پەیوەندییانـە هەیـە کـە چیـن دروسـتی دەکات لەگـەڵ وڵاتانـی دیکـەدا:

### ١-١ بەرژەوەندیی ئابووری

بەهێزکردنـی ئابـووری بـۆ چیـن؛ گرنگتریـن کارە کـە سـەرکردایەتیی وڵاتەکـە جەختـی لـە سـەر دەکاتـەوە، بـۆ ئەمـەش زۆر جـار چیـن هاوکاریـی ئابـووری و پەیوەندییـە بازرگانییـەکان لەگـەڵ وڵاتانـی دیکـە لـە پێشـینەی کارەکانیدایـە. لـەم چوارچێوەیـەدا وەبەرهێنـان لـە پڕۆژەکانـی ژێرخانـی ئابـووری و دەرهێنانـی سـەرچاوە سروشـتییەکاندا دەکـەن و هـەوڵ دەدەن دەسـتیان بـگات بـە بـازاڕ لـە هەمـوو کونجێکـی جیهـان بـۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکانیـان. دەستپێشـخەری لـە دروسـتکردنی پشـتێن و ڕێـگای بازرگانـی، نموونەیەکـی دیـارە لـە هەوڵەکانـی ئـەو وڵاتـە بـۆ بەرزکردنـەوەی هاوکاریـی ئابـووری لەگـەڵ وڵاتانـی سەرتاسـەری ئاسـیا و ئەفەریقـا و ئەورووپـا، ئەمـەش وای کـردووە کـە هەرێمـی کوردسـتانیش ببێـت بـە جێـی بایەخـی چیـن. بـۆ سـەرکردایەتیی هەرێـم پێویسـتە کـە بزانێـت گرنگیـی هەرێـم بـۆ چیـن تەنهـا لـە سـەر بنەمـای بەرژەوەندیـی ئابوورییـە و نابێـت ڕۆژێـک لـە ڕۆژان چاوەڕێـی پاڵپشـتیی سیاسـی لـە چیـن بکرێـت بـۆ هەرێـم، بـە تایبەتییـش لـە ڕووی هەوڵـدان بـۆ جیابوونەوەمـان لـە بەغـداد، یـان تەنانـەت لـە ڕووی ململانێـی سیاسییشـەوە، چونکـە بەغـداد هەمـوو کات بـۆ چیـن بەبایەخـترە، چ لـە ڕووی ئابوورییـەوە بێـت، یـان لـە ڕووی سیاسـەتی نێودەوڵەتییـەوە بێـت.

## ٢.١ بەرژەوەندیی ستراتیژی

چین هەوڵ دەدات هاوبەشیی ستراتیژی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا پەرە پێ بدات کە بتوانن پشتگیری لە ئامانجە جیۆپۆلەتیکییەکانی بکەن. بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش، زیاتر هەوڵ دەدات پەیوەست بێت لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە هاوڕای بۆچوونی چینن سەبارەت بە پرسە نێودەوڵەتییەکان، وەک: سەروەری، یەکپارچەیی خاک و فرەجەمسەری. هەروەها چین هەوڵ دەدات کاریگەریی خۆی لەو ناوچانەدا زیاد بکات کە پێگەی گرنگی ستراتیژیی چین فراوانتر دەکات، لەم ڕووەشەوە دەکرێت عیراق و کورستانیش ببن بە جێی بایەخی چین، بەڵام هەروەک «ڕۆبەرت سەتە» لە کتێبەکەیدا بە ناوی «پەیوەندییەکانی دەرەوەی چین»دا دەڵێت: «بەرپرسانی حکومەتی چین و بەشێک لە زانا و پسپۆڕانی چینی و بیانی جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەولەویەتەکانی حکومەتی چین بە شێوەیەکی باو جەخت لە سەر ستراتیژییەک دەکاتەوە کە کار بۆ دابینکردنی ئاشتی و گەشەپێدان دەکات بە شێوەیەک کە بۆ دەیان ساڵ بەردەوام بێت[٤].»

## ٣.١ بەرژەوەندیی سیاسی

بە بۆچوونی ڕۆبەرت سەتە: «سەرکردایەتیی چین لە سیاسەتی دەرەوەیاندا خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوە و گرژی و ئاڵۆزیی سیاسی بەدوور دەگرن...، بۆ ئەوەی دوور لە ئاڵۆزی؛ ماف و دەستکەوتەکانی چین زیاتر و بەهێزتر بکەن[٥]»، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناتوانرێت پێشبینیی ئەوە لە چین بکرێت کە هاوکار و هاوئاهەنگی هەرێمی کوردستان بێت لە ئەگەری تێکچوونی سیاسی لە پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغداد، چونکە دواجار ئەم تێکچوونە دەبێتە هۆی تێکچوونی ئاشتی و ئاسایشی عێراق بە تایبەتی و ناوچەکەش بە گشتی. چین بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆی و بەهێزکردنی پێگەی نێودەوڵەتیی خۆی لەگەڵ وڵاتانی دیکە لە پەیوەندیی سیاسیدایە، بەڵام زیاتر لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە لە بەرەی دژ بە ئەمەریکان، ئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لە پشتگیریکردن لەو حکومەتانەی کە لە دژایەتیکردنی ئەمەریکا بە دۆستی خۆیانی دەزانێت و پێدەچێت کە لە داهاتوودا سەر بکێشێت بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی و بەشداریکردن لە کۆڕبەندی فرەلایەنە بۆ داڕشتنی پێکهاتەیەک کە بتوانێت حوکمڕانیی جیهان بکات. نزیکبوونەوەی هەرێم

لـە ڕووی سیاسـییەوە لەگـەڵ چیـن، پێدەچێـت ببێتـە هـۆی دروسـتبوونی گـرژی لـە پەیوەندییەکانی هەرێـم لەگـەڵ ئەمەریکا و وڵاتانـی نزیـک لـە ئەمەریکا، بۆیـە بـۆ هەرێـم گرنگـە کـە هـەوڵ بـدات دڵنیاییـەک بـە ئەمەریـکا و وڵاتانـی ڕۆژئـاوا بـدات کـە پەیوەندیـی هەرێـم لەگـەڵ چیـن هیـچ کات لـە سـەر حسـابی پەیوەندییەکانـی هەرێـم نییـە لەگـەڵ ئەمەریـکا و وڵاتانـی دیکـەی ڕۆژئـاوا، واتـە نابێـت بـە هیـچ شـێوەیەک ئامادەیـی چیـن لـە هەرێـم ببێتـە هـۆی دروسـتکردنی دڵەڕاوکێـش بـۆ ئەمەریـکا و هاوپەیمانەکانـی، چونکـە لەوانەیـە تەنانـەت ئەگـەر بـە تroووسـکاییەکیش بێـت ئەمەریـکا و وڵاتانـی دیکـەی ڕۆژئـاوا بیـر لـە پشـتگیریی کـورد بکەنـەوە دژ بـە بەغـداد، بـەڵام سـەبارەت بـە چینـەوە تەنانـەت ئـەو تroووسـکاییەش بـەدی ناکرێـت. ئەمـە بـەو مانایـە نایـەت کـە ئەمەریـکا بـە دڵنیاییـەوە پشـتگیری هەرێمـی کوردسـتان دەبێـت دژ بـە بەغـداد، بـەڵام بێگومـان بـەو مانایـە دێـت کە تاکـوو ئێسـتا هیـچ ئاماژەیـەک نییـە کـە وا لـە هەرێـم بـکات کـە پشـت بـە چیـن ببەسـتێت وەکـوو جێگرەوەیـەک بـۆ ئەمەریـکا کـە لـە داهاتـوودا لـە ڕووی سیاسـییەوە هاوسـۆز بێـت لەگـەڵ کـورددا لـە عێـراق.

### ٤.١ ئاڵوگۆڕی کولتووری

چیـن جەخـت لـە دیپلۆماسـی و ئاڵوگـۆڕی کولتـووری دەکاتـەوە وەک ئامرازێـک بـۆ پەروەردەکردنـی نیازپاکـی و لێکتێگەیشـتنی یەکـتر لەگـەڵ گەلانـی دیکـە، ئەمـەش دەستپێشـخەرییەکانی وەک پەیمانگاکانـی کۆنفۆشـیۆس و ئاڵوگـۆڕی کولتـووری و سکۆلەرشـیپ بـۆ خوێندکارانـی بیانـی بـۆ خوێنـدن لـە چیـن دەگرێتـەوە. کۆنفۆشـیۆس لەدایکبـووی کۆنـگ کیـو، فەیلەسـووفێکی چینـی بـووە کـە بـە شـێوەیەکی نەریتـی بـە نموونـەی حەکیمـە چینییـەکان دادەنرێـت. فێـرکاری و فەلسـەفەی کۆنفۆشـیۆس بنەمـای کولتـوور و کۆمەڵگـەی ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیایە، تـا ئەمـڕۆش لـە سەرانسـەری چیـن و ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیادا کاریگـەرە. کۆنفۆشـیۆس پێـی وا بـوو بـۆ گەڕاندنـەوەی ڕێکوپێکـی، کۆمەڵگـەکان دەبێـت هانـی هەندێـک فەزیلـەت بـدەن، وەک دڵسـۆزی و متمانەکـردن و ڕێزگرتـن لـە گـەورەکان. ئـەو پێـی وا بـوو مرۆڤـەکان توانـای بەدەسـتهێنانی ئـەم فەزیلەتانە و فەزیلەتەکانـی دیکەیـان هەیـە لـە ڕێگـەی پـەروەردەوە. تیـۆری سیاسـیی کۆنفۆشـیۆس جەختـی لـە چارەسـەرکردنی ململانێـکان لـە ڕێگـەی نێوەندگیرییـەوە دەکـردەوە، نـەک لـە ڕێگـەی جێبەجێکردنـی ڕێسـا ئەبسـتراکتەکانەوە بـۆ تێگەیشـتن لـە ڕاسـت و هەڵـە لـە پێنـاو گەیشـتن بـە هاوئاهەنگیـی کۆمەڵایەتـی، ئەمـەش دواجـار خـۆی لـەو بـاوەڕەدا دەبینێتـەوە

کـە دەوڵـەت پارێـزەری ئەخلاقـی گەلـە، بێگومـان ئـەم سیاسـەتەش دواتـر لـە کۆمەڵێـک دامـەزراوەدا ڕەنگدانـەوەی خـۆی پیشـان دەدات.

بـە بـڕوای «ڕای دالیـۆ»، شـێوازی بیرکردنـەوەی کۆنفۆشـیۆس کاریگەریـی لـە سـەر سیاسـەتی دەرەوەی چیـن هەیـە[٦]، دەیانەوێـت لـەم ڕێگـەوە چارەسـەرێک بـۆ ئـەو سەرلێشـێوان و ئاڵۆزییانـە بدۆزنـەوە کـە جیهانـی پێـدا تێدەپەڕێـت بەبـێ پشتبەسـتن بـە بەکارهێنانـی توندوتیـژی و هێزی سـەربازی. واتە بە شـێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چین دەیەوێت بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان سـەرکردایەتیی جیهـان بـکات، بـەڵام بەبـێ بەکارهێنانـی هێـز بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەخۆ. لەمـەوە ئـەو نیـازەی چینـمان بـۆ دەردەکەوێـت کـە دەیەوێـت ببێـت بـە جێگـرەوەی ئەمەریـکا لـە سـەرکردایەتیی ڕێبازێکـی نـوێ لـە جیهانـدا کـە تـا ئێسـتا بـە ڕوونـی پێشـانیان نـەداوە کـە چـۆن ڕێبازێکـە، بـەڵام ئـەوەی دیـارە تاکـوو ئێسـتا ئەوەیـە کـە دەیانەوێـت لـە ڕێگـەی ئابـووری و کاریگەریـی کولتوورییـەوە ئـەم هەنـگاوە بنێنـن و بـە شـێوەیەکی نیازپاکانـەش ئـەم هەنـگاوە دەنێـت و تـا ئێسـتا ڕوون نییـە کـە تـا چەنـد  دەتوانـن لـە سـەر ئـەم ڕیتمـە هێمنـە بـەردەوام بـن. بـەڵام دەتوانرێـت بوترێـت کـە تەنهـا لـە سـەر کات کەوتـووە بـۆ ئـەوەی چینیـش هاوشـێوەی ئەمەریـکا دەسـت بـکات بـە بەکارهێنانـی هێـز بـۆ بەهێزکـردن و دەسـتگرتن بـە ئامادەیـی خـۆی لـە جیهانـدا، لـەم ڕێگەیەشـەوە بتوانێـت بەرژەوەندییەکانـی خـۆی بپارێزێـت. تێوەگلانـی چیـن لـەوەی کـە ببێـت بـە هێزێکـی کاریگـەر لـە جیهانـدا تـا سـەر بـە شـێوەی ئاشـتییانە ناچێتـە سـەر، چونکـە تەنانـەت ئەگـەر چیـن خۆیشـی نیەتـی نەبێـت لـە بەکارهێنانـی هێـز، ئـەوا نیەتـی شـەڕانگێزیی نەیارەکانـی ناچـاری دەکـەن کـە دواجـار هێـز بـەکار بێنێـت.

### ٥.١  هاوکاریی ئاسایش و بەرگری

چیـن لەگـەڵ وڵاتانـی دیکـەدا هاوکاریـی ئەمنـی و بەرگـری دەکات بـۆ چارەسـەرکردنی ئاسـتەنگە ئەمنییـە هاوبەشـەکان، وەک دژەتیـرۆر، ئاسایشـی دەریایـی و ئۆپەراسـیۆنەکانی ئاشـتیپارێزی، ئەمـەش ڕەنگـە ئاڵوگـۆڕی سـەربازی و فرۆشـتنی چـەک و مەشـقی هاوبەشـی تێـدا بێـت. ئـەم خاڵـە دەکرێـت ببێـت بـە خاڵێکـی هەسـتیار بـۆ پێگـەی هەرێمـی کوردسـتان، چونکـە لـە کاتـی دابینکردنـی هاوکاریـی ئاسـایش و بەرگـری لە لایـەن چینەوە، ئـەوا هەرێمـی کوردسـتان ئەکتەرێکـی بەهێـز نابێـت بـۆ ئـەوەی کـە چیـن کاری لەگەڵـدا بـکات، بۆیـە لـەم بـوارەدا چیـن هـەردەم ئەولەوییـەت دەدات بـە کاراکتـەری سـەرەکی کـە

دەوڵەتـە، لـە عێراقیشـدا بەغـداد نوێنەرایەتیـی دەوڵـەت دەکات نـەک هەولێـر. تەنهـا لـەو کاتـەدا چیـن ئامادەیـی دەبێـت کـە یارمەتیـی هەرێمـی کوردسـتان بـدات لە ڕووی ئاسـایش و بەرگرییـەوە کـە بەغـداد ڕەزامەندیـی لـە سـەر هەبێـت، ئەمـەش لـە بـەر ئـەوەی کـە هـەر بـە پێـی تیـۆری کۆنفۆشـیۆس بچـووک دەبێـت ڕێـز لـە هەیمەنـە و دانایـی گـەورە بگرێـت.

بـە گشـتی بـە پێـی ئـەم ڕوونکردنەوانـە بۆمـان دەردەکەوێـت کـە ڕێبـازی چیـن بـۆ بنیاتنانـی پەیوەنـدی لەگـەڵ وڵاتانـی دیکـە فرەلایەنـە، بـە هـۆی بەرژەوەندیـە سـتراتیژییە فراوانەکانـی و ئەولەویەتەکانـی ئابـووری و ئامانجـە دیپلۆماسـیەکانەوە ڕێنمایـی دەکرێـت و بنیـاد دەنرێـت، نـەک بـە هـۆی مافـی مـرۆڤ و بەهـای تایبەتـەوە. واتـە چیـن هیـچ کات چاوەڕێـی ئـەوەی لـێ ناکرێـت کـە لـە ڕووی ئەخلاقییـەوە هـاوکار و پشـتوپەنایەک بـۆ هەرێـم دروسـت بـکات دژ بـە بەغـداد.

### ٢. فراوانخوازیی چین لە ڕووی تیۆرییەوە

فراوانبوونـی چیـن، چ لـە ڕووی ئابـووری و چ لـە ڕووی جیۆپۆلەتیکییـەوە، بابەتـی ئارگیومێنتـی تیـۆری جۆراوجـۆر بـووە. لـەم چوارچێوەیەشـدا ئارگیومێنتـی جیـاواز هـەن کـە هەریەکـە و بـە شـێوازێک شـیکردنەوە دەکات بـۆ ئـەم ئامادەییـە بێوێنەیـەی چیـن لـە جیهانـدا. لێـرەدا هەندێـک لـە ڕوانگـە تیۆرییـە سـەرەکییەکان دەخەینـە ڕوو، لەوانـە:

#### ٢-١ ڕیالیزم

وەک هەمیشـە تیۆرییـە ڕیالیسـتییەکان جەخـت لـە سـەر ڕۆڵـی دەسـەڵات و ئاسـایش دەکەنـەوە لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا. هـەردەم زلهێـزەکان ئاسایشـی وڵاتـی خۆیان و پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانیـان لـە وڵاتانـی دیکـە دەکـەن بـە بیانـوو بـۆ فراوانکردنـی دەسـەڵاتی خۆیـان و بەهێزکردنـی هەیمەنەیـان لـە دەرەوەی سـنووری خۆیـان. بێگومـان ئـەم بەرژەوەندییـە ئابوورییـە فراوانـەی چیـن لـە جیهانـدا پێویسـتی بـە هێـزە بـۆ ئـەوەی بپارێزرێـت، پێشـبینی دەکرێـت لـە داهاتووشـدا هـەر بکەوێتـە ژێـر هەڕەشـەی هێـزە گەورەکانـی دیکـە، ئـەوکات چینیـش بـە مافـی خـۆی دەزانێـت بەرگـری بـکات، ئەمـەش مانـای ئەوەیـە کـە فراوانبوونـی ئابـووری ئەسـتەمە بـە شـێوەیەکی ئاشـتییانە بـەردەوام بێـت ئەگـەر هێزێکـی گـەورە و تۆکمـەی لـە پشـت نەبێـت. بۆیـە لـە ڕوانگـەی بیرکردنـەوەی ڕیالیسـتییەکانەوە دەتوانرێـت فراوانبوونـی چیـن وەک دەرئەنجامێکـی سروشـتیی گەشەسـەندنی دەسـەڵات و تەماحـی دەسـتەبەرکردنی بەرژەوەندییـە نیشـتمانییەکانی

سـەیر بکرێـت و لـەو چوارچێوەیەشـدا هەیمەنەیـەک بسـەپێنێت بەسـەر ڕێکخسـتنی جیهانیـدا. هـەروەک «یڤێـس هێنـج لیـم» لـە کتێبـی «هێـزی دەریایـی چیـن، ڕێبازێکـی ڕیالیسـتانەی هێرشـبەرانە»دا تیشـک دەخاتـە سـەر گەشـەی فراوانـی چیـن و دەڵێـت: «بەرزبوونـەوەی خێـرای خەرجییـە سـەربازییەکانی چیـن، ڕێگـەی داوە بـە مۆدێرنکردنـی هێـزە سـەربازییەکانی چیـن لـە سەرانسـەری وڵاتـدا. هێـزی دەریایـی چیـن لـە پلەیەکـی بـەرزی ئەولەویەتەوەیـە. لـە مـاوەی دوو دەیـەدا چیـن سێ پۆلی نوێـی هێـزی ژێردەریایی، پۆلێکـی نوێـی ژێردەریایـی هێرشـی ئەتۆمـی، لەگـەڵ پۆلێکی دیکـەی ژێردەریایی مووشـەکی بالیسـتیک، هەروەهـا دەیـان کەشـتیی دوورخـراوە و کەشـتیی بەرگریـی کەنـار دەریاکانـی پێـک هێنـاوە[٧].» بـە بۆچوونـی لیـم، ئـەم هێزانـە «بەشـدارییەکی گرنـگ دەکـەن لـە پاراسـتنی سـەروەریی نیشـتمانی و ئاسـایش و یەکپارچەیـی خاکـی چیـن، بـۆ پێشخسـتنی چاکسـازی و کراوەیـی و بەهێزبوونـی وڵاتەکـە[٨]».

وا دەردەکەوێـت کـە چیـن بـە وریایـی و لەسـەرخۆ هەنـگاو بـەرەو بەهێزبـوون دەنێـت، بـە تایبـەت لـە سـەر ئاسـتی ناوچەیـی. هەندێـک لـە زانایانـی ڕیالیسـتی، لـە نێویشـیاندا جـۆن میرشـایمەر؛ مامۆسـتای زانکـۆی شـیکاگۆ، درک بـەم سیاسـەتەی چیـن دەکـەن و ئەوانیـش پێیـان وایـە کـە: «هێزێکـی بەرزبـووەوەی وەک چیـن سـەرەتا دەبێـت هەژموونـی ناوچەیـی بەدەسـت بهێنێـت پێـش ئـەوەی بـەدوای تەماحـە جیهانییـە فراوانەکانـدا بگەڕێـت[٩].» هەروەهـا ڕیالیسـتەکان باوەڕیـان وایشـە کـە فراوانبوونـی چیـن بـە هـۆی خواسـتی زیادکردنـی کاریگـەری و کۆنترۆڵکردنـی بەسـەر ناوچـە سـتراتیژییەکان و دەستڕاگەیشـتن بـە سـەرچاوەکان و پاراسـتنی سـنوورەکانیدایە. بـەڵام چیـن تەنهـا دەوڵـەت نییـە کـە ئـەم هەنـگاوە دەنێـت، پێشـتر چەندیـن وڵات ئـەم ڕێبازەیـان جێبەجێ کـردووە، تەنها جیاوازیـی چیـن ئەوەیـە کـە لـەم کاتـەدا وا خـۆی پیشـان دەدات کـە ئامادە نییـە هەمـان ڕێبـاز پیـادە بـکات و تەنانـەت نیازیشـی نییـە لـە ڕووی بەکارهێنانـی هێـزەوە ئـەم کارە بـکات، بەڵکـوو لـە ڕووی کاریگەریـی ئابـووری و گەشـەی ئابوورییـەوە ئـەم کارە دەکات، بـە شـێوەیەک کـە سـوودمەند بێـت بـۆ خـۆی و ئـەو دەوڵـەت و هەرێمانـەش کـە پەیوەندییـان لەگەڵیانـدا هەیـە.

## ٢-٢ لیبرالیزم

تیۆرییـە لیبراڵییـەکان زیاتـر جەخـت لـە سـەر ڕۆڵـی دامـەزراوەکان و وابەسـتەیی ئابـووری و نۆرمـەکان لـە داڕشتنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییـەکان دەکەنـەوە. داکۆکیکارانی ئـەم تیـۆرە زیاتـر لـە ڕوانگـەی بەهێزکردنـی بـازاڕی ئـازاد و دڵخۆشـبوون بـە زیادکردنـی کارەکتەرێکـی نـوێ بـۆ ئـەم بـازاڕە سەرسام دەبن، تـا ڕادەیـەک ئەمـە بـە دەسـتکەوت دەزانـن و وا لێـی دەڕوانـن کـە دواجـار چیـن پابەنـد بـووە بـە ئـەو دنیابینییـەی کـە لیبرالیزمـەکان خوێندنەوەیـان بـۆی هەبـووە و پێشـبینییان کـردووە. بۆیـە لـە ڕوانگـەی لیبرالیسـتەکانەوە دەتوانرێـت فراوانبوونـی چیـن لـە ئەنجامـی گرنگیـدان و تێکەڵبوونـی چیـن بـە ئابـووری و دامـەزراوە جیهانییەکانـەوە سـەیر بکرێـت. لیـم بـەردەوام دەبێـت و دەڵێـت: «چیـن دژ بـە هەژموونـە و پابەنـدە بـە ئاشـتیی جیهانـی. واتـە چیـن ئـەم گەشـەکردنەی بـە گەشـەپێدانی ئاشـتییانە وێنـا دەکات. لـەم ڕێگەیەشـەوە چیـن وا خـۆی دەنوێنێـت کـە هەڵبژێـردراوە بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگـەی ئامادەیـی خۆیـەوە جیهانیبوونـی ئابـووری لەبـاوەش بگرێـت. نیەتباشـیی خۆیشـیان وا پیشـان دەدەن کـە گەشـەپێدانی ئاشـتییانەی چیـن لۆژیکـی سـەرهەڵدانی ئاشـتییانەی فراوانـتر کـردووە لـە جیهانـدا[١٠].»

ئـەو بۆچوونـەی لیبرالیسـتەکان ڕاسـتە کـە دەڵێـن گەشـەی ئابـووری و بەشـداریکردنی چیـن لـە ڕێکخـراوە ئابوورییـە نێودەوڵەتییـەکان بەشـدار بووە لە سـەرهەڵدانی ئاشـتییانەی چیـن و ڕەنگـە فراوانبوونـی چیـن بـە هـۆی پاڵنـەرە ئابوورییەکانـەوە بێـت نـەک تەنهـا پاڵنـەرە سـەربازییەکان. هەروەهـا ئـەوەش ڕاسـتە کـە چیـن لـەم ڕێگەیـەوە هاتووەتـە نێـو جیهانـەوە و پەیوەندییەکانـی ڕێـک خسـتووە لەگـەڵ وڵاتـان، بـەڵام چـاوەڕوان ناکرێـت کـە تـا سـەر چیـن لـە سـەر ئـەم سیاسـەتە بمێنێـت، چونکـە تـا ئێسـتا چیـن نەیتوانیـوە دەسـت لـەو سیسـتمە ناوخۆییـە تونـدە هەڵبگرێـت کـە جەخـت لـە سـەر ناوەندێکـی بەهێـز دەکاتـەوە و تاکـە حزبێـک خاوەنـی هەمـوو بڕیارەکانـی دەوڵەتـە. بۆیـە ئەسـتەمە چیـن بتوانێـت لـە نـاوەوە بـە سیاسـەتێک و لـە دەرەوە بـە سیاسـەتێکی دیکـە مامەڵـە بـکات. ئـەم سیاسـەتە نەرمەشـی کـە تاکـوو ئێسـتا پیـادەی دەکات، پێدەچێـت کاتـی بێـت و تـا سـەر وا نەمێنێـت، ئەمـەش خاڵێکـە کـە کاربەدەسـتانی هەرێـم دەبێـت بەهەنـد وەریبگـرن و خوێندنـەوەی زیاتـری بـۆ بکـەن.

### ٢-٣ بونیادگەرایی

بیرمەندانی تیۆری بونیادگەرایی لە شیکردنەوەکانیاندا گرنگیی بیرۆکە و ناسنامە و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لە داڕشتنی ڕەفتاری دەوڵەتدا دەردەخەن. لە ڕوانگەی بونیادگەراییەوە دەتوانرێت فراوانبوونی چین وەک بەرهەمی ناسنامەی نەتەوەیی پەرەسەندوو و خواستەکانی بۆ سەرکردایەتیی ناوچەیی سەیر بکرێت. بونیادگەران دەڵێن ئەزموونە مێژووییەکانی چین و بەها کولتوورییەکان و تێڕوانینەکانی بۆ ڕۆڵی چین لە جیهاندا کاریگەرییان لە سەر سیاسەت و ڕەفتاری فراوانخوازیی چین هەیە.

لە کتێبی «سەرچاوە و فراوانبوونی کۆمەڵناسیی چینی»دا، «شاۆجی لیو» پێی وایە کە: «چینییەکان پێیان وایە کە دەبێت تایبەتمەندیی خۆیان هەبێت، شایستە و شەریف بن و جیاواز بن لە تاقمەکانی تر، باشترکردنی ئەوەی لە میللەتدا هەیە. بەڵام بە شێوەیەکی سادە میرات نەگرێت، چاندنێکی ورد و وردبینیی بۆ بکرێت و نەهێشتنی لاوازییەکان ئەنجام بدەن و جەوهەرەکە لەباوەش بگرن بۆ گۆڕین و پەروەردەکردن. بۆیە ئەمە هەڵوێستێکی دیالێکتیکیی ئەرێنییە بەرامبەر بە نەریتە کولتووری و دابونەریتە ڕۆحییەکانی نەتەوەی چین. جیاوازە لەو کۆنەپەرستانەی کە بە سادەیی نەریتی کولتووریی چینی لەو سەردەمەدا دەپارێزن، لەگەڵ ئەو ڕادیکالیستانەی کە دەیانەوێت بە تەواوی واز لە نەریتی کولتووریی چینی بهێنن. ئەمەش ئەو زیندووییە دووپات دەکاتەوە کە دەتوانێت زیاتر گەشە بکات، هەروەها پابەندە بە بنەمای بنیاتنانی چالاکانەی ڕۆحی کولتووریی نەتەوەیی. ئەم ڕێگەیەش لە ڕاستیدا بانگەشەیەکی بونیادگەراییە[11].»

لێرەدا مێژووی دێرینی چین و گەورەیی لە قەبارە و ڕێژەی دانیشتووانەکەی پاڵنەرن کە وا لە وڵاتەکە بکات خۆی لە پێگەیەکدا ببینێت بۆ ئەوەی ببێت بە هێزیکی سەرەکی کە بتوانێت سەرکردایەتیی جیهان بکات، هەر چەندە چینییەکان خۆیان ئەم نیازە بە ئاشکرا دەرنابڕن. ئەوەشی کە وای کردووە چین بوێریی هەبێت ئەم هەنگاوە بنێت، بریتییە لە گەشە ئابوورییە بێوێنەکەی و هەنگاوە دیارەکانیشی لە پەرەپێدانی چەک و پێشبڕکێکانیشی لە زۆرێک لە بوارەکانی پیشەسازییە گەورەکان. تەکە خۆیئی دانیشتوانەکەی پاڵنەو

### ٢-٤ مارکسیزم

تیۆرییە مارکسییەکان لە چاویلکەی خەباتی چینایەتی و بەدواداچوون بۆ بەرژەوەندییە ئابوورییەکان؛ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان شی دەکەنەوە. لە ڕوانگەی مارکسییەوە دەتوانرێت فراوانبوونی چین بە هۆی خواستی پارتی کۆمۆنیستی دەسەڵاتدارەکەیەوە سەیر بکرێت بۆ پاراستن و دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات و دەستەبەرکردنی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکان بۆ گەشەپێدانی ئابووریی چین کە دواجار پارتەکە و نوخبەی سیاسی لێی سوودمەند دەبن.

هەروەک «یامین هوو» لە کتێبی «بنیاتی هاوچەرخی فۆڕمی چینیی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسی»دا دەڵێت: «شێوازی بەرهەمهێنان و ئابووری لە بازاڕی ئەمڕۆی چیندا تەواو نزیکە لە بەرهەمهێنانی هونەریی بەتایبەتمەندکردنی کاڵا کە مارکس بە دروستکردنی بەها بۆ سەرمایە وەسفی کردووە. لێکۆڵینەوەکانی مارکس لە سەر ئەدەب و سەرمایە لەمڕۆدا بە تایبەتی پەیوەندیدارە بەم پرسەوە. بۆچوونەکانی مارکس سەبارەت بە سەرمایە، گرنگییەکی فێرکاری و ڕێنماییکەریان هەیە بۆ تێگەیشتن و ناسینەوە و شیکردنەوەی چالاکییە ئەدەبییە هاوچەرخەکان. فۆڕمی چینی لە سەر بنەمای تیۆریزەکردنی سەرمایەیە کە لە لایەن مارکسەوە ڕوون کراوەتەوە و فراوانتر دەردەکەوێت، بۆ ئەوەی بە وریاییەوە کاریگەرییەکانی بەکاربەری ئەمڕۆ لە سەر ئەدەب و کولتوور هەڵبسەنگێنرێت و بە هێزی بازاڕ ئاسانکاری بۆ پێشکەوتنی ئەدەب و هونەری هاوچەرخ بکرێت. دواجار ئەمەش بەشێکە لە فراوانکردنی سەرمایە[١٢].»

ئەم بۆچوونە ئەوە دەسەلمێنێت کە چین دەیەوێت قۆرخکاری بکات لە بەکارهێنانی وڵاتانی دیکە، بە تایبەت ئەوانەی کە خاوەنی سەرچاوەی سروشتین، بە تایبەتریش ئەوانەی کە خاوەنی سەرچاوەی وزەن، چونکە بە هۆی ئابوورییە مەزنەکەی و زۆریی دانیشتووانەکەیەوە چین بەردەوام پێویستی بە دابینکردنی وزە هەیە، بۆ ئەمەش دڵنیایی دەوێت کە لە پەیوەندیی باشدا بێت لەگەڵ وڵاتە خاوەن وزەکان، بۆ ئەمەش ئامادەیە تەنانەت لەگەڵ هەرێمە تایبەتەکانیشدا پەیوەندی دروست بکات کە تاکوو ئێستا خاوەنی دەوڵەت نین، لەم چوارچێوەشدا جێگەی هەرێمی کوردستانی کردووەتەوە بۆ ئەوەی پەیوەندیی لەگەڵدا دروست بکات.

### ٢-٥ تیۆری جیۆپۆلەتیکی

داکۆکیکارانی تیۆرییە جیۆپۆلەتیکییەکان سەرنج دەخەنە سەر گرنگیی جوگرافیا و ئەو پەیوەندییانەی کە ئامادەیی دیاری ستراتیژییان هەیە و ڕەچاو دەکرێن لە داڕشتنی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. لە ڕوانگەی جیۆپۆلەتیکییەوە، دەتوانرێت فراوانبوونی چین وەک ڕێگایەک بۆ پێگەی جوگرافیای چین و ئیمتیازە ستراتیژییەکانی لە دەستەبەرکردنی ڕێگا دەریاییەکانی و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکان سەیر دەکرێت. هەروەک «دۆشی» دەڵێت: «لەگەڵ چڕبوونەوەی کێبڕکێی ئەمەریکا و چین لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ژمارەیەک لە داڕێژەرانی سیاسەت و زاناکان زۆر جار گەڕانەتەوە بۆ هەمان ئەو پرسیارە کە ئایا: ‹ئەم کێبڕکێیە لە سەر چییە؟› بێگومان لە سەر ئەوەیە کە کێ سەرکردایەتیی ڕێکخستنی ناوچەیی و جیهانی بکات. هەر چەندە زانایانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە گشتی جیهانیان بە ئەنارکیک زانیوە، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کە زۆر جار دەرەنجامی هەوڵدانە بۆ پلەبەندی. هەندێک دەوڵەت دەسەڵاتیان بەسەر دەوڵەتانی دیکەدا هەبووە. ژمارە و مەودا و چڕیی ئەم پەیوەندییە پلەبەندییانە؛ ڕێکوپێکی، یان ‹یاسا و ڕێکخستنە جێگیرەکانی نێوان دەوڵەتەکان› بەرهەم دەهێنن کە دەتوانن هەردوو ڕەفتاری دەرەکی و ناوخۆیی خۆیان بەڕێوە ببەن و ببێتە هۆی پلەبەندییش لە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتەکان و ڕەفتاریان بەرامبەر بە یەکتر. لەم چوارچێوەیەدا فەرمانە هەژموونییەکان بریتین لەوەی کە لە لایەن دەوڵەتێکی باڵادەستەوە بۆ ڕێکخستنی ژێردەستەکانی و ئەو کۆنترۆڵکردنە زۆر جار تێکەڵەیەک لە توانای زۆرەملێ و هاندانی کۆدەنگی لەخۆ دەگرێت، یان زۆرەملێ لە هەڕەشەی سزا سەر هەڵدەدات[١٣].»

زۆر جار تیۆریستەکانی جیۆپۆلەتیکی شیکاری فراوانبوونی چین دەکەن لە ڕووی هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بۆ دامەزراندنی ستراتیژییەک کە ببێتە هۆی دەستەبەرکردنی بنکە دەریاییەکان و کاریگەرییان بە درێژایی ڕێگا سەرەکییە دەریاییەکان بۆ دڵنیابوون لە هێنانی ئەو بەرهەمانەی کە چین پێویستی پێیانە بە تایبەت وزە، هەروەها هەناردەکردنی ئەو بەرهەمانەشی کە چین بەرهەمیان دێنێت بۆ دەرەوە.

ئەم ڕوانگە تیۆرییانە چوارچێوەی جیاواز بۆ تێگەیشتن لە فراوانبوونی چین و

کاریگەرییەکانـی لـە سـەر سیاسـەتی جیهانـی ڕوون دەکەنـەوە. بـە پێـی کۆنتێکسـت و لایەنـە تایبەتەکانـی ڕەفتـاری چیـن، تۆریسـتەکان ناچـار بـوون کـە هەریەکەیـان بـە پێـی تێڕوانیـن و تێگەیشـتی خۆیـان باسـی ئـەم فراوانخوازییـە بکـەن، بـەڵام هەریەکەیانیش بـە شـێوەیەک ئامانجیـان پێـکاوە لـە ڕوونکردنـەوەی ئـەم فراوانخوازییـە. دیـارە ئـەم تیۆرانـە زیاتـر جەخـت لـە سـەر ڕۆڵ و فراوانیـی هەیمەنـەی چیـن دەکەنـەوە، لەگـەڵ پەیوەندیـی ئـەم فراوانبوونـەی چیـن بـە دەوڵەتانـەوە نـەک هەرێمێکـی دیاریکـراو لـە دەوڵەتێکـدا لـە شـێوەی هەرێمـی کوردسـتان لـە عێراقـدا.

### ٣. پەیوەندیی نێوان چین و هەرێمی کوردستان

پەیوەندیـی نێـوان چیـن و هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق فرەلایـەن بـووە و بـە تێپەڕبوونی کات پـەرەی سـەندووە. لێـرەدا چەنـد خاڵێکـی سـەرەکی دەخەینـە ڕوو کـە دەبێـت لەبەرچـاو بگیرێـن سـەبارەت بـەو پەیوەندییـەی کـە لـە نێوانیانـدا هەیـە و بـە شـێوەیەکی گشـتی خۆیـان لـەم جـۆرە پەیوەندییانـەی خـوارەوەدا دەبیننـەوە:

#### ٣-١ پەیوەندییە ئابوورییەکان

وەک پێشـتر بـە کورتـی بـاس کـرا، چیـن ئـارەزووی خـۆی بـۆ وەبەرهێنـان لـە کەرتـی وزەی هەرێمـی کوردسـتان، بـە تایبەتـی لـە بـواری نـەوت و گازدا، نیشـان داوە. کۆمپانیـا چینییـەکان بەشـدارییان لـە چالاکییەکانـی گـەڕان و بەرهەمهێنانـی نـەوت لـە ناوچەکـەدا کـردووە. حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان پێشـوازیی لـە وەبەرهێنانـی چینـی کـرد لـە کەرتـە جیـاوازەکان، لەوانـە ژێرخانـی ئابـووری، بیناسـازی، پەیوەندییـەکان. بـەڵام ئـەوەی گرنگـە لێـرەدا کـە هەرێمـی کوردسـتان بەهەنـد وەریبگرێـت ئەوەیـە کـە ئـەم پەیوەندییانـە تەنهـا لـە چوارچێـوەی ئابووریـدا دەمێننـەوە و ئەسـتەمە هیـچ کاتێـک بـۆ چیـن گرنـگ بێـت ئـەم پەیوەندییـە گەشـە پـێ بـدات بـۆ پەیوەندیـی سیاسـی، چونکـە چیـن هەرگیـز پێشـبینیی ئـەوەی لـێ ناکرێـت کـە پاڵپشـتیی هەرێمێکـی وڵاتێـک بـکات بـۆ بەدەسـتهێنانی مافـە نەتەوەییەکانیـان، بـە تایبـەت ئەگـەر ئـەو پاڵپشـتییە سـەر بکێشـێت بـۆ دروسـتکردنی دەوڵـەت، چونکـە وەک پێشـتر ئامـاژەم پـێ کـرد چیـن خۆیشـی بەدەسـت کەمایەتییەکانی خۆیـەوە دەناڵێنێـت.

### ٣-٢ پەیوەندییە بازرگانییەکان

چین هاوبەشێکی بازرگانیی بەرچاوە بۆ هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی زۆرێک لە سەرمایەدارەکانی هەرێم بەرهەمی چینی هاوردە دەکەن، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە بازرگانە کوردەکان بە تەواوی ڕاهاتوون لە هاتوچۆکردنی چین و دروستکردنی پەیوەندیی باش لەگەڵ کۆمپانیا و بەرهەمهێنەرە چینییەکان. هەروەها لە لایەن هەردوو لاشەوە نیاز پیشان دراوە و هەوڵیش دراوە بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە بازرگانییە دووقۆڵییەکان و بەرزکردنەوەیان بۆ ئاستێکی باڵاتر. لەم چوارچێوەیەشدا گومان دەکرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەوڵی هەناردەکردنی نەوت و کەلوپەلی دیکەی هەبێت بۆ چین، یاخود ئەگەر لە ڕابردووشدا ئەم هەنگاوە نرابێت، ئەوا بێگومان هەرێمی کوردستان خواستی لە سەر فراوانکردنی ئەم پەیوەندییەی هەیە.

هاتنی چین بۆ ناوچەکە ئاساییە، چونکە چین زیرەکانە لە ڕووی ئامادەیی خۆی بۆ ناو بازاڕی جیهانی وا خۆی دەنوێنێت کە بەشدارە لەو بازاڕەی کە لیبراڵەکان پێیان خۆشە گەشە بکات. واتە بە جێبەجێکردنی سیاسەتێکی لیبڕالانە، دەیەوێت سوود لە فراوانبوونە ئابوورییەکەی ببینێت و بیخاتە خزمەت خۆیەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە سەر ئاستی ناوخۆیی هەمان سیاسەت جێبەجێ ناکات، چونکە تاکوو ئێستا چین لە ڕووی سیاسی و دیموکراسی و مافی مرۆڤەوە هەنگاوی ئەرێنیی نەناوە، بە تایبەت بەوەی کە تاکوو ئێستا سیستمی تاک حیزبی پەیڕەوە دەکەن. باشترە بۆ هەرێم کە زیاتر کراوە بێت بە ڕووی ئەو وڵاتانەی کە سیاسەتی دەرەوەیان زۆر لەگەڵ سیاسەتی وڵاتانی ناوچەکەدا یەک ناگرێتەوە، بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە. دیارە لەم ڕووەوە بۆ کورد باشترە کە بە ڕێژەی سەرەکی پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوادا هەبێت، بە تایبەت ئەمەریکا. چین دەبێت کەمترین پشتی پێ ببەسترێت لەم ڕووەوە، جونکە لە بنەڕەتدا چین نەک نزیکە لە وڵاتانی ناوچەکەوە، بەڵکوو سروشتی حکومڕانییەکانیشیان زۆر لە یەکەوە نزیکە، بۆیە پاراستنی بەرژەوەندی و سەروەریی یەکتریان زۆر بەلاوە گرنگە.

## ٣-٣ پەیوەندییە سیاسییەکان

ئـەوەی لێـرەدا هەسـتی پـێ دەکرێـت و ڕووە دەدات ئەوەیـە کـە هەرێمـی کوردسـتان هـەوڵ دەدات پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـی فراوانـتر بـکات و تەنهـا لـە چوارچێـوەی هاوپەیمانـە تەقلیدییەکانـی وەکـوو وڵاتانـی ڕۆژئـاوا نەیهێڵێتـەوە و هەمەچەشـنی بـکات، چینیـش یەکێـک بـووە لـەو وڵاتانـەی کـە بـۆ بەشـداریکردنی دیپلۆماسـی لێـی نزیـک بووەتـەوە. لـە کاتێکـدا ڕەنگـە پەیوەندیـی سیاسـیی نێـوان چیـن و هەرێمـی کوردسـتان بەقـەد هەندێـک وڵاتـی ڕۆژئـاوا قـووڵ نەبێـت، بـەڵام هەوڵـی بەهێزکردنـی پەیوەندییـەکان لـە سـەر ئاسـتی دیپلۆماسـی هەبـووە. هەرێمـی کوردسـتان دەبێـت بـە وریاییـەوە ئـەم هەنـگاوە بنێـت، چونکـە نابێـت بـە هیـچ شـێوەیەک ڕێگـە بـدات کـە ئـەم پەیوەندییـە لـە سـەر حسـابی بەرژەوەندییـە ئابـووری و سیاسـی و ئەمنییەکانـی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا بێـت، بـە تایبـەت ئەمەریـکا. ڕاسـتە کـە وڵاتانـی ڕۆژئـاوا ناتوانرێـت بـە شـێوەیەکی ڕەهـا پشـتیان پـێ ببەسـترێت لـە پاڵپشـتیکردنی هەرێـم، بـەڵام لـەم کاتـەدا بەدیلـی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا بـۆ داکۆکیـردن لـە خەڵـک و مافـی گەلـی کـورد لـە عێـراق نییـە.

تاکـوو ئێسـتا ئـەوەی کـە چـاوەڕوان دەکرێـت لـە ڕووی سیاسـی و ئەخلاقییـەوە هـاوکار و پاڵپشـتی کـورد بێـت لـە ناوچەکـەدا، تەنهـا وڵاتانـی ڕۆژئاوایـە. دەبێـت بـە ئاسـانییش ئـەو ڕاسـتییە حاشـاهەڵنەگرە بزانیـن کـە وڵاتانـی ڕۆژئـاواش بـە مەرجێـک ئـەم پاڵپشـتییە دەکـەن کـە لەگـەڵ بەرژەوەندییەکانیانـدا یـەک بگرێتـەوە، چونکـە گومـان لـەوەدا نییـە کـە دەوڵەتـان بـە ڕێـژەی سـەرەکی بەرژەوەندییەکانیـان و ئاسایشـی وڵاتەکانیـان گرنگـترە بـە لایانـەوە تاکـوو لایەنـی ئەخلاقـی. دیـارە وەکـوو ئاماژەمـان پـێ دا تیـۆری ڕیالیسـتی بـە باشـی لـەم باسـە تێماندەگەیەنێـت. تیشـک خستنەسـەر بەرژەوەندییـش لـە لایـەن وڵاتانـی ڕۆژئـاواوە دەبێـت بـە ئاسـایی وەربگیرێـت تاکـوو تانەوتەشـەریان لـێ بگیرێـت، چونکـە ئـەوە سروشـتی دەوڵەتـداری و حوکمڕانییـە، تەنانـەت هەرێمـی کوردسـتانیش ئامـادە بـووە لـە چەندیـن وێسـتگەدا ئەگـەر هاوکاریـی وڵاتانـی دراوسـێش نەبووبێـت لـە دژایەتیکردنـی پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان، ئـەوا بێگومـان بێدەنگیـی هەڵبـژاردووە. کەواتـە لێـرەدا بـۆ هەرێمـی کوردسـتان گرنگـە کـە بەرژەوەندییەکانـی ڕۆژئـاوا بپارێزیـت، بـۆ ئـەوەی بەجـێ نەهێڵرێـت، بـە تایبـەت لـە کاتێکـدا کـە بنیاتـی حوکمڕانیمان زۆر تۆکمـە نییـە. بۆیـە نابێـت بـە هیـچ شـێوەیەک بیـر لـە شـوێنگرەوەی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا بکەینـەوە بـە پێشـوازیکردن لـە چیـن یـان نزیکبوونـەوە لـە وڵاتانـی دراوسـێ.

### ٤-٣ پەیوەندیی ئاسایشی

لـە کاتێکـدا کـە ڕەنگـە هاوکاریـی ئەمنیـی نێـوان چیـن و هەرێمـی کوردسـتان وەک وڵاتانـی دیکـە بەرچـاو نەبێـت، بـەڵام دەکرێـت هـەردوو لا بەرژەوەندییەکـی هاوبەشـیان هەبێـت کـە ئەویـش خـۆی لـە سـەقامگیریی ناوچەکـەدا دەبینێتـەوە. بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشدا دەبێـت هەمـوو کات گومـان لـە سـەر ئـەوە نەکرێت کە چیـن هەردەم پشـتیوانیی خـۆی بـۆ یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق دەردەبڕێـت، هەرێمـی کوردسـتانیش دەکەوێتـە نـاو چوارچێـوەی ئـەم یەکپارچەییـەوە، ئەمـەش سیاسـەتی لەپێشـینە و سـەرەکیی عێـراق و وڵاتانـی ناوچەکەشـە، تەنانـەت لـەم کاتـەدا وڵاتانـی ڕۆژئـاواش لەگـەڵ دەسـتکاریکردنی یەکپارچەیـی عێراقـدا نیـن. لێرەدا ئـەوەی گرنگـە کـە تێبینیـی بکەیـن ئەوەیـە کـە دەکرێـت وڵاتانـی ڕۆژئـاوا ڕۆژێـک سیاسـەتی خۆیـان بگـۆڕن بەرامبـەر بـە بەغـداد و چیـتر سیاسـەتی پاڵپشـتی لـە یەکپارچەیـی عێـراق نەکـەن، بـە تایبـەت ئەگـەر بێـت و بەغـداد زیاتـر بەرژەوەندییەکانیـان پشـتگوێ بخـات و حکومەتـی هەرێمیـش زیاتـر ئـەو بەرژەوەندییانـە بپارێزێـت. بـەڵام ئـەوەی جێگـەی داخـە ئەوەیـە کـە تاکـوو ئێسـتا هەرێـم لـە ئاسـتی متمانـەی ئەوانـدا نییـە بـۆ ئـەوەی وەکـوو بەدیـل لێـی بڕوانـن. ئێسـتاش ئـەم زاڵبوونـەی بەغـداد بەسـەر هەرێمـەوە هێنـدە پەیوەندیـی بـە بەهێزیـی بەغدادەوە نییـە ئەوەنـدەی پەیوەندیـی بـە لاوازیـی هەرێمـەوە هەیـە. ئـەوەی بـۆ کـورد گرنگـە کـە هەڵوەسـتەی لـە سـەر بـکات ئەوەیـە کـە حکومەتـی هەرێـم بەهێـز بـکات نـەک تیشـک بخاتـە سـەر ئـەم هەڵسـانەوەی بەغـداد لـە ڕووی سیاسـی و سـەربازی و ئابـووری و حکومڕانییـەوە، چونکـە ئـەم هەسـتانەوەی بەغـداد زۆر لەرزۆکـە و پێدەچیـت توانـای بەردەوامـی نەبێـت لـە داهاتـوودا، بـە تایبـەت لـە بـەر ئـەوەی کـە پێکهاتـە و سروشـتی گـرووپ و دەسـەڵاتدارانی عێـراق بـە شـێوەیەکە کـە چاوەڕوانیـی ئەوەیـان لـێ ناکرێـت کـە بتوانـن سـەرکەوتوو بـن لـە بەڕێوەبردنـی حوکمڕانیـی بـاش و ڕێـز بگـرن لـە دیموکراسـی و بەهاکانـی.

بـۆ چیـن، بەهێزیـی ناوەنـد لـە وڵاتێکـی وەکـوو عێـراق هەمیشـە سیاسـەتێکی لەپێشـینەیە. لـەم چوارچێوەیەشـدا دەکرێـت چیـن هـاوکار بێـت لـە هەوڵەکانـی بەرەنگاربوونـەوە و چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـانەی کـە ڕووبـەڕووی عێـراق دەبنـەوە، چونکـە سـەقامگیری لـە عێراقـدا گرنگییەکـی بێوێنـەی هەیـە لـەم سـەردەمەدا بـە هـۆی ئـەوەی کـە عێـراق وڵاتێکـی هـاوردەی دیـارە بـۆ کاڵا چینییـەکان و دەکرێـت وڵاتێکـی تـەواو جێـی بایـەخ بێـت بـۆ چیـن بـۆ بەدەسـتهێنانی وزە، بـە تایبەتـی لـە ڕێگـەی کڕینـی نەوتـەوە.

بە بۆچوونی «ڕەش دۆشی»: «ستراتیژی گەورە بە شێوەیەکی سەرەکی خۆی لە ستراتیژی سەربازیدا دەبینێتەوە و ئامرازە ئابووری و سیاسییەکان پشتگوێ دەخات. هەروەها ستراتیژی گەورە بە بەکارهێنانی هەر ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی هەر ئامانجێکی باڵا پێناسە دەکرێت. ئەم ستراتیژییە وەک تیۆرێکی ئاسایشی یەکگرتوو سەیر دەکرێت. لێرەدا ئاسایش بریتییە لە سەروەری، سەربەخۆیی، سەلامەتی، یەکپارچەیی خاک و پێگەی دەسەڵات. ستراتیژی گەورە بریتییە لە تیۆری دەوڵەتێک کە چۆن دەتوانێت ئەم ئامانجە پەیوەندیدارانە بە ئاسایشەوە بۆ خۆی بەدەست بهێنێت کە بە مەبەست و هەماهەنگ بێت و جێبەجێ بکرێت لە سەر ئاستی چەندین ئامرازی دەوڵەتسازیدا، وەک ئامرازە سەربازی و ئابووری و سیاسییەکان[١٤].»

### ٣-٥ ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی

لە بەردەوامیی پەیوەندییەکانی نێوان چین و هەرێمی کوردستاندا، دەستپێشخەری هەبووە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی لە نێوان چین و هەرێم، ئەمەش دەکرێت خۆی لە دابینکردنی سکۆلەرشیپ بۆ خوێندکارە کوردەکان ببینێتەوە بۆ خوێندن لە چین و بەشداریکردن لە بواری پەروەردە و بۆنە کولتوورییەکان بە ئامانجی پەروەردەکردنی لێکتێگەیشتنی زیاتر لە یەکتر. ئێستاش تەنانەت کار لە سەر ناساندن و گرنگیدان بە بەرهەمەکانی هواوی دەدرێت لە هەندێک ناوەندی زانکۆیی لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت بۆ ئەوەی زیاتر لەم ڕێگەیەوە ئەم بەرهەمە چینییە بناسرێت و بازاڕیان بۆ بدۆزرێتەوە لە هەرێم و زیاتریش خەڵکی بە بەرهەمەکانی هواوی ئاشنا بێت. لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندییانەدا تەنانەت هەوڵی سەنتەری تایبەتیش دەدرێت لە زانکۆکان بۆ توێژینەوە لە سەر چین، بە تایبەت دوای ئەوەی کە گەشەی چین بە شێوەیەکی ڕوون هەستی پێ دەکرێت لە ناوچەکەدا. ئێستا لە هەموو کات زیاتر ئاسانکاری بۆ هاوڵاتییانی کورد دەکرێت لە چوارچێوەی هاوڵاتییانی عێراقدا سەردانی چین بکەن.

## ئەنجام

لـە ئەنجامـی ئـەو خوێندنـەوە و ئارگومێنتانـەی کـە لـەم بابەتـەدا ئاماژەیـان پـێ درا، پێویستـە بـە گرنگییـەوە درک بـەوە بکەیـن و تێبگەیـن کـە پەیوەندیـی نێـوان چیـن و هەرێمـی کوردسـتان لـە ژێـر کاریگـەری و هـۆکاری جۆراوجۆردایـە، لەوانـە جیۆپۆلەتیـک، ئابـووری، دایناميکی ناوچەیـی و ئاڵوگـۆڕی کولتـووری. سروشـتی ئـەم پەیوەندییەشـمان تـا ڕادەیـەک لـە ڕێگـەی تیۆرییـەوە بـۆ ڕوون بوویـەوە. ڕەنگـە لـە داهاتـوودا ڕادە و سروشـتی پەیوەندییەکانیـان لـە سـەر بنەمـای ئـەم هۆکارانـە بـەردەوام بێـت لـە پەرەسـەندن و هەرێمـی کوردسـتانیش زیاتـر ببێتـە جێـی بایەخـی چیـن، بـەڵام پێشـبینی ناکرێـت کـە چیـن ئـەم پەیوەندییانـە بباتـە ئاسـتێکی سیاسـییەوە، تەنانـەت ئەگـەر بەرگێکـی سیاسـییش وەربگرێـت، ئـەوا چـاوەڕوان ناکرێـت کـە ببێتـە هـۆی هیـچ هاوکارییەکـی بەهێـزی چیـن بـۆ هەرێمـی کوردسـتان دژ بـە بەغـداد. لـەم کاتـەدا ناکرێـت بـە شـێوەیەک وێنـای ئـەم پەیوەندییـەی چیـن و هەرێـم بکرێـت کـە وەکـوو بەدیلێـک بـۆ ئەمەریـکا و باقـی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا سـەیر بکرێـت. ئەگەرچـی ئەمەریـکا و وڵاتانـی ڕۆژئـاوا بەرژەوەندیـی خۆیـان دەپارێـزن، بـەڵام ئەگـەر تـرووسـکاییەکیش هەبێـت بـۆ پشـتگیریی دۆزی کـورد ئـەوا لەوانـدا بـەدی دەکرێـت تاکـوو چیـن، چونکـە وەکـوو ئامـاژەی پـێ درا لـەم بابەتـەدا چیـن نـەک هـەر لـە بەرژەوەندیدایـە کـە هـاوکار و هاوئاهەنـگ بێـت لەگـەڵ بەغـداد و وڵاتانـی ئـەم ناوچەیـەدا، بەڵکـوو سروشـتی دەوڵەتدارییەکانیشـیان لـە یەکـەوە نزیکـە، بـە تایبـەت ئـەو وڵاتانـەی ناوچەکـە کوردیـان بەسـەردا دابـەش کـراوە. لـەم کاتـەدا نابێـت بـە هـۆی ڕۆژهەڵاتبوونمانـەوە یـان بـە هـۆی بێئومێدیـمان لـە ئەمەریـکا و ڕۆژئـاواوە، هیـچ ئومێدێـک لـە سـەر چیـن هەڵبچنیـن و دژی خواسـتەکانی ئـەوان زیـاد لـە پێویسـت پێشـوازی لـە ئامادەیـی چیـن بکەیـن لـە هەرێمـدا، هەروەهـا ناشـکرێت بـە هـۆی دراوسـێیەتی و نزیکایەتیـی کولتـووری و زمانـی و دینییـەوە فریـو بخۆیـن بەدەسـت سیاسـەت و هەڵوێسـتە دووفاقییەکانـی وڵاتانـی دراوسـێوە. لـە هەمـان کاتیشـدا پێویسـتە هەرێمـی کوردسـتان دان بـەو ڕاسـتییەدا بنێـت کـە نەیتوانیـوە تاکـوو ئێسـتا بـە شـێوەیەکی تۆکمـە خـۆی بنیـاد بنێـت، بـە جۆرێـک کـە بووبێـت بـە ئەمـری واقـع بـۆ وڵاتانـی ڕۆژئـاوا، بـە تایبـەت ئەمەریـکا، بـۆ ئـەوەی سەرسـەختانە بەرگریـی لـێ بکـەن. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئێسـتاش ئەگـەر پاڵپشـتیی ئەمەریکا و وڵاتانـی ڕۆژئـاوا نەبێـت، چ چیـن و چ وڵاتانـی دراوسـێ هەمـان مامەڵەیـان لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتاندا نابێـت. چیـن ئامادەیـی نابێـت کـە پەیوەندیـی لەگەڵمانـدا هەبێـت و وڵاتانـی دراوسـێش ناهێڵـن ڕۆژێکـی دیکـە بەسـەر ئـەم ئەزموونەمانـدا تێبپەڕێـت.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1. Roy, Denny. China's foreign relations. Rowman & Littlefield, 1998. P. 1.
2. Roy, Denny. China's foreign relations. Rowman & Littlefield, 1998. PP 1-2.
3. Nye, Joseph S. "Soft power." Foreign policy 80 (1990): 153-171.
4. Sutter, R.G., 2012. Chinese foreign relations: Power and policy since the Cold War. Rowman & Littlefield. P. 3.
5. Sutter, R.G., 2012. Chinese foreign relations: Power and policy since the Cold War. Rowman & Littlefield. PP. 3-4.
6. Ray Dailo, 2023. How the Confucian Way of Thinking Affects China's Foreign Policy? International Channel. At: https://www.youtube.com/watch?v=ndMcsmCS50w
7. Lim, Y.H., 2016. China's naval power: an offensive realist approach. Routledge. PP. 2-3.
8. Lim, Y.H., 2016. China's naval power: an offensive realist approach. Routledge. P. 3.
9. Doshi, R., 2021. The long game: China's grand strategy to displace American order. Oxford University Press. P. 21.
10. Lim, Y.H., 2016. China's naval power: an offensive realist approach. Routledge. P. 4.
11. Liu, S., 2020. Origin and expansion of Chinese sociology. Springer Singapore. PP. 178-9.
12. Hu, Y., 2023. The Contemporary Construction of the Chinese Form of Marxist Literary Criticism (p. 312). Springer Nature. P. 239.
13. Doshi, R., 2021. The long game: China's grand strategy to displace American order. Oxford University Press. P. 19.
14. Doshi, R., 2021. The long game: China's grand strategy to displace American order. Oxford University Press. P. 16.

توێژینەوەی وەرگێردراو

# ئایندەناسی

# هەژموونی چین
## لە سیستمی نێودەوڵەتیی سەدەی بیستویەکدا

نووسین: ئەلێکسیا بەتلەر/ توێژەری دیپلۆماسی و
پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە پەیمانگای سیت

وەرگێڕان و ئامادەکردن: پەرۆش محەمەد

**سەرچاوە:**

AlexiaJ.Butler(1812024),“21stCenturyChineseHegemonyintheInternational System”, https://moderndiplomacy.eu/2024/01/18/21st-century-chinese-hegemony-in-the-international-system/

## پوختە

بەشی ڕۆژئاوای ئەورووپا لە مێژوودا لە لوتکەی پرسە نێودەوڵەتییەکاندا بووە، بەڵام کۆڵۆنییەکەی خۆی کە ئەمەریکایە، بەسەریدا سەر کەوت لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا. هەر چەندە یەکێتیی ئەورووپا لە نەخشەی سیاسەتی جیهانیدا هێزێکی مەزنە، بەڵام زانیارییە نوێکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هەوساری پرسە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەورووپا دەگرنە دەست لە نەخشەی جیهانیدا لە میانی باڵادەستبوونیان لە جیهاندا. لە کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەمەوە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گرنگترین هێزی جیهانی بووە لە پرسە نێودەوڵەتییەکاندا. ئەمەریکا بە گەورەترین ئابووریی جیهانەوە؛ باڵادەستی دارایی، سەربازی، سەرکردایەتی، بازرگانیی جیهانە. بەڵام هەژموونی ئەمەریکا بە هێواشی لە داکشاندایە و گۆڕانی هێز؛ باڵانسەکەی لە سیستمی نێودەوڵەتیدا لە باڵادەستیی ڕۆژئاواوە گواستووەتەوە بۆ هەڵکشانی ئاسیای ڕۆژهەڵات. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بووە بە گرنگترین ناوچەی ئابووری لە جیهاندا. تاکە ڕکابەری ئەمەریکا کە چینە، بازی گەورەی داوە لە بواری ئابووری، سەربازی، دیپلۆماسی و تەکنەلۆژیدا. لە ئێستادا چین پێشەنگی وڵاتانی هەناردەکاری شمەکە، دوای تێپەڕاندنی ئەمەریکا کە ساڵانی پێشتر یەکەم بوو. لە دەیەی ڕابردوودا چین هەنگاوی گەورەی ناوە بۆ جێکردنەوەی خۆی لە ناو سیستمی نێودەوڵەتیدا لە ڕێگای هاوپەیمانیی جیۆپەلەتیکی، ڕێگای ئاوریشمی، دامەزراندنی پەیمانگا لە ناوچەکانی تر لەگەڵ زیادکردنی توانا پیشەسازییەکانی. بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە سەدەی (٢٢)دا چین و ناوچەی ئاسیای ڕۆژهەڵات بەسەر ئەورووپا و زۆرینەی ئەفەریقادا زاڵ دەبێت. ئەگەر ستراتیژەکانی بێ لەمپەر بۆ پێشەوە بچن، لە کۆتاییدا چین دەکەن بە باڵادەست. ئایا تا چەندێک تەماحە ئابوورییەکانی چین کارئاسانی دەکەن بۆ ئەوەی چین بەسەر ئەورووپا و لە کۆتاییشدا بەسەر سیستمی جیهانیدا زاڵ ببێت؟

## پێشەکی

هەر چەندە ئەوە ڕوونە کە ڕێکخستنی ئەمڕۆی ڕۆژئاوا ماوەیەکی زۆرە لە سیستەمی جیهانیدا دامەزراوە و قبووڵ کراوە، بەڵام لە دەیەکانی ڕابردوودا بەردەوامییەکەی خراوەتە ژێر پرسیارەوە. ئەمڕۆ دەبینین کە پرسە نێودەوڵەتییەکان گۆڕاون بۆ ئەوەی بگونجێن لەگەڵ «داکشانە ڕێژەییەکەی ‹زلهێزە کۆنەکە›دا کە ئەمەریکایە، هەروەها بۆ گونجان لەگەڵ چیندا وەکوو ‹زلهێزی تازە› کە زۆر جار دەتوانێ ئاڵنگاری ئەمەریکا بکات وەکوو باڵادەستی زاڵ نەک تەنها لە ئاسیا بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی جیهاندا» (Lambert, 2023, p.6). لە سەرەتای (٢٠٠٠)ەوە چین ڕۆڵی باڵادەستی خۆی گێڕاوە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و لە ئێستاشدا توانای زۆری نیشان داوە کە ببێت بە باڵادەستی جیهان بە شێوەیەکی خێرا. توانا ئابوورییەکانی چین وەها دیارە ئەو ناوچانەی ئەورووپا و ئەفەریقا دەکاتە ئامانج کە لاوازن.

بۆ تێگەیشتن لەو ڕێکخستنە لیبراڵە هاوچەرخەی ئەمڕۆی جیهان کە ئەمەریکا پێشەنگیی دەکات، مرۆڤ دەبێ لەو جووڵانەوانە تێبگات بەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووەمدا سەریان هەڵدا. ئەوە زانراوە کە ناوچەی باڵادەستی جیهان ئەورووپا بوو بە پێشەوایەتیی بەریتانیا بۆ چەندین سەدە. بەدوای جەنگی جیهانیی دووەمدا، بەریتانیا شکستی هێنا لەوەی سیستەمی جیهانی ئیدارە بکات بە تایبەتی کاتێک کە ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی ئابووریی ئەمەریکا و ئەڵمانیا بوویەوە. دوای جەنگەکە، کە لە بەشی ڕۆژئاوای ئەورووپادا بوو، ناوچەکە تەواو سەرقاڵ بوو بە پرۆسەی بونیادنانەوەی خۆیەوە کە ئەمەش تەنها ئەمەریکای هێشتەوە وەکوو تاکە دەسەڵاتی بەهێز. بە سوودوەرگرتن لەم دەرفەتە، ئەمەریکا هاتە ناوەوە بە پاڵپشتیکردنی دەوڵەتانێکی سەربەخۆ و کۆمەڵێ ڕیفۆرمەوە بۆ شێوەپێدان بە سیستەمێکی نێودەوڵەتی کە بە شێوەیەکی ستراتیژی لە سوودیان بوو. باڵادەستیی ئەمەریکا ئەو کاتە زیاتر بوو کە یەکێتیی سۆڤیەت لە ١٩٩١دا ڕووخا. بەو پێیەی ئابوورییەکان بەردەوامن لە سەرهەڵدان لە جیهاندا، سیستەمە تاکجەمسەرییەکەی دوای جەنگی جیهانیی دووەم «بە هاوسەنگییەکی جیهانیی هێز شوێنی دەگیرێتەوە و وردتر بدوێین ڕێکخستنێکی فرەجەمسەریی جیهان لە دروستبوونداية» (Lambert, 2023, p.5).

ڕۆژگاری شکۆمەندیی باڵادەستیی ئەمەریکا لە (١٩٥٠)کاندا دەستی پێ کرد، چونکە لەو کاتەدا ئەمەریکا بە تەنها نیوەی بەرهەمی تێکڕای جیهانی هەبوو لەگەڵ

«لـە سـەددا شەسـتی بەرهەمـی دروسـتکراوی جیهـان» (Du Boff, ٢٠٠٣). نزیکـەی لـە سـەددا (٤٧)ی پشـکی کۆمپانیاکانـی جیهـان ئەمەریکـی بـوون. لـەم ماوەیـەدا «ئەڵمانیـا، فەڕەنسـا، بەریتانیـا و هۆڵەنـدا پێکـەوە تێکـڕای بەرهەمـی نیشـتمانییان حـەوت لـە دەی بەرهەمـی نیشـتمانیی ئەمەریـکا بـووە» (Du Boff, 2003). نیشـاندەرەکانی دیکـەی باڵادەسـتیی ئابووریـی ئەمەریـکا پێـک هاتبـوون لـە «بەرهەمهێنانـی ٪٤٠ی بەرهەمـی جیهـان، خاوەنداریکـردن لـە ٪٨٢ی داهێنـان و دۆزینـەوە مەزنـەکان. بزنسـەکانی ئەمەریـکا لـە ٪٥٩ی یەدەکـی نەوتـی جیهانیـان کۆنتـرۆڵ کردبـوو... [لەگـەڵ] باڵادەسـتیی لـە چەکـە ئەتۆمییەکانـدا» (Keohane, 1991, pg.436).

هـەر چەنـدە ئـەم ژمارانـە پێگـەی نکۆڵیلێنەکـراوی ئەمەریـکا پیشـان دەدەن لـە لوتکـەدا، کەچـی زۆر کێماسـی پێشـبینیی ئەوەیـان کردبـوو کـە ئـەم باڵادەسـتییە کاتییـە. وەکـوو سـەرەتا ئەمەریـکا «نەیتوانـی ڕێگـری بـکات لـە شۆڕشـی کۆمۆنیسـتی لـە چیـن، کوبـا و لـە ڤێتنامیـش شکسـتێکی گرانـی تـووش بـوو» (Keohane, 1991, pg.436). هـەر لـەم کاتـەدا ئەمەریـکا چـووە شـەڕی کۆریـاوە بـۆ ئـەوەی ڕێگـری بـکات لـەوەی کۆمۆنیـزم بـگات بـە بەشـی باشـووری کۆریـا. بەشـی باکـووری کۆریـا لـە لایـەن چینـەوە پاڵپشـتی کـرا و جەنگەکـە لـەوە زیاتـر تەشـەنەی کـرد کـە بیـری لـێ کـرا بـووەوە، ئەمـەش بـوو بـە هـۆی ئـەوەی ئەمەریـکا هێزەکانـی بکشـێنێتەوە لـە ١٩٤٩دا و دواتـر پەیمانێکـی ئاگربەسـت لەگـەڵ چیـن و کۆریـای باکـووردا ئیمـزا بـکات لـە ١٩٥٣دا. ئەمـە بردنەوەیەکـی گـەورە بـوو بـۆ چیـن و لەکەدارکردنـی باڵادەسـتەکەی جیهـان بـوو. هەروەهـا چەندیـن گـرژی هەبـوو دەربـارەی بازرگانـی، دارایـی و نـەوت لـە نـاو دامـەزراوە نێودەوڵەتییەکانـی وەکـوو نەتـەوە یەکگرتـووەکان و ناتـۆدا کـە هاوپەیمانـە سـەربەخۆکان گوێیـان نـەدا بـە ئامۆژگارییەکانـی ئەمەریـکا، ئەمـەش سـەرەتایەک بـوو بـۆ زیادبوونـی ناڕەزایەتییـەکان بـۆ ڕێکخسـتنی ئەمەریکـی. ئەمـە لـەوە گەڕێیـن کـە لـە ئێسـتادا لیژنـەی کۆنگرێـس بـۆ بودجـە دەربـارەی دۆخـی دارایـی ئەمەریـکا دەڵێـت: «خەمڵاندنەکانـی ئێسـتا [ئامـاژە بـەوە دەکـەن] کـە قـەرزی فیدراڵیـی ئەمەریـکا لـە ٢٠٢٢دا کـە لـە ئاسـتی تێکـڕای بەرهەمـی نیشـتمانیدایە، ڕەنگـە بـەرز بێتـەوە بـۆ لـە سـەددا ١٨٠ی تێکـڕای بەرهەمـی نیشـتمانی لـە ٢٠٥١دا» (٢٠٢٢).

لـە ڕووی مێژوویـەوە ئەمەریـکا لقێـک بـووە لـە بەریتانیـا جیـا بووەتـەوە، بـەڵام لـە ئێسـتادا ئـەوە ئەورووپایـە کـە پێویسـتی بـە ئەمەریکایە بـۆ ئـەوەی سـەقامگیریی بپارێزێت.

لە سێکتەرەکانی بەرگری و ئابووریدا، لاوازبوونی هێز و کاریگەریی ئەمەریکا بە مانای لاوازبوونی ئەورووپاش دێت. ئەم پەیوەندییەمان چەندین جار لە ڕابردوودا بینیوە کاتێک کە کاریگەریی ئەمەریکا بەرزونزمیی کردووە. کاتێک لە ٢٠٠٨دا ئەمەریکا تووشی قەیرانی دارایی بوو، ئەمە «بە خەستی ئابووریی ئەورووپای لاواز کرد...، لەگەڵ گەورەیی بڕی قەرز، بەرزیی بێکاری و نزمیی گەشە» (Liu, 2016, p.38). ئەوەش شتێکی زانراوە کە «بۆ چەندین دەیە ئەوە ئەورووپایە کە پشتی بە ئەمەریکا بەستووە لە ڕێگەی ناتۆوە ئاسایشی بۆ دابین بکات» (Ham, 2011, p.108). لە مەسەلەی ئابووریی ئەورووپادا، یەکێتییەکە سەختی و گرفتی خۆی هەیە لە چەشنی بەردەوامیدان بە یەک دراوی، ناهاوسەنگیی هێز، چەقبەستوویی ئابووری و ڕەوشێکی تێکچوو لە ڕووی سیاسی و جوگرافییەوە. لە مەسەلەی چیندا، ئێمە دەبینین کە دامەزراوە و بەندەرە چینییەکان لە سەرانسەری ئەورووپادا دەکرێنەوە و دەکەونە کار، ئەڵبەت گەر باسی ڕێگای ئاوریشمی ٢٠١٣ نەکەین کە تەواوی ئۆراسیای گرتووەتەوە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێکهاتەی یەکێتیی ئەورووپا تا ڕادەیەک لاوازە، چونکە کەموکوڕی هەیە لە بابەتی «توانای سەربازی و ڕوئیای ستراتیژی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگەی جیهان...، [هەروەها] نەبوونی ڕوئیایەکی هاوبەش بۆ ‹بەرژەوەندییەکانی ئەورووپا›» (Ham, 2011, p.113). ئەم کێشانە بە کورتی ڕوونی دەکەنەوە کە چین لە ئایندەدا دەست بەسەر ناوچەی ئەورووپادا دەگرێت لە کاتێکدا باڵادەستیی ئەمەریکا لە داکشاندایە.

لە ئەمڕۆدا ئەمەریکا هێشتا بەهێزترین وڵاتە، بەڵام بەردوامبوونی لە دەستوەردان «لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی تر و هەوڵدان بۆ باڵادەستی و بەکارهێنان و پاراستنی ئەم باڵادەستییە و بەرپاکردنی جەنگ، ئەمانە پێکەوە زیانیان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیاندووە» (MFAPRC, 2023) و ئەمەریکایان کردووە بە وڵاتێکی نەخوازراو. بە پێچەوانەوە، چین لەم چەند دەیەی ڕابردوودا تۆڕی پەیوەندییەکان و هاوپەیمانیی بونیاد ناوە بەو نیازەی کە ببێ بە باڵادەستە تازەکەی جیهان. ئەمەریکا لە ڕاستیدا لە لوتکەی توانای سەربازیدایە، بەڵام کاتێک ستراتیژیەتی سیاسی و جوگرافی شی دەکرێتەوە، ڕوون دەبێتەوە کە توانای ئابووری؛ کلیلی دەستبەسەرداگرتنی سیستمی جیهانییە. ستراتیژیەتی ئابووریی چین ئاڕاستەکەی ڕوو لە ئەورووپا و ئەمەریکایە و لە ئێستاشدا چین لە زۆر سێکتەری ئابووریدا پێشی هەردووکیان کەوتووە. ئەو وڵاتانەی

کە ئاسایی هاوپەیمانی ئەمەریکا بوون، خۆیان لە دۆخێکدا دەبیننەوە کە «هاوبەشیی ئابووری زیاتر لەگەڵ چیندا بکەن و ڕەنگە لە داهاتووشدا ئاڵنگاری ئەمەریکا بکەن لە ڕووی سەرکردایەتیی ستراتیژییەوە» (Lambert, 2023, p.5). لەگەڵ پەیدابوونی بریکس (BRICS)دا کە چەقی کارەکە چین و ڕووسیایە، نە ئەمەریکا و نە ئەورووپا ناتوانن ئەم دووانە لە ڕووی تەکنەلۆژی، ئابووری و بەرگرییەوە تێپەڕێنن. وەکوو ئەوەی «Standard Chartered Bank of London» پێشبینیی کردووە، لە ٢٠٣٠دا چین دەبێت بە ئابووریی ژمارە (١) بە تێکڕای بەرهەمی ناوخۆییەوە کە بڕەکەی ٦٤.٢ ترلیۆن دۆلارە و ئەمەریکاش دەبێت بە ژمارە ٣ بە ٣١ ترلیۆن دۆلارەوە.

## هێزی هاوچەرخی چین

لەمڕۆدا ئەوە ڕوونە کە چین لە ڕابردووی پڕ لە ئاژاوەی خۆی گەورەترە و بەرەو ئەوە دەچێت ببێت بە هێزێکی بەسامی جیهانی. بەراورد بە توانا ئابوورییەکانی ئەمەریکا لە (١٩٥٠)کاندا، چین پێدەچێت هەمان سیناریۆی سەرکەوتنی دووبارە کردبێتەوە. دوای ئەوەی قەبارەی ئابووریی خۆی لە (١٩٧٠)وە بۆ ئێستا چوار ئەوەندە گەورە کردووە، چین ئێستا «بووە بە یەکێ لە ناوەندە مەزنەکانی بەرهەمهێنان و بە دیاریکراوی یەک لە سەر سێی ئاسن، ئستیل و خەڵووزی جیهان؛ چین دابینی دەکات و یەدەکی بیانیی زەبەلاحیش کۆ دەکاتەوە» (Ikenberry, 2008, p.26). چین تێچووی سەربازیی خۆی ساڵانە لە سەددا ١٨ بەرز دەکاتەوە و لە هەمان کاتدا پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئەورووپا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقادا فراوان کردووە. لەگەڵ ئەوەی لە بنچینەدا چین وەکوو بازاڕێکی تازەدەرکەوتوو وێنا کراوە، بەڵام ئێستا شانۆی جیهانی داگیر کردووە. «ڕکابەرێکی هەم سەربازی و هەم ئابووری، کە ئەمەش بووە بە هۆی گۆڕانێکی ڕیشەیی لە دابەشکردنەوەی دەسەڵات لە جیهاندا» (Ikenberry, 2008, p.26).

لە ڕابردوودا تەماشاکاران بە گومانەوە لە گرنگیی چینیان لە داهاتووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەڕوانی، بەڵام ئێستا چیتر وەها نییە. چین دوای ئەوەی پەیوەندیی کرد بە چەند ڕێکخراوێکی گرنگی جیهانییەوە وەکوو ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی و بریکس، پێگەی خۆی وەکوو هێزێکی گەشەسەندوو لە سیستەمی سیاسیی جیهاندا پاراستووە. وڵاتەکە بەردەوامە لە «پاراستنی هەڵکشانی ئابووری و وەها دادەنرێت

کـە لـە ٢٠٢٥دا قەبـارەی ئابوورییەکـەی دوو هێنـدەی ئـەوەی ئەمەریـکای لـێ بێـت، لـە کاتێکدا ئەمەریـکا و وڵاتانـی دیکـەی بازاڕی ئابـووری؛ سـەرقاڵی بووژانـەوەی دوای قەیرانی دارایـی (٢٠٠٨)ن» (Farrell, 2015, p.3). پـڕۆژەی بـری (BRI) ٢٠١٣ وەکـوو ڕێگایەکـی ئاوریشـمی سـەردەمی مۆدێـرن وایـە کـە سـوودێکی زۆر بـە چیـن دەگەیەنێـت بـەوەی کاریگەریـی ئابـووری و پەیوەندیـی بـۆ دابیـن دەکات. لـە (٢٠١٦)وە چیـن ٣١ بەنـدەری کارگـۆی لـە ئەورووپادا دروسـت کـردووە، کـە ئەمـەش کۆنترۆڵـی دەریایـی چینـی فـراوان کـردووە لـە ناوچەکـەدا.

## کەوتنی ئەورووپا و هەستانەوەی چین

ناوچـەی ئەورووپـا بـە کاتێکـی سـەختدا تێدەپەڕێـت بـە کێشـەکانی لـە چەشـنی هاریـکاری، گەشـەی ئابـووری و دراو. ئـەم کێشـانە بـوون بـە هـۆی ئـەوەی کـە بـەردەوام مەترسـیی ئـەوە هەبێـت وڵاتانـی ئەنـدام لـە یەکێتییەکـە دەربچـن، بـە تایبەتـی دوای دەرچوونـی بەریتانیـا. چیـن لـەم لاوازییانـە ئـاگادارە، بۆیـە حـەزی زیاتـری لـە ئەورووپایـە. لـە دەرئەنجامـی ئەمـەدا چەندیـن پلانـی خسـتووەتە کارەوە بـۆ ئـەوەی کۆنترۆڵـی ئابووریی ئەورووپـا بـکات، پلانەکانیـش پێـک هاتـوون لـە: (١٦+١)، وەبەرهێنـان لـە بەنـدەرە بازرگانییـەکان، ڕێـگای ئاوریشـمی و هێنانـی وڵاتانـی ئەندامـی یەکێتیـی ئەورووپا بـۆ بانکـی وەبەرهێنانـی ژێرخانـی ئاسـیا (AIIB).

پلانـی ١٦+١ی ٢٠١٢ی چیـن پێـک هاتـووە لـە چیـن لەگـەڵ ١٦ وڵاتـی ئەورووپـی وەکـوو ڕێگایـەک بـۆ هاریکاریـی هەرێمـی. ئـەم پلانـە پەیوەندیـی بازرگانـی و وەبەرهێنانـی چیـن و ئەورووپا بەرەوپێـش دەبـات بـە هـۆی ڕێـگای ئاوریشـمییەوە، هەروەها هاریکاریی باشـتر دەکات لـە ژێرخـان، گواسـتنەوە و وەبەرهێنانـدا. چیـن بـە هەمـان شـێوە ئامانجـە کولتـووری و پەروەردەییەکانیشـی بـرەو پـێ دەدات لـە ڕێـگای پـەرەدان بـە گەشـتیاری و نـاردن و وەرگرتنـی قوتابیـی بیانییـەوە. هەنـدێ لـەم پلانانـەی وەبەرهێنـان کـە لـەم هاریکارییـەوە پەیـدا بـووە، هێڵـی شـەمەندەفەری بوداپیسـت-بەلگرادە کـە هەنگاریـا و سـڕبیا پێکـەوە گـرێ دەدات و دەیانبەسـتێتەوە بـە ڕێـگای شـەمەندەفەر-دەریای چیـن-ئەورووپاوە.

کۆمپانیـا چینییـەکان لـە ئێسـتادا «بەرژەوەندییـە ئابوورییەکانیـان لـە بەندەرەکانـی ئەورووپـادا پـەرە پـێ دەدەن، لـە ناویـدا یۆنـان، ئەڵمانیـا، هۆڵەنـدا، بەلژیـکا، ئیسـپانیا و

ئیتاڵیـا» (Jacobs, ٢٠٢٣, p.١). بـە تایبەتـی لـە بابەتـی یۆنانـدا ئـەوە زانراوە کـە کۆمپانیای کەشـتیوانیی دەریایـی چیـن (COSCO) ئێسـتا خاوەنـی یەکـێ لـە پشـکە هـەرە گەورەکانـە لـەم بەنـدەرە گرنگـەدا کـە وەکـوو ڕێگایەکـی پەڕینـەوەی نێـوان ئەورووپـا و ئاسـیا وەهایـە. ئـەم بەنـدەرە هەروەهـا ڕێـگای هەیـە بـۆ ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ئەفەریقـا، بـەو پێیـەی شـوێنێکی تایبەتـی هەیـە لـە چەقـی دەریـای ناوەڕاسـتدا. بەنـدەری پیرایـۆس ڕێگایەکـی دەریاییـە بـۆ هاوکاریـی ڕێـگای ئاوریشـمی. بـە شـێوەیەکی چاوەڕواننەکـراو بوونـی کۆسـکۆ (COSCO) لـە بەنـدەری پیرایـۆس لـە لایـەن یۆنانییەکانـەوە پێشـوازیی لـێ دەکرێـت، لـە بـەر ئـەوەی کۆمپانیاکـە «زەماڵـەی خوێندنـی پێشـکەش بـە منداڵـی کرێکارەکانـی کـردووە...، دەرفەتـی کاری زیاتـری ڕەخسـاندووە و حیکمەتـی ڕۆژهـەڵات و کولتـووری یۆنانـی پێکـەوە گـرێ داوە» (Ran, ٢٠٢٣). لـەو کاتـەوەی چینییـەکان دەسـتیان بەسـەر بەندەرەکـەدا گرتـووە، چالاکیـی بەندەرەکـە بـە شـێوەیەکی بەرچـاو زیـادی کـردووە بـەوەی خێراتـر کارگـۆ و بـارەکان وەردەگرێـت، بـاری زیـادی کـردووە لەگـەڵ کەرەسـتە و پێداویسـتییەکانیدا. جێـگای سـەرنجە کـە لـە ٢٠١٨دا «ژمـارەی هاتـن و چوونـی کارگـۆ و بارەکانـی بەندەرەکـە بـەرز بووەتـەوە بـۆ ٤،٩٠ ملیـۆن «teu» (یەکەیەکـی پێوانـەی بـارە کـە یەکسـانە بـە ٢٠ پـێ درێـژی) لـە ژێـر سەرپەرشـتیی کۆسـکۆدا، لـە کاتێکـدا پێـش ئـەوەی چینییـەکان بێـن بەندەرەکـە تەنهـا ٦٨٠،٠٠٠ «teu» بـاری هەبـووە» (Ran, ٢٠٢٣). ئیـدارەی کۆسـکۆ خێرایـی بارکـردن و داگرتنـی کرێنەکانـی بـەرز کردووەتـەوە بـۆ یەکەمیـن لـە نـاو بەندەرەکانـی ئەورووپـادا کـە ٢٧ «teu»ە لـە کاتژمێرێکـدا، لـە کاتێکـدا پێشـتر ١٥ دانـە بـووە لـە کاتژمێرێکـدا. لەمسـاڵدا دەسـەڵاتی بەنـدەری پیرایـۆس لـە مێـژووی بەندەرەکـەدا باشـترین ژمـارەی ئـەدای تۆمـار کـردووە بـەوەی «قازانجـی پێـش باجـی بـە ڕێـژەی لـە سـەددا ٤٨.٨ زیـاد کـردووە کـە ٥٢ ملیـۆن دۆلار دەکات، بـەراورد بـە ٣٥ ملیـۆن دۆلار لـە هەمـان کاتـدا لـە ٢٠٢٢» (Konton, 2023). لەمـڕۆدا چیـن خاوەنداریـی ٣١ تێرمیناڵـی بەنـدەرەکان دەکات لـە ئەورووپـادا و ئـەم ژمـارەش بەردەوامـە لـە بەرزبوونـەوە، لـە بـەر ئـەوەی ئەورووپـا پێویسـتییەکی زۆری بـە چاکسـازیی ئابـووری و هاریـکاری هەیـە.

بانکـی وەبەرهێنانـی ژێرخانـی ئاسـیا (AIIB)، کـە دەسپێشـخەریی چینـە، لـە ئێسـتادا ٢٦ وڵاتـی ئەندامـی ئەورووپـای تێدایـە کـە (١٨)یـان ئەندامـی یەکێتیـی ئەورووپـان. مەزەنـدە دەکرێـت ئـەم بانکـە ببێـت بـە «جێگـرەوەی بریتـۆن وودزی ئەمەریکـی کـە دوای

جەنگی جیهانیی دووەم دامەزرا» (Lambert, 2023, p. 11). «AIIB» بانکێکی فرەلقی گەشەپێدانە کە ئامانجی برەوپێدانی ئابوورییانەی ئاسیایە لە داهاتوودا لە سەر حسابی پارە و دامەزراوەی ناوچەکانی تر و بەم هۆیەش پشتێکی زۆر بە وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا دەبەستێت. لە بنچینەدا چین قەرز پێشکەشی وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا دەکات بۆ بەهێزکردنی ئەجێندای گەشەپێدانی خۆیان. مەزندە دەکرێت چین بۆ پلانەکانی پێکەوەبەستنی ناوچەکان زیاتر لە ٢٥٠ بلیۆن یۆرۆ وەبەرهێنانی ئەنجام دابێت لە ئەورووپادا. ئەم وەبەرهێنانە تەنها لە بەندەر و بازرگانیدا نەبووە، بەڵکوو «وێستگەی وزەی ئەتۆمی، هۆڵی شانۆ، بینا مێژوویەکان، تیپەکانی تۆپی پێ و زۆر شتی تریش بوووە» ((Haralambides, ٢٠١٩. لەوە دەچێت چینییەکان زیاتر حەزیان لەوە بێت گفتوگۆ لەگەڵ «ئەورووپای باشوور»دا بکەن تاوەکوو ئەوانەی لە ڕووی ئابوورییەوە باشن. ئەم ستراتیژییە وەهای کردووە زۆر کەس ستراتیژە ئابوورییەکانی چین بە دیپلۆماسیەتی «تەڵەی قەرز» ناو ببەن کە تێیدا چین «قەرزی زۆر دەدات بە وەرگرەکان... [دەشزانیت] کە قەرزار ناتوانێ قەرزەکەی بداتەوە. چین ئامانجەکەی ئەوەیە لەم ڕێگەیەوە ملدانی ئابووری و سیاسی لە وڵاتی قەرزار/قەرزکەر بەدەست بێنێت یان ئەوەی لە کۆتاییدا قەرزەکە بە هاوبەشی لە قازانجدا بگۆڕێتەوە» (Haralambides, 2019). ئەم هەڵوێستەمان لە کەیسی کۆنترۆڵکردنی بەندەری پیرایۆسدا بینیوە لە لایەن چینەوە لەگەڵ زۆر وەبەرهێنانی دیکەی «AIIB» لە ئەورووپادا.

## دەسپێشخەریی ڕێگای ئاوریشمیی ٢٠١٣

سەرەڕای ئەنجامدانی چەندین تاکتیکی پەراوێزخستنی ئابوورییانەی چین لە لایەن ئەمەریکاوە وەکوو هاوپەیمانیی ئەتڵەسی (TPP)، یان ئەوەی کە بە «دۆکترینی ئۆباما» ناسراوە لەگەڵ پرۆژەی «بونیادنانەوەی جیهانێکی باشتر»ی بایدن کە بە «B٣W» ناسراوە، کەچی دەستپێشخەریی ڕێگای ئاوریشمیی «BRI»ی چینی لە بازرگانیی جیهانیدا هەر پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە. «BRI» ڕەنگدانەوەی هەمان هەوڵەکانی ڕێگا ئاوریشمییە کۆنەکەیە بۆ بەستنەوەی چین بە ئەورووپا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفەریقا، ئاسیا و ئەمەریکای لاتین. ئەم دەستپێشخەرییە بەرزەفڕە لە کاتێکدا گەشەی باوەڕپێنەکراوە بۆ چین و ناوچەی ئاسیا، بەڵام وەکوو تەڵەیەکی قەرز بۆ

حکومەتـە قەرزکـەرەکان و دانوویەکیـش بـۆ فراوانخوازیـی سـەربازی و گەشـەپێدانی ئابووریـی چیـن دەبینرێـت.

دەسپێشـخەریی ڕێـگای ئاوریشـمی بوونێکـی بەهێـزی هەیـە لـە ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیا، ئەورووپـا، ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و باکـووری ئەفەریقـا. بـە پێـی ڕوانینەکانـی «شـی پێنـگ»ی سـەرۆکی چیـن بێـت، ڕێگاکـە پێـک دێـت لـە «بونیادنانـی تۆڕێکـی فراوانـی هێڵـی شـەمەندەفەر، بۆریـی وزە، ڕێـگای خێـرا و دەروازەی ئـاوی...؛ بـۆ زیاترکردنـی بەکارهێنانـی دراوی چیـن لـە جیهانـدا» (McBride et. al., 2023). جگـە لـەم پڕۆژانـە، چیـن هەوڵـی زۆری داوە دەرفەتـی کار دروسـت بـکات و هێڵـی ئینتەرنێتـی «٥G»ی چینییش باشـتر بکات. تاوەکـوو مانگـی ٨ی ٢٠٢٣، نزیکـەی ١٥٥ وڵات، کـە سێ لـە سـەر چـواری دانیشـتووانی جیهـان دەکـەن و زیاتـر لـە نیـوەی داهاتـی نیشـتمانیی جیهانیـان هەیـە، بەشـدار بـوون لـە پڕۆژەکانـی دەسـتپێشـخەرییەکەدا. ئـەوە سـەلمێنراوە کـە «BRI» سـەرکەوتوو بـووە لـە دووبـارە بونیادنانـەوەی تەواوەتیـی ڕێـگا بازرگانییەکانـی پێشـوودا و ڕێگـەی داوە بـەوەی چیـن ببێـت بـە سـەنتەر نـەک ئەمەریـکا و ئەورووپـا. بـەڵام «BRI» بـەدوور نەبـووە لـە ڕەخنـە و زۆر لـە وڵاتانـی هـەژار دەناڵێنـن بەدەسـت شکسـتهێنان «لـە دانـەوەی ئـەو قەرزانـەی پەیوەندیـی بـە دەسپێشـخەرییەکەوە هەیـە و ئەمـەش بـووە بـە هـۆی قەیرانـی قـەرز» (McBride et. al., ٢٠٢٣). هەروەهـا قسـەش هەیـە لـە سـەر کاریگەرییەکانـی دەستپێشـخەرییەکە لـە سـەر گۆڕانـی کەشـوهەوا، چونکـە نیـوەی تێچووەکانـی پڕۆژەکـە دەچێـت بـۆ وەبەرهێنـان لـە وزەیەکـدا تازەوەبـوو نییـە.

## سەرهەڵدان و کاریگەرییەکانی بلۆکی بریکس

بریکـس کـە لـە ٢٠٠٩دا دروسـت کـراوە، ڕێکخراوێکـی نێـوان حکومەتەکانـە کـە پێـک هاتـووە لـە بەڕازیـل، ڕووسـیا، هیندسـتان، چیـن و ئەفەریقـای باشـوور، کـە چیـن ڕێبەریـی دەکات. شـتەکە ڕوونـە کـە هەوڵەکانـی بریکـس بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕۆژئاوایـە لـە ڕووی ئابـووری و سیاسـییەوە، بـە تایبەتـی گرووپـی وڵاتانـی «G٧» کـە پێـک هاتـوون لـە ئەمەریـکا، کەنـەدا، فەڕەنسـا، ئەڵمانیـا، ئیتاڵیـا، ژاپـۆن و بەریتانیـا، هەڵبـەت ئەمـە گـەر گرژییەکانـی نێوانیـان لەگـەڵ ڕووسـیا و چیـن لەبەرچـاو بگریـن. «G٧» «بلۆکێکـی نافەرمییـە لـە وڵاتانـی پیشەسـازیی و دیموکـرات کـە سـاڵانە کۆدەبنـەوە بـۆ گفتوگۆکـردن لەبـارەی کێشـەکانی وەکـو بەڕێوەبردنـی ئابوورییانـەی جیهـان، ئاسایشـی نێودەوڵەتـی

و سیاســەتی وزە» (Lieberman, 2023). وڵاتانــی بریکــس دەزانــن کــە زیادکردنــی ئەندامەکانیـان نزیکتریـان دەکاتـەوە لـە ئامانجەکەیـان کـە تێپەڕاندنـی کاریگەرییەکانـی «G7»ە، بۆیـە لـە مانگـی هەشـتی ٢٠٢٣دا لوتکەیەکیـان بەسـت. لوتکەکـە بـۆ ئـەو ١٤ وڵاتـە بـوو کـە بـە شـێوەیەکی فەرمـی داوایـان کردبـوو پەیوەنـدی بـە بریکسـەوە بکـەن. لـە ئەنجامـدا وڵاتانـی سـعودیە، ئەسـیوپیا، ئەرژەنتیـن، ئێـران، میسـر و ئیـمارات لـە مانگـی ٦ی ٢٠٢٤دا پەیوەنـدی دەکـەن. ئـەوەی ئـەم وڵاتانـە تێیـدا هاوبەشـن ئەوەیـە کـە هەموویـان وڵاتانـی زەبەلاحـی هەناردەکـەری وزە و نەوتـن، کـە بێگومـان هـاوکار دەبـن لـەوەی بریکـس بـە ئامانجەکانـی بـگات.

بریکـس بەشـداریی ڕاسـتەوخۆ دەکات لـە گواسـتنەوەی هێـز و دەسـەڵات لـە ڕووی سیاسـی و جوگرافییـەوە و بەردەوامیـش کێشـە بـۆ کاریگـەری و توانـای ئەورووپـا و ئەمەریـکا دروسـت دەکات. نموونەیەکـی ڕوونـی ئامانجـی بریکـس بـۆ تێپەڕاندنـی باڵادەسـتیی ڕۆژئـاوا لـە لوتکـەی ٢٠٢٣دا گفتوگـۆ بـوو دەربـارەی پڕۆسـەی بەکارنەهێنانی دۆلار «بــە مەبەســتی کەمکردنــەوەی پشبەســتن بــە دۆلاری ئەمەریکــی و پــەرەدان بــە بەکارهێنانـی دراوە نیشـتیمانییەکان لـە بازرگانیـی نێودەوڵەتیـدا» (O'Kane, ٢٠٢٣). هـەر چەنـدە بریکـس چەندیـن لەمپـەر و ڕێگریـی لـە بەردەمدایـە لـە ئاینـدەدا: یەکـەم: بریکـس لـە (٢٠٠٩)وە هەیـە و بـەم تازەییـە کاریگەریـی زیـادی کـردووە. بـەو پێیـەی کاریگەریـی ئەمەریـکا و ڕۆژئـاوا چەندیـن سـەدەیە باڵادەسـتی جیهانـە، بۆیـە ڕەنگـە چەندیـن دەیـە یـان سـەدەی بوێـت تاوەکـوو وڵاتـان بـە ڕاسـتی لـە سیسـتمی ڕۆژئـاواوە کـە پێـی ڕاهاتـوون؛ بگوازنـەوە بـۆ سیسـتمی ڕۆژهـەڵات. دووەم: «تەڵـەی قـەرز»ی چیـن کـە وەکـوو ڕووپۆشـێکە بـۆ زیادکردنـی هەژموونـی ئابووریـی چیـن، لـە لایـەن وڵاتانـەوە هەسـتی پـێ کـراوە و ڕقیـان لێیەتـی. وڵاتـان سـڵ لـە چیـن و بلۆکەکـە دەکەنـەوە ئەگـەر قەیرانـی ئابـووری بـەردەوام بێـت لـە دروسـتکردنی قـەرزی زیاتـر بـۆ وڵاتـان. سـێیەم: بریکـس ڕەنگە بۆشـایی هێـز و دەسـەڵات دروسـت بـکات بـۆ ئـەو وڵاتانـەی دیکـە کـە دەیانـەوێ بەشـداری هەوڵـی گۆڕینـی حیکایەتـە جیهانییـەکان بـن، ئەمـەش ڕەنگـە کاریگەریـی پێچەوانـەی لـە سـەر بریکـس خـۆی هەبێـت. هەنـدێ لـە وڵاتانـی تازەگەشـەندوو کـە بـاس دەکرێـت، پێـک هاتـوون لـە میسـت (مەکسـیک، ئەندۆنیزیـا، کۆریـای باشـوور و تورکیـا) لەگـەڵ پۆڵەنـدا، تایلەنـد، نەیجیریـا و ئەرژەنتیـن. ئەمانـە هەمـوو بـەردەوام لـە گفتوگـۆی جیهانـی لـە سـەر هێـز و دەسـەڵات پەراوێـز دەخرێـن، سـەرەڕای ئـەوەی ئومێـدی ئابووریـی گـەورە نیشـان

دەدەن. کۆتا هۆکار، ڕەنگە ئەمە خراپترین ڕووداو بێت بۆ سەرهەڵدانی بریکس، ئەگەری ڕوودانی جەنگی جیهانیی سێیەمە یان دووبارەبوونەوەی جەنگی سارده، بەڵام ئەم جارە لە نێوان چین و ئەمەریکا. ئەوە ڕوونە کە هاوپەیمانیی بریکس تیشکۆی لە سەر ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی ئەمەریکایە و بەو گفتوگۆیانەی لە سەر گۆڕینی دراوی جیهانی، دروستکردنی ڕێگای بازرگانی و چەندان بلۆک بەبێ ئەمەریکا لەگەڵ پێکهێنانی هاوپەیمانیی سەربازیی پێچەوانەی ئامانجەکانی ڕۆژئاوا، ئەمانە هەمووی ئەگەری زۆرە پچڕان لە سیستمی جیهانیدا دروست بکەن. باڵادەستیی بریکس بە مانای هەژموونی چین دێت، چونکە بلۆکەکە ستراتیژیەتی ئابووریی چین و توانا سەربازییەکانی بەڕێوەی دەبات. گرووپەکە سوورە لە سەر ئەوەی پێشەنگایەتیی باشووری جیهان بکات لە ڕووی ئابوورییەوە، لە کاتێکدا جڵەوی ئەورووپاش دەکات لە میانی پرۆسەکەدا.

# هەڵسەنگاندنی نەرمەهێزی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی

**نووسین: سەید حامیدی حوسەینی، سەید ئەمیری نیاکویی**

**وەرگێڕان: ئەرخەوان سەیفور ئەسکەندەر**

**بەرایی**

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤دا، دەوڵەتی چین بە گەلێ سەرچاوە و هەوڵی فراوانەوە لە دروستکردنی ناوەندی کولتووری و زمانەوانیی ناسراو بە دامەزراوەی کۆنفۆشیۆس[1] (بە ناوی فەیلەسووفی سەدەی شەشەمی پێش زایین)ەوە سەرمایەگوزاریی کردووە. ئەم دامەزراوانە کە لە زۆربەی زانکۆکانی جیهاندا چالاکی دەکەن، لە لایەن «هانبان»ەوە[2] (نووسینگەی ئەنجوومەنی نێودەوڵەتیی زمانی چینی، لقێک لە وەزارەتی پەروەردەی چین) بەڕێوە دەبرێن. لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە، ناوەندەکانی دامەزراوەی کۆنفۆشیۆس لە وڵاتانی عەرەبزماندا دەستیان بە کار کردووە و تا ساڵی ٢٠٢٠؛ هانبان ١٥ دامەزراوەی لەم شێوەیەی دروست کردووە کە لە هەندێک لە زانکۆکانی ناوچەکەدا چالاکی دەکەن. دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی یاداشتی لێکتێگەیشتنەوە دروست دەبن کە زۆرلێکردنی تیا نییە و بەڕێوەبردنی لە لایەن هەردوو لایەنەکەوە دەبێت. کەواتە هەر هەنگاوێک کە دەنرێت تیایدا، ڕەچاوی بەرژەوەندیی لایەنەکان دەکرێت تیایدا. ئامانجی فەرمیی ئەم دامەزراوانە، بە

1 Confuciun Institute

2 Hanban

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری لێکۆڵینەوە سیاسییەکانی جیهانی ئیسلام، ساڵی پانزەیەم، ژمارەی دوو، هاوینی ٢٠٢٢.**

هەمـان شـێوە کـە لـە وێبسـایتەکانیاندا هەیـە، کردنـەوەی خـولی زمـانی چینـی و چالاکییـە کولتوورییـەکانی چینـە کـە زۆرینـەی بەردەنگەکانیـان خوێنـدکاری زانکـۆ و توێـژەرن.

بـەم پێیـە ئـەم دامەزراوانـە ئامانجێکـی تریشـیان هەیـە کـە بەشـێکی گرنگـە لـە کۆمەڵـە ڕیکلامـەکانی دەرەوەی وڵاتی چیـن و دەسـتکەوتی کاردانـەوەکان سـەبارەت بـە کاراییـان (Report, 2009)لـە دۆخـی ئێسـتادا. زمـانی چینـی تـەوەری سـەرەکیی چالاکیـی دامەزراوەکەیـە، بـەڵام بـە تێڕوانینێکـی فراوانـتر، دامـەزراوەکانی کۆنفۆشـیۆس لـە ڕووی کاری تایبەتیانـەوە دەکرێـن بـە چـوار بەشـەوە:

١. زمـان و کولتـووری چینـی: بـۆ فێرکاریـی زمـان، کولتـوور و تەنانـەت کارامەییـەکانی وەک: گەشـتیاری، هونـەری و پیشـەیی و ناسـاندنی وڵاتـان بـە یەکـتر.

٢. پاڵپشـت بـە توێژینـەوەکانی چیننـاسی، دروسـتکردنی ناوەنـدی لێکۆڵینەوەیـی چیـن لـە زانکـۆ گـەورەکانی جیهـان، پاڵپشـت بـە توێژینـەوەی هۆنـراوە، ئەدەبیـات، شـوێنەوارناسی و... لـە چیـن بـە پاڵپشـت بـە توێژینـەوە.

٣. بابـەتی تایبـەت: بابـەتی وەک پزیشـکی میللـی، گەشـتیاری، تەندروسـتی، خـۆراک، ئەندازیـاری، هونـەر، مۆسـیقا و هەڵپەڕکێـی کردووەتـە ئامانـج و لـەم بوارەدا لێکۆڵینـەوە و ئاڵۆگـۆڕی زانیارییـەکان ئەنجـام دەدات.

٤. پەرەپێـدانی ئابـووری: لـە وڵاتـە ئەفەریقییەکانـدا و لـە هەندێـک لـە وڵاتانی ئاسـیادا، بـە ئامانجـی پەرەپێـدانی ئابـووری و دۆزینـەوەی پیشـە بـۆ خوێنـدکارانی زانکـۆ ئەنجـام دەدرێـت (Hanban).

ئـەم داهێنانکارییـەی چیـن بـە بەشـێک لـە دانـانی سیاسـەتێکی بەرفـراوان پێناسـە کـراوە وەک جێبەجێکـردنی هێڵـەکانی پەیوەندیـی نەرمەهێـز، بـە تایبـەت لـەو وڵاتانـەی کـە چیـن خوازیـاری پەرەپێدان و بەهێزکـردنی وێنـای خۆیـەتی لـە ڕێگـەی کاریگەریدانـان لـە سـەر گوتـاری ناوخۆیـی یـان ڕای گشـتی لـە سـەریان. بـۆ نموونـە: سـەرەڕای ئـەم دامەزراوانـە، چینییـەکان لـە وەرگێـڕانی ئەدەبیـاتی چینـی بـۆ عـەرەبی، پێـدانی زنجیرەتەلەڤزیۆنییـە چینییـەکان وەک دیـاری بـە کەناڵـەکانی تەلەڤزیـۆنی عـەرەبی، پیشـاندانی خەڵـک و هونـەری چینییـەکان لـە پێشـانگاکان و مۆزەخانـە ناوخۆییـەکان و لـە بابـەتی تـردا سـەرمایەگوزارییان کـردووە (Lebal, 2020). لـە ڕاسـتیدا سـوودوەرگرتن لـەم هێڵانـەی پەیوەنـدی، بـە دزەکردنـە نـاو چوارچێـوەی کۆمەڵـەی بانگەشـەکانی دەرەوەی وڵاتی چیـن پێناسـە دەکریـت. خەڵکـی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بـە شـێوەیەکی

نەریتی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی سەرچاوە دەرەکییەکان، وەک بەریتانیا و فەرەنسا پێش جەنگی جیهانیی دووەم و دواتر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەتی سۆسیالیستی. هەر چەندە کە بینەری بەرگریی ناوخۆیی و کاریگەرییان بووین لە بەرامبەر هاتنی بیانییەکان، بەڵام نەرمەهێزی هونەرمەندانی دەرەوە لە زۆر ڕووەوە دزەی کردووەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی و هەنگاوەکانی ئەم دواییە لە لایەن چینییەکانەوە و لە ڕێگەی کارایی دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆسیش لەم دزەکردنە کولتوورییەدا کاریگەریی هەبووە. لە کۆتاییدا ئاراستەیەکی مێژوویی بە ئامادەیی هێزە گەورەکان لەم ناوچەیەدا بەدی دەکرێت. ئەم وتارە، بە ئامانجی لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس و وەڵامە ناوخۆییەکان بۆ دامەزراندنیان لە زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبیزمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقادایە و ڕێنیشاندەرێک بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاستی سەرکەوتنی ئەم دامەزراوانە دەخاتە ڕوو.

بۆ پەرژانە سەر ئامانجەکانی ئەم وتارە، ئێمە لە بوارێکی تیۆریی فراوانەوە دەست پێ دەکەین کە زاراوەی نەرمەهێز و بە تایبەت لایەنە فێرکارییەکەی کە تایبەتمەندییە تایبەتەکانی وڵاتی چینە؛ لێی دەکۆڵینەوە. دواتر تایبەتمەندییەکانی دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس هەڵدەسەنگێنین و دوابەدوای ئەوەش شیکاری تایبەتمەندییە تایبەتەکان و جۆری وەڵامدانەوەی دامەزراوە چالاکەکان لە وڵاتانی عەرەبیزماندا دەکەین. بە مەبەستی وێنەکێشانی وێنەیەکی تەواو و لە سەر بنەمای میتۆدە پەسەندکراوەکان بۆ شیکردنەوەی دەرەنجامە هێماییەکان و ستراتیژی سیاسەتە گشتییەکان و چالاکییە ڕێکخراوەییەکان، لێکۆڵینەوەکەی بەردەستتان پشتبەستووە بە سیاسەتڕێژییە بەربڵاوەکانی بڕیاردەران لە ڕێگای کاریگەریدانان لە سەر ڕای گشتی، زانکۆیی و سیاسی لە ڕێگەی پەرەپێدانی زمان و کولتووری چینی و لە ئەنجامدا بەرزکردنەوەی پێگەی نێودەوڵەتیی چین هەڵدەسەنگێنرێت و دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەم دامەزراوانە بەشێکی سەرەکیی سیستمی پەیوەندییەکانی نەرمەهێزی چینن کە بە ئاراستەی جیهانی عەرەب ئاراستە دەکرێن و دەتوانن تێڕوانینێک سەبارەت بە تایبەتمەندییەکان و وەڵامەکانی ئەم دامەزراوانە بەدەست بهێنین.

**دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس**

سەرکردەکانی چین بۆ پشتگیری لە ئامانجی چین، بۆ گۆڕینی بۆ وڵاتێکی پێشەنگ و بەسەنتەربوو لە گۆڕەپانی جیهانیدا، پێویستی بە سەرمایەگوزاریکردن لە خوێندنی باڵادا وەک ئامرازێک بۆ پلانی نەرمەهێزی چین دیاری کردووە. بۆ پێشخستنی ئەم ئامانجە، لە ساڵی ٢٠٠٤دا وەک ڕێکخراوێکی قازانجنەویست دامەزرا. ڕێکخراوێک کە بەرپرسی دامەزراندن و چالاکیی دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆسە لە سەرانسەری جیهاندا و لە ژێر چاودێریی وەزارەتی ڕۆشنبیریی چیندایە. لە تشرینی دووەمی ئەو ساڵەدا، یەکەم دامەزراوە لە سیئۆلی کۆریای باشوور دامەزرا. لە ساڵی ٢٠٠٤ تاوەکوو شوباتی ٢٠٢٠، ٥٤١ دامەزراوە لە ١٥٤ وڵاتدا چالاکی دەکەن (Zhiling, 2018). یاساکانی دامەزراوەی کۆنفۆشیۆس ئەم بنەما بنچینەییانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:


- دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس خۆی تەرخان دەکات بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی خەڵک لە وڵاتان و ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا، کە زمانی چینی بۆ زیادکردنی تێگەیشتنی کولتووری چینی لە لایەن ئەم خەڵکانەوە فێر دەبن، بە بەهێزکردنی ئاڵوگۆڕی فێرکاری، کولتووری و هاوکاریی نێوان چین و وڵاتانی تر، بۆ قووڵبوونەوەی پەیوەندییە دۆستانەکان لەگەڵ نەتەوەکانی تر، بڵاوکردنەوەی پەرەپێدانی فرەکولتووری و دروستکردنی جیهانێکی ڕێکخراو.
- دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس؛ دامەزراوەی فێرکاریی قازانجنەویستن.
- دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس بە ڕەچاوکردنی بنەماکانی ڕێزگرتنی هاوبەش، دانوستانە دۆستانەکان و قازانجی هاوبەش؛ فێربوونی زمانی چینی لە دەرەوەی وڵات پەرە پێ دەدات و ئاسانی دەکات و ئاڵوگۆڕی فێرکاری، کولتووری و هاوکاریی نێوان چین و کۆمەڵگا نێودەوڵەتییەکانی تر برەو پێ دەدات.
- دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس پێویستە ڕەچاوی یاسا و دەستووری ئەو وڵاتانە بکەن کە تیایدا جێگیرن و ڕێز لە نەریتە کولتووری، فێرکاری، ناوچەیی و ئادابە کۆمەڵاتییەکانیان بگرن و نابێت یاسا و دەستووری چین ببەزێنن.
- دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس نابێت بەشداریی هیچ چالاکییەک بکەن کە لەگەڵ ڕاسپاردەکانی دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆسدا نەگونجێن.
- هەر قەوارەیەکی کۆمپانیا کە لە دەرەوەی چین توانای ئاسانکاریی فێرکاریی زمان، ئەنجامدانی چالاکییەکانی ئاڵوگۆڕی فێرکاری، کولتووری و بەدیهێنانی مەرجە

پێویستەکان بۆ پلانی نووسراو لەم دەستوورەیدا هەبێت، دەتوانێت بۆ ڕێگەپێدانی دامەزراندنی دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس لە بارەگای دامەزراوەکە داوای نوێنەرایەتی بکات (Hanban).

بە پێی ڕاپۆرتە ساڵانەکانی پەرەپێدانی دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس لە ساڵی ٢٠١٧، بۆ گەیشتن بە نزیکەی ١٠٠٠ دامەزراوەی چالاک تا ساڵی ٢٠٢٠ پلانی بۆ دانرابوو، کە ئەڵبەتە تا ئێستا ناهاتووەتە دی.


بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس ٤٦٢٠٠ مامۆستایان دادەمەزرێنن کە ١,٧ ملیۆن فێرخواز لە هەر تەمەنێک و ٦٢١٠٠٠ فێرخوازی تر لە خولە ئۆنلاینەکاندا ناو دەنووسن.

بە شێوەیەکی باو، هاوکاریی نێوان دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس و زانکۆیەکی دەرەوە بە لایەنی کەمەوە پاڵپشتیی ساڵانەی لە ١٠٠٠٠٠ دۆلار دەست پێ دەکات کە هەریەک لە لایەنەکان پابەند دەبن تێچوونی چالاکیی دامەزراوەکە دابین بکەن، واتە بودجەی کارپێکردنە سەرەتاییەکەی ٢٠٠٠٠٠ دۆلارە (Albert, 2018). گەشەی دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس؛ پۆلەکانی وانەخوێندن لە ڕووی ژمارەیان، ژمارەی وڵاتانی بەشدار، مامۆستایان و خۆبەخشان لە هێڵکارییەکەی خوارەوەدا دەردەخات (Li, 2019: 11,14).




**هێڵکاریی (١)**

ژمارەی دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس و پۆلەکانی وانەخوێندن (٢٠٠٥-٢٠١٧)




**هێڵکاریی (٢)**

مامۆستایان و خۆبەخشان لە دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس (٢٠٠٥-٢٠١٧)

بە وتەی «لی جانگجون»؛ ئەندامی پێشووی لیژنەی باڵای هەمیشەیی نووسینگەی سیاسی، دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس بەشێکی گرنگن لە پلانی بانگەشەیی لە دەرەوەی وڵاتی چین. ڕاپۆرتگەلێکی وەها پاڵنەرە سەرەکییەکانی بیرۆکەی دامەزراندنی دامەزراوە چینییەکان لە سەرانسەری جیهاندا ڕوون دەکاتەوە. ئامانجە ڕاگەیەنراوەکانی دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس، بە هەمان شێوە کە لە وێبسایتەکانیاندا گوتراوە، پێشکەشکردنی خولەکانی زمانی چینی لە ئاستە جیاوازەکاندا بۆ خوێندکارانی زانکۆ و لە هەندێ بابەتیشدا بۆ خەڵک بە گشتی و دەرفەتی کێبڕکێ بۆ سکۆلەرشیپی خوێندن لە زانکۆکانی چیندایە. سەرەڕای ئەمەش، ئەم دامەزراوانە لە هاوکارییەکان و کارلێکی کولتووری چین، وەک جەژنەکانی ساڵی نوێی چین، فێستڤاڵی بەهارە و هەروەها جواننووسی و فێرکاریی چێشتلێنانیشدا بەشداری دەکەن (GilK 2019).

لە زۆربەی بابەتەکاندا دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس بە شێوەیەکی زیرەکانەی هاوبەش لە نێوان زانکۆیەکی چینی و زانکۆیەکی ناوخۆییدا لە ناو زانکۆکاندا چالاکی دەکەن. ئەم ڕێگایە کارێکی تایبەتە، فاکتەری سەرەکیی جیاوازیی نێوان دامەزراوەی چینی و دامەزراوە کولتوورییەکانە کە لە لایەن وڵاتانی ترەوە بەڕێوە دەبرێن. ئەم ڕاستییە کە ئەم دامەزراوانە لە کەمپە زانکۆییەکاندا چالاکی دەکەن، جیاوازیی نێوان

زانکۆ و دامەزراوەی چینی لەوەی کە وێنا دەکرێت، بڕیارێکی ستراتیژیی دەوڵەتی چین بۆ دزەکردنی ناڕاستەوخۆ بۆ ناو زانکۆکان لەبار دەبات. جیاوازیی زیاتر پەیوەستە بە ناوەرۆکێکی تایبەتەوە کە دەخرێتە ڕوو بۆ خوێندکارانی زانکۆ، هەروەها ئەو بابەتانەی کە خۆیان لێ دوور دەگرن. ڕێککەوتنی ستاندارد لە نێوان «Hanban» و زانکۆی خانەخوێ، ئەم زانکۆیە ناچار دەکات کە سیاسەتی چین کە بە هۆی ئەوەوە تایوان مافی سەربەخۆیی نییە و بەشێکی سەرەکیی وڵاتی چینە؛ پەسەند بکات. لە گفتوگۆکردن سەبارەت بە بابەتە پەیوەستەکان بە حوکمڕانیی تبت خۆی بپارێزێت و لە هەر بابەتێک کە لە لایەن سەرکردەکانی چینەوە وەک لاوازکردنی سەقامگیری، خۆی بەدوور بگرێت (Lai,2012: 92-3).

پیوێستە ئەوە بەبیر بهێنینەوە کە چینییەکان تەنیا یاخود یەکەمین کەسانێك نین کە لە وڵاتانی دەرەوە، دامەزراوە کولتوورییەکان بەڕێوە دەبەن. هەندێک لە وڵاتان، ئەم جۆرە دامەزراوانە لە وڵاتانێك کە پێیان دەوترێت «وڵاتانی پاسیڤ»، بەڕێوە دەبەن. ئامانجی زیاتری ئەم بەرنامانە، خستنەڕووی وێنایەکی ئەرێنی و زۆربەی فلتەرکراوە لە وڵاتە ئەکتیڤەکان لە بەرامبەر وڵاتە پاسیڤەکاندا. بە پێی پێوەرەکانی نەرمەهێز لە ساڵی ٢٠١٨دا، کە ساڵانە پلەبەندیی سێ وڵات بە نەرمەهێزی باڵاتر دەخاتە ڕوو، بەریتانیا لە پلەی یەکەمدا بوو و دوای ئەو؛ فەڕەنسا و ئەڵمانیا بوون (McClory, 2018). کەواتە جێگای سەرسوڕمان نییە کە ئەم سێ وڵاتە وەها ڕێک خراون گەلێکی کولتووری بەڕێوە ببەن. لە ساڵی ١٩٠٧دا فەڕەنسییەکان «Alliance Francais»یان دامەزراند. لە ساڵی ١٩٣٤دا ئینگلیزەکان «ئەنجوومەنی بریتش»یان دامەزراند و لە ساڵی ١٩٥١دا، تەنیا چەند ساڵ دوای جەنگی جیهانیی دووەم، ئەڵمانەکان «ئەنستیتۆی گۆتە»یان دامەزراند. زۆر سەرنجڕاکێشە کە بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی گۆتەی ئەڵمانی ستایشی پەرەپێدانی کۆنفۆشیۆسی کردووە بەو ڕادە زۆر خێرایە و گوتوویەتی کە دەستکەوتەکانی ئەم دامەزراوە چینییە بە درێژایی دەیەیەک شایەنی بەراوردکردنە لەگەڵ وڵاتە ناوبراوەکانی ئەورووپا کە هەندێکیان بە دەیان چالاکییان هەبووە. ئەو گوتیشی دەستکەوتەکانی چین لە ڕێگەی دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆسەوە پەرجوویەکی کولتوورییە، بەدوای پەرجووی ئابووری و دارایی چیندا کە لە پێشتردا گۆڕدرابوو بە ڕاستییەکی تەواو سەلمێنراو (CRI, 2015).

### پێنوێنی هەڵسەنگاندنی سەرکەوتن

لـەم وتـارەدا ئێمـە پێنوێنەکانـی (شـاخص) سـێ بـەشی بـۆ هەڵسـەنگاندنی پەسـەندکردنی دامـەزراوە چینییـەکان لـە وڵاتـەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی عەرەبیـدا پێشـنیار دەکەیـن. یەکـەم پێـوەری پێنوێـن: لێکۆڵینـەوەی خواست و خسـتنەڕووە، بـەشی دووەم: ئاسـتی کاردانـەوەی میدیـاکان و سـەرکردایەتیی ناوخۆیـی هەڵدەسـەنگێنێت و سێیەم پێـوەر: ئاستەکانی ناسینەوەی کڕیارەکانی دامەزراوەکانـە، زۆربـەی خوێنـدکارانی خاوەنبڕوانامـە کـە دامەزراوەکـە پەرەیـان پـێ دەدا و نوێنەرایەتییـان دەکات. بـەم ڕیزبەندییـە، بـۆ هـەر بەرهەمێـک یـان خزمەتگوزارییـەک کـە لـە بـازاڕدا دەفرۆشرێـت، ڕێگـەی سـەرەکی، لێکۆڵینـەوە لـە سـەرکەوتن و سـەرنەکەوتنی بەرهەمەکـە؛ لێکۆڵینـەوە لـە داواکاریـی کڕیـارەکان بـۆ بەرهەمەکـە یـان خزمەتگوزارییەکەیـە و ئەگـەر خواسـت زیاتـر بێـت لـە خسـتنەڕوو، دەتوانیـن بڵێـن بەرهەمەکـە سـەرکەوتووە. بەرهـەم، سـەبارەت بـە توێژینەوەکـەی ئێمـە، دامـەزراوەی کۆنفۆشـیۆس و ئـەو ناوەرۆکەیـە کـە پێشـکەشی دەکات و کڕیـارەکانی؛ خوێنـدکارانی زانکـۆی خانەخوێـی زانکـۆکانی وڵاتـە عەرەبییەکانـن. لە سـەر بنەمای ئـەم شـیکارییە، ئـەو دەیتایانـەی کـە دواتـر لـە وتارەکـەدا دەخرێنـە ڕوو، بـە گشـتی لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی عەرەبیـدا کـە دامـەزراوەکانی کۆنفۆشـیۆس چالاکـی تێـدا دەکـەن، داواکاری بـۆ خزمەتگوزارییـەکانی دامەزراوەکـە لـە خسـتنەڕوو زیاتـرە و لـە ڕاسـتیدا، لـە سـاڵی (٢٠١٤)ەوە، چەنـد پۆلێکـی زیاتـری چینـی لـە زانکـۆ خانەخوێیەکانـدا و هەروەهـا لـە دامـەزراوە فێرکارییـەکانی تـردا کراونەتـەوە.

دووەم پێـوەری پێنوێنـی سـوودلێوەرگیراو بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە وەڵامدانـەوەی دامەزراوەکانـدا، مـەودا و بـڕی کارتێکـەرە کـە لـە میدیـا ناوخۆیـی و کەسـایەتییە نەتەوەییـە ناوخۆییەکانـدا دراوە بـە دامـەزراوەکان. لـە سـەر بنەمـای دەرەنجامـەکانی ئـەم شـیکارییە، لـە هەنگاوەکانیشـەوە دەکرێـت بگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـە دزەکـردنی دامـەزراوە چینییـەکان بـۆ نـاو وڵاتـە خانەخوێیـەکان سـەرکەوتوو بـوون. ئـەم دەرەنجامـە لـە سـەر بنەمـای زۆرێـک لـە وتـار و یاداشـتە خـوازراوە بڵاوکـراوەکان لـە ڕۆژنامـە ناوخۆییەکاندایـە کـە دەیکاتـە ڕاپـۆرت و و تەنانـەت بچووکتریـن وردەکاریـی کاری دامەزراوەکـەش دەگرێتـەوە، وەک ژمـارەی ئـەو خوێندکارانـەی کـە لـە پێشـبڕکێی لێهاتوویـی زمـانی چینیـدا بەشـدارییان کـردووە، یـان بابـەتی تـر. لـەم ڕاپۆرتانـەدا ڕاگەیاندنـە ناوخۆییـەکان خواسـتێکی زۆریـان بـۆ کاری دامـەزراوەکان دەربڕیـوە، کـە

لەوانەیە ئاماژە بە دزەکردنە سەرکەوتووانەکەی ئەوان لە هۆشیاریی ناوخۆییدا بکات. ئاسانترین ڕێگا بۆ هەڵسەنگاندنی نزیکبوونەوەی ناوەندە نەتەوەییەکان لە بەرامبەر دامەزراوەکاندا، بەدواداچوونی بەشداری یان ئامادەنەبوونیان لە مەراسیم و کۆنفرانسە ئەنجامدراوەکان لە لایەن دامەزراوەکەوەیە. لێرەدا و بە هەمان شێوە کە دواتر لەم وتارەدا ڕوون دەکرێتەوە، تێگەیشتین کە دامەزراوەکان سەرنجێکی زۆر بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن. لە ڕاستیدا بەڕێوەچوونی زۆربەی بۆنەی کردنەوەی دامەزراوە نوێیەکان یان بۆنەکانی تر، بە ئامادەبوونی باڵاترین بەڕێوەبەرانی زانکۆی میواندار، لە پاڵ سیاسەتمەدارە باڵاکان و کەسایەتییە دیارەکانە و هەریەک لەم ڕووداوانە لە لایەن میدیاکانەوە بە شێوەیەکی زۆر بەرفراوان ڕووماڵ دەکرێن.

سێیەمین پێوەری پێنوێن بۆ هەڵسەنگاندنی سەرکەوتنی دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبیدا چالاکی دەکەن، ڕێژەی ناسینی کرپارەکان. لەم هەنگاوەشدا دامەزراوەکان لە دروستکردنی گوتاری ئەرێنی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆ و گرووپەکانی تر لە پەیوەندییان لەگەڵ خوێندنی زمان و کولتووری چینی سەرکەوتوو بوون. زۆرێک لە ئەو کەسانەی کە لەم وتارەدا وتەیان لێ وەرگیراوە، قسە لە سوودەکانی فێربوونی زمانی چینی بە هۆکاری بازرگانی و دارایی دەکەن. کەواتە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە خەڵکێکی زۆر خوازیاری فێربوونی زمانی چینین، لە بەر هۆکاری تری جگە لە ئامانجە دیپلۆماسیی یان لێکۆڵینەوەییەکان. ئەم هەنگاوە پاڵپشتیی ئەو ڕاستییە دەکات کە خودی دامەزراوەکان گێڕانەوەیەک برەو پێ دەدەن کە بە هۆیەوە دەبێتە گرێدراوی پەیوەندییەکانی نێوان چین و وڵاتە خانەخوێکان، لە سەر بنەمای ئابووری، بازرگانی و لە سەر بنەمای سوودی هاوبەش کە لە ئەنجامدا، بەرهەم دێت.

## دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی لە ڕووی پێگەی سیاسی-کولتوورییەوە بەشێکە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ڕووی زمانەوە بەشێکە لە جیهانی عەرەبی و لە باکوورەوە سنووری لەگەڵ تورکیا، قوبرس و دەریای ناوەڕاست، لە باشوورەوە لەگەڵ ئۆقیانووسی هیندی و لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ئێران و لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ کیشوەری ئەفەریقادا هاوسنوورە. ئەم پانتاییە جوگرافییە ڕووبەرێک زیاتر لە ٦ ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، چواردە یەکەی سیاسیی سەربەخۆیە، وڵاتەکانی

ئـەردەن، ئیـماراتی یەکگرتـووی عـەرەبی، بەحرەیـن، سـوودان، سـووریا، عێـراق، عەممان، فەڵەسـتین، قەتـەر، کوەیـت، لوبنـان، یەمـەن و تـا ڕادەیـەک وڵاتـەکانی باکـووری ئەفەریقا لەخـۆ دەگرێـت. سـوودان گەورەتریـن وڵات و بەحرەیـن بچووکتریـن وڵاتـە، لـەم یەکـە جوگرافییـەدان. هەمـوو وڵاتـەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، بێجگـە لـە میسـڕ و سـوودان، کەوتوونەتـە ئاسـیا، بـەڵام خـاوەنی بەسـتەری پتـەون لەگـەڵ جیهـانی ئەورووپا-دەریـای ناوەڕاسـت و جیهـانی ئەفەریقا-ئۆقیانـووسی هیندیـدا.

هەمـوو ئـەم وڵاتانـە بـە بەشـێک لـە وڵاتـانی ئیسـلامی هەژمـار دەکرێـن و هەموویـان لـە ڕووی سیاسـی و ئابوورییـەوە لـە ژێـر کاریگەریـی نزیکایـەتی لەگـەڵ ئەورووپا و وڵاتـانی ڕۆژئـاوادان (عـەلی پـوور، ١٣٨٩: ٩٠).

وتـەی: «بـەدوای زانسـتدا بـڕۆن ئەگـەر لـە چینیـش بێـت» کـە لـە پێغەمبـەرەوە (د. خ) دەگێڕدرێتـەوە، وا دیـارە یەکـەم دەقـی نـووسراوە کـە چیـن و جیهـانی عەرەب پێکـەوە گرێ دەدات. ئەمـڕۆ سـەرکردایەتیی عـەرەب سـوود لـەم وتانـە بـۆ بەهێزکـردنی پەیوەندییەکانـی خۆیـان و خەڵکەکەیـان لەگـەڵ کولتـووری چینیـدا وەردەگـرن کـە دامـەزراوەکانی کۆنفۆشـیۆس دیارتریـن نوێنەرەکانـن لـە گۆڕەپـانی جیهانـدا. هاوتەریـب لەگـەڵ ئـەم کارەدا، لایـەنی چینـی سـوود لـەم وتەیـەی پێغەمبـەر (د. خ) بـۆ سەرنجڕاکێشـانی موسـوڵمانەکان وەردەگرێـت. بـۆ نموونـە؛ ئـەم ڕسـتەیە لـە ئاژانـسی هەواڵـی چیـن بـڵاو کراوەتـەوە و بەدوایـدا ڕاپۆرتێـک سـەبارەت بـە قووڵبوونـەوەی پەیوەندییـەکانی نێـوان چین و جیهـانی عـەرەب لەگـەڵ ئاماژەکـردن بـەوەی کـە عەرەبـەکان دەیانەوێـت زانیارییـەکانی خۆیـان سـەبارەت بـە چیـن فـراوان بکـەن و داواکاری بـۆ خوێنـدنی زمـان و کولتـووری چینی بـە شـێوەیەکی بـەردەوام لـە زیادبووندایـە. هەروەهـا ڕاپۆرتێـک لـە سـەر دامـەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس کـە لـە وڵاتـە عەرەبییـەکان چالاکـی دەکـەن؛ دەخاتـە ڕوو و دەڵێـت کـە تـا ئێسـتا زیاتـر لـە بیسـت هـەزار خوێنـدکاری عـەرەب لـەم دامەزراوانـەدا ڕاهێنـراون (Xin-hua, 2018).

لـە سـاڵی ٢٠٠٦دا یەکـەم دامـەزراوەی کۆنفۆشـیۆس لـە جیهـانی عەرەبـدا لـە زانکـۆی سـنت ژۆزێفـی بەیـرووت دامـەزراوە. لـەو کاتـەوە و تـا کۆتایـی ٢٠١٩، چـواردە دامـەزراوەی تـر لـە وڵاتـە جیـاوازەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا، وەک بەحرەیـن، سـوودان، تونـس، دوو دامـەزراوە لـە ئـەردەن، دوو دامـەزراوە لـە ئیـماراتی یەکگرتـووی عـەرەبی، دوو دامـەزراوە لـە میسـڕ و سـێ دامـەزراوە لـە مەڕاکیـش دامـەزراون. هەروەهـا کۆمەڵـە

دامەزراوەیەکی تر لە وڵاتانی تری ناوچەکە دامەزران کە دووان لەوانە لە ئیسرائیل و چواریان لە تورکیا و ئەوی تریان لە ئێرانە. بەم شێوەیە ئەم وتارە لە سەر وڵاتە عەرەبزمانەکان چڕ کراوەتەوە، لە بەر ئەوەی کە ئەم وڵاتانە کۆمەڵە خاڵێکی هاوبەشیان هەیە کە وڵاتانی تری ناوچەکە ئەو خاڵە هاوبەشانەیان نییە. سەرەڕای ئەوەش، وڵاتانی تری عەرەبزمان وەک سعودیە، لەم دواییانەدا هاوکاریی خۆیان بۆ دامەزراندنی دامەزراوەکە دەست پێ کردووە (ChinaDaily, 2020). یان ئەوەی کە دانوستانیان بۆ دامەراندنی دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس لە زانکۆکانی خۆیان ئەنجام داوە، بەڵام بە هەمان شێوە کە گوترا، لەم وتارەدا تەنها باسی ئەو دامەزراوانە دەکەین کە پێشتر دامەزراون. لە بەشی دواتردا پێداچوونەوەیەک دەکەین بە کاری ئەو دامەزراوانەی کۆنفۆشیۆس کە چالاکن لە جیهانی عەرەبیدا و کاردانەوەی خەڵک بە ئامادەبوونیان بەش بەش و شیکار دەکەین.

**لوبنان**

یەکەم دامەزراوەی کۆنفۆشیۆس لە جیهانی عەرەبدا، لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦ لە زانکۆی سنت ژۆزێفی بەیرووت، لە ژێر ناوی هاوکارییەکی هاوبەش لە نێوان زانکۆی لوبنان و زانکۆی سین کیانگی چین دامەزرا. یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی لوبنان، پێویستیی دامەزراندنی ئەم دامەزراوە چینییەی بەم شێوەیە ڕوون کردەوە کە بە شێوەیەکی نەریتی توێژەران و خوێندکارانی زانکۆکانی ئێمە خوازیاری ئەوەن ئەو ناوچانە بۆ توێژینەوە هەڵبژێرن کە پەیوەستن بە فەڕەنسا، بەریتانیا، ئەڵمانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان. ژیرانە نییە کە لە ئێستادا ئێمە گرنگی بە چین نادەین، لە کاتێکدا کە بە خێرایی لە گۆڕاندایە بۆ ئەوەی ببێتە پێشەنگێکی جیهانی (Fu, 2009). بە درێژایی سێ ساڵ، ئەم دامەزراوەیە لە سێ ئاستی جیاوازدا بە شێوەی خول زمانی چینیی فێری ٢١٣ خوێندکاری زانکۆ کرد. دامەزراوەی کۆنفۆشیۆسی لوبنان خولێکی بۆ «پزیشکی چینی» کە لە لایەن پزیشکێکی لوبنانییەوە دەوترایەوە؛ ڕێک خست کە لە زانکۆی پزیشکیی پەکین خوێندبووی. لە دەیەم ساڵیادی ئەم دامەزراوەدا، عەدنان کەسار؛ سەرۆکی بانکی لوبنان (Fransabank)، وتی ئەم ڕاستییەی کە لە هەر شەش کەس لە جیهاندا یەکێکیان بە زمانی چینی قسە دەکات، بە باشی دەریدەخات کە بۆچی تا ئەم ڕادەیە گرنگیی هەیە، ئەم زمانە بخوێنن و لەگەڵ ئەم کەسە سەرسوڕهێنەرانەدا یەک بناسن (Xinhua, 2016).

بە وتەی ئەنتوان هاکیم؛ سەرۆکی دامەزراوەکە، لە ساڵی ٢٠١٣دا، ئەم دامەزراوە لە ڕووی چالاکیی کولتوورییەوە کە لە بەر دەست هەموواندایە، لە نێوان دە دامەزراوەی دیاری کۆنفۆشیۆسی جیهاندا جێی خۆی کردەوە. هەروەها گوتی کە نەک تەنیا خوێندکارانی زانکۆ بۆ فێربوونی زمانی چینی هەوڵ دەدەن، لێپرسراوانی منداڵانی تەمەن (٥-٧) ساڵیش دێن و دەیانەوێت ئەوەی کە ئەوان بە زمانی داهاتووی دەزانن؛ منداڵەکانیانی بۆ ئامادە بکەن. هەروەها گوتیشی: خولەکانی زمانی چینی ئەو کەسانەی کە چالاکن لە گۆڕەپانی بازرگانی و ئەو کۆمپانیایانەش بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت کە خوازیاری خستنەڕووی خولە چڕکراوەکانن بۆ کرێکارەکانیان و هیوادارن ئەو کەسانە خولە سەرەتاییەکانی زمان فێر ببن کە بۆ بازرگانیکردن لە چین یارمەتییان دەدات (Fadel, 2014). خاڵێکی سەرنجڕاکێشی تر ئەو ڕاستییەیە کە چینییەکان بڕیاریان داوە یەکەم زانکۆی عەرەبی کە تیایدا دامەزراوەیەک دامەزراوە لە پەیوەندی لەگەڵ زانکۆیەکی چینیدا بخەنە ناوچەیەکی چین کە زۆرترین ژمارەی موسوڵمانانی ئەم وڵاتەی لەخۆ گرتووە. لەوانەیە ئەمە بتوانێت یارمەتیی خواستی چین بدات بۆ کۆنترۆڵی پەیوەندیی نێوان موسوڵمانانی دانیشتووی چین و دۆستەکانیان لە وڵاتە عەرەبییەکاندا. دامەزراندنی ئەم دامەزراوە و پەیوەندی لەگەڵ زانکۆیەکی ناوخۆی چین لە ناوچەیەکی زۆرینە موسوڵمان لە چین، ئەو توانایە بە چینییەک دەدات کە گوتاری نێوان دوو لایەن بە ئاسانکارییەکی زیاترەوە کۆنترۆڵ بکات و بە لای ئەو بابەتانەیدا بەرێت کە بۆ حکومەتی چین گونجاوترە.

### میسر

دوو دامەزراوەی کۆنفۆشیۆس لە میسر دامەزراون؛ یەکێکیان لە ئازاری ٢٠٠٧دا لە زانکۆی قاهیرە و ئەوی تریان لە تەمموزی هەمان ساڵ لە زانکۆی کەناڵی سوێس بە هاوکاریی زانکۆی زمان و کولتووری پەکین خرایە کار. لەو کاتەوە لە بابەتە جیاوازەکان سەبارەت بە دامەزراندنی دامەزراوەی تر لە میسر دانوستان کراوە، بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەنجامێکی باش (ابوالعز، ٢٠١٨). چوار ساڵ دوای دامەزراندن، دامەزراوەی زانکۆی کەناڵی سوێس بوو بە باشترینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان بیست ئەنستیتوی باڵای کۆنفۆشیۆس. محەمەد ئەحمەد؛ سەرۆکی زانکۆی کەناڵی سوێس، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی کە لە حەوتەمین کۆنفرانسی ساڵانەی دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس لە پەکین ساز کرا، خۆشحاڵیی

خـۆی دەربـڕی و سـوپاسی کـردن. ئـەو بـە بەرزنرخانـدنی هاوکاریـی میسـڕ و چیـن، وتی کـە نزیکـەی چـل سـاڵە دامـەزراوەی زانکۆیـی لـە میسـڕ لەگـەڵ هاوتاکانیـان لـە وڵاتی چیـن لـە پەیوەندیـدان. ئـەو بـە بـاشی بـاسی ڕۆڵـی گرنگـی دامـەزراوەکانی کۆنفۆشـیۆسی کـرد لـە بەهێزکـردنی پەیوەندییـە دوولایەنـەکانی نێـوان هـەردوو وڵات و بەبیـری هێنایـەوە کـە ئـەوان وەک پردێـک بـۆ بەیەکگەیشـتی دوو نەتـەوە کار دەکـەن. لـە مـاوەی هەمـان کۆنفرانـسی ڕۆژنامەوانیـدا، ئەحمـەد سـەلیم ڕاوێـژکاری ڕاگەیانـدنی میسـڕ گـوتی: ئەمـڕۆ میسـڕ پێویسـتی بـە پشـتگیری و هاوکاریـی دۆسـتانیەتی بـە تایبـەتی چیـن. هـۆی سـەرەکیی ئـەوە، شـێوەی تێگەیشـتنی ئەرێنیـی میسـڕییەکانە لـە چینییـەکان (أ س أ، ٢٠١٢).

لـە کانـوونی یەکەمـی ٢٠١٦دا ڕاگەیەنـرا کـە دامـەزراوەی کۆنفۆشـیۆس لـە زانکـۆی قاهیـرە ئـەو خوێندکارانـەش ڕادەکێشـێت کـە بـواری خوێندنیـان پەیوەندیـی ڕاسـتەوخۆی لەگـەڵ زمـان یـان کولتـووری چینیـدا نییـە. ڕاپۆرتەکـە هـاوکات بـوو لەگـەڵ ڕاگەیەنراوێـک کـە بـە هۆیـەوە چـاوەڕێ دەکرێـت لقـی تـری ئـەم دامەزراوەیـە لـە هەمـوو میسـڕدا بکرێتـەوە. ڕیهـاب مەحمـوود؛ بەڕێوەبـەری ئەنسـتیتوی کۆنفۆشـیۆس و گرووپـی خوێندنی زمـانی چیـن لـە زانکـۆی قاهیـرە وتی: خوێنـدکاران لـە هەمـوو بەشـەکانی خوێنـدن خوازیـاری خوێنـدنی زمـانی چینیـن بـۆ پێشـکەوتنی پیشـەکەیان (Angop, 2016).

لـە ئـازاری ٢٠١٧دا لێکتێگەیشـتننامەیەک لـە نێـوان دامـەزراوەی کۆنفۆشـیۆس لـە زانکـۆی کەناڵـی سـوێس و زانکـۆی بەریتایـا لـە میسـڕ سـەبارەت بـە دروسـتکردنی یەکەیەکـی فێرکاریـی زمـانی چینـی لـەم زانکۆیـەدا واژوو کـرا. بـە وتـەی سـەرۆکەکانی هەردوو زانکـۆ، ئـەم قۆناغـە بـۆ ئـەوە بـوو کـە خوێندکارانێکـی زیاتـر بتوانـن زانسـتەکەیان بـە زمـانی چینـی فێـر بـبن و تەنانـەت بـۆ سکۆلەرشـیپی خوێندنیش بـۆ خوێنـدنی زمانەکەی خۆیـان لـە چینیـش هـەوڵ بـدەن (Zayed, 2017). لـە تشرینـی دووەمـی هەمـان سـاڵدا، بـە هـۆی کەمیـی پۆلـە بەردەسـتەکانەوە، گرێبەسـتێکی هاوشـێوە لـە نێـوان دامـەزراوەی کۆنفۆشـیۆس لـە زانکـۆی قاهیـرە و زانکـۆی بەنهـا واژوو کـرا. ئەنسـتیتۆی کۆنفۆشـیۆسی زانکـۆی کەناڵـی سـوێس چەنـد لقێکـی تـری لـە ناوچـەی ئابـووری و بازرگانیی «TEDA Su-ez»ی چیـن، میسـڕ و لـە زانکـۆی هەلوانـدا کـردەوە. لـە هەشـتەمین کۆنفرانـسی ساڵانەی دامـەزراوەی کۆنفۆشـیۆس کـە لـە سـاڵی ٢٠١٦دا لـە پەکیـن سـاز کـرا، لـە دامـەزراوەی کۆنفۆشـیۆسی زانکـۆی قاهیـرە، لـە بـەر ئـەوەی کـە خوێندکارەکانیـان بەرزتریـن نمرەیـان لـە تاقیکردنـەوەی فەرمیـی لێهاتوویـی چینـی بـۆ کەسـانی دەرەکـی بەدەسـت هێنابـوو،

ڕێزلێنانیان بۆ کرا. دامەزراوەی کۆنفۆشیۆسی زانکۆی کەناڵی سوێسیش دەرەنجاێکی زۆر باشی بەدەست هێنا و گەیشتە پلەی سێیەم لە بەرزترین ژمارەی سکۆلەرشیپەکاندا و ٨٦ کەس لە خوێندکارەکانی ئەم دامەزراوەیە سکۆلەرشیپی خوێندنی دەوڵەتی چینیان وەرگرت (Al-Saadadani, 2017).

لە نیسانی ٢٠١٨دا، لە بۆنەیەکدا بە ئامادەبوونی وەزیری پەروەردەی چین، باڵوێزی چین لە میسر و بەرپرسانی باڵای هەردوو لا، بینای نوێی دامەزراوەی کۆنفۆشیۆسیان لە زانکۆی قاهیرە کردەوە. ئەم ڕاستییەی کە بینایەکی تایبەت بە وەبەرهێنانی دارایی گەورەوە بۆ ئەم دامەزراوە دروست کراوە، دەرخەری حەزێکی بەردەوام و باوەڕبوون بە بەها و گرنگیی شوێنەکەیە. سەرەڕای ئەوەش، پێشکەشکردنی ئەم وتارانە لە کاتی بۆنەی کردنەوەی دامەزراوەکە، دەرخەری هەمان تێڕوانینی ئەرێنیی میسرە سەبارەت بە دامەزراوەی چینی. وەزیری پەروەردەی میسر وتی: کردنەوەی بینای نوێ، نموونەیەکە لە هاوکاریی ئەرێنی و بەرهەمدار لە نێوان میسر و چین. وتیشی: ئەمە دەستپێکی قۆناغێکی نوێیە لە پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات و هیوادارە کە لە داهاتوودا ئەم هاوکارییە بگاتە زۆربەی ناوچەکانی تر (Saad, 2018).

**ئەردەن**

دوو دامەزراوەی کۆنفۆشیۆس لە ئەردەن دامەزرا؛ یەکەم دامەزراوە لە ڕێکخراوی جیهانیی تەلال ئەبو غەزالە لە ئەیلوولی ٢٠٠٨ و ئەوی تریان لە تشرینی دووەمی ٢٠١٢دا لە زانکۆی فیلادلفیا لە عومان. دامەزراوەی هاوتەریبی چینی، ڕێکخراوی جیهانیی تەلال ئەبو غەزالە لە زانکۆی سین کیانگ و دامەزراوەی زانکۆی فیلادلفیا لە زانکۆی لیائوچینگ؛ دامەزراوە. دامەزراوەی سێیەمی دامەزراو لە ئەردەن سەر بە سوپای ئەردەنە و ئامانجی خوێندنی زمان و کولتووری چینییە کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆسەوە، بەڵام تایبەتمەندیی جیاوازی هەیە و لە سەر ئەم بنەمایە لە شیکارییەکەی ئێستاماندا باسی لێوە نەکراوە (Al-Ma` amah, 2010).

نزیکبوونەوەی ئەردەن لە دامەزراوەکان، بە هەمان شێوە کە لە ڕاگەیاندنە ناوخۆییەکاندا باسی لێوە کراوە، ئەرێنییە و بە شێوەیەکی بەرفراوان لەگەڵ ئەو چاوەڕوانییەی کە خوێندنی زمان و کولتووری چینی ڕێگایەکە بۆ پێدانی دەرفەتی نوێ بە خوێندکارانی ئەردەنی بۆ سەرکەوتنی دارایی و پەیوەندیی نییە بە بابەتی

دیپلۆماتیک کە لە پەیوەندییەکانی خۆیدا لەگەڵ چین دابینی دەکات. دەتوانرێ پشتگیریی ئەم بابەتە لە زمانی خوێندکارانەوە بزانرێ کە دەریانبڕیوە، خوێندنی زمانی چینی گرەنتیی دەرفەتی زۆری پیشەیی باشتر لە داهاتوودا دەکات (Earth Speaks Chinese, 2011). هاوشێوەی وڵاتانی تر، لە ئەردەنیش بەرپرسانی چینی بڕیاریان دا زانکۆ ناوخۆییەکان ببەستنەوە بەو زانکۆیانەی چینەوە کە کەوتوونەتە ئەو ناوچانەی کە کەمینەی موسوڵمانی چینی تیادا دەژین.

لە تشرینی دووەمی ٢٠١٦دا، لیژنەی سەرۆکی زانکۆکان کە پێک هاتبوو لە وڵاتە عەرەبییەکان و چین لە پایتەختی ئەردەن دانیشتنێکیان ساز کرد. لەم دانیشتنەدا بەشداربووان سەبارەت بە مەودایەکی فراوان لە ڕێگەی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات، لەوانە فراوانکردنی پلانەکانی سکۆلەرشیپی خوێندن کە لە لایەن چینەوە خراوەتە ڕوو بۆ خوێندکاران و پلانی ئاڵوگۆڕی زانکۆیی لە نێوان هەردوو وڵاتدا گفتوگۆیان کرد. پێشنیارێکی تر، بەهێزکردن و فراوانکردنی ئامادەبوونی دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس لە ناوچەکە و دامەزراندنی سەنتەرەکانی فێربوونی زمانی عەرەبی لە زانکۆکانی چین بوو (Addustour, 2016).

سەرۆکی زانکۆ «موعتەزد شێخ سالم»، لە وتارێکدا لە مەڕاسیمی ساڵی نوێی چینیدا کە لە لایەن دامەزراوەی کۆنفۆشیۆس لە زانکۆی فیلادلفیا لە عومان لە کانوونی دووەمی ٢٠١٨ ساز کرا، گوتی: «ئەم زانکۆیە ئامەزرۆی هاوکارییە لەگەڵ زانکۆکانی چین و بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە کولتووری دەوڵەمەندی چینی.» هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد: «زۆرێک لە خوێندکارە ئەردەنییەکان ئامەزرۆی فێربوونی زمانی چینین.»

بە وتەی ئەو، بەم بەشدارییە فراوانەیان لە جەژنەکانی ساڵی نوێی چین و حەزی ئەوان بۆ تێگەیشتن لە واتای ئەم ڕووداوە تایبەتە؛ بەڵگەیە لە سەر ڕاستیی قسەکانی. هەروەها وتیشی: «خوێندنی زمانی چینی هاوکات سوودوەرگرتنە لە دەرفەتی فێربوونی ئەزموونی دارایی و زانستیی پێشکەوتووی چین و هەنگاوێکی گرنگە لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات» (Addustour, 2018).

لە مەڕاسیمێکدا لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٨دا، بە بۆنەی درێژکردنەوەی ڕێککەوتننامەی نێوان ڕێکخراوی جیهانیی تەلال ئەبو غەزالە و زانکۆ هاوتەریبەکەی لە چین، سەرۆکی گرووپەکە متمانەی خۆی دەربڕی بۆ پلانی تایبەتی سەرۆککۆماری

چیـن، واتـە دامەزراندنـی پشـتێنەیەکی یـەک ڕێـگا و خوازیاریـی ئـەم گرووپـە بـۆ دروسـتکردنی سـەنتەرێک لـەم بـوارەدا (Addustrour, 2017). تایبەتبـوونی ئـەم دۆسـیە و بـە شـێوەیەکی گشـتی ئـەم دامـەزراوە ئەوەیـە کـە لـە نـاو زانکـۆدا چالاکـی نـاکات، بەڵکـوو وەک بەشـێک لـە گرووپێکـی هۆڵدینگـە لـە زیاتـر لـە ١١٠ وڵاتـدا لـە هەمـوو جیهانـدا، لەوانـە: وڵاتـانی عەرەبـی، ئەفەریقـا، ئەورووپـا، ئاسـیا و ئەمەریـکای باکـوور؛ چالاکـی دەکـەن. لـە سـەر ئـەم بنەمایـە، ئـەم دۆسـیەیە تێکەڵەیەکـە لـە بڵاوکردنـەوەی زمـان و کولتـووری چینـی و بەرژەوەندییـە بازرگانییـەکان و لـە سـەر بنەمـای وتـەکانی سـەرۆکی گرووپەکـە و حـەزی ئاشـکرای ئـەو بـۆ درێـژەدان بـە هـاوکاری، وا دیـارە کـە بەرژەوەندییـەکان بـە تـەواوی هاوتەریـب و هاوبەشـن.

### مەڕاکیش

لـە مەڕاکیـش سـێ دامـەزراوەی کۆنفۆشـیۆس دامـەزراون: یەکـەم جـار لـە ئـازاری ٢٠٠٨دا، لـە زانکـۆی محەمـەدی پێنجـەم، ئـەوی تریـان لـە ئایـاری ٢٠١٢ لـە زانکـۆی حەسـەنی دووەمـی کازابلانـکا و سـێیەم زانکـۆ لـە زانکـۆی عەبدولمالیکـی ئەسـائادی لـە ئەیلـوولی ٢٠١٦دا. زانکـۆی هاوتەریبـی چیـن لەگـەڵ زانکـۆی حەسـەنی دووەم، زانکـۆی لێکۆڵینەوەیـی نێودەوڵەتیـی پەکیـن-٥ و زانکـۆی هاوتەریبـی چیـن لەگـەڵ زانکـۆی عەبدولمالیکـی ئەسـائادی، زانکـۆی زانسـت و پیشەسـازیی جیانگشـی-یە (Daily, 2012). دامـەزراوەکانی دووەم و سـێیەم لـەم وڵاتـەدا کاتێـک دامـەزراون کـە دامـەزراوەی یەکـەم ئیـتر توانـای نەبـوو داواکاریـی خوێنـدکارانی ناوخۆیـی بـۆ خوێنـدنی زمـانی چینـی پەسـەند بـکات. تـا دامەزرانـدنی دوو دامەزراوەکـەی تـر، دامـەزراوەی زانکـۆی محەمـەدی پێنجـەم تەنیـا شـوێنێک بـوو لـە مەڕاکیـش کـە خوێنـدنی فەرمـی و پێکهاتەیـی زمـانی چینیـی پێشـکەش دەکـرد و هەروەهـا دەرفـەتی بەشـداریی لـە ئەزموونـەکانی «HSK» بـە شـێوەیەکی فەرمـی دەڕەخسـاند.

پێشـبڕکێی پـردی چیـن؛ پێشـبڕکێیەکی نێودەوڵەتییـە کـە سـاڵی جارێـک لـە نێـوان خوێنـدکارانی دەرەکیـی زمـانی چینـی لـە ئاسـتی نەتەوەییـدا ئەنجـام دەدرێـت و بـراوەی هـەر وڵاتێـک دەنێردرێـت بـۆ ئـەو پێشـبڕکێ نێودەوڵەتییـەی کـە لـە پایتەختـی چیـن سـاز دەکرێـت. بەشـداربووان لـە سـەر بنەمـای توانـای دەربڕیـن لـە زمـانی مانداریـن و ئاسـتی لێهاتوویـی لـە کولتـووری چینیـدا پلەبەنـدی دەکرێـن. لـە سـاڵی ٢٠١٦دا، خوێندکارێـک لـە زانکـۆی محەمـەدی پێنجەمـی مەڕاکیـش پلـەی سـێیەمی پێشـبڕکێ جیهانییەکـەی

بەدەست هێنا و ساڵی دواتر خوێندکارێکیش لە زانکۆی حەسەنی دووەم هەمان خەڵاتی بەدەست هێنا. هاوشێوەی دامەزراوەکانی تر، دامەزراوەی کۆنفۆشیۆس لە مەڕاکیش سەرەڕای خوێندنی زمان، خولی کولتوورییش لەگەڵ بابەتی جیاواز، وەک: هونەری چینی، جواننووسین، چێشتلێنان و... هتد؛ دەکەنەوە. ئەم دامەزراوە لە زانکۆی حەسەنی دووەم، هەروەها خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاری و زانیاری لە بواری سیاسەت و کولتووری چین پێشکەش بە ئۆرگانەکانی دەوڵەت و دامەزراوە گشتییە ناوخۆییەکان و هەروەها ئەو خوێندکارە مەڕاکیشییانەی کە خوازیاری سەفەرکردنن بۆ چین و خوێندن لێی؛ دەکات. ئەم خزمەتگوزارییانە کە لە دامەزراوەکانی تری ناوچەکە پێشکەش ناکرێت، بێگومان دەرخەری ئەو بەسەنتەرکردنەیە کە بەرپرسە باڵاکانی ئەو وڵاتەی کە چالاکیی تیا دەکەن؛ پێشکەشی ئەم دامەزراوەیان کردووە. هاوشێوەی مۆدێلە میسرییەکە، زانکۆی محەمەدی پێنجەم لقەکانی دامەزراوەکەی خۆی لە زانکۆکانی تر، لەوانە: زانکۆی ئیبن زوهر، زانکۆی ئیبن توفال و دامەزراوەی «ESSEC»ی فەڕەنساشدا چالاکی دەکەن (Hui, 2018). لە ڕاستیدا ئەم پۆلپۆلکردنە هەروەها دەتوانێت ئاماژە بە گرنگیی سەرمایەگوزاری لە بواری داواکاریی زۆری خوێندکارانی مەڕاکیشی بۆ خوێندنی زمانی چینی و هەروەها تێگەیشتنی دامەزراوەکانی خانەخوێ بکات.

### سوودان

دامەزراوەی کۆنفۆشیۆسی سوودان لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨دا لە زانکۆی خرتووم، بە هاوکاریی زانکۆی «نۆرس وێست» دەستی بە کار کرد. دامەزراوەی سوودان نەک تەنیا بۆ خەڵکی سوودان، بەڵکوو خزمەتگوزاریی بۆ خوێندکارانی نزیکەی بیست نەتەوەی تر (زیاتر ئەفەریقا) پێشکەش دەکات. بە وتەی بەدەوی عەبدالە؛ سەرۆکی خوێندنی زمانی چینی لەم دامەزراوەیە، پلانیان هەیە لە داهاتوودا بینای نوێ لە کەمپەکە دروست بکەن کە پشتگیریی ئەو داخوازییە زۆرە بۆ خوێندنی چینی دەکات. ئەو خوێندنەکەی خۆی بە زمانی ئینگلیزی بۆ خزمەتی زمانە چینییەکە دەخوێنێت، چونکە باوەڕی وایە وەک هاوڵاتییەکی سوودانی ئەم زمانە لە داهاتوودا باشتر لە زمانی ئینگلیزی خزمەتی دەکات. یەکێکی تر لە خوێندکارەکان؛ مەحموود عابد ئەلفەتاح، مانگانە جارێک بۆ کڕینی ئامێری ئەلکترۆنی و فرۆشتنی لە بازاڕی سوودان، دەڕوات بۆ شاری پیووی چین (یەکێک لە گەورەترین بازاڕەکانی کۆفرۆشیی

جیهان). ئه‌و ڕوونیشی کرده‌وه که بۆ باشترکردن و دروستکردنی په‌یوه‌ندیی بازرگانیی زیاتر له چین، سه‌رقاڵی فێربوونی زمانی چینییه .(Wanglast, 2016)

ئاماژه‌یه‌کی تری گۆڕانی ئه‌رێنیی ئه‌م دامه‌زراوه ئه‌وه‌یه که له کۆتایی ساڵی ٢٠١٥دا مۆڵه‌تی کردنه‌وه‌ی خوله‌کانی زمانی چینی له دوو خوێندنگه‌ی ئاماده‌یی له خرتووم وه‌رگرت و دانوستانه‌کان بۆ کردنه‌وه‌ی لقی تر له زانکۆکانی تری وڵاتدا ده‌ستی پێ کردووه. له ئه‌نجامدا ئه‌م ڕاستییه‌ی که ١٣٧ خوێندکاری سوودان سکۆلەرشیپیان بۆ خوێندنی چینی له زانکۆ جیاوازه‌کاندا وه‌رگرتووه و بڵاوبوونه‌وه‌ی ئه‌م هه‌واڵه له لاپه‌ڕه‌ی یه‌که‌می بڵاوکراوه ناوخۆییه‌کاندا، ده‌رخه‌ری هه‌ڵوێستی ئه‌رێنییه له به‌رامبه‌ر دامه‌زراوه‌کان و گه‌رموگوڕیی ئه‌وان بۆ سه‌رنجدان و سه‌رمایه‌گوزاریی چینه (Alnilin, 2018).

### ئیماراتی یه‌کگرتووی عه‌ره‌بی

یه‌که‌م دامه‌زراوه‌ی کۆنفۆشیۆسی ئیماراتی یه‌کگرتووی عه‌ره‌بی له زانکۆی ئه‌بو زه‌بی له حوزه‌یرانی ٢٠١٠دا دامه‌زرا و دامه‌زراوه‌ی دووه‌م له زانکۆی زاید ئه‌بو زه‌بی له ته‌مموزی هه‌مان ساڵدا دامه‌زرا. زانکۆی هاوته‌ریبی چین له‌گه‌ڵ زانکۆی ئه‌بو زه‌بی، زانکۆی نینگشیایه که یه‌کێکه له شاره موسوڵماننشینه‌کانی چین و زانکۆی هاوته‌ریبی زانکۆی زاید، زانکۆی خوێندنی نێوده‌وڵه‌تیی په‌کینه. به وته‌ی به‌ڕێوه‌به‌ری دامه‌زراوه‌ی کۆنفۆشیۆس له زانکۆی زاید، هاوشێوه‌ی دۆخی وڵاتانی تری عه‌ره‌بی دامه‌زراوه‌ی زانکۆی زاید له ئیماراتی یه‌کگرتووی عه‌ره‌بی فراوان بووه و لقه‌کانی خۆی له زانکۆی برایتونی ئه‌بو زه‌بی کردووه‌ته‌وه و مه‌به‌ستیه‌تی درێژه به چالاکییه‌کانی خۆی بدات (Libo-on, 2011). مه‌ڕاسیمی کردنه‌وه‌ی ئه‌م دامه‌زراوه‌یه له زانکۆی زاید سه‌رنجێکی زۆری به لای خۆیدا ڕاکێشا، وه‌زیری خوێندنی باڵا، سه‌رۆکی زانکۆ و به‌رپرسه‌کانی تر به‌شدارییان تیادا کردووه.

له کردنه‌وه‌ی هه‌فته‌ی کولتووریی چین له ئازاری ٢٠١٢دا، به‌ڕێوه‌به‌ری دامه‌زراوه‌که «هامام لشین» وتی: وه‌ک یه‌که‌م دامه‌زراوه‌ی کۆنفۆشیۆس که له یه‌کێک وڵاتانی ئه‌ندامی ئه‌نجوومه‌نی هاوکاریی که‌نداوی فارسدا دامه‌زراوه، ئێمه شانازی ده‌که‌ین ببینه پردی په‌یوندیی نێوان ئه‌م دوو کولتووره به‌رێزه. ئێمه باوه‌ڕمان وایه که هونه‌ر، ئاواز و شایی و کولتووری چینی به گه‌رمی له لایه‌ن هاوڵاتییانی ئیماراتی یه‌کگرتووی عه‌ره‌بییه‌وه پێشوازیی لێ ده‌کرێت. سه‌رۆکی زانکۆ وتی که ئه‌و باوه‌ڕی وایه: ئه‌مه گرنگه کاتێک په‌یوه‌ندیی بازرگانی له‌گه‌ڵ وڵاتێکی ده‌ره‌کی بوونی هه‌بێت،

ئـەو دامەزراوانـەی کـە لایەنێـك دەخەنـە بـەردەم ئاڵوگـۆڕی کولتـووری یەکـترەوە، دیسـانەوە بـە شـێوەیەکی هاوتەریـب، دامەزراوەکـە لـە وڵاتەکـەی تـر دابمەزرێنـن. بـەم هۆیـەوە ئێمـە باوەڕمـان وایـە ئێسـتا کاتێکـی گونجـاوە بـۆ کردنـەوەی دامەزراوەکـە. هەروەهـا وتیـشی: سـەرەڕای ئـەوەش کـە ئـەم دامـەزراوە بـەم دواییانـە دەسـتی بـە کار کـردووە، داواکاری بـۆ خوێنـدنی زمـانی چینـی زۆر زیـادی کـردووە (Moussly, 2010).

هاوشـێوەی وڵاتـانی تـری ناوچەکـە، ٢٦ خوێنـدکار لـە خوێندنگەیەکـی ئامادەیـی لـە ژێـر چاودێریـی دامـەزراوەی کۆنفۆشـیۆس لـە زانکـۆی زایـد بـە چینـی دەیانخوێنـد و لـە پێشـبڕکێی پـردی چینیشـدا بەشـدارییان کـردووە و براوەکـە گەیشـتە قۆناغـی کۆتایـی کـە لـە چیـن سـاز کرابـوو (Kader, 2018). لێکچوویـی زیاتـر لـە نێـوان دامـەزراوەکانی ئیـماراتی یەکگرتـووی عـەرەبی و دامـەزراوەکانی تـر لـە جیهـانی عەرەبـدا، ڕاستییەکە کـە هەریەکێـک لەوانـەش بەسـتراوەتەوە بـە زانکۆیەکـی چینـی کـە کەوتووەتـە ناوچەیەکـی زۆرینـە موسـوڵمانەوە. بـە هەمـان شـێوە کە گوتـرا، پەیوەندییـەکانی نێوان دامـەزراوەکانی ناوچـە موسوڵماننشـینەکان لـە چیـن و وڵاتـانی موسـوڵمان دەکـرێ وەک ڕێگایـەک کـە چیـن بـۆ کۆنترۆڵـی گوتـار لـە نێـوان لایەنەکانـدا و ئاڕاسـتەکردنی ئـەوان بـۆ کەناڵـە پەسـەندکراوەکان و جێـگای ڕەزامەندیـی حکومـەتی پەکیـن؛ لێـک بدرێتـەوە.

لـە لایەکـی تـرەوە خزمەتگوزارییـە تایبەتـە پێشکەشـکراوەکان لـە لایـەن دامـەزراوەکان لـە ئیـمارات، پێشکەشـکردنی خولەکانـە لـە سـەر بنەمـای پێویسـتیی ئەفسـەرانی پۆلیـسی ناوخۆیـی. ئـەم کلاسـانە، پڕکردنـەوەی پێویسـتیی جێبەجێـکارانی یاسـای ناوخۆییـە بـۆ دروسـتکردنی پەیوەنـدی لەگـەڵ کۆمەڵگـەی گـەورەی چینـی لـەم وڵاتـەدا کـە ژمارەیـان زیاتر لـە ٢٠٠٠٠٠ کەسـە و هەروەهـا چارەسـەری کێشـەی جێبەجێکارانی یاسا بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵیانـدان بـە هـۆی ڕێگرییـەکانی بـەردەم زمـانی چینـی دەکات (Swan, 2012).

### بەحرەین

لـە ئەیلـوولی ٢٠١٣دا، دامـەزراوەی کۆنفۆشـیۆس لـە زانکـۆی بەحرەیـن دوابـەدوای واژووی لێکتێگەیشـتننامەیەک سـەبارەت بـەم بابەتـە کـە سـاڵێک پێشـتر لـە کاتی سـەردانی پاشـای بەحرەیـن بـۆ چیـن واژوو کرابـوو؛ کرایـەوە و زانکـۆی شـەنگەهای وەک زانکـۆی هاوتەریبـی چیـن هەڵبژێـردرا، لـە کاتێکـدا کـە ئـەم زانکۆیـە نەکەوتووەتـە ئـەو ناوچەیـەی کـە موسـوڵمانانی چینـی تیـادا دەژیـن، بـەڵام گرووپێکـی زۆری لـە خوێنـدکارانی وڵاتـە موسـوڵمانەکان لێیـە و بەرنامـەی تایبەتیـان پێشـکەش دەکـەن. لـە مەڕاسـیمی کردنـەوەی

ئـەم دامەزراوەیـەدا، وەزیـری پـەروەردەی بەحرەیـن وتیـشی کـە دوو سـوودی سـەرەکی بـووە هـۆی دامەزرانـدنی دامەزراوەکـە: یەکـەم، گرنگیـی زمـانی چینییـە، لـە بەر ئـەوەی کە چیـن لـە نێـوان کولتـووورە دێرینـەکانی جیهاندایـە و زمـانی چینـی یەکێکـە لـە شـەش زمانـە فەرمییەکـەی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان. بـە وتـەی وەزیـر، سـوودی دووەم گرنگیی چینـە وەک یەکێـک لـە گەورەتریـن هێـزە جیهانییـەکان و دووەم هێـزی دارایـی گەورەیـە لـە جیهانـدا و گەورەتریـن هەنـاردەکاری جیهانـە (Al-Majed, 2014). ئـەم دامـەزراوە هەروەهـا لـە بەحرەینیـش بـووە جێـگای سـەرنجی میدیـا نیشـتمانییەکان. بـۆ نموونـە: لـە وتارێکـدا ئامـاژەی کـردووە بـە تایبەتمەندییـەکانی ٤٠ خوێنـدکار کـە خوێندنەکەیـان لـەم دامـەزراوەدا تـەواو کـردووە، لەگـەڵ وێنـەکانی مەڕاسـیمی تەواوکـردنی قۆناغـی خوێندنەکەیـان (GDN, 2018).

لـە مانگـی ئایـاری ٢٠١٦دا، ئـەم دامەزراوەیـە ئاهەنگـی هەفتـەی کولتووریـی چینیـی سـاز کـرد کـە ئامانـج لێـی زیادکـردنی ئاڵوگـۆڕی کولتووریـی نێـوان دوو وڵاتەکەیـە. سـەرۆکی زانکـۆی بەحرەیـن لـە مەڕاسـیمی کردنەوەکـەدا وتی: ئـەم زانکۆیـە خۆشـحاڵە کـە خوێنـدکارەکانی شـارەزای زمـانی چینیـن، لـە بـەر ئـەوەی کـە لـە ڕووی سیاسی و داراییـەوە یەکێکـە لـە گرنگتریـن زمانـەکانی جیهـان (Al-Wasat, 2017). سـەرەڕای ئـەوەش، چیـن خـاوەنی کەلەپوورێکـی کولتووریـی دەوڵەمەنـدە. هەمـوو ئەمانـە، هـانی خوێنـدکارانی بەحرەینـی داوە بـۆ ئـەوەی حەزێکـی تایبەتیـان بـۆ خوێنـدن لـەو بارەیـەوە هەبێـت.

سـەرەڕای ئـەوەش، لـە پێشـهاتێکی هاوشـێوەدا کـە سـاڵی دواتـر بەڕێـوە چـوو، سـەرۆکی زانکـۆ گـوتی: ئـەم زانکۆیە مەبەسـتیەتی گرەنتیـی ئامادەیـی بەرفـراوانی چالاکییە کولتوورییـەکانی چیـن بـە ئامانجـی زیادکـردنی زانیـاری و لایـەنی کولتووریـی خوێنـدکاران سـەبارەت بـەم بابەتـە بـکات (Al-Ayam, 2017).

### تونس

دامەزرانـدنی دامـەزراوەی کۆنفۆشـیۆس لـە نـاو زانکـۆی قرتاجـە لـە تشرینـی دووەمـی ٢٠١٨دا، بـە هاوکاریـی زانکـۆی زمانـە بیانییـەکانی دالیـان کـە شـوێنی نیشـتەجێبوونی کەمینەیەکـی موسوڵماننشینیشـە، ئەنجـام درا. سـەرۆکی زانکـۆ سـەبارەت بـە دامەزراندنی ئـەم دامەزراوەیـە وتی: ئێمـە سـاڵانێکە کار لـە سـەر ئـەم پـڕۆژە گەورەیـە دەکەیـن و ئەمـەش بەرهەمـی هاوکاریـی ئێمەیـە لەگـەڵ چیـن وەک هاوبەشـێکی تایبـەت بـۆ ئێمـە.

هەروەها وتیشی: دروستکردنی ئاسۆی نوێ گرنگە. هاوکاریی ئێمە لەگەڵ چینییەکان زۆر سەرکەوتووە و ئەم دامەزراوەیە زیاتر یارمەتیی بەهێزکردنی هاوکارییەکان لە بوارەکانی فێرکاریی زمان و توێژینەوە و پڕۆژە فێرکارییەکاندا دەدات (YI, 2018). بە نزیکەیی هیچ خاڵێکی دیاری تر سەبارەت بە پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەم دامەزراوەدا نەدۆزرایەوە، لە بەر ئەوەی کە ئەم دامەزراوەیە تازە دامەزراوە.

## دەرئەنجام

ئەم توێژینەوە و شیکاری و بەشبەشکردنەی دەیتاکان دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس وەک ئامرازێکی نەرمەهێزی چین، بە شێوەیەکی کاریگەر خۆیان خزاندووەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی و سیاسەتمەداران، ئەندامانی ئەنجوومەنی زانستیی زانکۆکان و خوێندکارانی زانکۆ بە نزیکەیی بەبێ هیچ ڕەخنەیەکی جێسەرنج؛ پێشوازییان لەم دامەزراوانە کردووە. دیپلۆماسیی چین جەخت لەوە دەکاتەوە کە چالاکییەکانی چین لە گۆڕەپانی جیهانیدا لە بوارەکانی دارایی و بازرگانیدا چڕ کراونەتەوە و بە هیچ شێوەیەک حەزی سیاسی یان حەزی تری نییە لە گۆڕەپانی جیهانی وەک ڕۆڵی پۆلیسی جیهانیی ویلایەتە یەکگرتووەکان. دەسەڵاتدارانی چین دەڵێن کە بەدوای دروستکردنی پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە و دروستکردنی جیهانێکەوەیە پڕ لە هاوکاری کە هەردوو لایەن سوودی لێ وەربگرن. مەیدانی توێژینەوەکەمان ئاڕاستەی گفتوگۆکانی بۆ نیشاندانی چییەتیی دیپلۆماسیی چین و شێوەی کاری هێڵەکانی پەیوەندی و نەرمەهێز لە لایەن چینەوە دەخاتە ڕوو. لە ئەنجامدا سەرسوڕهێنەر نییە کە دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس خوێندکارەکانی خۆی بە ئاڕاستەی خوێندنی زمان، کولتوور و بەرزکردنەوەی کولتووری چینی ئاڕاستە دەکات و بە بابەتی نەخوازراوی ترەوە خۆی سەرقاڵ ناکات و ئەوەی کە گرنگە بۆ دەوڵەتی چین ئەوەیە کە پشتگیریی ئەو دامەزراوانە دەکات و ئەمەش لای ئەوان پەسەندە.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە هەموو وڵاتانی عەرەبی مەیدانی لێکۆڵینەوەکەمان لە لێکۆڵینەوەی حاڵەتدا لە ڕووی سیاسییەوە پێکهاتەیەکی نادیموکراتییان هەیە و لەم ڕووەوە نزیکترە لە سیستەمی سیاسیی چین لەچاو سیستەمە دیموکراسییەکانی

ڕۆژئـاوادا. چیـن نموونەیـەک پێشـکەش بـەوان دەکات هـەر چەنـدە دیموکـراسی نییـە، بـەڵام لـە ڕووی چییەتیـی سیسـتمی سیاسـیی ناوخۆییـەوە لێیانـەوە نزیکـترە و بـەم حاڵەشـەوە ئابوورییەکـی جیهانیـی گەشـەکردووە. مۆدێلـی وڵاتێکـی نادیموکـراسی کـە هێشـتا خـاوەنی ئابوورییەکـی گەشـەکردووە، بـە بـەراورد بـە وڵاتـانی ڕۆژئاوایـی و بـە تایبـەت ویلایەتـە یەکگرتـووەکان، نموونەیەکـی ئاسـانترە بـۆ ڕاکێشـان و قبووڵکـردنی لـە لایـەن وڵاتـانی عەرەبییـەوە، بـە تایبـەت ئەمـەی کـە سـاڵانێک وا بانگەشـەی بـۆ دەکـرا کـە پەرەپێـدانی ئابـووری پەیوەسـتە بـە دروسـتکردنی میکانیزمێکـی دیپلۆمـاسی لـە سیسـتمی سیاسـیی وڵاتانـدا. ئێسـتا زۆرێـک لـە وڵاتـانی عـەرەبی وەک هێزێکـی بـاڵای جیهـانی لـە داهاتـوودا سـەیری چیـن دەکـەن کـە دەتوانێـت ببێتـە شـوێنگرەوە بـۆ ڕۆژئـاوا.

کەواتـە تـەواو ڕوونـە کـە بۆچـی لـە وڵاتـانی عـەرەبی بـە گەرمـی دامـەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس قبـووڵ دەکرێـت کـە بـۆ ئـەوان ڕێگایەکـی گونجاوتـری حوکمڕانیـی ئاسـانە، لـە کاتێکـدا کـە زۆرێـک لـە وڵاتـانی ڕۆژئـاوا لـە بـوونی ئـەم دامەزراوانـە لـە زانکـۆکانی خۆیانـدا هەسـت بـە نیگـەرانی دەکـەن. بـە واتایەکـی تـر: لەوانەیـە بتوانـرێ بگوترێـت ڕێژەیەکـی پێچەوانـە لـە نێـوان ئاسـتی دیموکـراسی و پێویسـتیی سـەرمایەگوزاریی دەرەکی لەگـەڵ ڕێـژەی چالاکیـی دامـەزراوەکانی کۆنفۆشیۆسـدا بـوونی هەیـە. لـە کۆمەڵـگا دیموکراسـییەکاندا، سیاسـەتمەدارەکان لـە ناوەنـدە ئەکادیمییەکانـدا و لـە سیسـتمی سیاسـیدا توانیویانـە ڕەخنەگەلێکـی زیاتریـان لـە بەرامبـەر وەهـا هێڵێکـی پەیوەندیـی نەرمەهێـز و دزەکردنیانـدا هەبێـت کـە لـە هەندێـک حاڵەتـدا تەنانـەت بووەتـە هـۆی لەکارخسـتنی ئـەم دامەزراوانـە.

سـەرەڕای ئـەوەش، زۆرێـک لـە وڵاتـانی عـەرەبی، بێجگـە لـە وڵاتـە خۆشـگوزەرانەکانی کەنـداوی فـارس، ئامـادەی وەرگرتنـی بـە پەلـەی هـەر سـەرمایەگوزارییەک بـوون بەبـێ ئـەوەی بڵێـن چـۆن و بۆچـی و ئامـادەی پەسـەندکردنی هـەر سـەرنجێک بـوون کـە بتوانێت یارمەتیـی چۆنیـەتی و جۆراوجۆریـی سیسـتمی فێرکاریـی ناوخۆیـی بـدات. دوای پێشـنیاری چیـن بـۆ ئـەم وڵاتانـە و دوای ناوبانگـی دامـەزراوەکانی کۆنفۆشـیۆس لـە ناوچەکـە، سروشـتییە کـە لایـەنی عـەرەبی پێشـنیارەکانی دامەزرانـدنی دامـەزراوەکان بـە گەرمـی پەسـەند بـکات بـۆ ئـەوەی یارمەتیـی بەرزبوونـەوە و باشـترکردنی سیسـتمی فێرکاریـی ناوخۆیـی بـدات. هەروەهـا لـە وەهـا هەلومەرجێکـدا گریمانـەی مشـتومڕ سـەبارەت بـە جـۆری ناوەرۆکـی پێشکەشـکراو لـە لایـەن دامـەزراوەکانی کۆنفۆشـیۆسی نـاو وڵاتـانی

عەرەبی کەمتر شوێنی باسوخواسە کە وڵاتانی خانەخوێ بیانەوێت هەنگاو بنێن بە ئاڕاستەی ڕێگریکردن لێی. ئەو ڕاستییەش کە چینییەکان خوازیارن ئەو زانکۆ عەرەبییانەی کە ئەو دامەزراوانەیان تێدایە لەگەڵ ئەو زانکۆیانەی کە لەو ناوچانەدان لە چین کە زۆرینەیان موسوڵمانن؛ پێکەوە ببەستێتەوە و یارمەتیی بەهێزکردنی پەیوەندیی دوولایەنە و هەروەها توانای چین بۆ چاودێریی وردتر بۆ هەردوو لا بدات. کەواتە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە چینییەکان مەبەستیانە تا گوتارەکان بخەنە ژێر کاریگەریی خۆیان و وەک ئەوەی خۆیان دەیانەوێت بەڕێوەی ببەن و دامەزراندنی دامەزراوەکان لە وڵاتە بیانییەکان پاڵنەر و ئامانجی تری هەیە، زیاترە لەوەی کە تەنیا کردنەوەی پۆلەکانی کولتوور و زمانی چینی بێت کە کاریگەریدانانە لە سەر وڵاتانی خانەخوێ بە ئاڕاستەی خواستی دەوڵەتی چین.

ئەم توێژینەوەیە بنەما و بنچینەی توێژینەوەگەلێکی تر لە بواری نەرمەهێزی چین بە شێوەیەکی گشتی و هەوڵەکانی چین لە زانکۆ نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی تایبەتی دروست دەکات و چاوەڕێ دەکرێت تا ئەو کاتەی کە پێگەی جیهانیی چین درێژە بە گەشەی خۆی دەدات، کۆمەڵگەی زانکۆیی بەردەوام خوازیاری دەبێت. سێ پێوەری ئەم ڕێنیشاندەرە (خستنەڕوو و داواکاری، کەوتنە بەر دیدی میدیاکان، بەشداریکردن و ناساندن) بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی سەرکەوتنی چوونەناوەوەی دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس لە زانکۆکانی دەرەوە یان هەر دامەزراوەیەکی تر لە شوێنەکانی تر لە لایەن دەوڵەتی چینەوە پشتگیریی دارایی دەکرێن، گونجاو و بەسوودە.

بۆ ڕێگرتن لە گۆڕینی تۆڕی دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس بۆ مەترسییەکی جێگا سەرنج و پەیوەست بە چینەوە، ئەو وڵاتانەی کە میوانداریی دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس دەکەن یان پلان دادەنێن، پێویستە ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرن:

یەکەم: وەک ئامرازێکی نەرمەهێز بەدامەزراوەییکراو لە لایەن کۆماری گەلی چینەوە، دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس نابێت وەک دامەزراوەی خستنەڕووی پسپۆڕی لەبەرچاو بگیرێن، بەڵکوو وەک سەنتەری بڵاوکردنەوەی کولتووری چینی یان پەیڕەویکردن لە یاساکانی وەزارەتی پەروەردە و لە کۆتاییدا حیزبی کۆمۆنیستی چین. کەواتە ناتوانرێ چاوەڕوانییەکی بابەتیمان لە دامەزراوەکان هەبێت لە هەڵسەنگاندنی بابەتە هەستیارەکاندا.

دووەم: مۆدێلی دارایی ئێستای دامەزراوەکان پێویستە لە جیاتیی دابینکردنی دارایی، لە ڕێگەی بودجەی ناوەندی دامەزراوەی خانەخوێوە بودجەیەکی ڕاستەوخۆی بۆ تەرخان بکەن بۆ ئەوەی سەربەخۆیی دامەزراوەی خانەخوێ زیاتر ببێت.

سێیەم: پێویستە پلانەکانی خوێندنی زانکۆیی چینی بە تەواوی جیا بکرێتەوە لە کاری دامەزراوەکانی کۆنفۆشیۆس و بە هیچ شێوەیەک بە شێوەیەکی بەشەکی یان جۆری تر پەیوەست نەبێت پێیەوە. پێوستە پلانە هاوبەشەکان پیاچوونەوەیان پێدا بکرێت. تایبەتمەندێتیی ناوخۆیی بۆ چاودێریی ئازادیی خوێندن و مەترسییەکانی خۆسانسۆرکردن بۆ بەرنامەگەلێکی وەها پێشنیار دەکرێت.

چوارەم: دڵنیا ببنەوە کە وانەکانی زمانی چینی لە لایەن ئەو مامۆستا و ڕاهێنەرانەوە کە لە لایەن خودی زانکۆکەوە هەڵبژێردراون و مووچەیان دەدرێتێ، دەوترێنەوە و پێویستە پێسپاردنی خولە فێرکارییەکان بە «Hanban» کەم بکرێتەوە.

پێنجەم: هەموو نامەی لێکتێگەیشتنەکان، گرێبەستەکان و ڕێککەوتننامەکانی تر لە نێوان زانکۆ و «Hanban» لە بەر دەستدا بێت. ڕێژەی بودجەی ساڵانە کە زانکۆکە لە «Hanban» وەریدەگرێت و ڕێژەی یارمەتییەکانی زانکۆی خانەخوێ دیاری بکرێت. هەموو گەشتەکان، شانازییەکان و ئەو خەڵاتانەی کە دەزگاکانی دەوڵەتی چین دەیبەخشن بە بەرپرسانی زانکۆکان، ڕابگەیەنرێن.

شەشەم: زمانێکی تر زیاد کراوە و دیاری بکرێت کە لە تەواوی جیاوازییەکانی پەیوەست بە یاساکانی چین و وڵاتی خانەخوێ؛ یاسای خانەخوێ لەپێشترە و «Hanban» لە کاتی بوونی کەموکوڕیی یاساکان لە کاتی بەکارخستنی دامەزراوەی کۆنفۆشیۆس، پێویستە بەرپرسیارێتیی یاسایی هەڵبگرێت. هەروەها پێویستە لەوە بکۆڵرێتەوە کە ئایا دامەزراوەی کۆنفۆشیۆس مەترسیی سیخوڕی یان کۆکردنەوەی زانیاریی هەستیار لە لایەن دەوڵەتی دەرەکییەوە زۆر دەکات یان نا.

## سەرچاوەکان

- Addustour. (2016). Recommendation to Establish Chinese Cultural Centers in Arab Countries and Provide Scholarships. Addustour News.
- Addustour. (2017). Talal Abu-Ghazaleh Organization renews the agreement with the Shenyang Normal University of China. Addustour News.
- Addustour. (2018). Celebrate the Chinese New Year in Philadelphia. Addustour News.
- Al-Ayam. (2017). Expressing the Message of the Chinese Philosopher who Calls for Peace.
- Albert, E. (2018). China's Big Bet on Soft-Power. New York: Council on Foreign Relations.
- Alipoor, Ali and others (2019), Necessities of Iran's geopolitical expansion in the Arab Middle East with emphasis on recent developments, Security horizons, Vol 3, No 9
- Al-Ma'amah,, M. (2010). Increased Demand to Learn Chinese in Jordan Through Three Institutes. Asharq Al-Awsat.
- Al-Majed, O. (2014). Activating the Historic Royal Visit to the Republic of China. Al-Ayam.
- Alnilin. (2018). 137 Sudanese students receive a scholarship to study in China. Alnilin News.
- Al-Saadani, Z. (2017). The Confucius Institute in Cairo University Wins the Prize for the Best Institute for Chinese Language Tests. Alwafd News.
- Al-Wasat. (2017). Chinese Culture Week kicks off at the University of Bahrain. Al-Wasat News.
- Angop. (2016). Egypt: Confucius Institute Expands Chinese Learning in Egypt. Agencia Angola Press.
- Carr, E. (1954). The twenty years crisis. New York: Macmillan.
- CEIC. (2019). China Oil Consumption 1965-2018. CEIC.
- Center, W. (2020). China's Soft-Power campaign. Wilson Center.
- China, N. B. (2019). The annual data of China' GDP. NBS.
- ChinaDaily. (2020, 4 16). First Confucius Institute to open in Saudi Arabia. Retrieved from Hometown of Confucius: Shandong, China: http://subsites.chinadaily.com.cn/shandong/2020-04/16/c_471850.htm

- CRI. (2015). With the Establishment of 500 Confucius Institutes, China Opens a Gateway into its Culture to the. China Radio International.
- Daily, P. (2012). Confucius Institute in Morocco is testing Chinese language proficiency for the first time. People Daily Arabic.
- Ain News. (2011). Earth Speaks Chinese.
- Fadel, R. (2014). The Chinese Language Attracts Businessmen, Employees and Students. Beirut: Annahar.
- Florida, R. (1999). Engine or Infrastructure? The University Role in Economic Development. MIT Press.
- Fu, W. (2009). First Confucius Institute in the Arab Countries. Arabic China News.
- GDN. (2018). 40 "graduates of Confucius Institute awarded certificates at Bahrain University. GDN online.
- Gil, J. (2019). Do Confucius Institutes teach Chinese Propaganda? Asia Times.
- Guancha, G. (2007). Assessment Report on the Soft-Power of China. International Review.
- Hanban. Constitution and By-Laws of the Confucius Institutes. Retrieved from Confucius Institutes: https://confucius.nju.edu.cn/_t489/6277/list.htm
- Hui, L. (2018). The Role of Confucius Institutes in Popularizing the Education of the Chinese Language and Spreading Chinese Culture. China Today.
- Kader, B. A. (2018). Emirati schoolchildren say 'ni hao' to Mandarim. Gulf News.
- Lai, H. (2012). China's Soft-Power and international relations. London: Routledge.
- Lebel, U. (2020). Chinese Soft-Power Pipelines Diffusion to the Middle Eastern Arab Countries 2000-2018: A Discursive-Institutional Study. British Journal of Middle Eastern Studies, 1-19.
- Li, L. (2019). Language Management and Its Impact: The Policies and Practices of Confucius Institutes. London: Routledge
- Libo-on, L. (2011). Dubai varsity opens Confucius Institute. Khaleej Times.
- MacMillan, M. (1985). Nixon and Mao: The Week That Changed the World. Random House Digital.
- Magnier, M. (2006). Attack of the Pandas. LA Times.
- McClory, J. (2018). The Soft-Power 30 - A Global Ranking of Soft-Power 2018. Portland: USC Center on Public Diplomacy.

- Moussly, R. (2010). Chinese language, culture classes on offer in Dubai. Gulf News.
- Nye, J. (1990). Soft-Power. Washington D.C: Foreign Policy.
- Nye, J. (2003). Propaganda Isn't the Way: Soft-Power. International Herald Tribune.
- Nye, J. (2004). Soft-Power: The Means to Success in World Politics. Public Affairs.
- Nye, J. (2009). The rise of China's Soft-Power and its Implications for the United States. Harvard Kennedy School.
- Nye, J. (2011). The Future of Power. New York: Public Affairs.
- Report, S. (2009). A message from Confucius: New ways of projecting soft power. London: Economist.
- Rutkowski, D. (2007). Converging us softly: how intergovernmental organizations promote neoliberal educational policy. Critical Studies in Education, 229-47.
- Saad, M. (2018). Details of the Minister of Higher Education's Participation in the Opening of the Confucius Model Institute in Cairo University. Ahram.
- Swan, M. (2012). Chinese lessons help Dubai Police break down barriers. National UAE.
- Wanglast, N. (2016). Chinese ... a Language that Makes the Future for the Graduates' Families in Sudan. Aarabic China.
- Xinhua. (2016). China's Confucius Institute celebrates 10th anniversary in Lebanon.
- Xinhua. (2018). Confucius Institutes Enhance Mutual Understanding Between China and Countries of the World. Beijing.
- Yi, Y. (2018). Confucius Institute opens classroom in Tunisia. Xinhua.
- Zayed, A. (2017). Memorandum of Understanding between the Confucius Institute in Ismailia and the Suez Canal University. Elwatan News.
- Zhiling, H. (2018). Ten New Confucius Institutes lift Global Total to 548, Boosting Ties. China Daily.

أ ش أ, ب. (٢٠١٢, ديسمبر ١٩). معهد كونفوشيوس بجامعة قناة السويس من أفضل ٢٠ معهدا بالعالم والأهم بالشرق الأوسط. بازيابى از اليوم السابع /https://www.youm7.com :story/2012/12/19

أبو العز, ه. (٢٠١٨, نوفمبر ٢٠). رئيس جامعة الإسكندرية يبحث إنشاء معهد كونفوشيوس لدراسة للغة الصينية. بازيابى از اليوم السابعhttps://www.youm7.com/story/2018/11/20:

# ئاڵنگارییە ئابوورییەکانی چین لە عێراق

**وەرگێڕان و ئامادەکردن: ژیلوان لەتیف یارئەحمەد**

وڵاتی چین لە ساڵی (٢٠١٣)ەوە دەستپێشخەرییەکی نێودەوڵەتیی بۆ دامەزراندنی ڕێگەی «ئاوریشمی نوێ» دەست پێ کرد، کە مەبەست لێی دامەزراندنی تۆڕێکی فراوانە لە بەندەر و هێڵی ئاسنین کە نزیکەی (٦٥) وڵاتی جیهان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لەم نێوەندەدا بەشێک لە ناوچەی کەنداوی عەرەب و عێراق نوێنەرایەتیی خاڵێکی گرنگی ئەو گواستنەوەیە دەکەن، کە ئەمەش جێبایەخی ئەو گرنگییە جیۆئابووری و جیۆسیاسییانەی ئابووریی کەنداو و عێراقە کە نەخشێکی گرنگ و کاریگەر لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە دەگێڕن لە پلانەکانی داهاتووی چین لە کەنداو بە گشتی و عێراق بە تایبەتی.

حکومەتەکانی عێراق لە ڕێگەی ڕاپۆرتەکانی ساڵانەی نەخشە و پلانی وەزارەتی گواستنەوە لە ماوەی نێوان (٢٠٢٠-٢٠٢٣)دا، بە ئاشکرا ئەوەیان خستووەتە ڕوو بەغدا دەبێتە وێستگەی سەرەکی لە پڕۆژەی ڕێگەی نێودەوڵەتیی «ڕێگەی ئاوریشمی چینی»، لە «وشکانی و دەریا»، کە بە جارێک ئاسیا و ئەورووپا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ڕاپۆرتی کۆتایی وەزارەتی گواستنەوەی عێراق لە ساڵی ٢٠٢٣دا لە بارەی کاریگەرییە مەزنەکانی ڕێگەی ئاوریشمی چینی دووپاتی دەکاتەوە کە کاریگەریی فراوانبوونی توانا ئابووری و بازرگانییەکانی عێراق لە مامەڵەی سەرمایەگوزاری و سیاسەتی

ئابووریی نوێی چیندا پەیوەستە بە تەواوبوونی دروستکردنی بەندەری گەورەی «فاو» و واژووکردنی گرێبەستێک لەگەڵ کۆمپانیا جێبەجێکارەکانی چین، کە عێراق دەکاتە ناوەندی ڕێگای ئاوریشم کە چین دەیکاتە ناوەندی گرێدانی ئەورووپا بە ئاسیاوە. لەم بارەدا جێبەجێکردنی ڕێگای ئاوریشم لە عێراقدا دەبێتە هۆی دابینکردنی هەزاران هەلی کار و گەڕانەوەی ئابووریی گەورە بۆ وڵات، هاوتای داهاتی نەوت و گاز. ڕاپۆرتەکە ڕوونی کردووەتەوە دوای تەواوبوونی پڕۆژەکە، کەناڵی وشکانی و تەواوکاریی ڕێگەی ئاوی دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە بۆ بەستنەوەی بەندەری فاو ڕاستەوخۆ بە قووڵایی خاکی عێراق بە وڵاتی تورکیاوە، بەمەش هێڵێکی فراوان لە سەر ئاستی ئاسۆیی لە چینەوە بۆ پاکستان و لەوێوە بۆ بەندەری فاو لە ڕێگەی دەریاوە تەواو دەبێت، ڕێگەی وشکانییش دەبێتە تەواوکاری قۆناغی هێڵە ئاوریشمییەکە بۆ گەیشتن بە ڕێڕەوەکانی گەیشتن بە ئەورووپا لە ڕێگەی دەریایی و پاشان هێڵی ئاسنییەوە.

**چین، مەزنەوەبەرهێنەرێکی نوێ**

وەبەرهێنانەکانی پەکین لە عێراق لە ڕووی بەهای بازاڕەوە وەک گەورەترین وەبەرهێنانی نوێی جیهانی پۆلێن دەکرێت. لە مانگی تەمموزی ٢٠١٩دا «ژانگ تاو» باڵیۆزی چین، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە سەرمایەگوزاریی وڵاتەکەی لە عێراق؛ (٢٠) ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی پاشماوەی ئەو وەبەرهێنانانەی چین بکات کە وەبەرهێنانی نانەوتین لە عێراقدا. هەمان کات ڕوونی کردەوە کە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەردوو وڵات لە ساڵی ٢٠١٨دا گەیشتە (٣٠) ملیار دۆلار. هاوکات هاوسەنگیی بازرگانیی نێوان هەردوو وڵات لە هەناردەکردنی جۆرە جیاوازەکانی کەلوپەل و ئۆتۆمبێل پتر لە (٦٠) ملیار دۆلارە بە بەراورد بە هەناردەکردنی نەوتی عێراق، لە کاتێکدا چین ڕۆژانە بە نزیکەیی (٨٠٠) هەزار بەرمیل لەو نەوتەی عێراق بە ڕێگەی جیاواز کەڵک وەردەگرێت، بەڵام لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣دا قەبارەی وەبەرهێنانی چین لە عێراقدا پتر لە (٧٥) ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە.

سەرەتای پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوو لایەن لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق دەستی پێکرد، دوای ماوەیەکی کەم لە زیادبوونی هاوردەکردنی چەکی چینی و چەکی بەرگریی ئاسمانی و تەقەمەنیی سەربازی لە لایەن عێراقەوە، بەڵام ئەو بازدانە ڕاستەقینەیەی کە پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان عێراق و چینی

فراوانتر کرد، دوای لەشکرکێشیی ئەمەریکا بوو لە ساڵی ٢٠٠٣، بە جۆرێک هەموو ساڵێک بازدانێکی خێرا لە قەبارەی وەبەرهێنانی چینی لەو وڵاتەدا بەدی دەکرێت، لە کاتێکدا تاکوو ساڵی ٢٠٠٢ کۆی وەبەرهێنانی چینی لە ٧٪ی تێنەپڕاند، بەڵام ژمارەکە لە ساڵانی ڕابردوودا بەرز بووەتەوە بۆ نزیکەی (٣٠) ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠١٨ و (٧٥) ملیار لە ساڵی ٢٠٢٣دا.

## عێراق پەیوەندی بە ڕێگای ئاوریشمەوە دەکات

لە مانگی ئەیلوولی ٢٠١٩، شاندێکی باڵای حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتیی «عادل عەبدولمەهدی» سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق گەیشتە چین و لەوێ ڕایانگەیاند بەغدا پەیوەندیی بە دەستپێشخەریی پشتێنەی چینی و ڕێگای ئاورشیمی چینییەوە کردووە، کە هەوڵ دەدات ئەو ڕێگای مێژووییە زیندوو بکاتەوە و گرنگی بە پڕۆژە ستراتیژییەکان بدات بۆ بەستنەوەی ڕێگاکانی بازرگانیی دەریایی و وشکانی لە یەک کاتدا پێکەوە. ئەم ڕاگەیاندنە لە میانەی دیداری عەبدولمەهدی لەگەڵ «شی جینپینگ» سەرۆککۆماری چین هات، کە دووپاتیان کردبووەوە لە ماوەی ٢٠٢٠ تا ٢٠٢٤، پەکین دەیەوێت خاڵی دەستپێکی نوێ بۆ پاڵپشتیکردنی هاوبەشیی ستراتیژی نێوان چین و عێراق دابمەزرێنێت و هەردوو وڵات هاوکار دەبن لە پڕۆژەکانی پەیوەست بە نەوت و سەرمایەگوزاری و ژێرخانی چین. هەر بەم هۆیەوە هەردوو وڵات (٨) ڕێککەوتن و یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنیان لە بوارەکانی دارایی، بازرگانی، ئاسایش، ئاوەدانکردنەوە، پەیوەندییەکان، ڕۆشنبیری، پەروەردە، هاوکاریی نێوان وەزارەتەکانی دەرەوە واژوو کرد، دواتر دوو ڕێککەوتنی نوێی بەدوادا هات، ئەویش لە نێوان وەزارەتی داراییی عێراق و وەزارەتی بازرگانیی چین و دەزگای گەرەنتیی قەرزی چینی لەخۆ گرتبوو سەبارەت بە هاوکاری لە ئاوەدانکردنەوەی عێراق دوای دەیان ساڵ لە شەڕ و ململانێکان، لە بەرانبەردا وەزارەتی پەیوەندییەکانی عێراق یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ دیوانی کەشتیوانیی مانگی دەستکردی چین واژوو کرد، هاوکات ژمارەیەک ڕێککەوتنی لە بوارەکانی ئەمنی و دیپلۆماسی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی واژوو کرد.

عادل عەبدولمەهدی لەو سەردانەدا ئاماژەی بەوە دا: «پەیوەندییەکانی عێراق و چین لە باشترین ئاستیدایە و چاوەڕوانی پێشکەوتنەکان بن لە داهاتوودا. هەروەها بەغدا پێشوازی لە وەبەرهێنانە دەرەکییەکان دەکات دوای گەیشتن بە سەقامگیریی ئەمنی.

هەروەهـا دووپاتـی کـردەوە کـە عێـراق دوای دەیـان سـاڵ لـە شـەڕ و ململانێـکان، پێـی ناوەتـە قۆناغێکـی نـوێ لـە دابینکردنـی خزمەتگـوزاری و ئاوەدانکردنـەوە و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵـی و بیرۆکراتـی، بـەڵام شرۆڤـەکاران وایـان زانـی کـە ڕێککەوتنـەکان گشـتی بـوون و پـڕۆژە و وەبەرهێنانـی تایبەتیـان تێـدا نەبـووە، سـەرەڕای ئـەوەی چ دەیتایـەک لـە سـاڵانی ڕابـردوودا ئـەوە پشتڕاسـت دەکاتـەوە کـە لـەوێ گەشەسـەندنی خێـرای پەیوەندییەکانـی نێـوان هـەردوو وڵات بـووە. لەگـەڵ هاتنـی وەبەرهێنانـی چینـی، عێـراق نزیکـەی (٢٠) مليـار دۆلاری هەیـە، لـە کاتێـکدا کۆمپانیاکانـی زۆربـەی گرێبەسـتە نوێیەکانـی نەوتیـان پێـک هێنـاوە، ئەمـە جگـە لـە زیادبوونـی پشـکی عێـراق لـە نەوتـی چیـن هاوردەکـردن و ئەنجامدانـی ڕێککەوتنـی هـەردوو لا بـۆ هەڵگرتنـی نەوتـی عێـراق لـە چیـن.

## گەنگەشە و ئاڵۆزییەکان

چەنـد کێشـەیەک لـە پرسـەکانی وەبەرهێنانـی چینـی لـە عێراقدایـە، لـە هـەردوو ئاسـتی سیاسـی و ئابووریـدا، لـە ژێـر ڕۆشـنایی ڕەتکردنـەوەی ناڕاسـتەوخۆی ئەمەریـکا بـۆ دەرکەوتنـی کاریگەرییەکانـی چیـن لـە عێـراق. هەندێـک لـە پسـپۆڕان دەبینـن کـە وەبەرهێنانەکانـی پەکیـن لـە عێـراق زیانێکـی پێشـهاتووی بـۆ بەغـداد تێدایـە. ئەحمـەد ئەلعوبەیـدی؛ ڕۆژنامەنووسـی ئابـووری، لـە چاوپێکەوتنێکـدا لەگـەڵ «نـون پۆسـت»، پێـی وا بـوو کـە کۆمپانیـا چینییـەکان کـە لـە عێـراق کار دەکـەن، کارەکانیـان لە سـەر بنەمـای هێزی کاری چینـی دامەزرانـدووە، کـە زۆر جـار بـە دەسـتی سـادە و هـەزران پێناسـە دەکرێـت، بـە شـێوەیەک کـە پێچەوانـەی بەرژەوەندیـی گشـتییە لـە وڵاتێکـی وەک عێراقـدا، کـە ڕێـژەی بێـکاری بـە ڕێژەیەکـی بـەرز تۆمـار کـراوە و گەیشـتووەتە ٢٢,٦٪ لـە مـاوەی سـاڵێکدا.

سـەبارەت بـەو ٨ ڕێککەوتنـەی کـە بەغـدا لەگـەڵ چیـن واژووی کـرد، ئەلعوبەیـدی دووپاتـی کـردەوە کـە وڵاتەکـەی زیاتـر لـە ٧ ڕێککەوتنـی پێشـووی واژوو کـردووە، بـەڵام ئاکامێکـی ئەوتـۆی نەبـووە، لـە نموونـەی سـەردانەکانی جـەلال تاڵەبانیـی سـەرۆکی کۆچکـردوو لـە سـاڵانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٧ و سـەرۆکوەزیرانی پێشـووی عێـراق نـووری مالیکـی و حەیـدەر عەبـادی، کـە لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ٢٠٠٨ بـۆ ٢٠١٥ سـەردانی وڵاتـی چینیـان کـردووە. هەروەهـا ئامـاژەی بـەوە کـردووە ڕێککەوتنەکانـی ئـەم دواییـە بـە مانـای هاتنەنـاوەوەی کۆمپانیـا چینییـەکان بـۆ وەبەرهێنـان نییـە لـە عێراقـدا، بـەو پێیـەی ڕێککەوتنـەکان مەرجدار نیـن، بەو مانایـەی وەبەرهێنان بە ئەندازەی ڕێکخسـتنی

ئابووری بێت کە ڕەنگە دواتر ببێتە هۆی وەبەرهێنان ئەگەر مەرجی گونجاو لە بەر دەستدا بێت. ئەمانە لە کاتێکدا کە عێراق بەردەوام بەدەست لاوازیی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکییەوە دەناڵێنێت، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی بیرۆکراتیی کارگێڕی لە وەزارەتە جیاجیاکاندا، بە شێوەیەک کە وا دەکات وەبەرهێنەرەکە لە نێو ڕێکارە ڕۆتینییەکاندا دەخولێتەوە کە ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت، ئەمەش ئەو مەترسییەیە کە وەبەرهێنەران بە زۆری لێی دوور دەکەونەوە.

لەگەڵ ئەوانەشدا، بەشێک لە ئەندامانی لیژنەی وەبەرهێنان و ئابووری لە پەرلەمانی عێراق، پشتگیرییان لەو بۆچوونانە کرد کە ترسیان لە هاتنەناوەوەی چین هەیە، هۆشدارییان دەدا و ناویان لێ نا «تەڵەی هاوبەش لەگەڵ چین بە پێی ئەو ڕێبازانەی پێشنیار کراون».

لیژنەکە ئاماژەی بە شێوازی کارکردنی کۆمپانیا چینییەکان کردووە کە بە پاڵپشتی لە حکومەتەکەیانەوە دێن، بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارەی چینی لە دەرەوەی وڵات دابمەزرێنن. کۆمپانیا چینییەکان قازانجەکانیان لەگەڵ کەسدا دابەش ناکەن، زۆرێک لەو کۆمپانیایانە پشت بە دامەزراندنی کۆتوبەندکراو و خۆڕایی دەبەستن لە بەرامبەر کەمکردنەوەی سزاکانیان. ئاماژە بەوە دەکەن کە عێراق پێویستی بە هێزی کار نییە، بەو پێیەی عێراقییە بێکارەکان چاوەڕێی ئەوەن هەلی کار بەردەست بێت.

### وزە، گۆڕەپانی سەرەکیی وەبەرهێنان

کۆمپانیا چینییەکان بە گەورەترین وەبەرهێنەران دادەنرێن لە بواری وزە لە عێراقدا و ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو یەدەگە زۆرەی کە لە عێراقدا هەیە، ئەمە جگە لە ئاسانکاریی دەرهێنانی نەوت بۆ ئەو کۆمپانیایانە. بە وتەی د. ئەحمەد سەددام عەبدولساحیب (توێژەر لە بواری بازرگانی و گواستنەوەدا) بۆ کەناڵی «جەزیرە نێت» ڕوونی کردەوە ئەو دەرفەتە وەبەرهێنانانەی کە لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠١١دا کەوتە بەردەست، ئەم هەنگاوە کارئاسانیکرد بۆ مامەڵەی هێزو لایەنە سیاسیی و حکومەییەکانی عێراق، تاکو زیاتر لە کۆمپانیا چینییەکان نزیکببنەوە و لە بەرانبەردا ڕۆڵی کۆمپانیا ئەمریکی و بەریتانییەکان پەراوێز بخەن، بەو هیوایەی کۆمپانیا چینییەکان قورسایی وەبەرهێنانیان بێنە ناوچەکە و عێراق بکەنە مەکۆی وەبەرهێنانی وزە، بەتایبەت کە

پەکین ساڵانێکە هەوڵی فراوانکردنی وەبەرهێنانەکانی لە بوارەکانی وزە لە عێراق دەدات. بە پێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی «بێرت بارت»ی بەریتانی، چین کار دەکات بۆ وەبەرهێنانی ملیارەها دۆلار لە ژێرخانی وزە لە عێراق، بە تایبەتی لە بواری کێڵگە نەوتییەکانی عێراق لە ناوەڕاست و باشووری ئەو وڵاتە. هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کە بەغدا نوێنەرایەتیی گرنگی ستراتیژی و سەربازی دەکات بۆ حکومەتی چین، بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ستراتیژیە گەورەکەی بە ناوی «یەک پشتێن - یەک ڕێگا»، کە بڕیارە تا ساڵی ٢٠٥٠ هەردوو ئەورووپا و ئاسیا بە چینەوە ببەستێتەوە. بەم پێیە هەر پەیوەندییەک لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ چین گرنگییەکی ئەوتۆی هەیە، بە هۆی پێویستیی گەورەی هاوردەکردنی نەوت و گاز کە مەزنترین هاوردەکاری جیهانییە بۆ نەوت و سەرچاوەکانی وزە لە جیهاندا و هەر کەموکورتییەک لە دابینکردنیدا ڕەنگە ببێتە هۆی پاشەکشەیەکی گەورەی ئابووری و دابەزینی ڕێژەی گەشەسەندن، لە کاتێکدا دەرفەتێکی گەورەیە بۆ چین تاکوو لە ڕێگەی عێراقەوە بۆ هاوردەکردنی نەوت بچێتە دەرەوە.

لە کاتێکدا چین بە گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی عێراق دادەنرێت، لە ماوەی (٢٠٢٠-٢٠٢٣) وەبەرهێنانەکانی چین لە بواری وزەدا لە پرۆژەکانی پەرەپێدانی پیشەسازیی نەوت و ژێرخانەکەیدا دوو هێندە زیادی کردووە، بە تایبەتی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور؛ وڵاتی چین دەستی کردووە بە وەبەرهێنان لە کێڵگەی نەوتی گەورەی «ئەلئەحداب» لە پارێزگای واست، کە بەرهەمەکەی لە لایەن کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی چینییەوە بەڕێوە دەبرێت. دووەم و گەورەترین کێڵگە؛ کێڵگەی حەلفایە لە شارەکەدا، کە کۆمپانیای «ئامارا» پێشتر یەدەگی گەورەی ئەم نەوتە خاوەی خەملاندووە.کۆمپانیای چینیی «CNPC»، کە ٥٠٪ی کۆی وەبەرهێنانەکانی لەوێ پێک دەهێنێت، جگە لە پەرەپێدانی کێڵگەکانی دیکەی لە نموونەی (ئەلبازارکان، ئەلفەکا و حەفەیا) لە پارێزگای میسان، بەبێ ئەوەی پڕۆژەی پاڵاوگەی نەوت لە بەندەری فاو لە بەسرە لەبیر بکەین، کە -ساڵێک لەمەوبەر- دوو کۆمپانیای چینی بە ناوەکانی «China Power» و «Nerco» دانوستانیان کرد بۆ جێبەجێکردنی، ئەمەش بەو مانایەیە کە کۆمپانیا چینییەکان هێشتا گەورەترین وەبەرهێنەرن لە عێراقدا لەم بوارەدا.

### تایبەتمەندییەکانی عێراق لە نێو «ڕێگای ئاوریشم»دا

گەلێـك هـۆکاری تایبـەت و جۆراوجـۆر هـەن دەبـارەی گرنگیدانـی پەکیـن بـە عێـراق، لـەم بـارەدا «ڕێـگای ئاوریشـم» مەزنتریـن پـڕۆژەی سـتراتیژیی ئابووریـی چینـە، بـە جۆرێـک ڕاپۆرتێکـی «ناوەنـدی پەیوەندییـەکان» دەستنیشـانی چەنـد هۆکارێکـی کاریگـەر بـۆ بایەخـی عێـراق لـە نێـو پـڕۆژەی «ڕێـگای ئاوریشـم» دیـاری کـردووە، چونکـە عێـراق وڵاتێکـی دەوڵەمەنـدە و خاوەنـی سـەرچاوەی گـەورەی نـەوت، ئـاو، کانـزا، کشـتوکاڵ و سـامانی جۆراوجـۆرە، ئەمـەش وای لـە چینیـەکان کـرد بیـر لـە کارکـردن و وەبەرهێنانـی نـوێ لـە عێـراق بکەنـەوە، چونکـە چیـن پێویسـتییەکی زۆری بـە وزە هەیـە، بۆیـە چاوەڕێـی ئـەوە دەکـەن لـە دەسـتەبەرکردنیدا ڕووبـەڕووی کێشـە ببنـەوە. ئـەم دەستپێشـخەرییە لـە پاڵپشـتیکردنی عێـراق بایەخـی خـۆی هەیـە، ئەویـش بـۆ بـرەودان بـە ژێرخـان و گەشـەپێدانی لایەنـی ئابـووری و گەشـەپێدان.

بـە گوتـەی شـارەزایان، چیـن یەکـەم وڵاتـی بەکارهێنـەری وزەیـە لـە سـاڵی ٢٠٢٠دا، پێشبینییش دەکرێـت تـا سـاڵی ٢٠٢٥ بەکارهێنانـی نەوتیـان نزیکـەی (١٥) ملیـۆن بەرمیل بێـت لـە ڕۆژێکـدا، لـە کاتێکـدا ئەمـڕۆ ٦,٥ ملیـۆن بەرمیـل لـە ڕۆژێکـدا بـەکار دەهێنـن، لـە نێویانـدا (٤) ملیـۆن بەرمیـل نەوتـی خۆیـان دەربهێنـن. بـەم شـێوەیە بـڕی ئـەو نەوتـەی لـە دەرەوە هـاوردە دەکـەن، دەبێتـە ٢.٥ ملیـۆن بەرمیـل لـە ڕۆژێکـدا. ئەگـەر چیـن بـەم شـێوەیە لـە گەشـەکردن بـەردەوام بێـت بـەراورد بـەو ڕێژەیـەی لـە ٢٠ سـاڵی ڕابـردوودا بەدەسـتی هێنـاوە، بـەم پێیـە پێویسـتی بـە بڕێکـی زۆر لـە بەرهەمهێنانـی وزە هەیـە، بـە تایبـەت کـە تـا ئێسـتا ٦٥٪ی وزەی چیـن ڕەژووە، تەنهـا ٣٠٪ی نـەوت و گاز و ٥٪ی بەرهەمهێنانـی وزەی ئەتۆمـی و ڕیاکتـۆر (Reactor) و سـەرچاوەکانی تـری وزەیـە.

بـە گوێـرەی هەمـان ڕاپـۆرت، چینییـەکان لـە ڕوانگـەی جوگرافـی، شارسـتانی، میـرات و کولتـوورەوە کاریگەرییـان دەنوێنـن بـە لەبەرچاوگرتنـی عێـراق وەک یەکێـک لـە چـوار وڵاتـی شارسـتانیی جیهـان: (چیـن، میسـڕ، هیندسـتان، عێـراق)، ئـەوان دەیانەوێـت بـە شـێوەیەکی کاریگـەر بەشـداری بکـەن لـە ئاوەدانکردنەوەی عێـراق و وەبەرهێنانی سـەرمایە تێیـدا، بـەو پێیـەی پارەیەکـی زەبەلاحیـان هەیـە و چیـن یەکـەم وڵاتـی پیشەسـازییە لـە ڕووی یەدەگـی داراییـەوە.

«ئەحمـەد بـەرواری» باڵوێـزی عێـراق لـە چیـن، ماوەیـەک لەمەوبـەر ڕایگەیانـد

پەیوەندییەکانی چین و عێراق لە پاشخانی دەستپێشخەریی پشتێن و ڕێگاوبان؛ ستراتیژێکی گرنگی ئابووریی هەیە، جەختی لەوە کردەوە کە دەستپێشخەریی «پشتێنە و ڕێگا» بۆ عێراق گرنگە بەو پێیەی لە ڕووی مێژووییەوە دەکەوێتە سەر ڕێگای ئاوریشم، هەر بۆیە ئێمە خۆمان بە بەشێک لەو دەستپێشخەرییە دەزانین لەو کاتەوەی کە لە لایەن «شی جینپینگ»ی سەرۆکی چینەوە پێشنیار کراوە.

گۆڕانی عێراق بەرەو پەکین لە کاتێکدا بوو کە زۆرێک لە وڵاتان پێشبڕکێیان دەکرد بەرەو مۆدێلی چینی، کە بەڵێنی پڕۆژەی ژێرخانی زەبەلاح پێشکەش دەکات بەبێ مەبەست و ڕێبازێکی سیاسی لە پشتیەوە، هەروەک چۆن ئەزموونەکانی پێشووی لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپیدا هەیە. بەڵام کردنەوەی دەرگاکانی عێراق بە ڕووی کاریگەریی ئابووریی چیندا دەبێتە هۆی درووژاندنی تووڕەیی واشنتن، کە شەڕێکی بازرگانی بۆ بەرپەرچدانەوەی خێرای سەرهەڵدانی نفووزی ئابووریی چین بەڕێوە دەبات. هەر بۆیە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەمەریکا فشاری خستە سەر بەغدا بۆ ئەوەی گرێبەستی گەورە لە پڕۆژەکانی کارەبای عێراق بدات بە کۆمپانیا ئەمەریکییەکانی وەک «جەنەراڵ ئێلیکتریک»، بەڵام ڕووبەڕووی لایەنگریی عێراق دەبێتەوە بەرامبەر بە کۆمپانیاکانی وەک «سیمێنس»ی ئەڵمانی و کۆمپانیا چینییەکان. ئەمانەش لە کاتێکدا کە کۆمپانیای «ئینێرجی ئینتلێجنس» بە پشتبەستن بە سەرچاوە ئاگادارەکان ئاشکرای کرد کە بەغدا هەنگاو دەنێت بۆ هەڵبژاردنی کۆمپانیا چینییەکان بۆ جێگرتنەوەی «ئێکسۆن مۆبیل» لە پڕۆژەیەکی زەبەلاحی ژێرخانی نەوتدا.

### ئەلتەرناتیڤی نەوت لە نێو پڕۆژە ستراتیژییەکەی مۆدێلی چینیدا

لایەنگرانی ڕێگای ئاوریشم لە عێراقدا وەک ئەلتەرناتیڤی پشتبەستن بە داهاتی نەوت تەماشای دەکەن، ئەویش وەک هەنگاوێک کە ڕەنگە سەرکەوتوو بێت لە ڕزگارکردنی ئەو دۆخە مەترسیدارەی عێراقی تێ کەوتووە، بە تایبەت پاش ئەو دۆخە سەختەی لە ساڵی ٢٠٢١دا تێی کەوت، کە دەکرێت بەکارهێنانی فاکتی چینی ئەزموونێک بێت بۆ ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی، بە تایبەت قەرزکردن بەبێ هیچ کارێکی ئەوتۆ لە سەر داهاتی نانەوتی، ئەمەش وڵات دەخاتە دۆخێکی زۆر سەختەوە. بەم پێیە بەشێک لە شەقام و سیاسەتمەدارانی عێراقی لەو باوەڕەدان ڕێککەوتنی چینی و پڕۆژەی گەورەی بەندەری فاو، تاکە سەرچاوەی هیوایە لە سەر گۆڕەپانەکە لە بەر ڕۆشنایی قەیرانی ئابووریی ئێستا.

شـارەزای ئابـووری «عەبدولحەسـەن ئەلشـەمەری» لـە چاوپێکەوتنێکـدا لەگـەڵ بەرنامـەی «ڕاسـتی لـە کوێیـە» لـە ڕادیـۆی «سـپۆتنیک»ی ڕووسـی، وتـی: «ئـەم دوو چارەسـەرە درێژخایەنـن، لـە کاتێکـدا عێـراق پێویسـتی بـە چارەسـەری زۆر نزیکـە، بەنـدەری فـاو پێویسـتی بـە مـاوەی سێ بۆ چوار ساڵ هەیـە بۆ تەواوکردنی. سـەبارەت بـە ڕێککەوتنـی عێـراق و چینیـش، تاکـە پەیوەندییـەک ئەوەیـە کە عێـراق نـەوت دەخاتە بەرامبـەر ئـەو پڕۆژانـەی کـە لـە لایـەن کۆمپانیاکانـەوە ئەنجـام دەدرێـن. ڕوونیشـی کـردەوە تاکـوو کۆتایـی سـاڵی ٢٠٢٠ ڕێـژەی قەرزەکانـی سەرشـانی عێـراق گەیشـتبووە (٢٤) مليـار دۆلار، بۆيـە پێویسـت بـوو بـۆ چەنـد سـاڵی دواتـر بـەدوای چارەسـەری تـردا بگەڕێیـن کـە سـەرچاوەیەکی کاریگـەر بـۆ بودجـە دابیـن بکـەن، ئەویـش پاڵپشـتیکردنی کەرتـی تایبـەت بـوو. بـەم پێیـە بەنـدەری گـەورەی فـاو و ڕێـگای ئاوریشـم لـە سـاڵی یەکەمـدا (٥٠) مليـار دۆلاری تـێ چـووە، واتـە بـە ڕێـژەی ٢٠٪ لـە داهاتـی نـەوت، بـەڵام تاکـوو قۆناغـی کۆتایـی ئـەم ڕێژەیـە نزیـك دەبێتـەوە لـە (٥٠٠) مليـار دۆلار. هـە ر بـە پێـی دەیتاکانـی ماڵپـەڕی «بەدواداچوونـی کەشـتییە نەوتهەڵگـرەکان»، هەنـاردەی نەوتـی خـاوی عێـراق بـۆ چیـن بـە ٤٤٪ی کـۆی هەناردەکردنـی نـەوت مەزەنـدە دەکرێـت، ئەمـەش گوزارشـتە لـە بەهێزیـی پەیوەندییـە ئابوورییەکانـی چیـن و زیادبوونـی پێویسـتیی چیـن بـۆ نـەوت، بـە تایبەتـی نەوتـی خـاوی عێـراق.

**بەندەری (مینا) شاڕێی گرێدانی ڕۆژهەڵات بە ڕۆژئاواوە**

لـە چوارسـاڵی رابـردوودا، حکومەتـی عێـراق مەزنتریـن پـڕۆژەی جیۆئیکۆنۆمیـی و بازرگانـی لە ئاورێژگـەی عـەرەب و کەنـداو بۆ بەستنەوەی جموجوڵـی ئابووریـی ڕۆژهەڵات بـە قووڵایـی ئەوروپـاوە ڕاگەیانـدووە، پڕۆژەکـە بونیادنانـی گەورەتریـن بەنـدەرە لـە کەناراوەکانـی شـاری بـەسرە، کـە بەنـدەری (مینـا) بـە (فـاو)ەوە دەبەسـتێتەوەو لـە ڕێگـەی مەزنـە کۆمپانیاکانـی چیـن بـە سـەرۆکایەتی گروپەکانـی کۆمپانیـای (Daewoo)ی چینـی نەخشـەی ئەندازیاریـی و هێڵکاریـی سـتراتیجی بـۆ کـراوەوە و خاوەنداریێتی و بەرپرسـیاریێتی جێبەجێکردنـی لـە ئەسـتۆ گرتـووە، لـەم ڕێگەیـەوە شـاری بـەسرە دەبێتـە مەکۆیـی دەسـت بەسـەرداگرتنی ڕێگـەی دەریایـی کەنـداو، ئاسـیا و ئەوروپا و باشـووری شـاری بـەسرە بکرێتە گەورەتریـن ناوەنـدی ترانزێـت و ئاڵۆگـۆڕو گواسـتنەوەو بارکـردن کۆنتێنـەرە بازرگانییـەکان،

وەك بەشێك پـڕۆژەی ڕێگـەی ئاوریشـمی نـوێ، کـە پلانـی (٣٠) سـاڵەی چینییەکانـە بـۆ پەکخسـتن و قوتدانـی ئابـووری ئەمریـکا و کۆتوبەنـد کردنـی ئەورووپییـەکان و لـە قاڵبـدان و کۆکردنەوەیـان لەژێـر بەیداغـی هەنـگاوە جیۆئیکۆمۆنییەکانـی داهاتـووی چیـن.

پڕۆژەکـە بەشـێکە لـە ئەڵقـە بنچینەییەکانـی بازرگانـی و رایەڵەی سـتراتیجی چینییەکان کـە بـە کەناڵـی دووی ڕێگـەی ئاوریشـمی نـوێ نـاوی دەبـەن، بـەو پێیـە لـە ڕێگـەی هێڵێکـی شـمەندەفەرەوە، جوڵـەی بازرگانـی (١٨) وڵاتـی جیـا بـە ناوەنـدی وزە و هێـزی ئابووریـی ئەوروپـا بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ دەبەسـتێتەوە، تێیـدا (١٨٦) ملیـۆن دۆلاری بـۆ تەرخانکـراوە، بڕیـارە تاکـو کۆتایـی سـاڵی ٢٠٢٤ گوژمـەی (٢٠) میلـۆن دۆلاری تـری بـۆ دابیـن بکرێـت، بـەو پێیـەی پڕۆژەکـە لـە نێـو ئاورێژگـەی کەنـداودا، لـە بەشـی یەکەمیـدا تونێلێکـی مـەزن بـە درێژایـی (٢٤٤٤) مەتـر درێژیـی و (١٨) مەتـر بـەرزی لـە خـۆ گرتـووە و ڕێگـەی ئاویـی بـەسرە و کەنـداو دەکاتـە وشـکانی و تێچـووی بارکـردن و گواسـتنەوە بـە ڕێـژەی (٣١٪) هەرزانـتر دەکات، بەشـی دووەمـی پڕۆژەکـە بیتییـە لـە بەیـەك گەیاندنـی ڕێگـەی (فـاو و ئـوم قـەسر) لەگـەڵ هێڵەکانـی ئاسـنی (عێـراق - تورکیـا).

پڕۆژەکـە (٩) هـەزار کرێـکار و (٥٠٠) ئەندازیـار و سەرپەرشـتیار و زیاتـر لـە (٢) هـەزار ئامێـر و کەرەسـەتەی پێشـکەوتوو لـە ژێـر ئـاودا بـۆ مـاوەی (٤) سـاڵ بەشـێوەی (٢٤) کاتژمێـر کاری تێـدا دەکـەن، (ژیـن ۆن کیـن) بەڕێوەبـەری جێبەجێکـراری کۆمپانیـای (Daewoo)ی چینـی کـە دروسـتکردنی تونێلەکـەی لەئەسـتۆدایە دەڵێـت: « عێراقـی دوای بەنـدەری مینـا و تونێلـی مەزنـی بـەسرە جیـاوازەو عێراقـی ئێسـتا لەبیـر دەکرێـت»، بـەم پێیـە دەروازەکانـی تونێـل و بەنـدەری (مینـا) دەبنـە گەورەتریـن ناوەنـدی دەسـتپێك و کۆتایـی ئاڵوگـۆڕی کـەل و پـەل و کاڵاکانـی ئاسـیا بـۆ ئەوروپـا و بـە پێچەوانـەوە، بەجۆرێـك بایەخـی ڕێگـەی ئاسـمانی و ئاویـی دەپووکێنێتـەوەو قورسـترین و گەورەتریـن کاڵا هەمەچەشـنەکانی جیهانـی تێـدا ئاڵوگـۆڕ دەکرێـت و لـە کورتریـن مـاوەدا بـە بارکـردن و گواسـتنەوەدا دەگەنـە جـێ، لـە ئێستاشـدا چەندیـن کۆمپانیـان لـە بوارەکانـی (ئاسـن، کەرەسـتەی بیناسـازی، ئۆتۆمبێـل، خـواردن، مۆبایـل... هتـد) پشـکی کارگۆکانـی بارکـردن و گواسـتنەوەیان تۆمارکـردووە، بـەم پێیـە بـە تـەواوی بوونـی پڕۆژەکـە عێـراق و بـەسرە دەکەونـە سـەر هێڵـی (بازرگانـی خێـرای جیهـان) نـاسراو بـە (ڕێگـەی ئاوریشـمی نـوێ)، هـەر بۆیـە بـەر مەبنـای مەزنـی پـڕۆژەی بەنـدەری (مینـا)ی بـەسرە، ئەنجوومەنـی پارێـزگای بـەسرە لەمـاوەی سـاڵانی (٢٠١٤، ٢٠١٧، ٢٠٢٢) (١٢) پـڕۆژەی جۆراوجۆریـان

لەبارەی ناساندنی بەسرا وەك هەرێمێکی سەربەخۆو فیدراڵ داوەتە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، زیاتر لەوە ئەنجوومەنی پارێزگای بەسرە و دەورەبەری لە دوو یاداشتی جیاوازدا، بە پاڵپشتی بایەخ و هەڵسوڕانی ئابووریی چین و پشتیوانییەکانی لە سێکتەری ئابووریی شارەکە، پێداگربوون لە کشانەوەی پاشماوەی هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەمریکا لە عێراق بەگشتی و ناوچەکەیان بەتایبەتی.

## کێشە لەگەڵ واشنتن

لە ساڵی ٢٠٢٠دا، لە چاوپێکەوتنێکدا کە ڕۆژنامەی «واشنتن پۆست» بڵاوی کردەوە، «مستەفا کازمی»ی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق باسی لە ئایندەیەکی هاوشێوەی پێشکەوتنەکانی ئەورووپا کرد لە ناوچەکانی کەنداوی عەرەبی و عێراقدا، لەگەڵ ڕۆیشتنی ئازادتری سەرمایە و تەکنەلۆژیا. لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە دەربارەی لوتکەی سێ قۆڵییەکەی نێوان عێراق، ئوردن و میسڕ و کاریگەریی لە سەر لێکنزیکبوونەوەیان لەگەڵ چین لێ کرا، دانی بەو ڕاستییەدا نا کە کارگەریی ئایندەی ڕێگەی ئاوریشمی چین لە عێراقدا زیاتر دەبێت لە هەر ناوچەیەکی تر. دواتر لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەرنامەی «ڕاستی لە کوێیە» لە ڕادیۆی «سپۆتنیک»، شارەزای ئابووری «مازن ئەلئەشایکار» وتی: «لێدوانی هاوشێوەی سەرۆکوەزیرانی پێشوو هەبوو، بەڵام هیچمان لە سەر زەوی نەبینی، ناکرێت ئەو پرسە بە ڕێککەوتنی سەدەیەکەوە ببەسترێتەوە، بەو پێیەی عێراق بەشێک نییە لەم ڕێککەوتنە، بەڵکوو ئەو پرسە پەیوەندیی بە هاوبەشی ئابوورییەوە هەیە، هەمان کات بەشێکە لە ململانێیەکی ئەمەریکا و چین.»

زەمینە سازییەکانی چین بۆ جڵەوکردنی ئابووری عێراق، حکومەتی «محەمەد شیاع سودانی» خستووەتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی گەورە لەبەرانبەر ئەمریکادا، هەرچەندە سودانی لە مانگی شوباتی ٢٠٢٤ شاندێکی ناردە بۆ واشنتۆن، تاکو دڵنیایی لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بدات، لە پاش گەڕانەوەیان سودانی هەوڵی مامەڵەکردنی لە گەڵ ئەو کێشانەدا کە هەڕەشەن لەسەر سەقامگیریی ئابووری، ئاینی و گرفیتی گرووپە چەکدارەکان، بۆ ڕاستاندنی هەنگاوی کردەیی حکومەت، سودانی لە ١٥ی نیسانی ٢٠٢٢٤ لە سەردانێکیدا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەوڵیدا بەجۆرێك وێنای عێراق بکات کە جێگایەکی سەقامگیرو کراوەو

گوێڕایەڵـە بـۆ وەبەرهێنانـی ڕۆژئـاوا، جیـا لـە مانـۆڕی چینییـەکان، بۆیـە زیاتـر جەخـت لـە سـەر وەزارەتـە ئابوورییەکانـی وەک نـەوت، بازرگانـی و بانکـە وەبەرهێنـەرەکان لـە نموونـی (PR ) کـردەوە، ئەمـە لـە کاتێکـدا سـەرباری واژووکردنـی (١٨) ڕێککەوتنـی ئابـووری و بازرگانـی مـەزن لەگـەڵ ئەمریـکادا، کردنـەوەی نوێنەرایەتـی کونسـوڵی عێـراق لـە تەکسـاس پەیامێکـە بـۆ گرنگـی نـەوت لـە پەیوەندییەکـەدا، لەلایەکـی تـرەوە سـودانی و تیمەکـەی بـە نزیکبوونەوەیـان لـە ئەمریـکا هەوڵـدەدات لـە ئاینـدەدە دەرفەتێـك بداتـە خـۆی بـۆ بونیادنانـی وێنایـەك کـە وەک پیـاوی دەوڵەتمـەدارو نزیك لـە ئەمریکا نیشـانبدات و دووپاتـی بکاتـەوە کـە هەڵـەی حکومەتەکانـی پێشـوو لـە مامەڵەیـان لەگـەل دۆخـی ئابووریـی و بازرگانـی دووبـارە ناکەنـەوە، ئەمـە لـە کاتێکـدا دڵنیایـی زیاتـر بـۆ کارڕایـی چوارچێـوەی هەماهەنگـی شـیعەکان باڵاتـر دەکات.

## سەرچاوەکان


- الجزيـرة (٢٠٢١/٧/٧)، «اسـتثمارات ضخمـة ومشـاريع إسـتراتيجية.. لمـاذا تسـعى الصـين للتوسـع في العـراق؟»، https://shorturl.at/ijrGH.
- مركـز أبحـاث ودراسـات مينـا (٢٠٢٠/٢/٨)، «طريـق الحريـر بـين الصـين والعـراق.. جـدل الممكـن وآمـال بغـداد»، https://shorturl.at/kmOU9.
- فـراش محمـد صبـار و خطـاب سـعيد محبمبـد (٢٠٢٢)، «العلاقـات الاقتصاديـة العراقيـة الصينيـة للمـدة ٢٠٠٣-٢٠٢٠»، https://jaa.tu.edu.iq/index.php/jaa/article/view/٥٦١.
- خالـد الطائـی: (٢٠٢٣/٧/٢٧)، مسـتقبل واعـد لمينـاء الفـاو الكبـير بالعـراق رغـم التأخـيرات في إنجـازه، المشـارق، https://shorturl.at/cgntS
- سكای نيوز العربية (٢٠٢٢/١٢/٧)، العراق ينهي المرحلة الأولى من ميناء الفاو الكبير بالبصرة، https://shorturl.at/dguFI
- صافينـاز محمـد أحمـد، (٢٠٢٤/٤/١٥)، زيـاره السـودانی للولايـات المتحـدة، لالات التوقيـت و تحديـات الملفـات الصعبـة، المركـز الأهـرام للدراسـات السياسـية و الاسـتراتيجية، https://shorturl.at/nJV

ڕاپۆرتی ئایندەیی

ئایندەناسی

# ئەزموونی چین؛ هەستانەوە ڕیفۆرم و مۆدێرنیزەکردن

ئامادەکردن: فەرید دڵشاد محەمەد

ئـەم ڕاپۆرتـە پوختـەی گەشـتێکی فەڕمـی دوو ئەندامـی سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی چین لە زانکـۆی سـلێمانییە، پـاش ئـەوەی لـە لایـەن کونسـوڵگەریی چیـن لـە هەولێـر بـۆ کۆرسـێکی زانسـتی بانگهێشـت کـران و تیایـدا نوێنـەری ٢٨ وڵات لـە ئاسـیا، ئەفەریقـا و ئەمەریـکای لاتینـەوە بەشـدارییان کردبـوو. ئـەم کۆرسـە کـە بـۆ مـاوەی دوو هەفتـە بـەردەوام بـوو، چەندیـن سـیمیناری لـە بوارەکانـی: مێـژوو و گەشـەکردن و بەرەوپێشـچوونی چیـن، کولتـوور و پێکەوژیانـی ئاشـتییانەی پێکهاتـە جیـاوازەکان، ڕێگـەی ئاوریشـم و دەستپێشـخەریی پشـتێن و ڕێگـە و بەسـتنەوەی بـە جیهانـەوە، چاکسـازییە ئابـووری، بازرگانـی و یاسـاییەکان، کرانـەوە، مۆدێڕنکـردن و پێشـکەوتنی لـە خـۆ دەگـرت. سـەرجەم سـیمینارەکان لـە لایـەن کەسـانی پسـپۆڕی بوارەکـە وترانـەوە وەک مامۆسـتای زانکـۆ و کونسـوڵەکان و بەڕێوەبـەری بانـک و سـەنتەرە بازرگانییـەکان.

## دامەزراندنی کۆماری میللیی چین

لە ساڵی ١٩١١دا شۆڕشێک لە ناوخۆی چین سەری هەڵدا، تیایدا قۆناغی شانشینی لە چین کۆتایی پێ هات کە بۆ ماوەی ٢١٣٢ ساڵ بەردەوام بوو، هەروەها کۆتایی بە دەسەڵاتی شانشینی «تشینگ» هێنا کە بۆ ماوەی ٢٧٦ ساڵ فەرمانڕەوایی وڵاتەکەی کرد. لە ساڵی ١٩١٢دا کۆماری چین دامەزرا، هەر چەندە شانشینی «تشینگ» چەندین ساڵ خەباتی دژی دەستوەردانی دەرەکی و ساڵی ١٩٠٠ دەستی بە چاکسازی کردبوو، بەڵام ئەوانەی لەگەڵی بوون پێیان وا بوو بەرنامەی چاکسازییەکەی ڕادیکاڵانەیە، لایەنە دژبەرەکانیشی پێیان وا بوو چاکسازییەکەی زۆر خاوە، هەر بۆیە کۆمەڵەی نهێنی لە شانشینی «تشینگ» و شۆڕشگێڕانی دەرەوە و ئەوانەی دەیانویست لە دەستی سیستمی پاشایەتی ڕزگاریان بێت لەگەڵ چالاکوانەکان لە ساڵی ١٩١١دا چەخماخەی ڕاپەڕینیان لێدا و یاخیبوونێکی چەکداریی ناو ڕیزەکانی سوپا دروست بوو، پاشان لە کۆتاییدا خەڵکی دەستبەرداری شانشینی «تشینگ» بوون، بەڵام شانشینییەک هێشتا ژمارەیەک لە خەڵکیی لەگەڵ مابوو کە لە لایەن «یوان شیکای»ەوە سەرۆکایەتی دەکرا کە وەک سەرۆکوەزیران مابووەوە.

لە لایەکی ترەوە لە ناوچەی «نانجینگ» هێزە شۆڕشگێڕە ڕاپەڕیوەکان حکومەتێکی هاوپەیمانییان دامەزراند لە ساڵی ١٩١٢، لەو کاتەدا کۆماری میللیی چین دامەزرا بە سەرۆکایەتیی «سەن یاتسن»، کە بەنیاز بوو کۆمارێکی هاوشێوەی وڵاتانی خۆرئاوا دابمەزرێنێت. دواتر شەڕ لە نێوان شۆڕشگێڕەکان و پاشماوە چەکدارەکانی شانشینی «تشینگ» سەری هەڵدا، دواجار ئاشتبوونەوە ڕووی دا و «سەن یاتسن» دەستبەرداری دەسەڵات بوو بۆ «یوان شیکای»، بەو مەرجەی دەستبەرداری سیستمی شانشینی بێت و پەیڕەوی سیستمی کۆماری بکات. لە ساڵی ١٩١٢دا «یوان شیکای» وەک سەرۆکی کۆماری میللیی چین سوێندی یاسایی خوارد، بەڵام «یوان شیکای» پابەندی بەڵێنەکەی نەبوو، لە ساڵی ١٩١٥دا دەسەڵاتی شانشینی گەڕاندەوە، ئەو هەنگاوەش دژایەتیی سوپا و گەلی چینی لێ کەوتەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩١٦دا دەستبەرداری دەسەڵات بوو و گەڕانەوەی کۆماری میللیی چینی ڕاگەیاند. شکستی «یوان شیکای» لە چەسپاندنی دەسەڵاتێکی ناوەندیی، بووە هۆی دابەشبوونی سیاسی و ڕوودانی جەنگ لە چین، کە دەیان ساڵ بەردەوام بوو، کە هەوڵ بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی شانشینی «تشینگ» دەدرا. هەموو ئەو ڕووداوانە وای کرد دامەزراندنی کۆماری میللیی چین کە «سەن یاتسن» بە باوکی کۆمارەکە دادەنرێت، تەنها سەرەتایەک بوو نەتوانرا سەرکەوتنی تەواو بەدەست بهێنێت.

## چیرۆکی هەستانەوە و پێشکەوتن

لەو کاتەی کە حزبی شیوعیی چین دامەزرا؛ وڵاتەکە هەژار بوو، ئەوەش بە هۆی ئەو شەڕەی لە ماوەی ڕابردوودا بەرۆکی وڵاتەکەی گرتبوو. دواتر حزبی شیوعیی چین لەگەڵ حزبی «کۆمیتانگ» بە سەرۆکایەتیی ژەنەراڵ «چیانگ کای چیک» هاوپەیمانیی بەست، لەو کاتەدا ئەو حزبە سەرکردایەتیی حکومەتی دەکرد، بەڵام زۆری نەبرد لە ساڵی ١٩٢٧دا شەڕی ناوخۆ لە نێوان ئەو دوو حزبەدا سەری هەڵدا. لە کاتی شەڕەکەدا ژاپۆن لە ساڵی ١٩٣١دا هێرشی فراوانی کردە سەر چین بۆ ئەوەی زۆربەی ئەو ناوچانە داگیر بکەن کە بە ناوچەی دڵ بەناوبانگن، تاکوو ساڵی ١٩٣٦ بەشێکی زۆری چینی داگیر کرد.

هێرشی ژاپۆنییەکان وای کرد هەردوو حزبی شیوعیی چین و کۆمیتانگ یەک بگرن دژی ژاپۆنییەکان. لە ساڵی ١٩٣٧دا بە هاوکاریی ئەمەریکا لە چەک و تەقەمەنی؛ توانییان دژی ژاپۆنییەکان بجەنگن. دوای ئەوەی ژاپۆن پەلاماری دراوسێ ئاسیاییەکانی دا، بوو بە هاوپەیمانیی ئەڵمانیای نازی و فاشیی ئیتاڵیا چووە ناو جەنگی دووەمی جیهان. لە دوای کارەساتی «هێرۆشیما و ناکازاکی»، ژاپۆن لە جەنگدا دۆڕاندی. لە بەر ئەوەی حزبی شیوعیی چین بنکەیەکی جەماوەریی فراوانی هەبوو کە زۆرینەیان جووتیار بوون و ڕۆڵیان هەبوو لە یەکلاکردنەوەی جەنگی ژاپۆن و شکستپێهێنانیان لە ساڵی ١٩٤٥دا. لە دوای ئەو ساڵە، جارێکی تر شەڕی ناوخۆ لە نێوان حزبی شیوعیی چین و کۆمیتانگ سەری هەڵدایەوە. سەرەڕای نێوەندگیریی ئەمەریکا، نەتوانرا کۆتایی پێ بهێنرێت. ئەم شەڕە بۆ ماوەی دوو دەیە بەردەوام بوو و دەیان هەزار ئەندامی هەردوو لا کوژران. جەنگی ناوخۆی چین بە سەرۆکایەتیی «ماوتسی تۆنگ» کۆتایی هات و ژەنەراڵ «چیانگ کای چیک» لە ساڵی ١٩٤٩ بەرەو تایوان هەڵات.

لەگەڵ ئەوەی جەنگی ناوخۆی چین و هێرشەکانی ژاپۆن بۆ سەر چین هاوکات بوو لەگەڵ ساڵانێکی زۆر لە وشکەساڵی و برسێتی، بەڵام چین لە سەردەمی «ماوتسی تۆنگ»دا بە تەواوی یەکی گرتەوە. لە (١/١٠/١٩٨٤٩)دا جارێکی تر کۆماری میللیی چین دامەزرا، «ماوتسی تۆنگ» وەک یەکەم سەرۆککۆمار دەستبەکار بوو. لە دوای دامەزراندنی کۆمارەکە، کۆمەڵێک هەنگاوی گرنگ نران، بە تایبەت لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و نوێکردنەوەی سیستمی بەرگری بە هاوکاریی یەکێتیی سۆڤیەت، بە ئێستاشەوە کاریگەریی ئەو هەنگاوانە لە سەر بەرەوپێشووچوونی چین دیارە و بوون بە بناغەی هەستانەوەی چین.

سـەرەتا لـە سـاڵی ١٩٥٠دا یاسـای کشـتوکاڵیان دەرکـرد، بـە پێـی یاسـاکە سـەرلەنوێ زەوی بەسـەر جووتیارانـدا دابـەش کرایـەوە و مافـی خاوەندارێتییـان بـۆ مسـۆگەر کـرا، بـەڵام هێشـتا وڵات برسـی بـوو. لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٥٩ بـۆ ١٩٦١، ٤٠ ملیـۆن چینـی لـە برسـا مـردن. لـە ژێـر کاریگـەری ئـەو برسـێتییەدا، «ماوتسـی تۆنـگ» کۆمەڵێـک گۆڕانکاریـی کـرد کـە بـووە هـۆی بەرزبوونـەوەی بەرهەمـی کشـتوکاڵ، وای کـرد جووتیـاران لـە گونـدەکان بمێننـەوە و ڕوو نەکەنـە شـار. هـەر بۆیـە چیـن توانیـی ئاسایشـی خۆراکـی حـۆی دابیـن بـکات لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٤٩-١٩٧٨). لـەو کاتـەدا ژمـارەی دانیشـتووانی چیـن کـە ٤٥٠ ملیـۆن کـەس بـوو ، داهاتـی تـاک ٢٧ دۆلار بـوو، لـە کاتێکـدا لـە وڵاتانـی ئاسـیا ٤٤ و لـە هیندسـتان لـەو کاتـەدا ٥٧ دۆلار بـوو.

لـە لایەکـی دیکـەوە چیـن هەوڵـی دا گەمارۆکانـی ڕۆژئـاوا بشـکێنێت و وڵاتێکـی سۆسیالیسـتی بنیـات بنێـت. جگـە لـە کشـوکاڵ، بایەخـی بـە پیشەسـازی دا، دەسـتی بـە دروسـتکردنی کارگەیەکـی زۆر کـرد و بـووە خاوەنـی بەرهەمـی پیشەسـازیی خـۆی. لـە سـاڵی ١٩٥٣دا چیـن دەسـتی کـرد بـە دانانـی پلانـی پینـج سـاڵی بـۆ گەشـەی ئابووریـی نەتەوەیـی، بـە جۆرێـک تـا ئێسـتاش چیـن لـە سـەر پلانـی پێنـج سـاڵی دەڕوات. لـەو پلانـەدا بایەخـی گـەورە درا بـە سـێکتەری پیشەسـازیی قـورس وەک ئاسـن و پـۆڵا. لـە مـاوەی ئـەو پێنـج سـاڵەدا ١٠ هـەزار پـڕۆژەی پیشەسـازییان دروسـت کـرد، هەروەهـا ٩١٢ پڕۆژەی مامناوەنـد و گـەورە بـوون، بەمـەش بەرهەمی پیشەسـازیی خەڵـووز دوو هێنـدە، ئاسـن سێ هێنـدە و پـۆڵاش چـوار هێنـدە زیـادی کـرد.

چیـن لـە سـاڵی ١٩٦٤دا سـەرکەوتوو بـوو لـە دروسـتکردنی بۆمبـی هایدرۆجینـی، هەروەهـا لـە سـاڵی ١٩٧٠دا مانگـی دەسـتکردیان ڕەوانـەی بۆشـایی ئاسـمان کـرد. لەگـەڵ هەمـوو ئەوانـەدا، چیـن هێشـتا لەچـاو هەندێـك وڵات نەیتوانـی لـەو کاتـەدا گەشـەی ئەوتـۆ بـکات. بـۆ نموونە:لـە دەیـەی حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوودا ژاپـۆن لـە ڕووی پیشەسـازی و ئاسایشـەوە زۆر لەپێـش چینـەوە بـوو، هەروەهـا کەوتبـووە دوای کۆریـای باشـوور و تایـوان و سـەنگاپوورە، هەمـوو ئـەو جیاوازییانـە بـوو بـە هەوێنێـک بـۆ دانانـی سـتراتیژی ئابووریـی چیـن لـە دوای سـاڵی (١٩٧٨)ەوە و دووبـارە هەسـتانەوە و پێشـکەوتن.

## سیاسه‌تی ڕیفۆرم و کرانه‌وه

ئـه‌وه‌ی ئێسـتا چیـن جیهانـی سه‌رسـام کـردووه؛ بـه هـۆی دوو کۆڵه‌کـه‌ی سـه‌ره‌کییه‌وه‌یه، ئه‌ویـش ئه‌نجامدانـی «ڕیفـۆرم و کرانـه‌وه بـه ڕووی جیهانـی ده‌ره‌وه»دا، کـه لـه سـاڵی ١٩٧٨دا لـه سـه‌ر ده‌سـتی «دینـگ سـیاوپینگ» ده‌سـتی پـێ کـرد. لای چینییـه‌کان بـه ئه‌ندازیـاری چاکسـازی داده‌نرێـت. ئـه‌و بـڕوای وا بـوو ده‌بێـت چیـن ڕێـڕه‌وی ئابووریـی خـۆی بگۆڕێـت و سـه‌رنجی لـه سـه‌ر بونیادنانـی ئابووریـی خـۆی بێـت. ئـه‌و له‌گـه‌ڵ به‌شـێک لـه درووشـمه‌کانی سۆسـیالیزم ناکـۆک بـوو، بـه تایبـه‌ت له‌گـه‌ڵ ئـه‌و وته‌یـه‌ی ده‌ڵێـت «باشـتره چیـن لـه ژێـر سۆسـیالیزمدا بـه هـه‌ژاری بمێنێتـه‌وه، نـه‌ک لـه ژێـر سـه‌رمایه‌داریدا ده‌وڵه‌مه‌نـد بێـت». جه‌ختـی لـه‌وه ده‌کـرده‌وه کـه «هـه‌ژاری سۆسـیالیزم نییـه». خاوه‌نـی ئـه‌و وتـه به‌ناوبانگه‌یـه کـه ده‌ڵێـت: «ڕه‌نگـی پشـیله گرنـگ نییـه بـۆ ئـه‌وه‌ی مشـك بگرێـت». «دینـگ سیاوپینگ» ده‌یزانـی کـه کردنـه‌وه‌ی ده‌رگا و په‌نجـه‌ره‌کان بـه کراوه‌یـی ده‌بێتـه هـۆی هه‌ڵهاتنـی مێشـه‌کان، هـه‌ر بۆیـه ده‌سـتی کـرد بـه کردنـه‌وه‌ی کـه‌م و له‌سـه‌رخۆی ده‌رگا و په‌نجه‌ره‌کانـی ئابووریـی چیـن بـه ڕووی ده‌ره‌وه‌دا و لـه هه‌مـان کاتـدا سیاسـه‌تی بـه جۆرێـک لـه داخراوه‌یـی هێشـته‌وه.

گواسـتنه‌وه‌ی ئابووریـی ئاڕاسـته‌کراو بـۆ ئابووریـی بـازاڕ بـه یه‌کێـک لـه گرنگتریـن ده‌سـتکه‌وته‌کانی «دینـگ سـیاوپینگ» داده‌نرێـت، کـه به‌شـدار بـووه لـه‌و گـۆڕانـه گه‌وره‌یـه‌ی ئێسـتا لـه چیـن هه‌یـه. لـه سـاڵی ١٩٨٠دا بڕیـار درا چـوار شـاری ئابـووری لـه چیـن دروسـت بکرێـت، ئه‌وانیـش هه‌ریه‌کـه لـه (شـنجن، چۆهای، شـانتۆ و چیامیـن)، بۆ ئـه‌وه‌ی وه‌به‌رهێنه‌ری بیانـی ڕابکێشـن و له‌وێشـه‌وه گه‌شـه‌ی ئابـووری بـه‌ره‌و پایته‌خـت بـه‌رن. هه‌روه‌هـا لـه سـاڵی ١٩٨٨ که‌رتـی «هاینـا» دروسـت کـرا کـه بـووه گه‌وره‌تریـن ناوچـه‌ی ئابووریـی چیـن. خاڵێکـی تـر کـه گرنگیـی پـێ درا، خاڵێکـی تـر کـه گرنگیـی پـێ درا، گواسـتنه‌وه‌ی کاری حـزب و ده‌وڵـه‌ت بـوو بـۆ سـێکته‌ری ئابـووری، بـه‌وه‌ش گه‌شـه‌ی ئابـووری بـوو بـه سـه‌ره‌کیترین پێـوه‌ر بـۆ هه‌ڵسـه‌نگاندنی گه‌شـه‌ی هـه‌ر ناوچه‌یـه‌ک.

لـه لایه‌کـی تـره‌وه چینـی لـه گۆشـه‌گیریی نێوده‌وڵه‌تـی هێنایـه ده‌ره‌وه، ئـه‌وه‌ش بـه‌وه‌ی کـه په‌یماننامـه‌ی ئاشـتیی له‌گـه‌ڵ ژاپـۆن ئیمـزا کـرد لـه سـاڵی ١٩٧٨، هه‌روه‌هـا سـه‌ردانی واشـنتنی کـرد بـۆ ئاسـاییکردنه‌وه‌ی په‌یوه‌ندییه‌کانیـان و دانپێدانانـی وڵاته‌که‌یـان. جیـا لـه‌وه، لـه سـاڵی ١٩٩٧دا ئـه‌و خه‌ونـه گـه‌وره نیشـتمانییه له‌مێژینـه‌ی چینییه‌کانـی بـه‌دی هێنـا ئـه‌وه‌ش بـه دانوسـتان له‌گـه‌ڵ ئینگلیـزه‌کان بـۆ گه‌ڕانـه‌وه‌ی هۆنـگ کۆنـگ بـۆ باوه‌شـی وڵاته‌کـه‌ی. لـه لایه‌کـی تـره‌وه ناوچـه‌ی «مـاکاو» کـه پێشـتر لـه لایـه‌ن پرتوگالـه‌وه داگیـر

کرابوو، گەڕێنرایەوە ژێر سایەی چین. بە هۆی ئەو توانایەی کە هەیبووە، «ماوتسی تۆنگ» وەسفی کردووە بەوەی کە «دینگ سیاوپینگ» لە ڕووکەشدا نەرمونیانە، بەڵام لە جەوهەردا ڕەق، هاوشێوەی دەرزییەک لە ناو لۆکەیەکی زۆردا. چینییەکان هەرگیز هەوڵەکانی «دینگ سیاوپینگ» لەبیر ناکەن کە وڵاتی بەرەوپێشەوە برد. لەو کاتەوە کە چین دەستی کردووە بە گۆڕان بۆ هێزێکی زەبەلاحی بازرگانی و سەربازی، توانیویەتی قەیرانە جۆراوجۆرەکانی ناوخۆ تێپەڕێنێت. بۆ یەکەم جار بوو برسێتی و قاتوقڕی لای چینییەکان بوو بە مێژوو، بە تایبەت دوای ئەوەی چاکسازی لە بواری کشتوکاڵدا کرد، لەگەڵ ئەوەشدا کە گەنمی زۆری بەرهەم هێنا، تەنانەت هەناردەی وڵاتانی دەرەوەی دەکرد و نرخەکەشی بەرز کردەوە.

### ژمارەی دانیشتووان، نیعمەت یان بەڵا

لە دوای هیندستان کە ژمارەی دانیشتووانەکەی زیاترە لە یەک ملیار و ٤٣٠ ملیۆن کەس، چین بە پلەی دووەم دێت لە سەر ئاستی جیهان لە ڕووی زۆریی ژمارەی دانیشتووانەوە. بە پێی دەیتای نەتەوە یەکگرتووەکان، بە شێوەیەکی گشتی ئێستا دانیشتووانی چین ژمارەیان زیاترە لە یەک ملیار و ٤٢٥ ملیۆن کەس، کە بە نزیکەیی دەکاتە ١٨٪ کۆی دانیشتووانی جیهان و هێندەی ژمارەی دانیشتووانی سەرجەم وڵاتە پێشکەوتووەکانە. هەر چەندە بۆ ماوەی ٦٠ ساڵ و تاکوو ساڵی ٢٠٢٣، پلەی یەکەمی گرتبوو لە سەر ئاستی جیهان، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٣دا چین ئەو پلەیەی لەدەست دا. لەگەڵ ئەوەی حکومەتی ئەو وڵاتە دەستبەرداری سیاسەتی یەک منداڵی بوو و ڕێگەی بە هەر خێزانێک دا سێ منداڵی هەبێت و حکومەت تەنها ئەرکی یەکێکیان لەئەستۆ دەگرێت، بەڵام ئەم کارە دادی نەدا. بە پێی ڕاپۆرتی «سەنتەری بیۆ بۆ لێکۆڵینەوە»، مردن بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و کەمبوونەوەی گەشەی ئابووریی چین و دابەزینی ئاستی ڕێژەی لەدایکبوون، دیارترین هۆکارەکانی پشت کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووانی چین بوون.

لە لایەکی ترەوە کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری و ناهاوسەنگیی ڕەگەزی بە جۆرێک ژمارەی پیاوان لە ژنان زیاترە، کە بە پێی ئامارێک ژمارەی پیاوان ٣٠ ملیۆنی زیاترە لە ژنان. جیا لەو هۆکارانە، بە گشتی خێزانەکان لە چین درەنگ منداڵ دەخەنەوە و کۆمەڵگاکەشی بە زوویی پیر دەبن. لەم ڕووەوە ڕێژەی ئەوانەی تەمەنیان لە سەروو ٦٠ ساڵەوەیە، ٢٠٪ی دانیشتووانی ئەو وڵاتە پێک دەهێنن. لە کۆتاییشدا ئەوانەی لە چین کۆچ دەکەن، زیاترە لەوانەی کۆچ بۆ چین دەکەن. لەو چوارچێوەیەدا

نەتـەوە یەکگرتـووەکان پێشـبینیی کـردووە تاکـوو سـاڵی ٢٠٥٠ ژمـارەی دانیشـتووانی چیـن بـۆ یـەک ملیـار و ٣١٣ ملیـۆن کـەس دابەزێـت و لـە سـاڵی ٢١٠٠دا ببێتـە کەمـتر لـە ٨٠٠ ملیـۆن کـەس.

پسـپۆڕانی ئابـووری و دیمۆگرافیـا دەڵێـن بەرزیـی ڕێـژەی گەشـەی دانیشـتووانی چیـن لـە ڕابـردوودا بووەتـە هـۆی ڕزگاربوونـی چیـن، بـەڵام لـە داهاتـوودا کارەسـاتی گـەورە دروسـت دەکات، چونکـە ڕێژەیەکـی زۆر لـە دانیشـتووان پیـر دەبـن و توانـای کارکردنیـان نامێنێـت، بـەوەش دەسـتی کار کەلێنێکـی گـەورەی بـۆ دروسـت دەبێـت. ئامـاژە بـەوە دەکـەن ئەگـەر سیاسـەتی یـەک منـداڵ بەردەوامـی پـێ بـدەن، ئـەوا منداڵێـک کـە ئێسـتا لەدایـک دەبێـت، دوای ٢٠ سـاڵ کـە هاوسـەرگیری دەکات؛ ئەرکـی بەخێوکردنـی چـوار دایـک و بـاوک و هەشـت داپیـر و باپیـری دەکەوێتـە ئەسـتۆ.

### مەتەڵێکی بێ وەڵام

چیـن بـۆ زۆرێـک لـە وڵاتانـی جیهـان بووەتـە سـەرچاوەی هیـوا، بـەڵام بـۆ ڕکابەرەکانـی بووەتـە مەتەڵێکـی بـێ وەڵام. حزبـی شـیوعیی چیـن سـەرکەوتوو بـوو لـە پێشکەشـکردنی مۆدێلێـک کـە بەربەسـتێکی سیاسـیی دروسـت کـردووە بـۆ دەسـتوەرنەدان لـە کارەکانیـان، لـە مێـژوودا توانیویەتـی ناسـنامەی جیـاوازی کولتـووری و شارسـتانیی خـۆی بپارێزێـت بـە کشـانەوە بـۆ نـاو خـۆی و تێکەڵنەبـوون لەگـەڵ شارسـتانیەتەکانی دیکـە، بـەڵام دوای ئـەوی سیاسـەتی ڕیفـۆرم و کرانـەوەی خـۆی بینـی، زیاتـر فۆکەسـی لـە سـەر پاراسـتنی کولتوورەکـەی بـوو. کۆمەڵـگای چینـی کۆمەڵگایەکـی خۆپارێـزەر، پابەنـدە بـە دابونەریتـی خۆیـەوە و شـانازیی پێـوە دەکات، هەروەهـا ڕێـزی زۆر دەگـرن لـەو کەسـانەی بەتەمەنـترن لـە خۆیـان، بـە تایبـەت دایـک و بـاوک و داپیـرە و باپیـرە بـە هـۆی ئـەو زەحمەتـەی کێشـاویانە لەگـەڵ پەروەردەکردنیـان، ئـەم کولتـوورەی چیـن دەکرێـت بڵێیـن هاوشـێوەی کولتـووری کوردەوارییـە.

کارەکتـەری چینـی بـە لێبوردەیـی دەناسرێنـەوە کـە لـە فێرکارییەکانـی «کۆنفۆشـیۆس»ەوە سـەرچاوەی گرتـووە، وەک ڕێزگرتـن لـە خێـزان و بەسـاڵاچووان و پابەندبـوون بـە ئەخلاقـەوە. کۆنفۆشـیۆس (سـەرکردەی ڕۆحیـی چیـن) پێـی وا بـوو کۆمەڵـگا لـە سـەر بنەمایەکـی پیـرۆز دامـەزراوە کـە دەبێـت ڕێـزی لـێ بگیرێـت، ئەمـە لـە سـەر پێنـج یاسـای بنەڕەتـی دامـەزراوە: پەیوەندیـی حاکـم بـە ڕەعیەتەکانـەوە، پەیوەندیـی مێـرد بـە ژنەکەیـەوە، پەیوەندیـی باوکێـک بـە منداڵەکەیـەوە، پەیوەندیـی برایـەک بـە بـرا بچووکەکەیـەوە، پەیوەندیـی هاوڕێیـەک بـۆ هاوڕێکـەی. لـە چـوار پەیوەندیـی یەکەمـدا، گوێڕایەڵـی پێویسـتە بەبـێ کـۆت و بەندێـك.

هەروەها فەرمانڕەوا پێویستە دادپەروەر و میهرەبان و دڵسۆز بێت بۆ نیشتمان. ئەوان (چینییەکان) باوەڕیان بە پرەنسیپی «ڕێژەیی» هەیە، بەها و یاسا و حکومەدان ڕێژەیین، هەر لە بەر ئەمەیە بیرۆکەی «ڕێژەگەرایی سیاسی» هەیە، واتە ئەوان ئەرێنییەکانی دەسەڵات دەبینن و تا ڕادەیەکی زۆر ڕەوایەتی بە نەرێنییەکان دەدەن.

کارکردن لای چینییەکان پیرۆزە، دەکرێت بڵێن گەلێکی ڕەنجکێشن، گەورە و بچووک کار دەکەن. هەموو چین بگەڕێیت دیاردەی سواڵکردن لە سەر شەقامەکان نابینیت، تەنها لەو ناوچانە نەبێت کە عەرەبی لێیە، وەک شاری «کوانجۆ»، پێدەچێت ئەو کولتوورە عەرەب هێنابێتی بۆ چین. کۆمەڵگەی چین کۆمەڵگەیەکی زۆر دیسپلینکراوە، تا ئەوپەڕی پابەندی یاسا و ڕێنماییەکانن. ڕەنگە ئێمە وا بیر بکەینەوە بە هۆی کامێراکانی چاودێرییەوە بێت کە لە هەموو شوێنێک هەن، بەڵام دواجار ئەمە ڕەفتاری تاکەکانی گۆڕی بۆ کەسێکی پابەند بە یاساکانەوە و کردوویەتی بە کەسێکی سەرکەتوو.

تواناکان پەیوەستن بە داهات بە بەرهەمهێنانەوە، ناتوانیت باس لە داهاتی مانگانەی جێگیر بکەیت، بەو پێیەی داهات بە پێی ئەوەیە کە تۆ وەک تاکێک بەرهەمی دەهێنیت، هەروەها ئەو قازانجەی کە ئەو دامەزراوەیە بەدەستی دەهێنێت دەگۆڕێت. یەکسانی لە مووچەی فەرمانبەراندا نییە، فاکتەری یەکلاکەرەوە لە هەڵسەنگاندنیشدا دەستکەوتە. سەبارەت بە نزیکبوونەوە لە سەرۆکەکەت، هیچ سودێکی لێ نابینی ، بۆیە ڕەنگە چەند مانگێک کار بکەیت بەبێ ئەوەی پێویستت بە چاوپێکەوتن لەگەڵی هەبێت.

هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنەی فەرمانبەران فاکتەری زۆر گرنگی سەرکەوتنی دامەزراوەکانە، بۆ نموونە ڕاگری کۆلێژێکی زانکۆ مافی ئەوەی هەیە هەڵسەنگاندن بۆ فەرمانبەران بکات، جیا لەوەش هەڵسەنگاندنی هاوکارەکانت بۆ تۆ لە کۆتایی ساڵدا ڕەگەزێکی گرنگە لە هەڵسەنگاندنی گشتیی کارەکەت. بۆیە دەبینیت کارمەندەکە بەدوای بەدەستهێنانی پەیوەندییەکی باشی هاوکارەکانیەوەیەتی و بەم شێوەیەش جۆرێک لە دڵسۆزی ئەو شوێنە بەدەست بهێنێت لەگەڵ ئەو کەسانەی تێیدا کار دەکەن.

خۆشەویستیی نیشتمان لای چینییەکان گەورەیە. لە یەکەم بینینی کەسێکی چینی، بە ڕوونی ئەمە دەردەکەوێت. هەموویان کە کەسێکی بیانی دەبینن، دەڵێن «Welcome To China». لە ڕۆژی نیشتمانیی چیندا هەمووان ئاڵای وڵاتەکەیان هەڵدەکەن بۆ ڕازاندنەوەی شەقام و گۆڕەپانەکان، ئەوان دەڵێن «ئاڵای نیشتمانی و هیچی تر»، لە سەر ئەوە یەکگرتوون، ئەوەش هێز و خۆڕاگرییان پێ دەدات لە بریی ئەوەی بچنە ناو دووبەرەکیی

سیاسی. خۆشەویستیی نیشتمان تەنیا قسە نییە، بەڵکوو دیسپلین و پابەندبوون بە یاسا و پاراستنی موڵک و ماڵی گشتییە. حکومەتی چین هەمیشە سەرکەوتوو بووە لە کردنی ڕەفتاری بەرپرسەکانی بە نموونەیی، ئەمەش پێویستی بە لێپرسینەوەی توند بوو بۆ هەر بەرپرسێک ئەگەر لادانێک لە ڕەفتارە پیشەییەکانیدا هەبووبێت.

### مۆدێرنیزەکردنی چین

لە بیرەوەرییەکانیدا کە لە ساڵی ١٩٧٨دا بڵاو کرایەوە، «ڕیچارد نیکسۆن» سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا دەڵێت: «چین نهێنییەکی بێکۆتایە، بۆیە ئێمە هەموو شتێک لە بارەی چینەوە نازانین، ڕەنگە بتوانین شتێکی لێوە فێر بین.» لای خۆیەوە « ئانۆڵد تۆینبی»ی مێژوونووسی ناسراوی بەریتانی دەڵێت: «بۆ ئەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی ٢١ چارەسەر بکەین، پێویستە پشت بە فێرکارییەکانی ئایینی کۆنفۆشیۆس، مێنسیۆس، مەهایانا و بوودا ببەستین.» هەروەها پێغەمەری ئیسلام پێش ئەوان وتوویەتی: «بەدوای زانستدا بگەڕێ، ئەگەر لە چینیش بێت.»

ئەو وەسفانە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە چین هێزێکی لەبنەهاتووە، چینییەکان لە مێژەوە داهێنانی گەورەیان پێشکەش بە شارستانیەتی جیهان کردووە. (کاغەز، ئامێری چاپ، باروت و قیبلەنما)، ئەو داهێنانەی چینن کە تا ئێستاش جیهان بەکاریان دەهێنێن. شوورای مەزنی چین یەکێکە لەو شوێنەوارە کۆنانەی کە زیاتر لە ٢٧٠٠ ساڵە بە پێوە وەستاوە و یەکێکە لە حەوت سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان. دوای سۆمەرییەکان و میسرییەکان، شارستانیەتی چین کۆنترین شارستانیەت بووە لە مێژوودا. کاتێک کە ناوی چینمان بەرگوێمان دەکەوێت، یەکسەر خەیاڵمان بۆ لایەنی ئابووری و بازرگانی دەچێت، چونکە ئەم گەلە لەو بوارەدا زۆر بەتوانان کە لە مێژەوە دەستیان کردووە بە هەناردەی (قوماشی ئاوریشم، چا، قاوە، بەهارات و سیرامیک)، ئەو توانایەش وای کرد ڕێگەی ئاوریشمی لێ بەرهەم بێت کە ئێستاشی لەگەڵ بێت چین شانازیی پێوە دەکات و ئەم ڕێگەیە وای کردووە چین ببێتە یەکێک لە زلهێزەکانی جیهان.

لە سەر ئەو ڕێبازی بەمۆدێرنیزەکردنەی کە پارتی کۆمۆنیستی چینی سەرکردایەتیی دەکات و وەک وەڵامێک بۆ پرسیارەکانی ئەم سەردەمەمان (چی لە جیهاندا ڕوو دەدات؟ پێویستە ئێمە چی بکەین؟)، چین پێشنیاری بیرۆکەی بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی کرد کە خاوەن دوارۆژێکی هاوبەش بێت بۆ مرۆڤایەتی. لە چوارچێوەی «پشتێن و ڕێگا»دا، چەندین دۆکیۆمێنت لە بارەی هاریکارییەوە لەگەڵ زیاد لە ١٥٠ وڵات و ٣٠ ڕێکخراوی

نێودەوڵەتی ئیمزا کراوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی بانکی نێودەوڵەتی، دەستپێشخەریی «پشتێن و ڕێگا» کە ١٠ ساڵ پێش ئێستا ڕاگەیەنراوە، لەو کاتەوە تاکوو ئێستا ٤٢٠ هەزار هەلی کاری بۆ وڵاتە بەشداربووەکان ڕەخساندووە و نزیکەی ٤٠ ملیۆن کەسی لە هەژاری ڕزگار کردووە و پشکی وڵاتە تازەگەشەسەندووەکانی زیاد کردووە و ئابووریی جیهانی بە ڕێژەی ٣.٦ خاڵی سەدی بەرز کردووەتەوە. پێشبینییش دەکرێت تاکوو ساڵی ٢٠٣٠ داهاتی جیهانی بە بڕی ١.٦ ترلیۆن دۆلاری ئەمەریکی زیاد بکات، کە ئەوەش دەکاتە نزیکەی ١.٣٪ لە تێکڕای داهاتی ناوخۆی جیهانی GDP)).

لە پڕۆسەی بەمۆدێرنکردندا، چین درکی بەوە کرد کە گەشەپێدان هاوشێوەی پیادەکردنە (ڕۆیشتن بە پێ)، چونکە کەسێک تەنها بە دانانی قاچێکی لە پێش قاچێکی دیکەیەوە دەتوانێت مەودایەکی زۆر ببڕێت، ئەگەر هەردوو قاچەکان لە پێشەوە بن، ئەوا کەس پێش ناکەوێت و ناتوانێت گەشتی دوور بکات و دەکەون. لە سەر ئەم بنەمایە، چین لە ماوەی ٤٠ ساڵدا، لە ساڵی ١٩٧٨ بۆ ٢٠٢٣، هەنگاوێکی گەورەی بڕی لە بواری چاکسازی و ئابووری و دارایی و وەبەرهێنان و داهێنان و دروستکردنی کەرتی تایبەت، بە تایبەت دوای ئەوەی چووە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانییەوە لە ساڵی ٢٠٠٠دا، زیاتر بە ڕووی جیهاندا کرایەوە.

لە ئێستادا لە ٥٠٠ کۆمپانیای جیهان، ٤٩٠ کۆمپانیایان لقیان لە چین هەیە. کۆمپانیا تایبەتەکانی ناوخۆی چین ٧٠٪ی کۆمپانیاکان پێک دەهێنن، کە ٦٠٪ی بەرهەمی نیشتمانیی چین دەستەبەر دەکەن و ٩٠٪ی هەلی کاری نوێ وەدەست دەخەن. ئەو چاکسازییانە وای کرد گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوو بدات، بە جۆرێک پشکی تاکی لە کۆی داهاتی ناوخۆ لە ١٥٦ دۆلارەوە بۆ ١٢٦١ دۆلار بەرز کردەوە، هەروەها قەبارەی ئابووریی لە ١,٨٪ بۆ ١٨,٥٪ بەرز کردەوە. کۆمپانیا بیانییەکانی لە سفر کۆمپانیاوە بۆ ١٤٥ کۆمپانیا زیاد کرد. ژمارەی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی لە سفر کۆمپانیاوە بۆ ٥٢ ملیۆن کۆمپانیای تایبەت بەرز کردەوە. هەروەها ژمارەی دانیشتووانی (١٢٪)ەوە بۆ ٦٣٪ بەرز کردەوە.

### مۆدێرنیزەکردنی کەرتەکان

لە بواری کشتوکاڵیشدا بەرهەمی دانەوێڵەی بە ڕێژەیەکی بەرچاو گەشەی کرد. پشکی تاکەکەس لە بەرهەمی خۆراکیدا دەگاتە زیاد لە ٤٧٠ کیلۆگرام، ئەوەش زۆر بەرزترە لە هێڵی ئاسایشی خۆراکی نێودەوڵەتی کە ٤٠٠ کیلۆگرامە. لەگەڵ ئەوەی ئاسایشی خۆراکیان مسۆگەر کردووە، زەوییەکانیشیان لە لەناوچوون پاراستووە.

لە بواری کارەباییدا ٢٣٧٦ ملیۆن کیلۆوات کارەبای بەرهەم هێناوە. پلانیان هەیە هێڵی ئاسنینی خێرا تاکوو ساڵی ٢٠٥٠ لە ٢٤ هەزارەوە بۆ ٥٠ هەزار کیلۆمەتر بەرز بکەنەوە. چینییەکان وتەیەکی بەناوبانگیان هەیە دەڵێن: «گەر دەتەوێت دەوڵەند بیت، سەرەتا ڕێگا بونیات بنێ«، هەر بۆیە دەستیان کردووە بە دروستکردنی ڕێگە و لە ساڵی ٢٠٢٣دا زیاتر لە ١٧٧٠٠٠ کیلۆمەتر ڕێگەیان دروست کردووە بە قیرتاوکردنەوە، ئەوەش جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ساڵی ١٩٩١ کە چینییەکان ٣٠٠ کیلۆمەتر ڕێگەیان دروست کردبوو.

لە بواری تەکنەلۆژیادا چینییەکان خاوەنی دروستکردنی (یەکەم ڕۆبۆت، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ، وێستگەی وزەی خۆر و کۆپیکردنی مەیموون)ن. لە ساڵی ٢٠٢٢دا زیاتر لە ٤٤٠ هەزار ڕۆبۆتیان دروست کردووە کە ٥٠٪ی فرۆشی جیهان پێک دەهێنێت. پێشبینی دەکرێت پیشەسازیی زیرەکیی دەستکردی وڵاتەکە لە ماوەی ١٠ بۆ ١٥ ساڵی داهاتوودا پێشکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت و قەبارەی بازاڕەکەی بگاتە ٢٤٠ ملیار دۆلار تا ساڵی ٢٠٣٥. ڕۆژنامەی «چاینا دەیلی» ئاماژەی بەوە کردووە چین ٣٠,٦٪ی کۆی قەبارەی بازاڕی زیرەکیی دەستکرد پێک دەهێنێت. پلانی چین لە بواری پێشخستنی تەکنەلۆژیادا هاوتەریبە لەگەڵ ئامانجی سەرۆک «شی جینگ پینگ» بۆ بەهێزکردنی چین لە بواری تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکان لە ژێر ڕۆشنایی ناکۆکی لەگەڵ واشنتن لە سەر تەکنەلۆژیا و نیگەرانییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی. هەروەها مامەڵەی ئابووریی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە فراوانتر کردووە، زیاتر لە ٧٣٠ ملیۆن چینی ئینتەرنێت بەکار دەهێنن، جگە لەوە ڕێژەی مامەڵەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ١٣ ترلیۆن یوان بووە لە ساڵی ٢٠٢١دا.

لە بواری پەروەردەدا چین لە ساڵی ٢٠٢٤دا خەرجییەکانی ١٠٪ بۆ بواری توێژینەوە زیاد کردووە. ئێستا ٣ هەزار زانکۆ لە چین هەیە. ڕێژەی پەیوەندیکردنی منداڵان بە خوێندنگەوە: ٩٩,٩٪، ٩٨٪ی منداڵانی چین پێش ئەوەی بچنە خوێندنگە فێری خوێندەواری دەکرێن. زیاتر ٥٠٪ی ئەوانەی خوێندکاری ماستەر و دکتۆران ئافرەتن. زیاد لە ٢٠٠ ملیۆن چینی خوێندنی باڵایان تەواو کردووە. لە ٦٠٪ی پاڵنەرەکانی گەشەی ئابووریی چین دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی.

چین بڕە پارەیەکی زۆری بۆ کەرتی تەندروستی خەرج کردووە، بە جۆرێک لە ساڵی ٢٠٢١دا زیاتر لە ٧٨٧ بلیۆن یەن تەرخان کراوە. لە بواری تەندروستییشدا ناوەندی تەمەن لە چین لە ساڵی ١٩٤٩دا، بۆ هەر تاکێک ٣٠ ساڵ بووە، بەڵام لە ساڵی

٢٠٢٢دا زیاتر لە ٧٧ ساڵ بووە. هەروەها چاودێریی تەندروستیی منداڵان کراوە و بە خۆڕایی بووە. ڕێژەی گیانلەدەستدانی منداڵانی تازەلەدایکبوو، ئەوانەی کە بە سروشتی منداڵیان بووە؛ لە ١٠٠ هەزار منداڵ تەنها ١٦ منداڵ گیانیان لەدەست داوە، ئەوانەشی بە نەشتەرگەری منداڵیان بووە؛ لە ١٠٠٠ منداڵ تەنها ٥ منداڵ گیانیان لەدەست داوە. هەروەها چاودێریی تەندورستی لە بواری پشکنیندا، بۆ ئەوانەی بەتەمەنن بە خۆڕایی بووە.

لە بواری ژینگەشدا چین لە سەردەمی «شی جینگ پینگ»دا پلانی گەورەی بۆ دارشت بە ناوی «گەشەپێدانی سەوز»، کە ئاووهەوای پاک و گرنگیدانە بە سەوزایی، بەڵێنی داوە تاکوو ساڵی ٢٠٣٠ بگاتە کەمترین ئاست لە دەردانی کاربۆنی زیانبەخش و تاکوو ٢٠٦٠ بگاتە کاربۆنی سروشتی و گرنگی بە وزەی پاک بدات. بە مانای ئەوە دێت کە چین دەبێتە خاوەن کەمترین دەردانی کاربۆن لە جیهاندا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. جیا لەوە، زۆربەی ئۆتۆمبێلەکانی کردووە بە کارەبایی و هەناردەی دەرەوەشی کردووە. بۆ پاراستنی ژینگەی وڵاتەکەی، سوودی لە وزەی پاک وەرگرتووە. لە ساڵی ٢٠٢٢دا لە ڕێگەی باوە ١٢٠ ملیۆن کیلۆوات کارەبای بەرهەم هێناوە. چین ئاسمانێکی شینتر و زەوییەکی سەوزتر و ئاوی پاکتر بووە بە خەونی لە سەر ئاستی ناوخۆ. دارستانەکان کۆی گشتیی ٢٤,٠٢٪ی ڕووبەری زەوییەکان پێک دەهێنن. ساڵانە ٣,٦ ملیۆن هێکتار زەوی سەوز دەکات. لە سەر ئاستی جیهانیش، سێیەکی درەختە نوێیەکانی جیهان لە وڵاتی چینن کە ئەوەش ژمارەیەکی گەورەیە و دەکاتە ١٩٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە، ئامانجی ئەوەش بۆ هەوای پاک و پاراستنی خاکە لە ڕاماڵین.

لە بواری کولتووریدا چین میوانداریی یارییەکانی ئۆڵۆمپیاد و پێشانگەی جیهانی (World Expo) و ئۆڵۆمپیادی زستانە و کۆنفرانسی دیالۆگی شارستانیەتە ئاسیاییەکانی کرد، لەگەڵ ڕێکخستنی کۆڕبەندی شارستانیە دێرینەکان کە بووە هۆی بەرەوپێشبردنی ئاڵوگۆڕی کولتووری لە نێوان وڵاتاندا. بەم دواییانەش چین دەستپێشخەریی شارستانیی جیهانیی ڕاگەیاند، کە داوا دەکات ڕێز لە هەمەجۆریی شارستانییەتەکانبگیرێت و لە ڕێگەی فێربوون و پێکەوەژیانی هاوبەشەوە ڕووبەڕووی ئاڵەنگارییەکانی جیهان ببینەوە کە ڕەنگدانەوەی لایەنی کولتووری نوێبوونەوەی چینییە، بۆ فەراهەمکردنی بەرژەوەندیی گشتی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی کە یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی کولتووری مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی ئاکاری.

هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئاشتی، بابەتێکی چەسپاوە لە مێژووی چیندا. چین لە پێناو گەشەپێدانی ئاشتیخوازانەدا هیچ شەڕێکی بەرپا نەکردووە، دەستدرێژیی نەکردووەتە سەر هیچ کەس و خاکی وڵاتێک. دوای دامەزراندنی کۆماری چینی میللی، دەستپێشخەریی کرد و ژیانی ئاشتیی ڕاگەیاند. لە نێو پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، چین بە زۆرترین ژمارە بەشداری لە هێزەکانی ئاشتیپارێزدا دەکات. چین تاکە وڵاتی نێو پێنج وڵاتی خاوەن چەکی ئەتۆمییە کە پەیمانی بەکارنەهێنانی چەکی ئەتۆمیی داوە. لە نێو پیاوانی دەوڵەتمەدار و کەسانی ئاساییدا کە بەرگری لە فەلسەفەی «ئاشتیی نێوان نەتەوەکان» دەکەن کە فەلسەفەی حوکمڕانییە، باوەڕێک هەیە کە دەڵێت «دۆستایەتی سامان لەگەڵ خۆی دەهێنێت». سەردەمانێکی درێژە کە کولتووری ئاشتیخوازی ڕۆچووەتە نێو تەونی کۆمەڵگەی چینییەوە، تەنانەت لە «هونەری جەنگ»ی «سون تسو»دا کە کتێبێکی سەربازییە و لە لایەن زۆرێک لە ستراتیژزانانی جیهانەوە شایەتیی بۆ دەدرێت، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «سەرکردەی لێهاتوو ئەو کەسەیە بەبێ شەڕ دوژمن دەبەزێنێت».

**تیکتۆک، ئەسپەکەی تەروادە**

تیکتۆک تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە و لە لایەن کۆمپانیای «بایت دانس»ی چینییەوە خاوەنداریێتی دەکرێت. ئەم ئەپە لە ساڵی ٢٠١٦دا دەرکەوت، لە سەر هەردوو سیستمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس کار دەکات، تەنیا پارچەڤیدیۆی کورت نەبێت بڵاوی ناکاتەوە، ڕکابەری ڕاستەوخۆی ئینستگرامە زیاتر لەوەی ڕکابەری یوتیوب بێت. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٨دا لە ڕووی داونلۆدکردنەوە لە سەر ئاستی جیهان پلەی سێیەمی بەدەست هێنا، وردەوردە ناوبانگی دەرکرد. ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە جگە لە چین، لە وڵاتانی ئاسیا و ئەورووپا و ئەمەریکا پێشوازییەکی زۆری لێ کرا و لە ساڵی ٢٠٢٠دا دوو ملیار کەس بەکارهێنەری بوون. بەهێزبوونی تیکتۆک بووە جێی ترسی ئەمەریکا، هەر زوو دەستی کرد بە شەڕفرۆشتن بەم ئەپە بە تۆمەتی هەڕەشەی ڕاستەقینە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی وڵاتەکەی و کۆکردنەوەی زانیاری بۆ چین.

یەکەم هەنگاو دژی تیکتۆک لە سەردەمی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی پێشووی ئەمەریکادا بوو کە هەوڵی دا قەدەغەی بکات، بەڵام سەری نەگرت. ئەم شەڕفرۆشتنە بەردەوام بوو تا ناوەڕاستی ئەم مانگە، ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا پرۆژەیاسای قەدەغەکردنی تیکتۆکی پەسەند کرد بە جۆرێک دەبێت تیکتۆک لە لایەن کۆمپانیایەکی ئەمەریکییەوە

بەڕێوە ببرێت نەوەک چینی، ئەگەرنا ئەو ئەپە لە ئەمەریکا قەدەغە دەکرێت. دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمەریکا هۆشدارییان داوە لەوەی تیکتۆک کاریگەریی لە سەر ڕای گشتیی ئەمەریکا دەبێت و بۆ سیخوڕیکردن بەسەر خەڵک و حکومەت، هاوشێوەی ئەسپی تەروادە، بە تایبەتی کە ئێستا نزیکەی ١٧٠ ملیۆن ئەمەریکی بەکاری دەهێنن، بەڵام چین ئەو تۆمەتانە ڕەت دەکاتەوە و قەدەغەکردنی ئەپەکە بە پێشێلکردنی ئازادیی ڕادەربڕین دادەنێت.

دەکرێت بڵێین ئەم کارانەی ئەمەریکا دەیکات؛ بەشێکە لەو ململانێ فراوانەی کە پێی دەوترێت جەنگی دەیتاکان، کە ئەم جەنگە هێڵی پێشەوەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و چینی گرتووە بۆ ئەوەی یەکێکیان سەروەریی خۆیان بەسەر جیهانی دیجیتاڵیدا بسەپێنن لە چوارچێوی هەژموون بەسەر جیهاندا. ململانێکەی ئەمەریکا و چین لە سەر تیکتۆک، لاپەڕەیەکی ترە لە ململانێکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە لە سەر چۆنێتیی بەڕێوەبردن و پاراستن و بەکارهێنانی دەیتاکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، هەریەکەیان هەوڵ دەدات ژێرخانی پەیوەندییە ئەلکترۆنییەکان کۆنترۆڵ بکات.

کێبڕکێی توند هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ژێرخانی دیجیتاڵیی جیهان وەک تۆڕی نەوەی پێنجەم (G5)، ئەوەش بە ڕوونی دەرکەوت کە تیکتۆک بووەتە سەرچاوەی هەواڵ بۆ ئەمەریکییەکان، بە تایبەتی لە سەر جەنگی غەززە. جوولەکەکانی ئەمەریکا ئەپەکەیان تۆمەتبار کرد بەوەی لایەنگری فەڵەستینییەکانە نەک جوولەکە. نیگەرانییەکی دیکەی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو داهاتە زۆرەی کە تیکتۆک لە ئەمەریکا هەیەتی. بە پێی ئامارەکان، داهاتەکەی لە ساڵی ٢٠٢٣دا گەیشتووەتە ١٦ ملیار دۆلار، بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو ٤٠٪ زیادی کردووە، ئەوەش داهاتێکی زۆرە کە کۆمپانیاکە دەستی دەکەوێت، هەر بۆیە حکومەتی چین ڕەتی دەکاتەوە بە زۆرەملێ ئەم ئەپڵیکەیشنە لە ئەمەریکا بفرۆشرێت. ئێستا بڕیارەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران کۆمپانیا چینییەکەی خستووەتە دۆخێکی سەختەوە، حکومەتی چینش دەیەوێت یاری بەو دۆسێیە بکات تا دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا کە بڕیارە لە کۆتایی ئەمساڵ بەڕێوە بچێت.

کتێبی ئایندەیی

# ئایندەناسی

# مەتەڵی چین

**ئامادەکردن: ئایندەناسی**



کتێبی «مەتەڵی چین» (ڕکابەرییە جیوپۆلەتیکییەکانی سەدەی ٢١ و گۆڕینی هاوسەنگیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا)، ساڵی ٢٠١٩ و بە زمانی فارسی لە لایەن چاپەمەنیی «امین الضرب» بە قەبارەی ٥١٢ لاپەڕە بڵاو بووەتەوە، محەمەد حسێن باقی ئەرکی کۆکردنەوە و وەرگێڕانی بابەتەکانی لەئەستۆ گرتووە. کتێبەکە لە چەندین توێژینەوە و وتاری ناوەند و ئەنیستیتۆ دیارەکانی جیهان پێک هاتووە، بە تایبەتی توێژینەوەکانی تایبەت بۆ دامەزراوەی وەقفی کارنێگی بۆ ئاشتیی نێودەوڵەتی (Car-negie Endowment for International Peace) و دامەزراوی ڕەند (RAND Cor-poration). ئەم دوو دامەزراوەیە بە دوو لە کاریگەرترین و ناوەندە لێکۆڵینەوەکانی بواری سیاسەتڕێژی و بریاردان لە جیهان دادەنرێن. لێکۆڵینەوەکانی ئەم دوو دامەزراوەیە بابەتەکانی وەک ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا، سیاسەتی دەرەکی، کاروباری نێودەوڵەتی، بەجیهانیبوون و دیموکراسی، ماف، بازرگانی و وەبەرهێنان و...؛ لەخۆ دەگرێت.

**ئەم کتێبە لە دەروازەیەک و پێنج بەش پێک دێت:**

**دەروازە:** لەم بەشەدا باس لە بابەتەکانی وەک خۆدەرخستنی ڕۆحی کۆنفۆشیۆس لە جەستەی چین، چاکسازییەکانی چین، پۆستکۆڵۆنیالیزم یان ئیمپریالیزمی بەبێ سەرمایەداری و...؛ باس کراوە.

بەشی یەکەم: ئەفسانەی نوێبوونەوەی دەسەڵاتخوازانە: تایبەت کراوە بە نموونەی گەشەسەندنی چین، پێناسەکانی، مۆدێل و دژەمۆدێلەکانی و وڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە ئایا مۆدێلی گەشەسەندنی چین بەردەوام و جێگیرە؟

**بەشی دووەم: دۆخ و ئەگەرەکانی هاوسەنگکردنی نێوان ئەمریکا و چین:**
چوار تەوەر لەخۆ دەگرێت کە بنەمای تیۆری و ڕکابەری ئابووری و سەربازیی نێوان چین و ئەمریکا لەخۆ دەگرێت. نووسەرەکانی ئەم بەشە ساڵی (2040)یان بە ساڵی تێپەڕاندن و کەوتنەپێشی چین لە ئەمریکا دەزانن. لەم بەشەدا دۆخ و ئەگەرەکانی ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز لە پەیوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دەخاتە ڕوو و کۆمەڵێک ڕێگەچارە بۆ چۆنیەتیی هاوسەنگسازی و بەڕێوەبردنی قەیران لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا پێشنیار دەکات.

**بەشی سێیەم: چین و نەزمی نێودەوڵەتیی لیبراڵیی پاش جەنگی دووەمی جیهانی:** حەوت تەوەر لەخۆ دەگرێت و بابەتەکانی بریتین لە: چین و نەزمی نێودەوڵەتیی لیبراڵ لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی، نەزمی چینی و نەزمی ئەمەریکایی، پێکهێنەرەکانی ئەم دوو نەزمە، تێڕوانینی چین بۆ سیستمی نێودەوڵەتی، هەوڵەکانی بۆ چاکسازیی سیستمی نێودەوڵەتی، سازگاریی چین لەگەڵ سیستمی نێودەوڵەتی، کارتە بەهێزەکانی چین لەم ململانێیەدا، خۆرئاوابوونی ڕۆژئاوا و هەڵسانەوەی چین.

**بەشی چوارەم: درکی ئەندێشەی بنەڕەتی و بونیادی چین:** ئەم بەشە حەوت تەوەر دەگرێتە خۆی و بە شێوەیەکی چڕ باس لە ئەندێشەی بونیادی چین لە سەرەتاوە تاوەکوو هەنووکە دەکات و ڕۆڵی لە بڕیاردانە گەورە و ستراتیژییەکانی ئەم وڵاتە ڕوون دەکاتەوە. جیاوازیی نێوان ئەندێشەی چینی و ئەندێشەی ئەمەریکایی، چوارچێوەی ئاسایشی چین و ڕۆڵی چەکی ناوەکی، هێڵە سەرەکییەکانی ئەندێشەی چین سەبارەت بە ستراتیژی چەکی ناوەکی و داماڵینی، ڕۆڵی چەکی ناوەکی لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی چین و سیاسەت، ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی چەکی ناوەکی (1949-تاوەکوو هەنووکە)؛ دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە.

**بەشی پێنجەم: ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی چین و ئەمەریکا:** چوار تەوەرەی ئەم بەشە بە ئەگەری شەڕی نێوان چین و ئەمەریکا تایبەت کراوە. لەم بەشەدا باس لە تێڕوانینی هەردوو وڵات بۆ بابەتەکانی جەنگی سەربازی، گۆڕاوەکانی جەنگ، تێچوون و زیانەکان، کاریگەریی نێودەوڵەتی و سیناریۆکانی ڕووبەڕووبوونەوە کراوە.

لە پێشەکیی کتێبەکەدا هاتووە، چین دووەم گەورەترین ئابووریی جیهانی هەیە و سێیەم وڵاتی پانوبەرینی جیهان لە دوای ڕووسیا و کەنەدایە کە سنووری وشکانیی لەگەڵ ١٤ وڵات هەیە و سنووری ئاوییەکەی لەگەڵ شەش وڵاتدا هاوبەشە. ڕووبەرەکەی زیاتر لە نۆ ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و خاوەنی زیاتر لە پێنج هەزار دوورگەی پەرشوبڵاوی دەرياییە کە پانتاییەکەیان دەگاتە ٨٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە و درێژیی کەنارەئاوییەکانیشی ١٤ هەزار کیلۆمەترە. ئەگەر چەند دەیەیەک

له‌مه‌وپێـش ته‌نیـا پێنـج وڵات چینیـان وه‌ک هاوبه‌شـێکی بازرگانـی بـه فه‌رمـی ده‌ناسـاند، بـه‌ڵام لـه ئێسـتادا زیاتـر لـه ١٠٠ وڵات چیـن بـه هاوبه‌شـێکی بازرگانیـی گرنـگ ده‌زانـن. چیـن لـه پێنـاو ڕۆڵبینینـی زیاتـر لـه ئابووریـی جیهانیـدا به‌بـێ ئـه‌وه‌ی وابه‌سـته‌ی وڵاتـه ئه‌وروپییـه‌کان بێـت، بانکـی گه‌شه‌سـه‌ندووی ئاسـیایی دامه‌زرانـدووه کـه ڕۆڵی سـندووقی دراوی نێودوڵه‌تـی بـۆ وڵاتـه ئاسـیایی و نائاسـیاییه‌کان ده‌گێڕێـت.

نووسـه‌رانی ئـه‌م کتێبـه سـه‌ده‌ی ٢١ بـه سـه‌ده‌ی چیـن ده‌زانـن، سـه‌ده‌یه‌ک کـه ئـه‌م ئه‌ژدیهـا ئاسـیاییه لـه خه‌وێکـی ١٠٠ سـاڵه به‌ئـاگا هاتووه‌تـه‌وه و سـه‌رده‌می سه‌رشـۆڕیی به‌جـێ هێشـتووه و هه‌نـگاوی ناوه‌تـه سـه‌رده‌می گه‌وره‌یـی و باڵاده‌سـتی. ئه‌گـه‌ر یه‌کێتیـی سـۆڤیه‌ت لـه سـه‌ده‌ی ٢٠ نازنـاوی زلهێـزی ڕۆژهه‌ڵاتـی هه‌ڵگرتبـوو، بـه‌ڵام به‌رزه‌فڕییه‌کانـی بـووه هـۆی که‌وتنـی و لـه سـاڵی ١٩٩١ لێـک هه‌ڵوه‌شـایه‌وه، لـه کاتێـدا چیـن ئاگادارانـه و بـه وریاییـه‌وه هه‌نـگاو ده‌نێـت و ڕێبه‌ره‌کانـی وانه‌یـان لـه مۆدێلـی سـۆڤیه‌ت وه‌رگرتـووه. له‌گـه‌ڵ ئه‌مه‌شـدا، چیـن ناونیشـانی «زلهێـزی ڕۆژهـه‌ڵات» بـۆ ڕۆڵ و پێگـه‌ی خـۆی بـه کـه‌م ده‌زانێـت و ده‌یه‌وێـت بـه نه‌خـش و وێنایه‌کـی نوێـوه سـه‌ده‌ی ٢١ بـکات بـه «سـه‌ده‌ی چیـن».

ئه‌مـڕۆ چیـن بـه‌دوای ئه‌وه‌وه‌یـه ده‌سـت به‌سـه‌ر چاره‌نووسـی خۆیـدا بگرێـت. پـۆڵ هایـه‌ر؛ مامۆسـتای زانکـۆی جـۆرج واشـنتن ده‌ڵێـت: چیـن ده‌یه‌وێـت ببێتـه زلهێزێکـی گـه‌وره لـه جیهانـدا. ئـه‌وان پێیـان وایـه جیهـان قـه‌رزاری ناسـاندنیانه. ئـه‌وان پێیـان وایـه ده‌یانه‌وێـت بگه‌ڕێنـه‌وه بـۆ ئـه‌و شـوێنه‌ی کـه چینییه‌کانـی ئه‌مـڕۆ پێـی ده‌ڵێـن شـوێنی شایسـته‌ی خۆیـان لـه جیهانـدا، ئـه‌وه‌ی شـی جیـن پینـگ بـه «خه‌ونـی چینـی» نـاوی ده‌بـات.

## فەرهەنگی ئایندەناسی

# ئایندەناسی



# هاوسەنگیی هێز

**(Balance of Power)**

**ئامادەکردن: د. عابد خالد**

**چەمکی هاوسەنگی واتایەکی تەواو دیاریکراوی نییە، لەوانە ئاماژەیە بۆ:**

١. بنەمایەکی پەیڕەوکراوی سیاسەتی نێودەوڵەتی: بە شێوەیەک هەر دەوڵەتێک هەڕەشەی زیادکردنی هێزی سەربازیی خۆی بکات؛ ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی زیادبوونی هێزی بەرپەرچدانەوەی پارسەنگ لە لایەن دەوڵەتە ڕکابەرە گریمانەکراوەکانیەوە.

٢. سیاسەتێک: کە لە لایەن دەوڵەتانەوە بە ئەنقەست ئاڕاستە دەکرێت، بە ئامانجی ڕێگریکردن لە زاڵبوونی هەر دەوڵەتێک یان هاوپەیمانییەک یان بلۆکێک، لە پێناو پاراستنی هاوسەنگیی نزیکەیی لە نێوان توانای سەربازیاندا.

٣. سیستمێکی نێودەوڵەتی: کە تایبەتمەندە بە ڕێکخستنێکی دیاریکراوی پەیوەندییەکانی هێز لە نێوان دەوڵەتان و کاراکتەر و بلۆک و هێزە نێودەوڵەتییەکاندا و بە زۆری جیاوازی لە نێوان دوو جۆر سیستم دەکرێت کە بریتین لە «سیستمی هاوسەنگیی فرەجەمسەری ئاڵۆز» و «سیستمی هاوسەنگیی دووجەمسەری سادە».

کەواتە چەمکی «هاوسەنگیی هێز» بە شێوەیەکی سەرەکی وەک یەکێک لە بنەماکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان سەیر دەکرێت، بە شێوەیەک ئاماژەیە بۆ حاڵەتێکی سیستمی نێودەوڵەتی، جا فرەجەمسەر بێت یان دووجەمسەری، کە تێیدا دەوڵەتان و کاراکتەر و هێزە نێودەوڵەتییەکان خۆیان لە هەر دوژمنکاری و بەکارهێنانێکی

هێـز و توندوتیـژی بەرامبـەر یەکـدی بـەدوور دەگـرن، لـە بـەر ئـەوەی هەریەکەیـان مەترسـیی ئـەوەی هەیـە کـە بەرامبەرەکەیـان دەتوانێـت بـە هەمـان هێـز و توندوتیـژی تۆڵەیـان لـێ بسـەنێتەوە، بەمـەش دۆخێـک لـە هاوسـەنگی لـە نێـوان هێـزی هێرشـکردن و توانـای بەرگریکـردنی هەموویانـدا دێتـە ئـاراوە کـە پێـی دەوترێـت «هاوسـەنگیی هێـز».

لـە ڕووی تیۆرییـەوە چەمکـی هاوسـەنگیی هێـز کـە هـاوکات چەمکێکـی بنەڕەتیـی تیۆریـی ڕیالیزمـە، لـە سـەر ئـەو بیرۆکەیـە دامـەزراوە کـە ئەگـەری بەرقەراربوونی ئاشـتی کاتێـک زیاتـر دەبێـت کـە ئـەو لایەنـە ڕکابەرانـەی ئەگـەری بەشـەڕهاتنیان هەیـە، لـە هێـزی سـەربازی و هەندێـک جاریـش هێـزی سیاسـی یـان ئابووریـدا یەکسـان بـن. کەواتـە تیـۆری هاوسـەنگیی هێـز پێداگـری لـە سـەر ئـەوە دەکات کـە نزیکـی و یەکسـانیی هێزی سـەربازیی نێـوان دەوڵەتـان و هاوپەیمانییـە نێودەوڵەتییـەکان ڕێگـری دەکات لـە سـەرهەڵدانی شـەڕی چەکـداری، بـەم پێیـە دەبێـت دەوڵەتـان و زلهێـزەکان هـەوڵ بـدەن هاوسـەنگیی سـەربازی لـە نێـوان خۆیانـدا ڕابگـرن، هـاوکات هەوڵـی تاکلایەنـەی هـەر دەوڵـەت و زلهێزێـک بـۆ زیادکردنـی توانـای سـەربازیی خـۆی، بـێ ڕەچاوکـردنی توانـای سـەربازیی ئـەوانی دی، دەشـێت بـە مەترسـیی تێکـدانی هاوسـەنگیی هێـز لێـک بدرێتـەوە، ئەمـەش دەبێتـە سـەرچاوەی ڕوودانی گێژاوێـک کـە وڵاتانـی دی هـان دەدات ئەوانیـش لای خۆیانـەوە هـەوڵ بـۆ زیادکردنـی هێـزی سـەربازیی خۆیـان بـدەن، جـا لـە ڕێگـەی خۆپڕچەککـردنی زیاتـر بێـت یـان لـە ڕێگـەی دروسـتکردنی هاوپەیمانیـی نـوێ یـان بـە هـەر ئامرازیکـی دی کـە لـە ئەنجامـدا دۆخەکـە بگێڕێتـەوە بـۆ ئاسـتێک لـە هاوسـەنگیی هێـز کـە هەمـوو لایەک پێـی قایـل بـن. هـەر لـە بـەر ئەمەیـە لـەو پەیماننامـە نێودەوڵەتییانـەی ئاشـتیدا کـە لـە دوای کۆتاییهاتنـی جەنگـەکان لـە نێـوان وڵاتـان ئەنجـام دەدرێـن، زۆربـەی کات بـاس لـە وەدیهێنـانی جۆرێـک لـە هاوسـەنگیی هێـز دەکرێـت و ئامـاژە بۆ ئـەو ئامراز و ڕێکخسـتنەش دەکرێـت کـە ئـەو هاوسـەنگییە دەپارێزێـت و ڕێگـری لـە تێکـدان و پێشـێلکردنی دەکات.

لـە ڕووی مێژووییـەوە چەمکـی «هاوسـەنگیی هێـز» وەک سیسـتمێکی نێودەوڵـەتی ئامـاژە بـووە بـۆ ئـەو هاوسـەنگییەی کـە لـە پەیوەندییـەکانی نێـوان وڵاتانـی ئەورووپیـدا، لەدوای کۆتاییهاتنـی جەنگەکانـی ناپلیۆنـەوە تـا جەنگـی جیهانیی یەکـەم هاتووەتـە ئاراوە، کـە تیایـدا بەریتانیا ڕۆڵـی «هاوسـەنگکەر» یـان «خـاونی هێـزی هاوسـەنگکردن»ی گێـڕاوە، بـە شـێوەیەک هیـچ کاتێـک قورسـایی خـۆی پەیوەسـت نەکـردووە بـە سیاسـەتی هیـچ هاوپەیـمانی و بـەرە و هێزێکـی دیاریکـراوی ئەورووپییـەوە، لەمەشـدا تەنهـا یـەک پێودانـگ

ڕێنماییکاری بووە، ئەویش پاراستنی ئەو دۆخی هاوسەنگییەی هێز بووە کە لەو سەردەمەدا لە ئەورووپا هاتبووە ئاراوە. هەڵبەت لە گێڕانی ئەم ڕۆڵەدا چەند هۆکارێک هاوکاری بەریتانیا بوون، وەک باڵادەستی لە خاوەندارێتیی هێزی دەریاییدا و بوونی پێگەی جوگرافیی ناوازە وەک دوورگەیەکی تەریک لە دەرەوەی ئەورووپا، کە هەمیشە لە داگیرکاری بیانی دەیپاراست، هەموو ئەمەش وای کردبوو کە هاوسەنگیی هێزی فرەجەمسەری نێوان ئەورووپییەکان لەو سەردەمەدا هاوسەنگییەکی نەرم و جێگیر بێت. سەرەڕای ئەمە، بە بڕوای هەندێک؛ سیستمی هاوسەنگیی هێز دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ڕێنیسانس، بەڵکوو ڕایان وایە کە بەر لە سەدەی بیستەم جیهانی سیاسی لە کۆمەڵێک سیستمی هاوسەنگیی هێزی جۆراوجۆر و سەربەخۆ پێک هاتبوو، وەک سیستمی ئەورووپی، ئەمەریکی، چینی و هیندی. بەڵام جەنگی جیهانیی یەکەم و ئەو هاوپەیمانییە سیاسییانەی کە لەگەڵیدا فۆرمەڵە بوون، پرۆسەیەکی لێ کەوتەوە کە دواجار زۆربەی وڵاتانی جیهانی لە یەک سیستمی فرەجەمسەری هاوسەنگیی هێزدا کۆ کردەوە، کە ئەمەش لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا بە هاوپەیمانیی نێوان بەریتانیا و فەڕەنسا و ڕووسیا و ئەمەریکا لە دژی ئەڵمانیا و نەمسا-مەجەر دەستی پێ کرد و تا جەنگی جیهانیی دووەم بەردەوام بوو، کە لە میاندا دەوڵەتە فاشیستەکانی ئەڵمانیا و ژاپۆن و ئیتاڵیا دژی هاوپەیمانیی یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمەریکا و بەریتانیا و چین بوون. بەڵام جەنگی جیهانیی دووەم بە گواستنەوەی قورسایی لە هاوسەنگیی هێزی نێوان کارەکتەرە تەقلیدییەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ناوەڕاستەوە بۆ کاراکتەرە غەیرەئەورووپییەکان کۆتایی هات، کە ئەوانیش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤیەت بوون، بە شێوەیەک کە دۆخی ململانێی نێوان ئەم دوو زلهێزە لە کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەمەوە تا کۆتایی جەنگی سارد، وەک دوو جەمسەری هێزی نێودەوڵەتی، کە یەکەمیان لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی سەربازیی ناتۆدا پێشەوایەتیی بازاڕی ئازاد و وڵاتانی دیموکراسیی ئەورووپای ڕۆژئاوای دەکرد، دووەمیشیان لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی وارشۆدا سەرۆکایەتیی دەوڵەتە کۆمۆنیستە تاک حزبییەکانی ئەورووپای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی دەکرد. ئەو دۆخە دووجەمسەرییە وەک جۆرێک لە سیستمی هاوسەنگیی هێز لە سەر ئاستی جیهان دادەنرێت.

لە ڕووی سیاسییەوە ئامراز و میکانیزمی جۆراوجۆر بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هێز بەکار هێنراوە، وەک:

أ. دروستکردنی هاوپەیمانی: کە دەشێت بە شێوازی ڕێککەوتنی سەربازیی فەرمی یان هاوپەیمانیی نافەرمی بێت، بە شێوەیەک کە تیایدا وڵاتانی لاواز ببنە هاوبەشی ستراتیژی وڵاتانی بەهێزتر، تاکوو لە مەترسیی داگیرکردنیان لە لایەن وڵاتێکی دیی بەهێزەوە پارێزراو بن، هەروەها دەشێت وڵاتانی بەهێز لە ڕێی بەستنی هاوپەیمانییەوە وڵاتانی لاواز بخەنە ژێر ڕکێفیان بەبێ ئەوەی ناچار بن داگیریان بکەن، بەڵام دواجار مەبەست لەو هاوپەیمانییە دروستکردنی هاوسەنگیی هێزە لەگەڵ وڵاتێکی تری بەهێز یان هاوپەیمانییەکی دی، بۆ نموونە: هەردوو هاوپەیمانیی ناتۆ و وارسۆ لە ماوەی جەنگی سارددا.

ب. پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن: کاتێک وڵاتێک هەست بە سەرهەڵدانی هەڕەشەی وڵاتێکی دی لە دژی بکات، لەوانەیە پەنا بۆ خۆپڕچەککردن و بونیاتنانی توانای سەربازیی زیاتر ببات، تاکوو ڕێگری لە ڕوودانی ئەو هێرشە پێشبینیکراوە بکات، بەڵام پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن لەوانەیە ببێتە هۆی ناسەقامگیری کاتێک پەرە بە زیادبوونی گرژییە سەربازییەکان بدات.

ج. دیپلۆماسی: دانوستان و دیالۆگ ئامرازێکی چارەنووسسازە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە و ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی ئەو ململانێیانەی کە ڕەنگە هاوسەنگیی هێز تێک بدەن.

د. تۆڵەسەندنەوەی سنووردار: دەوڵەتی دەستدرێژی بۆسەرکراو، پێویستە تەنیا تا ئەو ڕادەیەی کە پێویستە بۆ پاراستنی سەروەری و یەکپارچەیی خۆی تۆڵە لە دەوڵەتی دەستدرێژیکەر بکەنەوە. لە پێناو پاراستنی هاوسەنگیی هێزدا، نابێت دەست بەسەر خاک و سەرچاوەکانی توانایدا بگرێت.

هـ. ئاڵوگۆڕی بازرگانیی بەهێز: ئەو وڵاتانەی کە پێکەوە بازرگانی دەکەن، کەمتر لە دژی یەکتر دەچنە ململانێی سەربازییەوە. کەواتە بازرگانی ئابوورییەکانیان پێکەوە دەبەستێتەوە، بە شێوەیەک کە ململانێی نێوان هاوبەشە بازرگانییەکان بۆ هەردوو لا زەرەر و تێچووی زۆری دەبێت. بەم پێیە ڕێککەوتنە بازرگانییەکان دەتوانن ئامرازێکی بەسوود بن لە پاراستنی هاوسەنگیی هێزدا.

بە گشتی، لە ئێستادا چەمکی هاوسەنگیی هێز وەک یەکێک لە سیناریۆکان بۆ ئایندەی سیاسەتی جیهانی هاوچەرخ پێشبینی دەکرێت، هەر چەندە دەشێت بە

شـێوەیەکی زۆر جیاوازتـر لـەو نموونانـەی ڕابـردوو بەرجەسـتە ببێـت، بـە تایبـەت لـە دوای سـەرهەڵدان و زیادبوونـی ڕۆڵـی ئەکتـەرە نادەوڵەتییـەکان لـە سیاسـەتی جیهانیـدا و برەوسـەندنی ئابووریـی وابەسـتەیی و بڵاوبوونـەوەی دامـەزراوە نێودەوڵەتییـەکان، کـە بـە هەموویانـەوە دیمەنێکـی جیۆسـتراتیژی ئاڵۆزتـر لـە جارانیـان خوڵقانـدووە.

## سەرچاوەکان

- Roger Scruton, The Palgrave Macmillan Dictionary of Political Thought, 3rd edition, PALGRAVE MACMILLAN, Antony Rowe Ltd, Chippenham and Eastbourne, New York, 2007, pp 52-53.
- David Robertson, The Routledge Dictionary of Politics, 3rd edition, University of Oxford, Taylor & Francis Group, New York, 2004, pp 37-38.
- G. R. Berridge, Alan James and Sir Brian Barder, A Dictionary of Diplomacy, 2nd Edition, London, New York, Antony Rowe Ltd, Chippenham and Eastbourne, 2003, p 19.
- Randall L. Schweller, The Balance of Power in World Politicsfree, Oxford Research Encyclopedias, May 2016, Available at:
- https://oxfordre.com/politics/display/10.1093/acrefore/9780190228637.001.0001/acrefore-9780190228637- e-119
- What Is the Balance of Power and How Is It Maintained? Walden University, Available at:
- https://www.waldenu.edu/online-doctoral-programs/phd-in-public-policy-and-administration/resource/what-is-the-balance-of-power-and-how-is-it-maintained

CFS

Center for Future Studies

# هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکـۆڵیـنـەوەی ئایندەیی




































CFS

Center for Future Studies

# هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵـینەوەی ئایندەیی


































CFS

Center for Future Studies

# هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکـۆڵـیـنـەوەی ئایندەیی













































گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٢٠) ساڵی پێنجەم، نیسانی ٢٠٢٤

